# دیوان


**گۆڤارێکی مانگانەی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی گشتییە**
**ناوەندی هەولێری مەکتەبی ڕاگەیاندنی**
**یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەریدەکات**

ژمارە (٦) تشرینی دووەمی ٢٠٢١ زایینی - سەرما وەزی ٢٧٢١ی کوردی

سەرپەرشتیاری گشتی
**بێکەس حەمە قادر**

سەرنووسەر
**سمکۆ عەبدولکەریم**





کاری هونەرمەند: **شێروان ئیسماعیل**



هەولێر - شەقامی ١٠٠ مەتری
نزیک کۆلێژی دەرمانساز

govaridiwan@gmail.com



دیزاین: **ئاسۆ حەسەن ئەحمەد**
٠٧٥٠٤٤٧١٨٢١


لە خۆوە هەڵسوکەوتکردن لە گەڵ زمان، گرفتێکی گەورەی نووسینی زۆر لە نووسەرانی کوردە. ڕاستە هەرشتێک دەڵێین، یەکسەر خەتاکەی بۆ ئەوە دەگەڕێنینەوە کە زمانی (ستاندارد)مان نییە.

من لەدەرەوەی ئەم خەتایە، بۆچوونەکانم لەو ڕوانگەیەوە دەخەمەڕوو کە ڕۆژانە ڕووبەڕووی کۆمەڵێک وشە و چەمک دەبینەوە، کە هەر نووسەرە و بە ویست و تێگەیشتنی خۆی دەینووسێ. ئەگەرچی هەندێکیان بە لێووردبوونەوەیەکی تەواو دەینووسن، بەڵام بەشێکیشیان هەرچۆنێک بەسەر زاریاندا دێ، وایدەنووسن، پێیداناچنەوە، لەکاتێکدا زمانی نووسین هەتا لێی بخەفتێی پووخت و جوان و ڕەوانتر دەبێت.

من لەو بەشەی نووسینەمدا نموونە بە بۆچوونی نووسەرێکی وەک فەرهاد شاکەلی دەهێنمەوە، بۆ سەلماندنی هەندێک لەو ڕاستیانەی باسم کرد.

فەرهاد شاکەلی لەپێشەکی کتێبی کۆدیداری (زمانی گەردەلوول خەونی شنەبا) پەرۆشی خۆی بۆ زمان و فەرهەنگی کوردی دەربڕیوە.

شاکەلی بۆچوونی وایە کە نووسینی وشەی ( فەرهەنگ) لەبەرامبەر (Culture)ی ئینگلیزی و (ثقافة)ی عەرەبی گونجاوترە، بەومانایەی پێیوایە وشەی ( ڕۆشنبیر و ڕووناکبیری) هەرگیز ناکرێ لەبەرامبەر (کەلچەر، کولتوور، ثەقافە)دا بنووسرێت. لەکاتێکدا ئەگەر ئەو بۆچوونەی شاکەلی ببێتە هۆی مشتومڕ و گفتوگۆی لەبارەوە بکرێت، ئەوە چەندین بۆچوونی جیاوازی ئەومان گوێ لێدەبێ.

فەرهاد شاکەلی ڕەخنە دەگرێت و دەڵێ: ( ئەمڕۆ لە کوردستاندا یەک تاکە کتێب، یەک تاکە گۆڤار، یەک تاکە ڕۆژنامە و حەفتەنامە و مانگانە و وەرزنامە نییە کە بە کوردییەکی ڕاست و بە ڕێنووسێکی ڕاست نووسرابێت).

ئەگەر دیقەتی ئەو پارچە نووسینەی شاکەلی بدەین، کە ڕەخنەیە لەکتێب و بڵاوکراوەکان، ئەوە دەبێ لەخودی ئەو شێوە نووسینەی ئەوەوە دەست پێ بکەین، چونکە ئەوە نووسەرانن دەنووسن نەک بڵاوکراوەکان، واتە سەرەتا دەبێ خودی ڕەخنەکە لەخودی نووسەران بگیرێ. جگە لەوەی دارشتنەکەشی هی ئەوەیە توانجی لێبدرێ، چونکە لە کۆی (٢٨) وشەیدا سێ جار (یەک تاکە)ی نووسیوە، کە یەک جار بەس بوو، واتە( یەک تاکە کتێب، گۆڤار، ڕۆژنامە ....) هەروەها دووجار وشەی (ڕاست)ی نووسیوە، کە یەک جار بەس بوو، واتە (بەکوردی و ڕێنووسێکی ڕاست).

لەم چوارچێوەیەدا دەکرێ هەموو لایەک پشتگیری لەو شێوازە نووسینە بکەین کە دروست و کوردیترە.

**سەرنووسەر**

# لەم ژمارەیەدا


*** دۆسییە:**

١. لەو ڕۆژەوە ئەم ڕۆشنبیرە بلیمەتەم ناسی/ د. مارف خەزنەدار ........ ل٤
٢. عەبدولخالیق مەعرووف .. ژیان و ڕۆڵی ........ / د. فەرەیدون عەبدولڕەحیم عەبدوڵڵا ........ ل٨
٣. عەبدولخالیق مەعرووف لە گۆڤاری نووسەری کوردستان/ نەوزاد عەلی ئەحمەد ........ ل٢٠
٤. سەرە قەڵەمێکی بەڵگەیی... لەمەڕ تیرۆرکردنی عەبدولخالیق مەعرووف/ مومتاز حەیدەری ........ ل٢٠
٥. عەبدولخالیق کتێبێک بوو شەهید کرا/ حەمەکەریم هەورامی ........ ل٢٤
٦. شەهیدی قەڵەم و پێشمەرگەی دێرین عەبدولخالیق مەعرووف/ موحسین ئاوارە ........ ل٢٨
٧. گرژی نێوان شێرکۆ بێکەس و عەبدولخالیق مەعرووف/ هەڤاڵ کوێستانی ........ ل٣٠
٨. غافڵگۆڕییەکەی عەبدولخالیق مەعرووف لە کونجی زیندانی ئەمنی هەولێردا/ حەسەن یاسین ........ ل٣٢
٩. بڵندگۆکەی عەبدولخالق مەعرووف لەناو خوێندکاراندا/ ستار محەمد ئەمین ........ ل٣٤
١٠. دوا دیداری عەبدولخالیق مەعرووف لەگەڵ هەڤاڵ مام جەلال ـ دا/ فارووق جەمیل ........ ل٣٥
١١. بیرەوەریەک دەربارەی کاک عبدالخالقی مامۆستا و لێزان/ نووسینی: مام جەلال ........ ل٣٦
١٢. بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی دەربارەی شەهیدبوونی عەبدولخالق مەعرووف ........ ل٣٨
١٣. بەیاننامەی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان دەربارەی شەهیدبوونی عەبدولخالق مەعرووف ........ ل٣٩
١٤. عەبدولخالق مەعرووف لە دیدی (کاکە مەم)دا ........ ل٤١
١٥. گەڕان و سۆراخ/ سمکۆ عەبدولکەریم ........ ل٤٢
١٦. عەبدولخالیق مەعرووف لە یادگاری کوردستانی نوێ دا/ ڕەوەست نەوزاد ........ ل٤٤

*** مێژوویی:**

١. هەولێر لە سەرچاوەکانی سریانیدا/ ن: د. فەرسەت مەرعی – و: حەسەن یاسین ........ ل٤٦
٢. بزووتنەوەی سمکۆ و پرسی نەتەوەیی کورد/ ن: ڕزگار بەرفروخت – و: ڕێباز مستەفا ........ ل٥٦
٣. یادداشتی ڕۆژانێک لە ئەرشیفخانەی ئیمپراتوریەتی عوسمانی دا/ موحەممەد گەلاڵەیی ........ ل٦٦

*** ڕەخنە و لێکۆڵینەوە:**

١. ڕەخنەیەکی پراکتیکی لە ڕۆمانی داگیرکردنی تاریکی/ محەمەد کەریم ........ ل٧٦
٢. تێگەیشتنم بۆ (ڕاستییەکی ڕەها)ی حەمە عەباسی شاعیر/ ڕەزا سەید گوڵ بەرزنجی ........ ل٨٦
٣. هەلاتگەرییا فەقێ تەیران/ محسن عەبدولرەحمان ........ ل٩٢

*** دەق:**

١. پاسوێردی ژیان/ گۆران سەباح ........ ل١٠٠
٢. ژنێکی پڕ پڕ لە درۆم/ چنوور نامق ........ ل١٠٤
٣. دڵت لام نەبێ/ هەریار جەمیل ڕەنجبەر ........ ل١٠٥
٤. تنێ ئەز و چانتا خوە دێ سەفەرێ کەین!/ ڤین عارف ........ ل١٠٦

*** ڕۆشنبیریی گشتی:**

١. کاتێک بەهایەک بۆ فیکر و فەلسەفە نامێنێ/ سمکۆ عەبدولکەریم ........ ل١٠٦

*** دیدار:**

١- لەگەڵ (یاقووب خزری)دا / دیداری ڕۆستەم خامۆش ........ ل١١٢

*** هونەری:**

١. لەنێوان ڕیالیزم و ئێکسپرێسیۆنیزم/ ئا: ڕەوەند محەمەد جەمیل ........ ل١٢٠
٢. ئەزموون و تێڕوانین .. لە ژیانی شێوەکاری کورد ئەحمەد کاکە سوور/ ئاشتی گەرمیانی/ هۆڵەندا ........ ل١٢٢
٣. گۆرانیی (سۆفی) ی خالید ڕەشید لە ڕوانگەی سۆفیزمەوە/ نێچیروان شوانی ........ ل١٢٤

*** خوێندنەوەی کتێب:**

١. ژیانی من، یان ژیانێک لە پێناو نەتەوەدا؟/ سەدیق سەعید ڕواندزی ........ ل١٢٦
٢. کتێبی کردنەوەی دەقەکان/ دیوان ........ ل١٢٨

*** لەبری بیرەوەری:**

١. (سەعدوڵڵا پەرۆش)م چۆن ناسی؟/ نازم دڵبەند ........ ل١٣٠

*** وێستگەی دیوان:**

١. قەندیل بەغدای هەژاند .. / عەبدولواحید ئیدریس شەریف ........ ل١٣٤
٢. مام عەولا .. بۆیاغچییەکەی بۆخارست کێیە .. ؟!/ د. ئەحمەد حەمەدئەمین ........ ل١٣٦
چیرۆکفرۆش/ ڕەسوڵ بەختیار ........ ل١٣٧
چینی خۆیی/ موحسین چینی ........ ل١٣٨

*** لاپەڕە ١٤٤:**

١- پێشانگەی کتێب / بێکەس حەمە قادر ........ ل١٤٤

# دۆسیە

# عەبدولخالیق مەعرووف

## ١٩٣٥ـ ١٩٨٥/٤/١٠

دائیرەی ئەمنی حکومەتی بەعسی عێراقی هەر لەسەرەتای دەرچوونی کتێبەکەیەوە بەدواداچوونی (عەبدولخالیق مەعرووف)یان کردووە، ژمارەیەک مەلاشیان ڕاسپارد تا لەوتاری ڕۆژی هەییندا هێرشی بکەنەسەر. هەروەها دائیرەی ئەمن بەدوای (عەبدولخالیق)یاندا ناردبوو و پێیانگوتبوو: (ئێمە ئاگاداری جموجۆڵەکانتین) پاشانیش بەڕێیان کردبوو. لەکۆتاییدا کاتژمێر ٢:٣٠ی پاش نیوەڕۆی ١٠ی نیسانی ١٩٨٥ عەبدولخالیق کە لەشەقامی سەرەکی گەڕەکی ئازادی چاوەڕوانی پاسی دەکرد تا بەرەو دوکان بگەڕێتەوە، ئۆتۆمبیلێکی جۆری تۆیۆتا کە دوای بەدواداچوونێکی نهێنی لەلایەن خزمەکانییەوە دەرکەوت (بەناوی دائیرەی ئەمنی هەولێر لەبەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆ تۆمارکرابوو) سێ چەکداری تێدابوو، ڕێی لێ دەگرن و داوای لێدەکەن کە سواری ئۆتۆمبیلەکەیان بێت، ئەویش ڕەتی کردبۆوە، بۆیە تەقەیان لێکرد و کوشتیان. ڕووداوەکە هێندە ترسناک بوو کە هەندێ مەلا لەترسان نەیانوێرا تەلقینی بدەن و لەسێ ڕۆژەی پرسەیدا قورئان بخوێنن، بەهەزار حاڵ (نوری ئیسماعیل نانەکەلی) هاوڕێی توانی چەند کەسێک بۆ ئەو مەبەستە پەیدا بکات، بەڵام ڕووناکبیرانی کوردستان بەگەرمی بەشداری پرسەکەیان کرد و چوونە سەر گۆڕەکەی.

شایانی باسە دوو ڕۆژ بەر لەتیرۆر کردنی، عەبدولخالیق کە بەسەردانێکی نهێنی چووبووە لای جەلال تاڵەبانی، تاڵەبانی پێیگوتبوو: «پێم باشە بەیەکجاریی بمێنییەوە و جارێکی دیکە نەگەڕێیەوە شاری هەولێر، لەبەرئەوەی مەترسی و هەڕەشەی زۆرت لەسەرە»، بەڵام عەبدولخالیق سووربوو لەسەر گەڕانەوەی و گوتبووی: «دەگەڕێمەوە پێداویستییەکانی خۆم ئامادە دەکەم، پاشان بەیەکجاریی هەولێر جێ دەهێڵم»، بەڵام فریانەکەوت و کوشتیان.

دوای ڕاپەڕینی مارتی ١٩٩١، دۆسێیەی عەبدولخالیق مەعرووف کە لەدائیرەی ئەمنی حکومەتی عێراق لەهەولێر بۆی کرابۆوە، کەوتە دەست هاوڕێیانی، لەدۆسێیەکەدا بەدواداچوونی وردیان بۆ کتێبی (ئادەمزاد لەکۆمەڵی کوردەواری دا) لەدوای بڵاوبوونەوەی و ڕاپۆرتێک دەربارەی کوژرانی، هەروەها وتاری مەلایەکیش کە دوای خوێندنەوەی لەرۆژی هەیینی دابوویە دائیرەی ئەمن، تێدابوو.

## دوکتۆر مارف خەزنەدار:

# لەو ڕۆژەوە ئەم ڕۆشنبیرە بلیمەتەم ناسی، ناوی دوکانەکەیم نا (ئەکادیمیەی عەبدولخالیق مەعرووف)



> ❝ کەسێکی وەکو عەبدولخالیق مەعرووف بەتەنیا بۆی هەبوو ئەم شارە بکاتە مەڵبەندی جموجۆڵی بیرکردنەوە و جەربەزەیی گفتوگۆی پڕ لەچەند و چوون و گیروگرفت ❞

هەولێری سەرەتای پەنجاکانی سەدەی بیستەم لەڕووی خوێندەواری و هەوای ڕۆشنبیرییەوە ئەوەندە وشکبوو هەندێ لایەنی کۆمەڵ چاویان بەرایی نەدەدا یەکێکی قەڵەم بەدەست و کتێب دۆست و وتارنووسی وەکو من لەناویاندا بژی. بەڕاستیش ئەوان قاڵبی دیاری خۆیان هەبوو و من باڵندەییەکی ئاوارە بووم و لەوانم نەدەکرد. لەسەرەتای هەشتاکاندا ئەم جارەیان شار ئەو وشکییە بیرییەی پێشووی نەمابوو. کەسێکی وەکو عەبدولخالیق مەعرووف بەتەنیا بۆی هەبوو ئەم شارە بکاتە مەڵبەندی جموجۆڵی بیرکردنەوە و جەربەزەیی گفتوگۆی پڕ لەچەند و چوون و گیروگرفت.

بێجگە لەعەبدولخالیق مەعرووف شوێنەواری شارستانی و خوێندەواری و ڕۆشنبیری لەهەولێر دیار و ئاشکرابوو. شاعیر و نووسەر دەبینران بەتایبەتی لاوی خوێنگەرم، ئەمانە وابزانم پێشەنگی ئەو بزووتنەوە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییە بوون کە لەکوردستانی عێراقدا دروستبوو لەپاش هەرەسە پشت شکێنەکەی ساڵی ١٩٧٥.

ئەم دیاردەیە دڵخۆشکەرەوە بوو بۆ من. بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دیمەن و ئەدگارێکی تایبەتی دەدایە هەولێر و زیاتر دەچووە ناو دڵمەوە. ڕاستە بەڕووکەش من گۆشەگیر بووم، بەڵام کەسانێکی وەکو عەبدولخالیق مەعرووف و محەمەد مەولوود و کاکە مەم بۆتانی و نووری نانەکەلی و من، قوتابخانەیەکمان پێکهێنا بوو، هەموومان قوتابی و مامۆستای یەکتری بووین لەگێتییێکی تایبەتیدا دەژیاین.

لەو ساڵانەی دوایەدا عەبدولخالیق دوکانی فرۆشتنی کەرستە و کەلوپەلی کارەبایی دانابوو لەپشت قەڵا و نزیک بەنزینخانە کۆنەکەی شار، هەموو جۆرە ئامێر و کەرستەی ورد و درشتی کارەبایی تێدا دەست دەکەوت، خۆشی لەڕووی تیۆری و پراکتیکەوە مامۆستا و پسپۆڕێکی باشی کارەبا و کۆمپیوتەر و کاروباری ئەلیکترۆنی بوو. دوکانەکەی لەحەوت هەشت مەتری چوارگۆشەیی تێپەڕی نەدەکرد.

لەو ڕۆژەوە ئەم ڕۆشنبیرە بلیمەتەم ناسی ناوی دوکانەکەیم نا «ئەکادیمیەی عەبدولخالیق مەعرووف». لەهەموو گەشتێکی شاری هەولێرم لەو کاتەوەی لەبەغدا دەژیام بەبێ سەردانی ئەکادیمیە شارم بەجێ نەدەهێشت.

ئەم جارەیان کە لەهەولێر نیشتەجێ بووم وام دەزانی بەلەش و بەگیان جارێکی دیکە لەم خاکەدا هەڵناکەندرێم. دوکانەکەی عەبدولخالیق مەعرووف زادەی مێشک و ئیلهامی خەیاڵم بوو. عەبدولخالیقی دوکاندار بۆ گوزەران بەیانییان یەک دوو سەعات کاری دەکرد. لەبازاڕی نێوەندی شار بەشی خۆی لەکەلوپەلی کارەبایی وەردەگرت و بەزۆریش ئەو شتومەکانە پێشین فرۆشرا بوون و کڕیارەکان دەهاتن لەدوکانەکەدا باریان دەکرد بۆ ماڵەوەیان. ئیتر لەپێش نیوەڕۆوە دۆست و برادەران و یارانی وێڵی ڕاستی لەدەوریدا کۆدەبوونەوە، بەزۆریش دانی ئێواران. لەڕۆژی یەکەمەوە کە چوومە دوکانەکەی عەبدولخالیق وا فێری کردم لەجێگەکەی ئەو دابنیشم کە بریتی بوو لەکورسی و مێزێکی ئاسنی زۆر بچووک. ئەم کارە گەشەییێکی بەمن دەدا. پیاوێک لەم پلەیەی زانست و زانیارییە بێ دەبێ حسێب بۆ ڕێز لێنانەکەی بکرێ، بەم کردەوەیەی هەندێجار ڕوو زەردی دەکردم بەوەی کەسی وا دەهاتنە لای لەکن من کەسانێک بوون دەبوو لەدیوەخان لەژووری منەوە دابنیشن کەچی عەبدولخالیق لێ نەدەگەڕا من جێی خۆم بۆ ئەو کەسانە چۆڵ بکەم.

هەموو هۆییێک بۆ عەبدولخالیق مەعرووف ڕەخسا بوو ببێ بەیەکێک لەهەرە گەورە ڕۆشنبیر و خوێندەوارانی کورد. ڕۆژگاری حوجرە و قوتابی و سوختەیی

و موستەعیدی بەڕێکردبوو، ئیجازەی دوازدە عیلمەکەی مەلایەتی بەسەرکەوتوویی وەرگرتبوو. هەر بەهۆی پیشەی مەلایەتییەوە ئیمامی تابووری عەسکەری بووە لەناو ڕیزەکانی سوپای عێراقدا، لەوێوە ڕووی کردۆتە گێتی بێ پایانی کارەبا و ئەلیکترۆنیک و کۆمپیوتەر، ئینجا ئەورووپای دیوە و فێری زمان بووە، ئەم هەموو زانیارییانەی تێکەڵ بەیەکتری کردووە و لەگەڵ یەکتریدا گونجاندوونیەتی و ڕۆشنبیرێکی بێ هاوتای لێ دەرچووە لەخۆی نەبێ لەکەسی دیکەی نەکردووە.

عەبدولخالیق ڕۆشنبیرانە دەینواڕییە ڕووداو و دیاردەی پۆلیتیکی، ژیرانە لەهەموو مەسەلەیێکی فەلسەفی قووڵ دەبووەوە، ئەوەندە لەئایین شارەزا بوو بەپێی میتۆدی مەلایەتی و شەریعەت هەموو مەلاییکی دەبەزاند، ئەوەندە لەگێتی نهێنی سۆفیزمی کۆسمۆسی و دەروێشیزمی ئیسلامی بەلەد بوو هیچ مامۆستایێکی فەلسەفە لەزانستگا و شێخێکی تەریقەت زاتی نەدەکرد لەگەڵیدا بکەوێتە گفتوگۆ و دەمەتەقێ. هەرچی گێتی بێ سنووری حەزرەتی نالی نەمریش بوو کەم کەس وشییان لەپشت عەبدولخالیقەوە دەکرد.

لەدوکانە حەوت هەشت مەترە چوار گۆشەییەکەی عەبدولخالیق



وەک میحرابی ئەکادیمیە باسی هەموو شتێک دەکرا. پیاو هەندێجار وای هەستدەکرد وەکو مارکسیزم (تیۆرییەکانی کارل مارکس) بەعەبدولخالیق خۆش نەیە. ئەمە تا پلەیێک ڕاستبوو، هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کۆمۆنیستە عێراقییەکان بەتایبەتی کوردەکان بایەخێکی ئەوتۆیان بەمەسەلەی نەتەوایەتی کورد نەدەدا و ماوەیەکی پێویستیان تەرخان نەدەکرد لەخەباتی پۆلیتیکییاندا بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجە، ئینجا بێگومان کەسێکی وەکو عەبدولخالیق مەعرووف وێڵی ئازادی و سەربەخۆیی بۆ کورد گرژی و ساردییەک دەیگرێ بەرامبەر کردەوە پراکتیکییەکانی کوردە کۆمۆنیستەکان، لەئەنجامدا خۆیان دەست بەتاڵ دەمێننەوە و شەرمەزاری



نەتەوەکەی خۆیان دەبن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا عەبدولخالیق دەم پاک و دڵ بێگەرد و مێشک ساردبوو لەڕاست کۆمۆنیستەکان و ڕێزی دەگرتن.

لەدیوەخانی ئەکادیمیەی عەبدولخالیق مەعرووف بەگشتی باس لەهەموو شتێک دەکرا. ڕەنگ هەبوو گفتوگۆ لەبابەت پارتییە سیاسییەکان پێوەندییان لەگەڵ یەکتری و بیروڕا دەربڕین بەرامبەر کەسانی سیاسی و کاربەدەستانی میری تیژ نەبوایە ئەگەر دیوەخانی میوانی زۆری لێ نەبوایە. لەو ڕۆژگارەدا زیاتر باسی نالی و غەزەلەکانی دەکرد، ئەگەر تەنیا من و ئەویش بووینایە ئەوا بەهیچ جۆرێ باسی نالی نەدەکرد، لەمەوە هەستم بەوە کردبوو دەبوو شتێکی بەدەستەوە بێ لەبابەت نالییەوە، بۆیە کە باسی نالی دەهاتە ناوەوە من بەشداریم تێدا نەدەکرد.

دیاربوو مەبەستی عەبدولخالیق لەم کارەدا ئەوە بوو بزانێ تا چ پلەیێک دۆست و برادەرە نزیکەکانی لەگەڵ ئەو بیروڕایانەن کە لەبابەت نالییەوە هەیەتی. ئەمەی بۆ ڕێز لێنان بوو ئەگینا عەبدولخالیق وەکو هەموو زانایێکی ڕەسەن لەخۆبایی بوو و خۆی ناسیبوو پێش ئەوەی خەڵکی بیناسێ، گومانی لەبیروباوەڕی خۆی نەبوو، دوودڵی نەدەزانی، سوریش بوو لەسەر بۆچوونەکانی تا پلەی لاساری لەهەندێ هەڵوێست دا، ئەمە هەمووی ڕەوشتێکە زانای ڕاست و دروست پێڕەوی دەکا.

ئەم هەموو دۆستایەتی و نزیکی و برایەتییەی نێوان من و عەبدولخالیق کە موو بەبەینماندا نەدەچوو، نەبووە هۆی ئەوەی مەسەلەی لێکۆڵینەوە لەشیعری نالی ببێتە نووسینێک بۆنی لەسەرکردنەوەی منی لێبێ،

**“ئەم هەموو دۆستایەتی و نزیکی و برایەتییەی نێوان من و عەبدولخالیق نەبووە هۆی ئەوەی مەسەلەی لێکۆڵینەوە لە شیعری نالی ببێتە نووسینێک بۆنی لەسەر کردنەوەی منی لێبێ”**

**“لەدوای پێنج ساڵ کە لەجەزائیر گەرامەوە هەولێر لە ١٩٨٨ عەبدوڵخالیق نەمابوو، هەروەها چیرۆکنووسی بەدیمەن محەمەد مەولوود (مەم) ئەویش نەمابوو، بەمجۆرە تەنیا ئەوەم بۆ مایەوە بەگۆڕی پیرۆزیان شاد بم”**



ئەو دەیگوت گەڕانە بەشوێن ڕاستی. بەڕاستی زۆر سەیربوو لەگەشتێکی دووسێ ڕۆژیم لەبەغدا بۆ هەولێر، عەبدولخالیق زەرفێکی گەورەی دامێ، دیاربوو کاغەزی تێدابوو بۆ جەمال خەزنەداری برامی ببەم. ڕسپاردەکەم بۆی جێبەجێ کرد. جەمال پێی گوتم: دەزانی ئەو زەرفە چی تێدابوو؟ گوتم: نا. گوتی: ئەمە پاکنووسی کتێبەکەی عەبدولخالیقی تێدابوو، بەراورد لەنێوان دیوانی نالی چاپی تۆ و چاپە سیقۆڵییەکەی مەلا عەبدولکەریم مودەریس و هەردوو کوڕەکانی دەکا.

گوتم: عەبدولخالیق ئارەزووی خۆیەتی و لەهەموو کردەوەیەکی سەربەستە، بەڵام پەیوەندی چی بەتۆوە هەیە؟ گوتی: من بۆی دەبەمە سانسۆر و بۆشی چاپ دەکەم. گوتم: خەڵکی چی دەڵێن؟ گوتی: ئارەزووی خۆیانە، ئەمە بەرگری کردنە لەڕاستی، عەبدولخالیق لای تۆ باسی ئەمەی نەکردووە، باسیشی ناکا و بەمنیشی گوتووە ئەم هەواڵەت پێ نەگەیەنم تا کتێبەکە دەچێتە چاپخانە.

گوتم: ئارەزووی خۆتانە، بەمجۆرە ساڵی ١٩٨٤ کتێبی (دیوانی نالی و کێ ڕاستە؟)ی بڵاوکردەوە.

وەکو ڕۆشنبیرانی کورد ئاگادارن، ئەم کتێبە هەندێ پەیوەندی بەمنەوە هەبوو، ئەو ئینسانە هەستی بەوە کردبوو، هەندێ لەلایەنانی (مافیای ڕۆشنبیری کوردی) منیان لەڕیزی ئەو کەسانە هێنابووە دەرەوە کە پێویستە لەنالی نزیک نەبمەوە، چونکە تێناگەم ئەم زانا ڕەسەنە کە عەبدولخالیقی ناوە هەوڵیدا هەڵە ڕاست بکاتەوە، بەڵام سەیر ئەوەیە بەخۆشمی نەدەگوت خەریکی ئەو کارەیە، هەروەها جەمال خەزنەداری برام، ئەو ئەرکی چاپکردنی کتێبەکەی خستبووە سەرشانی خۆی، کەچی من ئاگاداری هیچ نەبووم، ئەوە نەبێ من لەهاوینی ١٩٨٣ ڕووم کردە وڵاتی جەزائیر، کەچی لە ٢٧ی شوباتی ١٩٨٤ عەبدولخالیق دانەیەکی بەدیاری لەهەولێرەوە بۆ من ڕەوانە کردە جەزائیر.


ئەم کردەوەیە بووە هۆی ئەوەی هەندێ لەخەڵکانی مافیای ڕۆشنبیری کوردی، عەبدولخالیق بەخەتابار لەقەڵەم بدەن، بەلایانەوە کارێکی وای کردووە، وەکو ئەوەیە بەفری سیبریا بتوێتەوە یا شوورەی ئاسنینی ستالینی بڕوخێنێ.

عەبدولخالیق مەعرووف، کەسێکی خەڵکی دەشت، ئەوانەی لەئاوەدانی و گوندەکاندا دەژین، هەولێری یان کرمانجیان پێدەڵێن. عەبدولخالیق مەعرووف یەکێک بوو لەو کرمانجانە. حاڵەتێکی ساکار و ئاسایی بوو ئەم کوڕە کرمانجە ببێ بەمەلا،

**دوای گەڕانەوەم لە ڕووسیا لە ١٩٦٨ عەبدولخالیق مەعرووفم ناسی، برادەرایەتییەک کەوتە نێوانمانەوە لە ئەنجامی لەیەکچوونمانەوە پەیدا بوو، گرنگترینیان کوردایەتی، ئەوجا ڕەتکردنەوەی پلەوپایەی ڕەسمی دەوڵەت**

بەڵام چۆن مەلایەک! یەکێکبوو لەوانەی مەلا بەزێن بوو. لەکۆمەڵی ئێمەدا بەزۆری هەر مەلایەکی هەڵکەوتوو و زیرەک وەک مامۆستایانی زانستگا لەعیلمێک یا زیاتر هەڵدەکەوت و دەبن بەپسپۆڕی ئەو عیلمە، بەڵام عەبدولخالیق لەهەر دوازدە عیلمی زمانی عەرەبی و زانستییە ئیسلامییەکان پسپۆڕ و هەڵکەوتوو بوو.

عەبدولخالیق هەندێک مەلایەتی کرد، هەندێکیش بوو بەئیمامی سوپا (ئیمام تابووری). لەپاشانا وەکو پیشە وازی لەمە هێنا. هیوایەتی زانستی فیزیا و کارەبا مێشکی داگیرکرد. تەنیا لەڕووی تیۆرییەوە خەریکی ئەم کارە نەبوو، بەڵکو لەڕووی پراکتیکەوە داهێنانی گەورە و مەزنی بەدەست دەهێنا. بەمجۆرە عەبدولخالیق وازی لەمەلایەتی هێنا و بەتەعبیری کلاسیکی بوو بەئەفەندی، بەڵام ئەفەندییەکی بێ مووچە و کورسی و مێزی دائیرەی میری.


Annaba - ALGERIE

نامەی د. مارف خەزنەدار بۆ عەبدولخالیق مەعرووف



لەساڵی ١٩٧٧ەوە تا ساڵی ١٩٨٤ عەبدولخالیق لەناو تاقیگە زانستییەکانی فیزیا و کارەبا دەژیا، بەڵگەی ئەم قسەیە کردەوە زانستییەکانیەتی ئەوانەی لەو ماوەیەدا بڵاوکراونەتەوە، لەوانە: کتێبی (ئەنتێنا) ١٩٧٧ بەزمانی کوردی، کتێبی (اجهزە الارسال) بەزمانی عەرەبی ١٩٧٩ هەروەها کتێبی (تەکنیکار) بەزمانی کوردی ١٩٨١ لەپڕ لەم گێتییە وشک و مێشک گۆشەوە، عەبدولخالیق ڕووی کردە چێژ و خەیاڵ و ئیلهام بۆ ئەوەی هەندێ ڕاستی دەربڕێ لەبابەت شعری نالی و ئەو هەڵانەی کەوتوونەتە ناوەوە لەڕاست نووسین و لێکدانەوەی مانا داخراوەکانی. بەرهەمی ئەم دنیایەی عەبدولخالیق هەندێ گەڕانەوە بوو بۆ لای ئەو زانستانەی لەحوجرەی مزگەوت پێیان پەروەردە بووبوو، وابوو

لەساڵی ١٩٨٥ کتێبێکی بەناوی (ئادەمزاد لەکۆمەڵی کوردەواری دا) بڵاوکردەوە. ئەم کتێبە بوو بەبەڵگەیەکی ڕاستەوخۆ، کۆتایی بەژیانی بێنێ. لەدوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ بۆ جاری دووەم، ئەم کتێبە لەساڵی ١٩٩٩ بڵاوکرایەوە.


لەو ماوەیەدا پێویست ناکا باس لەوە بکەم، ئەو بیروڕایانەی عەبدولخالیق دەری بڕیون، تازەن و زادەی بیری تایبەتی ئەون. نووسەرانی ئایینی عەلمانی ئەمجۆرە باسەیان خستۆتە ڕوو و لەلایەک بەڕاست زانین و لەلایەکی دیکەوە بەهەڵە زانین باسی لێوەکراوە. لەدوای بڵاوکردنەوەی کتێبەکە، ئیمام و خەتیبی هەندێ لەمزگەوتەکان کەوتنە هێرش بردن بۆ سەر عەبدولخالیق.

مەسەلەکە تەنیا لەهەولێر نەبوو، گەیشتە بەغدا، ئیمام و خەتیبێک عەبدولخالیقی بەکافر لەقەڵەم دا و خوێنی حەڵاڵ کرد. وابوو ئەو زانا و نووسەرە بەوەجە لەبەر دەرگای ماڵی خۆیان تیرۆر کرا. لەڕۆژانی پێش کوشتنی و پاش کوشتنی، ئۆتۆمۆبیلی ڕەسمی ژمارە ٢ی وەزارەتی ئەوقافی بەغدا لەهەولێر دەسوڕایەوە.

وەکو لەژیانی ئەو کەسە بەکارە دەردەکەوێ، بەرهەمی زانستی و ئەدەبی عەبدولخالیق تێکهەڵکێش بووە، لەبەرنامەیدا ئەوەی تۆمار کردووە کە خەریکی هەردوو لایەنی زانستی و ئەدەبی مەعریفەت بێ، لەبەر ئەوە پێش تیرۆر کردنی، دەستنووسی کتێبی (دەربارەی ترانزیستۆر) و (چەند حوکمێک لەمەزهەبی شافعی دا) ئامادەی کردووە، بەڵام مەرگ ڕێگەی بەبڵاوکردنەوەیان نەدا.

لەدوای گەڕانەوەم لەڕووسیا لە ١٩٦٨ و دامەزراندنم لەزانستگای بەغدا عەبدولخالیقم ناسی، برادەرایەتییەک کەوتە نێوانمانەوە لەئەنجامی لەیەکچوونمانەوە پەیدابوو. ئەو لەیەکچوونە لەزۆر کردەوەدا بوو، گرنگترینیان کوردایەتی ئەوجا ڕەتکردنەوەی پلەوپایەی ڕەسمی دەوڵەت، لەدواجاردا گەران بەشوێن حەقیقەتدا، لەماوەی برادەرایەتیمان من لەبەغدا دەژیام عەبدولخالیق لەهەولێر. هەرچەند سەفەری هەولێرم بکردایە دەبوو عەبدولخالیق ببینم وەک چۆن سەفەرەکانی سلێمانیم بەبێ حەمەساڵح دیلان نەدەچووە سەر.

خۆشترین هەنگامی دۆستایەتیمان لەهاوینی ١٩٨٢ تا هاوینی ١٩٨٣ لەهەولێر بوو، لەدوای پێنج ساڵ کە لەجەزائیر گەڕامەوە هەولێر لە ١٩٨٨ عەبدولخالیق نەمابوو، هەروەها چیرۆکنووسی بەدیمەن محەمەد مەولوود (مەم) ئەویش نەمابوو، بەمجۆرە تەنیا ئەوەم بۆ مایەوە بەگۆڕی پیرۆزیان شاد بم.


نامەی دکتۆر مارف خەزنەدار
ANNABA - ALGERIE

نامەی د. مارف خەزنەدار بۆ عەبدولخالیق مەعرووف

سەرچاوەکان:

١- ڕۆژگاری من (هەرەشەی سیاسی و گەشەی ڕۆشنبیری ١٩٧٥ - ١٩٨٣) یاداشتی (دوکتۆر مارف خەزنەدار) بەرگی شەشەم، هەولێر ٢٠١١

٢- ڕۆژگاری من (مەڵبەندێکی دیکەی ژیانم و گەڕانەوە بۆ نیشتمان ١٩٨٣ - ١٩٩١) یاداشتی (دوکتۆر مارف خەزنەدار) بەرگی حەوتەم (دوابەرگ) هەولێر ٢٠١٤



# عەبدولخالیق مەعرووف ..

# ژیان و ڕۆڵی سیاسی و ڕۆشنبیریی



د. فەریدون عەبدولڕەحیم عەبدوڵلا

**لەدایکبوونی و پێگەیشتنی**

عەبدولخالیق مەعرووف محەمەدئەمین لە ١ی کانونی دووەمی ١٩٣٥ لەگوندی (سەید عوبێد) لەناحیەی کەندیناوەی سەر بەشارۆچکەی مەخمور لەبنەماڵەیەکی ئایینی لەدایکبووە. (مەعرووف)ی باوکی مەلایەکی دیاری ناوچەکە بووە، پیاوێکی ئازا و قسەخۆش و نیشتمانپەروەر بووە. باوکی لەگوندەکانی شۆڕەزەرتکە، سەید عوبێد، سەید ئەمین، شێخ شەروان، زەمزەمۆکی ناحیەی کەندیناوە مەلایەتی کردووە. ئاغاکانی ئەو گوندانە بەربەرەکانێی زۆریان کردووە و بەپاڵپشتی کردنی جووتیارانیان لەقەڵەمداوە، هەر بەو هۆیەشەوە لەکاتی ڕاپەڕینی جووتیارانی دەشتی هەولێر لەساڵی ١٩٥٣دا خانووەکەیان ڕووخاندووە و لەگوندەکەی دەریانکردووە، ئەویش هاتۆتە هەولێر و لەوێ نیشتەجێ بووە.

عەبدولخالیق ساڵی ١٩٤٤ خراوەتە بەر خوێندن و تا پۆلی پێنجەمی سەرەتایی خوێندووە، پاشان باوکی لەقوتابخانە دەریهێناوە و خستوویەتییە بەر خوێندنی ئایینی لەحوجرە لای مەلا، لەحوجرەش قۆناغەکانی قوتابی و سوختەیی و موستەعیدی تەواوکردبوو، ئیجازەی دوازدە عیلمەکەی مەلایەتی بەسەرکەوتوویی وەرگرتبوو.

ساڵی ١٩٥٤ عەبدولخالیق مەعرووف لەگەڵ نزیکەی ٢٠٠ موستەعید و فەقێدا، داوایەکیان پێشکەشی موتەسەریفی هەولێر (ئیسماعیل حەقی) کردووە، بۆ کردنەوەی پەیمانگایەکی ئایینی، بۆ ئەوەی لەپلەی فەقێ ڕزگاریان بێت، موتەسەریفیش پشتگیریی داواکارییەکەیانی کردووە، هەرچەندە ژمارەیەک مەلا چوونەتە لای موتەسەریف نارەزایيان دەربڕیوە و بەشیوعییان لەقەڵەمداوە و ویستوویانە بەلێدانی بدەن. ئەو هەنگاوەی (عەبدولخالیق)یش نیشانەی ئەوەیە کە ویستویەتی ئایین لەدەست مەلاکان دەربهێنێت، فێربوون و خوێندنی ئایینی بەئەکادیمیی بکات و خوێندکاران لەرێگەی پسپۆران و ئەکادیمیستانەوە فێربن نەک لەحوجرە و مزگەوت لەسەر دەستی مەلا، هەر بۆیەش دژی ئەو هەنگاوە، مەلاکان ناڕەزاییان دەربڕیوە.

دوای خوێندنی ئایینی، ساڵی ١٩٥٤ بەمەبەستی درێژەدان بەخوێندن بڕیاری داوە بچێتە زانکۆی ئەزهەر لەمیسر، بۆ ئەم مەبەستە سەرەتا داواکارییەکی پێشکەشی زانکۆکە کردووە، بەڵام بەبیانووی نەبوونی بڕوانامەی فەرمیی دان پێدانراو داواکارییەکەی پەسند نەکراو هەلی خوێندنی لەو زانکۆیە بۆ نەڕەخسا، لەبەر ئەوە بەناچاری گەڕاوەتەوە هەولێر، پاشان چۆتە بەغدا و لەوێ لەلای شێخ محەمەد قزلجی (١٨٩٧-١٩٥٩) و عەلائەدین سەجادی (١٩٠٧-١٩٨٤) خوێندوویەتی. ئەو خوێندنەش هەر بەئامانجی ئەوەبوو جارێکی دیکە بۆ وەرگیرانی لەزانکۆی ئەزهەر زەمینە خۆش بکات.

ساڵی ١٩٥٦ عەبدولخالیق مەعرووف یەکێک بووە لەو ٣٠ کەسەی کە بەشداری تاقیکردنەوەیەکی وەزارەتی بەرگری عێراقی کردووە بۆ ئیمام تابووری، لەئەنجامدا تەنیا ٢ کەس لەتاقیکردنەوەکە سەرکەوتوو بوونە، کە عەبدولخالیق یەکێکیان بووە و بۆتە ئیمام تابووری سوپا لەبەغدا. ئەو کارەشی دیسان ئامانجی زەمینەخۆشکردن بووە بۆ وەرگیرانی لەزانکۆی ئەزهەر و دەیویست لەو ڕێگەیەوە مۆڵەتی خوێندن وەربگرێ و کارەکانیشی بۆ وەرگیران لەزانکۆکە ئاسانتر بکات، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ئیمام تابوور پلەکەی ئەفسەر و مووچەکەشی باشبوو، بەڵام بەهۆی هێرشە سێ قۆڵییەکەی (ئیسرائیل، فەرەنساو بەریتانیا) بۆ سەر میسر ئەو پلانەشی سەری نەگرت و هەر بەئیمام تابوور مایەوە تا لەساڵی ١٩٦٣ دا پێوەندیی بەشۆڕشی کوردستانەوە کرد.


**کەسایەتی و تایبەتمەندییەکانی**

عەبدولخالیق مەعرووف مرۆڤێکی خوێنگەرم و چاو مەیلە و قاوەیی بوو، هەموو گیانی وزە و ورە بوو، هەمیشە دەم بەپێکەنین بوو کە قاقای لێدەدا لەدوورەوە گوێت لێ دەبوو. شێوە و دەنگی پێکەنینی زۆر تایبەت بوو، لەناخەوە



بەدەنگێکی بەرز پێدەکەنی و بەوەش ناسرابوو. بەردەوام پێدەکەنی و هەرگیز خەمبار نەدەبوو، زۆر قسەخۆش و نوکتەباز بوو، شەوانە کۆڕی دانیشتنی لەگەڵ هاوڕێیانیدا گەرموگوڕ و خۆش دەکرد.

عەبدولخالیق بەقەلافەت گەورە و باڵابەرز بوو، بەڵام بەهەست کەسێکی دڵ ناسک و بەسۆز و جوانپەرست و هەژار پەروەر بوو. کەسایەتییەکی بەهێزی هەبوو، چاوتێر و سەربڵند بوو، هەمیشە بەهەڵوێست بوو، سەری دانەنواندووە و ڕاستگۆ بووە لەگەڵ خۆی و دەستپاک و زمان پاکبوو. هاوڕێیانی خۆی زۆر خۆشدەویست و بەرانبەریان بەهەڵوێست بوو و دەستی یارمەتی و هاوکاریی بۆ درێژکردوون، تەنانەت لەڕووی ماددیشەوە، لەم ڕووەشەوە هەڵوێستی گەورەی نواندووە. عەبدولخالیق هەرگیز بەدوای پارەدا نەبوو، دوای ڕاگەیاندنی بەیاننامەی ١١ی مارتی ١٩٧٠ بەهۆی ئەوەی پێشتر ئیمام تابوور بووە لەسوپای عێراقدا، خانەنشین کراوە و ٣٠ دیناری بۆ بڕاوەتەوە، لەهەمان کاتیشدا لەنێو شۆڕشی کوردستانیشدا مانگانە ٦٠ دیناری هەبووە، بەڵام دوای بڕینەوەی مووچەی خانەنشینی خۆی داوای لەبەرپرسانی کورد کرد کە




٣٠ دینار لەمانگانەکەی ببڕن، بەهۆی وەرگرتنی مووچەی خانەنشینی لەحکومەتی عێراق.

عەبدولخالیق مرۆڤێک بوو لەگەڵ دونیای پێشکەوتن و مۆدێرن و عەلمانیەت و زانست و مەعریفەدا بوو، بڕوای بەخورافیات و هەڵسوکەوتی تەقلیدی و سواو نەبوو، خاوەنی کەسایەتی خۆی بوو، لەگەڵ ڕەوتی تازەگەریی و پێشکەوتنەکان و گۆڕانکارییەکان بوو، بەردەوام ڕەخنەی لەشتە باو و سواو و گەندەڵە تەپیوەکان دەگرت. پێیوابوو نابێ لەکاروانی بەرەوپێشچوونی دونیا دابڕێین و بەجێ بمێنین. ژیرانە لەهەموو پرسێکی فەلسەفی قووڵ دەبۆوە. ئەوەندە لەئایین شارەزا بوو بەپێی میتۆدی مەلایەتی و شەریعەت هەموو مەلایەکی دەبەزاند، تەنانەت هەموو مامۆستایەکی فەلسەفە لەزانکۆ و شێخێکی تەریقەتیش زاتی نەدەکرد لەگەڵیدا بکەوێتە گفتوگۆ. ئەو خۆی ناسی بوو پێش ئەوەی خەڵک بناسێ، گومانی لەبیروباوەڕی خۆی نەبوو، دوو دڵیی نەدەزانی، سووریش بوو لەسەر بۆچوونەکانی تا پلەی لاساریی لەهەندێ هەڵوێستدا هەمیشە جیاواز و ڕوحێکی یاخیبوونی تێدابوو، خاوەن فیکرو بوێر بوو.

سالّی ١٩٧٩ ماڵیان لەگەڕەکی ئازادی بوو، ڕۆژانە بەسواری پایسکل دەچووە دوکانەکەی کە لەلای قەڵای هەولێر بوو، لەکاتیکدا پارەی هەبوو ئۆتۆمبیل بکرێت، زۆر لەخزمان و هاوڕێیانیشی پێیاندەگووت بۆتۆ جوان نییە بەپایسکل هاتوچۆ بکەی، بەڵام ئەو دەیگوت دەمەوێت ئەو بەستەڵەک و عەیبەیە بشکێنم و ئەمە لەکەسایەتی من کەم ناکاتەوە، چونکە ئەوەی من دەیکەم لەبەرژەوەندی گشتی دایە و پایسکل ژینگە پیس ناکات و خەرجی نییە و تەنگ بەخەڵک و شەقامەکانیش هەڵناچنێ. ئەو نموونەیەش سەرەڕای جیاوازیی و ڕوحی یاخیبوونی، سادەیی و ژینگە دۆستی عەبدولخالیق مەعرووف نیشان دەدات.

**"ئەوەندە لە ئایین شارەزا بوو بە پێی میتۆدی مەلایەتی و شەریعەت هەموو مەلایەکی دەبەزاند، تەنانەت هەموو مامۆستایەکی فەلسەفە لە زانکۆ و شێخێکی تەریقەتیش زاتی نەدەکرد لەگەڵیدا بکەوێتە گفتوگۆ"**





ساتەوەختی ناشتنی تەرمی عەبدولخالیق مەعرووف لە گۆڕستانی پیرداود



ئەو مرۆڤە نەک هەر خۆی بایەخی بەژینگە و خاوێنی داوە، بەڵکو هانی خەڵکیشی داوە بۆ پاک ڕاگرتنی سروشت و پاراستنی تەندروستییان، بۆ نموونە ئەو ماوەیەی کە لەئێزگەی دەنگی کوردستانی عێراق کاری دەکرد لەناوچەی چۆمان، دانیشتوانی ناوچەکەی هانداوە کە ئاودەست لەماڵەکانیان دروستبکەن و ژینگە و سروشتی ناوچەکە پیس نەکەن، لەبەر ئەوەی لەو سەردەمەدا واتە ساڵانی شەستەکان و حەفتاکان زۆربەی خەڵکی گوندەکان ئاودەست لەماڵەکانیاندا نەبوو.

نموونەیەکی دیکە لەسەر کەسایەتی جیاوازی عەبدولخالیق مەعرووف بۆ ئەو کاتە دەگەڕێتەوە کە ئیمام تابووری سوپا بوو لەبەغدا، ڕۆژێکیان بەجلوبەرگی مەلایەتییەوە چۆتە یەکێک لەسینەماکانی ئەو شارە بۆ سەیرکردنی فیلمێک، بەو کارەی ویستوویەتی وانیشان بدات کە نابێت هیچ شتێک ببێتە بەربەست لەبەردەم پێشکەوتندا و ئەو لەگەڵ شکاندنی کۆت و پێوەند بووە. عەبدولخالیق لەپێوەندییەکانیدا زۆر جێی متمانە بووە، تەنانەت لەماوەی شۆڕشی ئەیلولیشدا ئەو ماوەیەی کە لەئێزگەدا کاری کردووە (١٩٦٣-١٩٧٥)، مەلا مستەفا بارزانی و سەرکردایەتی کورد زۆر متمانەیان پێ هەبووە، بەهۆی ڕاستگۆیی و نیشتمانپەروەرییشییەوە مەلا مستەفا بارزانی زۆر پشتی پێدەبەست، تەنانەت گوتبووی: هەرکاتێک عەبدولخالیق ویستی سەردانم بکات، دەرگا بۆی کراوەیە و کەس ڕێی لێ نەگرێت، چونکە زۆر متمانەی پێ هەبوو.

دیارە هەر بەهۆی ئەو تایبەتمەندییانەی کە لە سەرەوەدا خستمانەڕوو، مستەفا زەڵمی (١٩٢٤-٢٠١٦)یش، پێیوابێت کە عەبدولخالیق مەعرووف کەسایەتییەکی جیاوازی هەبووە و ئەم جیاوازییانەی تێدابووە: «بتکوشتایە درۆی نەدەکرد، هەرگیز بەدوای پلەوپایەدا نەدەچوو، دڵسۆزێکی کورد و کوردستان بوو و لەزیرەکیشدا بلیمەت بوو».

### هەڵوێست و ژیانی سیاسی

خوێندنی ئاینی و هەوڵدانی بۆ وەرگیرانی لەزانکۆی ئەزهەر نەبووە هۆی ئەوەی کە عەبدولخالیق مەعرووف لەپرسی نەتەوەکەیدا بێلایەن بێت، بەڵکوو هەر لەساڵی ١٩٥٦دا کە بۆتە ئیمام تابوور لەسوپای عێراقدا، هەر لەو ساڵەشدا پێوەندی بەپارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردووە و ژیانی سیاسی دەستپێکردووە. لەساڵی ١٩٦٣دا عەبدولخالیق بەغدای جێهێشت و گەڕایەوە هەولێر، پاشان لەکۆیە پێوەندی بەشۆڕشی کوردستانەوە کرد و لەوێش کەڵکیان لەتوانا و شارەزاییەکانی وەرگرت بۆ دامەزراندنی ئێزگەی شۆڕش.

بەهۆی ململانێی سیاسییەوە، ساڵی ١٩٦٤ دابەشبوون و کەرتبوون لەنێو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستاندا ڕوویدا و لەئەنجامدا ژمارەیەک لەئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسی لەو حیزبە جیابوونەوە، دواتر ئەو باڵە بەباڵی مەکتەبی سیاسی ناسران. عەبدولخالیق مەعرووف یەکێک بوو لەئەندامانی ئەو باڵە و هەر لەگەڵ ئەوانیشدا بەرەو هەمەدان ڕۆیشت، پاشان گەڕانەوە و ئەویش گەڕایەوە سەر کارە سەرەکییەکەی کە ئێزگە بوو.

لەساڵی ١٩٦٨یشدا لەکاتی گفتوگۆی نێوان حکومەتی عێراق و سەرکردایەتی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کوردستاندا، عەبدولخالیق مەعرووف کراوەتە بەڕێوەبەری گومرگی قەزای دوکان، بەڵام لەکاتی شکستهێنانی گفتوگۆدا لەلایەن حکومەتەوە دەسگیرکراو ڕەوانەی بەندیخانەی بەغدا کرا لەوێشەوە گواسترایەوە بەندیخانەی موسڵ، بەڵام لەلایەن سەرکردایەتی کورد مەلا مستەفا بارزانی (١٩٠٣-١٩٧٩) بروسکەیەکی توند ئاراستەی حکومەت کرا بۆ ئازادکردنی، ئەوەبوو ئازادکرا و جارێکی دیکە پێوەندی بەشۆڕشی کوردستانەوە کرد.

هەرچەندە لەماوەی شۆڕشی ئەیلولدا عەبدولخالیق مەعرووف زیاتر وەک تەکنیکارێکی بلیمەت خزمەتی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کوردستانی کردووە، بەڵام دوای تەواوکردنی خولی ئەلیکترۆنی و گەڕانەوەی

**“ دوای ئەوەی کە ساڵی ١٩٦٤ دابەشبوون لەشۆڕشی کوردستان ڕوویدا و بەشێکیان جیابوونەوە و چوونە هەمەدان، (عەبدولخالیق)یش یەکێک بوو لەوان و ئێزگەکەشی لەگەڵ خۆی بردبوو ”**

***ساڵی ١٩٥٤ عەبدولخالیق مەعرووف لەگەڵ نزیکەی ٢٠٠ موستەعید و فەقێدا، داوایەکیان پێشکەشی موتەسەریفی هەولێر کردووە، بۆ کردنەوەی پەیمانگایەکی ئایینی، ئەو هەنگاوەی عەبدولخالیقیش نیشانەی ئەوەیە کە ویستویەتی ئایین لەدەست مەلاکان دەربهێنێت***




لەئەڵمانیا لەساڵی ١٩٧٢دا، ماوەیەک کراوەتە بەرپرسی ئیدارەی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان و لەچەند خولێکی پێگەیاندنی کادیرانی ئەو حیزبەشدا محازەرەی پێشکەش کردووە.

دوای نسکۆی شۆڕشی کوردستان لەساڵی ١٩٧٥دا، عەبدولخالیق مەعرووف ڕووی کردۆتە ئێران و لەوێشەوە چۆتە ئەڵمانیا. لەوێشدا لەتێکۆشان نەوەستا، بەڵکو هەر دوای دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەساڵی ١٩٧٥دا، بەشداری کردووە لەدامەزراندنی لقی ئەورووپای یەکێتیی نیشتمانیی، پاشانیش بۆتە ئەندامی کۆمیتەی ئەورووپای یەکێتی.

بەڵام دوای ماوەیەک هەر لەو ساڵەدا چۆتە باڵیۆزخانەی عێراق لەئەڵمانیا و چاوی بەباڵیۆز کەوتووە و خۆی پێناساندووە و پێیگوتووە ئەگەر هیچ ڕێکارێکی بەرانبەر نەگرنەبەر، ئەوا دەیەوێ بگەڕێتەوە هەولێر و دەست بەژیانی ئاسایی خۆی بکاتەوە، باڵیۆزیش بەڵێنی پیدەدات کە هیچ ڕێکارێکی لەگەڵدا ناکەن، بۆیە عەبدولخالیق مەعرووف لەساڵی ١٩٧٦دا گەڕایەوە هەولێر. دوای ئەوە دەستی بەکاری ئازاد کرد، سەرەتا دوکانێکی لای قەڵای هەولێر دانا بۆ چاککردنەوەی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن، لەپێناو باشترکردنی گوزەرانی هەر لەلای قەڵا دوکانێکی دیکەی دانا و وەکالەتی کۆمپانیایەکی ئەفریقی وەرگرت بۆ کەلوپەلی کارەبایی.

سەرەڕای خەریکبوونی بەکاری ئازاد، دەستبەرداری سیاسەت نەبووە، بەڵکوو دوای گەڕانەوەشی لەئەڵمانیا هەروەکوو دۆستێکی یەکێتیی




نیشتمانیی کوردستان مایەوە. دوکانەکەیشی بەتەنیا شوێنی کاسبی نەبوو، بەڵکو ببووە شوێنی کۆبوونەوەی ڕووناکبیران و گفتوگۆی ڕۆشنبیری و سیاسی. تەنانەت ڕووناکبیرانی شاری سلێمانییش لەدوکانەکەیدا سەردانیان کردووە. ئەو لەخەباتی شاخیشدا ئەوکاتەی کە لەئێزگەی دەنگی کوردستانی عێراق کاری دەکرد، هەمان هەڵوێستی بەرانبەر ئەو کەسانە هەبووە کە کاریان لەگەڵیدا کردووە و پێشتر شیوعی بوونە لەوانەش ساڵح حەیدەری و سامی عەبدولڕەحمان و زوهێر عەبدولمالک کە کوردێکی فەیلی بوو.

عەبدولخالیق مەعرووف نەیدەویست کوڕەکانیشی خزمەتی سەربازیی بکەن، ئەوەبوو کاتێک پشکۆی کوڕە گەورەی لەساڵی ١٩٨٤دا خوێندنی زانکۆ تەواو دەکات، دەبوو وەکو هەر کەسێکی دیکە سەربازی بکات، بەڵام عەبدولخالیق ناهێڵێ بچێتە ڕیزی سوپای عێراقەوە و هەرخۆی تەسلیمی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی دەکات و دەبێتە پێشمەرگە، ئەویش هاوشێوەی باوکی لەبواری تەکنیک لەئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان کار دەکات.

جێی ئاماژە پێدانە لەپێش جەنگی عێراق ئێرانەوە، گروپێک لە ڕووناکبیران کە پێکهاتبوون لە: عەبدولخالیق مەعرووف، نوری نانەکەلی، موحسین ئاوارە، محەمەد ئەمین محەمەد ساڵح (دهۆکی)، کاکە مەم بۆتانی، پاشان عەبدولحەمید عەبدولمەجید و حەیدەر هەمزەش بوونە ئەندامی گروپەکە، زۆرجاریش مامۆستایان قەرەنی ئەسوەد، نەوزاد محەمەد عەلی، ئیسماعیل خۆشناو، عادل عەبدولسەمەد و خورشید ئیسماعیل بەشدارییان دەکرد، هەندێ جاریش دکتۆر نافیع ئاکرەیی، مامۆستایان ئەنوەر جاف، نەجیب ئامێدی، عەبدولباست عەبدولسەمەد دەچوونە پاڵیان، گروپەکەش بەبازنەی یانەی ئازادی ناسرابوون، لەیانەکەدا کە کەوتبووە گەڕەکی ئازادی دەوری یەکتریان دەدا، ئەو بازنەیە شەوچەرەیان ئەدەب و فەلسەفە و چالاکییە ڕووناکبیرییەکان بوو، بەچرپە و هێما دەنگوباسی کوردقڕان و شۆڕشیان دەگێڕایەوە، کە دەوری مێزەکەشیان لەپیاوانی حیزبی بەعسی فەرمانڕەوا چۆڵ دەبوو، باسی سیاسەت، شۆڕش و چالاکییەکانی پێشمەرگە، شەڕی ناوخۆ، بەئاشکرا دەکرا، بەڵام هەموویان جێی متمانەی یەکتری بوون، ئەو بازنەیە سەر بەهیچ ڕێکخراوێکی سیاسی نەبوو، کوردایەتی تاکە ڕێگایان بوو.

لەماوەی گفتوگۆی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حکومەتی عێراقیش لەساڵانی ١٩٨٣-١٩٨٤دا، محەمەد موکری و حەمەی حەمە باقی وەک دوو نوێنەری یەکێتیی نووسەرانی کوردستان شارەکان دەگەڕان، تا بیروبۆچوونی یەکێتیی

**“ سەرەڕای خەریکبوونی بە کاری ئازاد، دەستبەرداری سیاسەت نەبووە، بەڵکو دوای گەڕانەوەشی لە ئەڵمانیا هەر وەکو دۆستێکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان مایەوە ”**



نووسەران باس بکەن و هەنگاوەکانی گفتوگۆ بگێڕنەوە و داوا لەئەدیبانیش بکەن بەرهەمەکانیان بۆ گۆڤاری نووسەری کوردستان بنێرن. لەو چوارچێوەیەشدا دوو نووسەرەکە لەگەڵ ژمارەیەک ڕووناکبیری شاری هەولێر لەماڵی نوری نانەکەلی لەشاری هەولێردا دانیشتنێک ساز دەکەن و تا بەرەبەیان پرسەکان تاوتوێ دەکەن، یەکێک لەو ڕووناکبیرانەش عەبدولخالیق مەعرووف بووە.

**عەبدولخالیق مەعرووف دۆستێکی دێرینی مام جەلال بووە، لەسەرەتای دەستپێکردنی گفتوگۆی یەکێتیی نیشتمانیی و حکومەتی عێراقیشدا، ڕۆژێکیان مام جەلال زیاتر لە (٢٠) ڕووناکبیری داوەتی سوورداش کرد، تا بیروبۆچوونیان لەبارەی گفتوگۆوە وەربگرێ، کە عەبدولخالیق یەکێک بووە لەوان**

لێرەدا پێویستە ئەوەش بڵێین کە عەبدولخالیق مەعرووف دۆستێکی دێرینی مام جەلال بووە، لەسەرەتای دەستپێکردنی گفتوگۆی یەکێتیی نیشتمانیی و حکومەتی عێراقیشدا، ڕۆژێکیان مام جەلال زیاتر لە (٢٠) ڕووناکبیری داوەتی سوورداش کرد، تا بیروبۆچوونیان لەبارەی گفتوگۆوە وەربگرێ، کە عەبدولخالیق یەکێک بووە لەوان و لەوێشدا بێمتمانەیی خۆی بەرانبەر حکومەت نیشاندا بوو، هەروەها دژایەتی خۆیشی بۆ شەڕ و ناکۆکی نێوان حیزبە سیاسییەکانی کوردستان نیشان دابوو و چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیانی بەپێویست زانی بوو.

عەبدولخالیق مەعرووف پێوەندیی و دۆستایەتیی تەنیا لەگەڵ ڕووناکبیران و سیاسەتمەدارانی باشووری کوردستان نەبوو، بەڵکوو لەگەڵ بەشەکانی دیکەی کوردستانیش پێوەندی و دۆستایەتیی هەبوو، بۆ نموونە لەگەڵ دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو (١٩٣٠-١٩٨٩) سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستان- ئێران دۆستایەتیی هەبووە، ساڵانی هەشتاکان کاتێک زانیویەتی قاسملو و هاتۆتە هاوینەهەواری پیرمام، لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی سەردانیان کردووە و باسی هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلول (١٩٦١-١٩٧٥) و پیلانی داگیرکەرانی کوردستانیان لەگەڵ کردووە، هەروەها عەبدولخالیق بەقاسملووی گوتووە: کە پەند لەهەڵەکانی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی باشووری کوردستان وەربگرن، هۆشداریشی داوەتێ کەوا کارێکی وانەکەن حکومەتی عێراق شتیان لەسەر بسەپێنێ و بکەونە ژێر کاریگەرییان.

### چالاکییەکانی لەبواری تەکنیک و دروستکردنی ئێزگەدا

عەبدولخالیق مەعرووف تاساڵی ١٩٥٦ کە لەبەغدا بووە ئیمام تابوور لەسوپای عێراقدا، هەر لەسەر ڕێڕەوی ئایینی دەڕۆیشت، بەڵام زۆری نەبرد بەرەو ڕێڕەوێکی دیکە هەنگاوی هاویشت ئەویش گەڕان بوو بەدوای زانست و فێربوون لەبوارکانی تەکنیکدا. هۆکاری ئەو هەنگاوەشی هەروەک عەبدولخالیق خۆی بۆ هاوڕێیانی گێڕاوەتەوە بۆ ئەوە گەڕاوەتەوە: ڕۆژێکیان لەکاتی پشووی کارکردنیدا لەسوپادا و لەکاتی نانخواردنیدا لەگەڵ ژمارەیەک لەئەفسەران کە لەگەڵیدا بوونە، دەکەوێتە گفتوگۆ و چەند ئایەتێکی قورئان و فەرموودەیەکی پێغەمبەر دەخاتەڕوو، لەو کاتەدا یەکێک لەئەفسەرەکان گوتوویەتی: «چییە هەموو ڕۆژێ ئایەت و فەرموودەمان بۆ باس دەکەیت، بڕۆ بزانە زانست بەکوێ گەیشتووە، فڕۆکە چۆن دروستکراوە، ڕادیۆ و تەلەفزیۆن چۆن دروستکراون؟»


ئیدی ئەو قسانەی ئەفسەرەکە دەبێتە هۆکار و هاندەر بۆ عەبدولخالیق تا لەپاڵ ڕێڕەوە ئایینییەکەیدا بەرەو ڕێڕەوی زانست و تەکنیکیش هەنگاوبنێ. دوای ئەوە عەبدولخالیق پاش تەواوبوونی کاری فەرمیی، دەچووە لای وەستایانی ڕادیۆ، تا شارەزایی پەیدابکات لەسەر پێکهاتەکانی ڕادیۆ پاشان هەنگاوەکانی دەست پێبکات بۆ دروستکردنی ئێزگەی ڕادیۆیی. بەرەبەرە هەنگاوە پراکتیکییەکانی دەستپێکرد، کابرایەکی ئەرمەنی هەبوو لەبەغدا دوکانی فرۆشتنی کەرەستەی کارەبایی هەبوو، ئەویش دەچووە لای بۆ کڕینی کەرەستە سەرەتاییەکان، کابرای ئەرمەنییش دەیزانی عەبدولخالیق تەنها بۆ وەرگرتنی ئەزموون پێویستی بەکەرەستەکانە، بۆیە پێیدەگووت: «مەیانکڕە، کەرەستە پێویستەکانت ببە، کە پێویستیت پێیان نەما بیانگێڕەوە». هەر لەو ماوەیەشدا محەمەد شەریفی هاوڕێی، کە پێکەوە ئیمام تابوور بوون لەسوپادا و لەخانوویەکیشدا پێکەوە دەژیان، ڕادیۆیەکی بۆ خۆی کڕی بوو، ئەویش لێی وەرگرتبوو و کردبوویەوە، بەڵام لەکاتی کارکردن لەسەری چەند کەلوپەلێکی لێ سووتاندبوو، بۆیە عەبدولخالیق



پێیگوتبوو: «رادیۆکەت بەچەند کڕیوە؟ حەزدەکەم بۆ خۆمی هەڵبگرمەوە». ئەو هەڵوێستەشی بۆ ئەوەبوو کە بەرانبەر هاورێکەی شەرمەزار نەبێت.

بەم شێوەیە لەساڵی ١٩٥٦دا دەستی داوەتە دروستکردنی جۆرێک لەئێزگەی ڕادیۆیی و لەو کارەشیدا بەردەوام بوو، تا ساڵی ١٩٦٠ لەبەغدا بەنهێنی ئێزگەیەکی دروستکرد، محەمەد شەریفی هاورێیشی بەخۆی و ڕادیۆیەکی بچووکەوە بەئۆتۆمبیلی خۆی ڕۆژانە دەڕۆیشت، تا مەودای گەیشتنی ئێزگەکە تاقی بکاتەوە کە چەند کیلۆمەترێک دەڕۆیشت. هەندێ جاریش ئێزگەکەی لەماڵەوە کە لەگەڕەکی تۆپچی بوو، دەکردەوە، خۆیشی بەرادیۆیەکی بچووکەوە دەڕۆیشت، تا مەوداکەی تاقی بکاتەوە. ئێزگەکە گۆرانی و سروودی پەخش دەکرد، خەڵکیشی تووشی سەرسوڕمان کردبوو لەوەی نەیاندەزانی ئەو ئێزگەیە چییە و هی کێیە؟، دەزگای ئەمن و هەواڵگریی حکومەتی عێراقیش هەوڵێکی زۆریان داوە بۆ دۆزینەوەی، بەڵام نەیانتوانیوە بیدۆزنەوە.

هەندێ جاریش هەر بۆخۆشیی، عەبدولخالیق خۆی شتیکی ئامادە دەکرد و بەدەنگی خۆی لەئێزگەکەدا دەیخوێندەوە، ڕۆژێکیان بەساڵح یوسفی کە ئەوکات بەرپرسی ڕێکخستنی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە لەبەغدا، دەڵێت: «لەڕۆژانی داهاتوودا لەرێگەی خویندنەوەی بابەتێک لەئێزگەدا ئەفسەرانی خۆمان لەسوپای عێراقدا دەترسێنم»، ئەوەبوو ڕۆژێکیان تەنیا سروودی نیشتمانیی لەئێزگەکەدا پەخش دەکات و لەناکاو ئەو بابەتەی کە خۆی ئامادەی کردبوو دەیخوێنێتەوە، دەڵێت: «هنا بغداد... قرر مجلس




الوزراء احالة كل من فلان وفلان...الخ الى التقاعد»، بەو هۆیەشەوە ئەو ئەفسەرانەی ناویان خوێندرابوویەوە پێوەندی بەیەکترەوە دەکەن و هەریەکەیان دەڵێت من خانەنشین کرام. ئیتر خۆیان کۆدەکەنەوە و دەچنە لای ساڵح یوسفی و بابەتەکەی بۆ دەگێڕنەوە، بۆیە پێکەنی بوو و پێیگوتبوون: «عەبدولخالیق هەر بۆخۆشیی ئەوەی پێکردوون».

دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول (١٩٦١-١٩٧٥) لەکوردستاندا، بەرپرسانی کورد لێهاتوویی و کارامەیی عەبدولخالیق مەعرووف دەقۆزنەوە و داوایان لێکرد تواناکانی لەبواری تەکنیک لەخزمەت شۆڕشدا بەکاربهێنێ، هەرچەندە ئەوکات بڕیارێک لەلایەن سەرکردایەتی کوردەوە هەبوو فەرمانبەرانی دەوڵەت بمێننەوە و کارەکانیان جێنەهێڵن، بەڵام لەبەرئەوەی عەبدولخالیق کەسێکی جیاواز بوو ئەویان لەو بڕیارە هەڵاوێرد، ئەویش لەساڵی ١٩٦٣دا پێوەندیی پێیانەوە کرد.

هەر لەساڵی ١٩٦٣دا، سەرکردایەتی شۆڕش بڕیاریاندا عەبدولخالیق بنێرنە ئەڵمانیا، تا شارەزایی زیاتر پەیدا بکات، لەرێگەی بەشداریکردن لەخولی ئەلیکترۆنیی، ئەوەبوو پاسەپۆرتێکی ساختەیان بۆ ئامادەکرد بەناوی (مەلا حەسەن) و ڕەوانەی ئەو وڵاتە کرا، لەوێش لەلایەن دکتۆر کەمال فوئاد (١٩٣٢-٢٠١٤) و سەعدی دزەیی کە هەردووکیان کاروباری شۆڕشیان لەو وڵاتەدا بەڕێوە دەبرد پێشوازی کراو ڕێ و شوێنی بۆ دابینکراو ماوەی (٣-٤) مانگ بەشداریی لەخولێکی ئەلیکترۆنییدا کرد.

شایانی باسە، هەر لەساڵی ١٩٦٣دا سەرکردایەتی شۆڕش نوری ئەحمەد تەها (١٩٢١-١٩٩١)ی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستانی ناردۆتە ئەڵمانیا، بەمەبەستی کڕینی ئێزگەیەکی ڕادیۆ، سەعدی دزەییش لەئەڵمانیاوە چۆتە لوبنان کە جەلال تاڵەبانی (١٩٣٣-٢٠١٧) لەوێ بووە، تاکو ڕای وەربگرێت لەسەر کڕینی، ئەویش پێیگووتووە: حیزبی بەعس جێی متمانە نییە و هەرکاتێک شەڕ لەدژمان هەڵبگیرسێنی، ئەوا دەبێ ئێمەش بۆ پارێزگاری کردن لەخۆمان شەڕ بکەین، بۆیە پێویستە لەئێستاوە ئێزگەیەک دابین بکەین، سەعدی دزەییش گەڕاوەتەوە ئەڵمانیا و لەگەڵ دکتۆر کەمال فوئاد ئێزگەیەکی ڕادیۆیان کڕیوە و ڕەوانەی کوردستانیان کردۆتەوە، پاشان دوو ئەندازیاری بواری تەکنیکیشیان ناردۆتە کوردستان، بۆ دامەزراندنی ئێزگەکە، کە هەردووکیان ئەڵمانی بوون، بەڵام دوای تەواوبوونی کارەکانیان گەڕاونەتەوە وڵاتی خۆیان.

لە ٢٠ی ئابی ١٩٦٣دا ئێزگەکە دوای دامەزراندنی لەئەشکەوتی گردەڕەش لەناوچەی ماوەت، بەناوی (دەنگی کوردستانی عێراق)


“سەرەتای بەهاری١٩٨٣ جەلال تالەبانی بەدوایدا نارد بۆ چاککردنەوەی ئێزگەکەیان کە لەکار کەوتبوو، (عەبدولخالیق)یش لەگەڵ کاکە مەم بۆتانی و نوری ئیسماعیل نانەکەلی کە دوو هاوڕێی نزیکی خۆی بوون چوونە بالیسان”



> “* لەساڵی ١٩٥٦دا دەستی داوەتە دروستکردنی جۆرێک لە ئێزگەی ڕادیۆیی و لەو کارەشیدا بەردەوام بوو، تا ساڵی ١٩٦٠ لە بەغدا بەنهێنی ئێزگەیەکی دروستکرد”

کەوتە کار و دەستی بەپەخش کرد، ئەوەش کاریگەری زۆری لەسەر دەروونی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان هەبووە و بەپەرۆشەوە گوێیان بۆ هەواڵ و دەنگوباسەکانی هەڵخستووە، هەر بەو هۆیەشەوە دواتر حکومەتی عێراق بڕە پارەیەکی زۆری تەرخان کردووە بۆ کڕینی ئامێری پێشکەوتوو، بۆئەوەی ژاوەژاو بخاتە سەر ئێزگەکە، ژاوە ژاوەکەش ئاوازی گۆرانییەکی ئینگلیزی بوو بەناوی (Kissme Honey)، ئەوە سەرەڕای تۆپبارانکردنی شوێنی ئێزگەکە لەلایەن فڕۆکە جەنگییەکانی عێراقەوە، هەربۆیەش شوێنی ئێزگەکە بەردەوام لەگواستنەوەدا بووە، ماوەیەک لەگردەڕەش بوو، پاشان گواستراوەتەوە بۆ سەردێمان کە کەوتۆتە نێوان پردی زەرد و قەسرێ، لەوێشەوە گواستراوەتەوە بۆ گوڕی گاجووتان کە کەوتۆتە بەرانبەر گەڵاڵە، دواتریش گواستراوەتەوە بۆ بێخۆڵان لەناوچەی چۆمان هەروەها بۆ چەند شوێنێکی دیکەش گواستراوەتەوە، لەکاتی گفتوگۆکانی نێوان شۆڕشی کوردستان و حوکومەتی عێراقیشدا، لەسەر ڕاسپاردەی حوکومەت پەخشی ئێزگەکە ڕادەگیرا. هەر لەگەڵ دامەزراندنی ئێزگەی دەنگی کوردستانی عێراق، عەبدولخالیق مەعرووف ئەرکی سەرپەرشتیاری تەکنیکی ئێزگەکەی گرتۆتە ئەستۆ.

دوای ئەوەی کە ساڵی ١٩٦٤ دابەشبوون لەشۆڕشی کوردستان ڕوویدا و بەشێکیان جیابوونەوە و چوونە هەمەدان، عەبدولخالیقیش یەکێک بوو لەوان و ئێزگەکەشی لەگەڵ خۆی بردبوو، لەوێش سروود و گۆرانی پەخش دەکرد، بەڵام ئێران بەمەی زانی و دەستی




بەسەر ئێزگەکەدا گرت کە سەریان لەشێوە و پێکهاتەکانی سوورمابوو، عەبدولخالیق دوای ماوەیەک گەڕایەوە ناو شۆڕش. شایانی باسە دوای ئەو جیابوونەوەیە، مەلا مستەفا بارزانی داوای کردبوو کە عەبدولخالیق بگەڕێتەوە ناو شۆڕش، ئەوەش بەڵگەی ئەوەیە کە عەبدولخالیق بایەخێکی زۆری هەبووە و شۆڕشی کوردستان پێویستی زۆری پێ هەبووە.

عەبدولخالیق ڕوحی ڕادیۆی دەنگی کوردستانی عێراق بوو، لەسەر دەستی ئەو ئێزگەکە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەرەو پێشتر دەچوو و دەنگی بەرەو مەودای دوورتر دەچوو، لەکەلوپەلە سادەکانی کوردستان سوودی وەردەگرت، هەر بەلێهاتوویی خۆی لەماوەیەکی کەمدا توانی چەندین ئامێری ئێزگە دروستبکات و پەرە بەئێزگە بدات و توانی شەپۆلی کورت کە زۆر دەڕۆیشت و کەم دەبیسترا، بگۆڕێ بۆ شەپۆلی ناوەندیی کە کەم دەڕۆیشت و باش دەبیسترا.

دوای ڕاگەیاندنی بەیاننامەی ١١ی مارتی ١٩٧٠ بارودۆخێکی نوێ هاتەکایەوە، بەپێی خاڵی یازدەی بەیاننامەکەش دەبوو ئێزگە بۆ حکومەتی عێراق بگێڕنەوە، هەربۆیەش چەند پارچەیەکی بچووکی ئێزگەکە ڕادەستی حکومەتی عێراق کرایەوە و تا ساڵی ١٩٧٤ ئێزگە وەستێنرا، بەڵام عەبدولخالیق نەوەستا و بەردەوام بوو، دوای وەستانی دەنگی کوردستانی عێراق، خۆی ئێزگەیەکی دیکەی دروستکرد و پەخشەکەی سنووری باڵەکایەتی دەگرتەوە، هەرچەندە فەرمیی نەبوو، بەڵام ڕۆژانە سەعات ٤ی ئێوارە بە گۆرانی (تۆز دەکا)ی هونەرمەندی میللی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (ئیبراهیم فەتاحی) دەستی بە پەخش دەکرد و پاشان چەند گۆرانییەکی ڕەسەنی کوردی بڵاودەکردەوە، دواتریش هەر بەگۆرانی (تۆز دەکا) کۆتایی بە پەخشەکەی دەهێنا. لەمەوە دەردەکەوێ کە دروستکردنی ئێزگە و کارکردن تیایدا، لای عەبدولخالیق بوو بووە خولیا و هیچ هەلومەرجێک و کەسێک نەیدەتوانی بیوەستێنێ.

لە ١ی مایسی ١٩٧١- ٣١ی مارتی ١٩٧٢ بەرەزامەندیی مەلا مستەفا بارزانی، بەمەبەستی زیاتر پێشخستنی تواناکانی، عەبدولخالیق مەعرووف ڕەوانەی چیکۆسلۆفاکیا کرا بۆ بەشداری کردنی خولێک لەکۆمپانیای (تێسلا) ی ئەلیکترۆنی، دوای نزیکەی ساڵێک خوێندن لەبواری تیۆریی و پراکتیکیدا، سەرکەوتووانە بڕوانامەی دبلۆمی بەدەستهێناوە. شایانی باسە هەر لەوێدا پێیانگووتبوو تۆ لەئەندازیارەکان لێهاتووتری و پێویستیت بەخول نییە، بەڵام لەکارخانە کاربکە و شتی تازە فێربە.

ساڵی ١٩٧٤ سەرکردایەتی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان گەیشتە ئەو بڕوایەی

سەبارەت بەیاسای ئۆتۆنۆمی لەگەڵ حکومەتی عێراقدا ناگەنە ڕێکەوتن، ئەوان نیازیان وایە جارێکی دیکە پەلاماری کوردستان بدەن، بۆیە بڕیاریان دا (ئێزگەی دەنگی کوردستانی عێراق) ئامادە بکەنەوە. دیسان عەبدولخالیق مەعرووف وەک تەکنیکارێکی لێهاتوو ڕۆڵێکی کاریگەری گێڕا، هەرچەندە لەسالانی پێشووتر خۆی چەند ئێزگەیەکی دروستکردبوو، بەلام لەو سالەدا ئێزگەیەکی زۆر بەهێزترو پێشکەوتووتری دروستکرد کە پەخشەکەی تەواوی کوردستان و تەنانەت زۆربەی ولاتانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستیشی دەگرتەوە. هەروەها عەبدولخالیق بەدوای ئەو کەسانەشی ناردووە کە پێشتر وەکو ئەندازیار کاریان لەئێزگەدا کردووە، بۆ ئەوەی پێکەوە هەموو تواناکانیان بەگەڕبخەن، نیازیشی وابوو کە لە ١ی مایسی ١٩٧٥دا ئێزگەکە لەچیای هەورێ دابنێن بێئەوەی ئامێری ژاوەژاوی حکومەتی عێراق کاری لێبکات، بەلام دوای نسکۆی شۆڕش لەسالی ١٩٧٥دا، عەبدولخالیق ئەو ئێزگەیە و ئێزگەکانی دیکەش کە هەر خۆی دروستی کردبوون لەبناری چیای قەندیلی شاردۆتەوە، بەو ئومێدەی لەهەلومەرجێکی نوێدا بەگەڕیان بخاتەوە، کەچی دواتر حیزبی دیموکراتی کوردستان- ئێران سوودیان لەئێزگەکە بینی و بۆ خۆیان بەکاریان هێنا.

دوای سەرهەلدانەوەی شۆڕشیش لەسالی ١٩٧٦دا، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەر لەو سالەدا ئێزگەیەکی پەیدا کردو لە ٢١ی مارتی ١٩٧٩ بەناوی (دەنگی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) دەستی بەپەخش کرد، لە ٢٧ی حوزەیرانی هەمان سالیشەوە ئێزگەکە بەناوی (دەنگی شۆڕشی عێراق) پەخش دەکرا و لەسالی ١٩٨٥یشدا ناوی ئێزگەکە گۆڕا بۆ (دەنگی گەلی کوردستان). ئەو ئێزگەیەش پێویستی بەعەبدولخالیق مەعرووف هەبوو، ئەویش چاونەترسانە دەستی گەیاندێ، ئەوەبوو سەرەتای بەهاری١٩٨٣ جەلال تالەبانی بەدوایدا نارد بۆ چاککردنەوەی ئێزگەکەیان کە لەکار کەوتبوو، (عەبدولخالیق)یش لەگەڵ کاکە مەم بۆتانی و نوری ئیسماعیل نانەکەلی کە دوو هاوڕێی نزیکی خۆی بوون چوونە بالیسان کە بارەگای ئێزگەکەی لێبوو، توانی ئێزگەکە بەگەڕبخاتەوە. عەبدولخالیق مەعرووف وەک تەکنیکارێکی شارەزاو لێهاتوو، تەنیا لەبواری دروستکردنی ئێزگەی ڕادیۆدا بلیمەت نەبوو، بەلکو لەبواری تەلەفزیۆنیشدا شارەزاییەکی باشی هەبوو، بۆ نموونە لەسالانی هەشتاکاندا کە لەهەولێر دوکانی هەبوو، کەسێک تەلەفزیۆنێکی نوێی کڕی بوو، بەلام ئیشی نەکردبوو و چەند وەستایەکیشی پێکردبوو نەیانتوانیبوو کەموکوڕییەکەی بدۆزنەوە، بەلام بردبوویە لای عەبدولخالیق ئەویش هەر کە تەماشای کردبوو زانیبووی تەلەفزیۆنەکە شتێکی کەمە و لە کۆمپانیاکە لەبیریان چووبوو بۆی دابنێن، بەلام ئەو شتەکەی بۆ دانابوو و تەلەفزیۆنەکەی بەئیش خستبۆوە، پاشانیش نامەیەکی بۆ ئەو کۆمپانیایە ناردبوو کە تەلەفزیۆنەکەی دروستکردبوو تێیدا باسی لە کەموکوڕییەکە کردبوو، کۆمپانیاکەش دانیان بەهەلەکەیاندا نابوو و سوپاسیان کردبوو.

### بەرهەمەکانی و مەرگی لەپێناو نووسین و هزردا

عەبدولخالیق مەعرووف لەدوکانەکەیدا کە لەپێش قەلای هەولێر بوو، ئێواران هاوبیرانی و ئەو ڕۆشنبیرانەی کە دەیانناسی دەچوونە لای، ئەوەی نەوترابوو لەوێدا دەوترا، ئەویش چەندی پێبکرایە بەزار خەلکی هۆشیار دەکردەوە، سەرەڕای ئەوەش بەباشی زانی ئەوەی پەی پێدەبات و پێوەندی بەهۆشیارکردنەوەی نەتەوەیەکەوە هەیە بینووسێتەوە و وەک کتێب بلاویان بکاتەوە، هەر لەدوکانەکەیدا هەر کاتێک لای چۆل بووایە دەستی بەنووسینەوە دەکرد و لەماوەیەکی کەمدا چەند کتێبێکی ئامادە و بلاوکردەوە.



**دوای نسکۆی شۆڕش لەسالی ١٩٧٥دا، عەبدولخالیق ئەو ئێزگەیە و ئێزگەکانی دیکەش کە هەر خۆی دروستی کردبوون لەبناری چیای قەندیلی شاردۆتەوە، بەو ئومێدەی لەهەلومەرجێکی نوێدا بەگەڕیان بخاتەوە، کەچی دواتر حزبی دیموکراتی کوردستان- ئێران سوودیان لەئێزگەکە بینی و بۆ خۆیان بەکاریان هێنا**

**١- ئەنتێنا:** ئەم کتێبە سالی ١٩٧٧ لەچاپخانەی کوردستان لەشاری هەولێر چاپکراوە و لە (٨٨) لاپەڕە پێکهاتووە و لەلایەن ئەندازیار ئەمجەد عەبدولواحیدی هاوڕێی کە لەسەرەتاوە یەکێک بووە لەئەندازیارانی ئێزگەی دەنگی کوردستانی عێراق، پێداچوونەوەی زانستی بۆ کراوە و لەلاپەڕە (٣)ی کتێبەکەشدا بەناوونیشانی (ووشەیێک) سەرنجەکانی خۆی نووسیوە، کە تیایدا نووسیویەتی: «زۆر سوودبەخش و بەکەلکە و



> **بەر لە چاپکردنی کتێبەکەی، عەبدولخالیق مەعرووف لە لایەن ژمارەیەک لە دۆستە نزیکەکانی ئاگادار کرابۆوە کە چاپی نەکات، چونکە مەلاکان ڕەتی دەکەنەوە و کێشەی بۆ دروست دەکەن**

لەگەڵ تازەترین زانستی سەردەمدا دەگونجێ و بێگومانم کە دانەر هەوڵ و تەقەلایەکی زۆری داوە، تاکو بەرهەمێکی وەها پڕ لەزانیاری هێناوەتەکایەوە» لەهەمان کاتیشدا ئەمجەد عەبدولواحید هیواخوازە کە زانایانی دیکەی کوردیش چاو لەعەبدولخالیق مەعرووف بکەن و بەم شێوە جوانە بەزمانی کوردی کتێبی زانستی بڵاوبکەنەوە. بەم سەرنجانەش دەردەکەوێت کە ئەمجەد عەبدولواحید وەکو زانایەک سەیری عەبدولخالیقی کردووە، کاتێک ناویشی هێناوە وشەی مامۆستای بۆ بەکارهیناوە. لەپێشەکیدا عەبدولخالیق نووسیویەتی: «منیش وەکو هەریەکێک لەم سەر زەمینەدا حەزدەکەم هەر نووسینێکم دەستدایە بەزمانێک بی کە بتوانم باش تێی بگەم، بۆیە ئەم نامیلکەیەی لەمەڕ (ئەنتێنا) وە بەزمانی کوردی دەخەمە بەرچاوی خوێندکارو خوێنەرانی بەڕێز...».

**٢- اجهزة الأرسال:** ئەمە دووەمین کتێبی چاپکراوی عەبدولخالیق مەعرووفە و ساڵی ١٩٧٩ لەچاپخانەی شارەوانیی هەولێر چاپکراوە. ئەم کتێبە بەزمانی عەرەبی نووسراوە و لە (٢٧٢) لاپەڕە پێکهاتووە.

**٣- تەکنیکار:** ساڵی ١٩٨٠ لەچاپخانەی بابل لەبەغدا چاپکراوە و لە (٣٨٠) لاپەڕە پێکهاتووە و لەلایەن ئەندازیار ئەمجەد عەبدولواحید پێداچوونەوەی بۆ کراوە. کتێبەکە باس لەدەزگای ئەلیکترۆنی، لەمپا، ترانزیستۆر، ڕادیۆ، ڕیکۆردەر، گەورەکەری دەنگی و دەزگای نێرەر دەکات.

**٤- دیوانی نالی و کێ ڕاستە؟:** ساڵی ١٩٨٤ لەبەغدا چاپکراوە و لە (١٧٠) لاپەڕە پێکهاتووە. ئامادەکردنی ئەم کتێبە دوای ئەوە هات کە ساڵی ١٩٧٦ مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و فاتح عەبدولکەریم و محەمەدی مەلا کەریم، دوای لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی، دیوانەکەی (نالی)یان بەچاپ گەیاند، دکتۆرمارف خەزنەداریش ساڵی ١٩٧٧ کتێبێکی بەناوونیشانی (دیوانی نالی و فەرهەنگی نالی) بڵاوکردەوە، دوا بەدوای ئەوەش شەڕە قسە لەنێوان دکتۆر مارف خەزنەدار و محەمەدی مەلا کەریم بووە تیروتانەی لەیەکتری وەشاندنی نێو گۆڤار و ڕۆژنامەکان. (عەبدولخالیق مەعرووف)یش لەنێوانیاندا ڕاست دەبێتەوە و خۆی دەکات بەدەمڕاست و پشتی دکتۆر مارف دەگرێت، بەمەش درزی نێوانیانی زیاتر کرد.

وەک خۆیشی باسی دەکات هەوڵی داوە لایەنگیری بێ هۆ نەکات و بەدوور و درێژی بەراوردەکەی نێوانیان دەکات و لایەنگیریی دووەمیان دەکات. پاشان بەناوونیشانی (نرخاندن) ئەو ڕاستییانە دەخاتەڕوو کە لەئەنجامی لێکۆڵینەوە لەدیوانە سێ قۆڵییەکەی مەلا عەبدولکەریم و کوڕەکانی، بۆی دەرکەوتووە.

ئەم کتێبەش لەلایەکەوە بوێری و لێهاتوویی عەبدولخالیق مەعرووف نیشان دەدات کە شارەزایانە بەراورد لەنێوان دوو بەرهەمدا دەکات، کە هەردووکیان نووسەرەکانیان ناسراو و ناودار بوون بەتایبەتی لەبواری ئەدەبدا، هەڵە و کەموکوڕییەکان دەستنیشان دەکات، لەلایەکی دیکەشەوە بەم بەرهەمەی دەرکەوت کە لەبواری ئەدەبی کلاسیکی کوردییشدا دەستێکی باڵای هەبووە، کە پێشتر هەروەکو بلیمەتێکی بواری تەکنیک دەناسرا.

**٥- ئادەمزاد لە کۆمەڵی کوردەواریدا:** ساڵی ١٩٨٥ لەچاپخانەی دار الجاحظ لەبەغدا چاپکراوە. ئەم کتێبەی عەبدولخالیق سەرەتا بەناوونیشانی (لەبارەی ئافرەتی ئیسلام) بوو، ڕەوانەی دەزگای چاودێری و چاپەمەنی کرد لەبەغدا، بەڵام دەزگاکە ڕەتیکردەوە کە چاپ بکرێت، تەنانەت لەسەر هەموو لاپەڕەکانی نووسیبویان (لا یسمح) واتە ڕێی پێنادرێ، بەڵام پاشان جەمال خەزنەدار یەکێک بوو لەهاوڕێیانی پێشنیاری بۆ کرد ناوونیشانی کتێبەکەی بگۆڕێت، ئەوکاتە لەڕێگەی دۆستانی لەنێو دەزگاکە دەتوانێ ڕەزامەندی چاپکردنی بۆ وەربگرێت. ئەوەبوو (عەبدولخالیق مەعرووف) یش ناوونیشانی کتێبەکەی گۆڕی بۆ (ئادەمیزاد لەکۆمەڵی کوردەواری دا)، دوای ماوەیەک بەڕەزامەندی بۆی گەڕایەوە، لەسەر هەموو لاپەڕەکانیشی نوسیبوویان (یسمح) واتە ڕێی پێدەدرێ.

لەڕاستیدا ئەم کتێبە وەڵامێک بوو بۆ سەباحی غالب کە لە کتێبی (ئافرەت لەچیرۆکی کوردیدا) ڕەخنە لەدکتۆر مارف خەزنەدار دەگرێت، کاتێک لە چیرۆکی (لەسایەی شەریعەت دا) تاوانکاریی و تێنەگەیشتنی مەلای گوندێک لەمارەکردنی منداڵێکی ساوای نێو لانک دەخاتە ئەستۆی شەریعەت. غالب پێیوایە: خەزنەدار پەلەی کردووە، یان مەبەستی بووە ئەو پرسە بکاتە دەسکەلا بۆ لێدانی شەریعەت، لەکاتێکدا شەریعەت وەک ڕێگایەکی ڕاستەقینەی ژیان و وەک تەواوترین ڕێباز و کامڵترین یاسا بانگی بەتاڵکردنەوەی مارەبڕینی تەڵاق و نیکاحی بێ پرس و دوو ژن هێنان و هەرچی پێوەندی



لەدوورەوە، یان لەنزیکەوە بەچەوساندنەوەی مرۆڤەوە هەیە پووچەڵ دەکاتەوە، جا ئەگەر لەهەر شوێن و کاتێکدا بەهۆی هەندێ کۆلکە مەلا و دوژمنی شەریعەتەوە کاری وا کرابێ، ئەوا ئەو کەسانە تاوانبار دەکرێن و بەر نەفرەتی ڕۆژگار دەکەون نەک ڕێباز و بیر و فەلسەفەکە.

عەبدولخالیق مەعرووف کە ئەو کتێبەی سەباحی غالبی خوێندەوە، بڕیاریدا بەکتێبێک وەڵامی بۆچوون و تێڕوانینی غالب سەبارەت بەئافرەت و شەریعەتی ئیسلام بداتەوە. عەبدولخالیق لەم کتێبەیدا ناوی هیچ نووسراوێک ناهێنێ، بەڵام لەنامەیەکی دا کە بۆ دکتۆر مارف خەزنەداری ناردووە، دەردەکەوێت کە ئەم کتێبە وەڵامە بۆ سەباحی غالب، نامەی عەبدولخالیق مەعرووف بۆ دکتۆر مارف خەزنەدار، هەولێر، ١٩٨٣/١١/١٤). لەپێشەکی کتێبەکەشدا عەبدولخالیق نووسیویەتی: «بەپێویستم زانی هەندێک دەربارەی پەیوەندی ژن و پیاو لەبەر تیشکی ئایینی ئیسلام بدوێم و شەخسیەتی هەر لایە بەپێی قورئان و گوتەکانی پێغەمبەر (د.خ) و کردار و ڕەفتارەکانی و قسەی موجتەهیدەکان و ئیجماع ڕوون بکەمەوە. چونکە هەندێک لەنووسەر و چیرۆکنووسەکان، ئەو جیاوازییەی نێوان ژن و پیاو لەرووی کۆمەڵایەتی و ئایینییەوە، دەخەنە ئەستۆی مەلا بەدبەختەکانی کوردستان».

عەبدولخالیق مەعرووف دەقاودەق تێڕوانینەکەی غالب کە لەپێشوودا خستمانەڕوو، بەبێ ناوهێنانی لەنێو دوو کەوانەدا دەخاتەڕوو، پاشان دەڵێت: «ئەمە قسەی نووسەرە لێرەدا بڵێم نووسەر هەر فرێ بەسەر زانینی ئاینەوە نییە و ئاگای لەهیچ نییە و نەقورئانی خوێندووتەوە و نە تێگەیشتووە، ئەگەر خوێندبێتییەوە، نەئاگای لەڕەفتار و کرداری پێغەمبەر»د.خ» هەیەو نە لەبیروڕای موجتەهیدەکانی مەزهەبی ئاگادارە، بەتایبەتی مەزهەبی شافیعی کە مەزهەبی زۆربەی کوردانە. نووسەر لای وایە بەرەوانی لەشەریعەتی ئیسلامی کردووە بەڵام نازانێ ئەوەی ئەو بەکۆلکە مەلای دادەنێ و دژ بەئایین تاوانبار و بێ ویژدانی دەژمێرێ ئیمامی شافیعی «خ. ل» دەگرێتەوە». دوای ئەوە قسەکانی غالب بەبێ ناوهێنانی، لەگەڵ ئایین و ڕەفتاری پێغەمبەر «د.خ»، وەک خۆی دەڵێت بەراورد دەکات. دواتریش لەتەوەرەکانی قورئانی پیرۆز و تەفسیری لەبارەی تەلاق، حەدیسەکان دەربارەی تەلاق، اباحة الطلاق، مارەکردن و چەند ژنی، فیقهی ئیمامی شافعی دەربارەی مارەکردن، پلەی کۆمەڵایەتی ژن، لێدانی ژن، جلوبەرگی ژن خۆی «شەرمە» عەورەتە، تێڕوانینی ژن، عەبدولخالیق مەعرووف تێڕوانینی ئایینی ئیسلام ڕوون دەکاتەوە. دووپاتیش دەکاتەوە کە سەرچاوەکانی بۆ لێکۆڵینەوەکەی لەماف و مافخوازی، بریتین لە: یەکەم/ قورئانی پیرۆز. دووەم/ گوفتار و ئاکار و ڕەفتار و کردارەکانی پێغەمبەر «د.خ»، هەروەها کردەوەکانی جێگرەکانی پێغەمبەر «د.خ». سێیەم/ بیروڕای ئیمامی شافعی «خ.ل». لەکۆتاییشدا بەناوونیشانی پاشەکی ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکەی دەخاتەڕوو و دەڵێت: «بەوەی لەپێشەوە




شەهید نوری نانەکەلی- خوالێخۆشبوو کاکەمەم بۆتانی- عەبدولخالیق مەعرووف ٢٣-١١-١٩٨٤



باسمان کرد لەقورئان و کردار و ڕەفتار و گوفتاری پێغەمبەر و هاواڵەکانی پێغەمبەر و «ڕا»و قسەی مەزهەبی ئیمامی شافیعی بۆمان ڕوون بۆوە کە ژن یەکسان نییە لەگەڵ پیاو لەمافدا و پیاو سەرداری ژنە و لەژن گەورەترە و خوا ژنی بۆ هەوەس و ئارەزووی پیاو دروستکردووە و تەڵاق و مارەیی بەدەست پیاوە و باوک دەتوانێ کچی سەر لانکە بەشووبدا و مارەی بکا و کچی خۆناس و عازەبیش بەبێ پرس بەمێرد بدا و مارەی بکا».

بەر لەچاپکردنی کتێبەکەی، عەبدولخالیق مەعرووف لەلایەن ژمارەیەک لەدۆستە نزیکەکانی لەوانەش مامۆستا (محەمەد ئیسماعیل، دکتۆر محەمەد شەریف و عەبدولغەنی عەلی یەحیا بۆتانی) ئاگادار کرابۆوە کە چاپی نەکات، چونکە مەلاکان ڕەتی دەکەنەوە و کێشەی بۆ دروست دەکەن، بەڵام ئەو لەهیچ نەدەترسا و سووربوو لەسەر چاپکردنی، هەرچەندە لەنووسینی کتێبەکەدا بەتەواوی پشتی بەئایەت و فەرموودەکانی پێغەمبەر «د.خ» بەستووە و هیچ شتێکی لەخۆوە نەگوتووە، خۆیشی ئاماژەی بەوەدا ناوە کە سەرچاوەکانی بریتین لەئایەت و فەرموودە و بیروڕای ئیمامی شافعی، بەڵام لەگەڵ بڵاوبوونەوەی کتێبەکەدا دائیرەی ئەمنی حکومەتی عێراق بەهاوکاری لەگەڵ کۆمەڵێک مەلای توندڕە و هەرچییان بۆ زڕاندنی ناوی نووسەرەکەی پێدەکرێت، درێغی ناکەن و سەرەتاش فەرمانی لەنێوبردنی کتێبەکە و کۆکردنەوەی لەبازاڕدا دەردەکەن، هەر بەوەندەش نەوەستان، بەڵکوو لەهەردوو شاری هەولێر و سلێمانی چەندین مەلا کە ژمارەیەکیان ناسراو بوون لێیان کرد بەهەڵلا

**«لەبەغداش مەلایەکی کورد ڕاپۆرتێکی لەسەر عەبدولخالیق بۆ دائیرەی ئەمنی حوکومەتی عێراق نووسی بوو، داوای کوشتنی کردبوو بەو پێیەی سووکایەتی بەئایینی ئیسلام کردووە»**




و هەریەکەیان چەند وتارێکی هەینییان بۆ ناو زڕاندنی عەبدولخالیق مەعرووف تەرخان کرد. یەکێک لەوانەش مەلا ئەحمەد مستەفا ئاغای هەڵشۆیی لەمزگەوتی خانەقای مەولانا لەشاری سلێمانی وتارێکی توندی خوێندەوە و چەندین دەستەواژەی وەک»بەکرێگیراو، سەرلێشێواو، نۆکەری جوولەکە، جاسوس، توتەڵە سەگ، جاهیل، بێ ئەخلاق، داوێن پیس، ئاشوب، فەوزەوی و تاوانبار»ی بەرانبەر عەبدولخالیق بەکارهێنا، هەروەها گوتبووی: «هەرکەسێک بەرانبەر نیزامی خوا وەستا، دەبێ لووتی بشکێنرێ، سەری بخرێتە ژێر قاچ و قۆندەرەوە و پان بکرێتەوە و تەمبێ بکرێ». جگە لەو وتارە، هەر ئەو مەلایە سێ وتاری دیکەی ڕۆژانی هەینی بۆ عەبدولخالیق و کتێبەکەی تەرخان کردبوو، سەرەڕای چەندین وتاری مەلای دیکەش. لەشاری هەولێریش دا، مەلا محەمەد لەمزگەوتی گەورەی ئازادی و (١١) مەلای دیکەش لەمزگەوتە جیاوازەکانی ئەم شارەدا، وتاری ڕۆژی هەینییان تایبەت کردبوو بەقسەکردن لەدژی عەبدولخالیق مەعرووف و کتێبەکەی. تەنانەت ئەو مەلایەی مزگەوتی گەورەی ئازادی ئێستاش پێیوایە کە عەبدولخالیق مەعرووف شتی هەڵە و نارێکی زۆری نووسیوە لەو کتێبەیدا، بەڵام ژمارەیەک لەهاوڕێیانی عەبدولخالیق پێیانوایە کە ئەو مەلایانە لەوانەیە هەندێکیان کتێبەکەیان هەر نەخوێندبێتەوە، ئەگەر خوێندبیشیانەوە تێینەگەیشتوون، چونکە عەبدولخالیق لەخۆیەوە هیچی نەگوتووە و قسەکانی هەمووی لەئایینەوە سەرچاوەی گرتووە، ژمارەیەکی دیکەش پێیانوایە کە هەندێ لەو مەلایانە ئەو کتێبەیان هەر نەدیبوو، کەچی وتاریان دژی دەخوێندەوە. هەر لەکوردستان مەلاکان دژی ئەم کتێبە نەوەستانەوە، بەڵکو لەبەغداش مەلایەکی کورد ڕاپۆرتێکی لەسەر عەبدولخالیق بۆ دائیرەی ئەمنی حوکومەتی عێراق نووسی بوو، داوای کوشتنی کردبوو بەو پێیەی سووکایەتی بەئایینی ئیسلام کردووە.

لەبەرانبەر ئەو تۆمەتانەشدا، عەبدولخالیق مەعرووف بێ دەنگ و جووڵە نەبوو، بەڵکوو سەردانی مەلا محەمەدی مزگەوتی ئازادی هەولێری کردبوو، پێیگوتبوو: ئێوە قسەی خراپتان لەسەر من کردووە. مەلاکەش گوتبووی: من جنێوم پێنەداوی مەلایەکەی سلێمانی جنێوی پێداوی، لەهەولێریش خۆ هەر من قسەم لەسەرت نەکردووە، بەڵکوو (١١) مەلای دیکەش قسەیان لەسەرت کردووە. عەبدولخالیقیش گوتبووی: «هەموویان کۆبکەوە ڕۆژێک دادەنیشین گفتوگۆ دەکەین». بۆ ئەو مەبەستەش هەردووکیان ژمارەی تەلەفۆنیان ئاڵوگۆڕ کردبوو، بەڵام بەهۆی تیرۆرکردنی عەبدولخالیق ئەو هەلە نەڕەخسا. بۆ مەلا



ئەحمەدی هەڵشۆییش وەڵامیکی دووورودرێـــژی ئامادەکردبوو کە بەنیازبوو چاپی بکا، بەڵام بەهۆی تیرۆرکردنی بەوەش ڕانەگەیشت و چاپ نەکرا. لەو وەڵامەیدا کە هەمووی پشتبەستبوو بەئایەت، دەڵێت: «زۆر ڕوون و ئاشکرایە کە لەم ڕووەوە ئایینی ئیسلام چ حوکم و دەستورێکی داناوە. منیش بەتەنها ئەو حوکمانەم بەکوردی نووسیوەتەوە و ڕای خۆمی تێدا نییە ئیدی ئەم هێرشە لەلایەن هەندێ بەناو مەلا و نەخوێندەوارەوە کە لەکتێبەکەم نەگەیشتوون». هەروەها لە وەڵامەکەیدا باسی ئەو حوکمانەشی کردووە کە بەبێ بەڵگە و شاهێد تۆمەت بۆ کەسێک دروست دەکرێت. لەکۆتاییشدا دەڵێت: «ئەم هەموو گوناحە دەدەیە پاڵ من دەبێ خۆت لەگەڵ مندا بووبی دەنا لەکوێ دەزانی من ئاوام».

ڕەخنە و هەڕەشەکان بەرانبەر عەبدولخالیق تەنها لەمینبەری مزگەوتەکانەوە نەبوو، بەڵکوو زۆرجار چەند کەسێکی توندڕە و دەچوونە بەردەم دوکانەکەی و مۆڕەیان لێدەکرد و چاویان لێ سوور دەکــــردەوە. هەر بەوەندەش نەوەستان، بەڵکو ڕۆژێکیان ژمارەیەک لەو توندڕەوانە دوکانەکەشیان بەردباران کرد.

دائیرەی ئەمنی حکومەتی عێراقیش هەر لەسەرەتای دەرچــــوونی کتێبەکەوە بەدواداچوونی عەبدولخالیق مەعرووفیان کــــردووە، ژمارەیەک مەلاشیان ڕاسپارد تا لەوتاری ڕۆژی هەینی دا هێرشی بکەنەسەر. هەروەها دائیرەی ئەمن بەدوای (عەبدولخالیق)یاندا ناردبوو و پێیانگوتبوو: «ئێمە ئاگاداری جموجۆڵەکانتین». پاشانیش بەڕێیان کردبوو. لەکۆتاییدا کاتژمێر ٢:٣٠ی پاش نیوەڕۆی ١٠ی نیسانی ١٩٨٥ عەبدولخالیق کە لەشەقامی سەرەکی گەڕەکی ئازادی چاوەڕوانی پاسی دەکرد تا بەرەو دوکان بگەڕێتەوە، ئۆتۆمبیلێکی جۆری تۆیۆتا کە دوای بەدواداچوونێکی نهێنی لەلایەن خزمەکانییەوە دەرکەوت بەناوی دائیرەی ئەمنی هەولێر لەبەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆ تۆمارکرابوو، سێ چەکداری تێدابوو، ڕێی لێدەگرن و داوای لێدەکەن کە سواری ئۆتۆمبیلەکەیان بێت، ئەویش ڕەتی کردبۆوە، بۆیە تەقەیان لێکرد و کوشتیان. ڕووداوەکە هێندە ترسناک بوو کە هەندێ مەلا لەترسان نەیانوێرا تەلقینی بدەن و لەسێ ڕۆژەی پرسەیدا قورئان بخوێنن، بەهەزار حاڵ (نوری ئیسماعیل نانەکەلی) هاوڕێی توانی چەند کەسێک بۆ ئەو مەبەستە پەیدا بکات، بەڵام ڕووناکبیرانی کوردستان بەگەرمی بەشداری پرسەکەیان کرد و چوونە سەر گۆڕەکەی. یەکێتیی نووسەرانی کوردستانیش کە لەخەباتی نهێنیدا بوون، لەشاخەکانی کوردستان پرسەیان بۆ دانابوو

شایانی باسە دوو ڕۆژ بەر لەتیرۆر کردنی، عەبدولخالیق کە بەسەردانێکی نهێنی چووبووە لای جەلال تاڵەبانی، تاڵەبانی پێیگوتبوو: «پێم باشە بەیەکجاریی بمێنییەوە و جارێکی دیکە نەگەڕێیەوە شاری هەولێر، لەبەرئەوەی مەترسی و هەڕەشەی زۆرت لەسەرە» بەڵام عەبدولخالیق سووربوو لەسەر گەڕانەوەی و گوتبووی: «دەگەڕێمەوە پێداویستییەکانی خۆم ئامادە دەکەم، پاشان بەیەکجاریی هەولێر جێ دەهێڵم»، بەڵام فریانەکەوت و کوشتیان.

دوای ڕاپەڕینی مارتی ١٩٩١، دۆسیەی عەبدولخالیق مەعرووف کە لەدائیرەی ئەمنی حکومەتی عێراق لەهەولێر بۆی کرابۆوە، کەوتە دەست هاوڕێیانی، لەدۆسیەکەدا بەدواداچوونی وردیان بۆ کتێبی (ئادەمزاد لەکۆمەڵی کوردەواری دا) لەدوای بڵاوبوونەوەی و ڕاپۆرتێک دەربارەی کوژرانی، هەروەها وتاری مەلایەکیش کە دوای خوێندنەوەی لەرۆژی هەینی دابوویە دائیرەی ئەمن، تێدابوو.

٦- دەستنووسەکان: جگە لەم کتێبە چاپکراوانەی،

**لەسەر هەموو لاپەڕەکانی نووسیبویان (لا یسمح) بەڵام پاشان جەمال خەزنەدار یەکێک بوو لەهاوڕێیانی پێشنیاری بۆ کرد ناوونیشانی کتێبەکەی بگۆڕێت، ئەوکاتە لەڕێگەی دۆستانی لەنێو دەزگاکە دەتوانێ ڕەزامەندی چاپکردنی بۆ وەربگرێت. ئەوەبوو (عەبدولخالیق مەعرووف)یش ناوونیشانی کتێبەکەی گۆڕی بۆ (ئادەمیزاد لەکۆمەڵی کوردەواری دا)**

عەبدولخالیق مەعرووف دوو کتێبی دەستنووسیشی هەیە کە تائێستا چاپنەکراون ئەوانیش یەکەمیان: دەربارەی ترانزیستۆر. دووەمیان: چەند حوکمێک لەمەزهەبی شافعی دا، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە ئەگەر تیرۆر نەکرایە، هێشتا زۆری لەهەگبەدا مابوو بیخاتە بەرچاوی خوێنەران.

*** ئەم وتارە، پوختەی توێژینەوەیەکی ئەکادیمی توێژەرە، لەسەر ژیان و کەسایەتی و بەرهەمی (عەبدولخالیق مەعرووف).**

# عەبدولخالیق مەعرووف لە گۆڤاری نووسەری کوردستان





نەوزاد عەلی ئەحمەد

**دەستپێک**

ڕۆژی ٢٠٢٠/٤/١٠ لەیادی شەهید (عەبدولخالیق مەعرووف)دا، لە لاپەڕەی فەیسبووکەکەم لەژێر ناوونیشانی (لەیادی عەبدولخالیق مەعرووف، ئیزافەیتر) ئەم چەند دێڕەم نووسیوە

(تا ئێستا سەدان لێدوان و قسەوباس دەربارەی شەهیدکردنی عەبدولخالیق مەعرووف کراون، بەبێ ئەوەی بەڵگەیەکی ئۆرجینال نیشان بدرێ، هەموویان کتێبی ئادەمیزادەکەی دەکەن بە هۆکاری شەهید بوونەکەی، بەڵام کەسیان ئاماژەیان بەوە نەداوە، کە ئەوکاتە بەعس دەستی بە شەهیدکردنی تێکۆشەرانی هەولێر کردبوو، ناوبراویش یەکێک بوو لەو قوربانیانە، هەر ئەوسا بەعس (محەمەد سەرسپی، ڕەشۆ عومەر، یوسف دەرگەڵێ)یان شەهید کردبوو. بۆ ئاشکراکردنی تاوانێکی لەمجۆرە پێویستمان بە بەڵگەی بەڵگەنەویست هەیە). لە ڕێگای ئەم وتارەشدا ئەمەش ئیزافە دەکەم، ئەمە بەم واتایە نییە، پەرێزی چەند مامۆستایەکی ئاینی(مەلا) لە هەولێر لەم دۆسیەدا پاک بن، بەڵام پرۆسەی شەهیدبوونەکە دائیرەی ئەمنی بەعس بووە.

هەرتەنیا وەک سەرنجێک، ئەو دەقانەی لە گۆڤارەکە وەرگیراون، دەستکاری ڕێنووس و خاڵبەندییان نەکراوە، وەک چۆن لە گۆڤارەکە بڵاوکراونەتەوە، بەهەمان شێوە بۆ ئێرە گوازراونەتەوە.

**هەڵوەستە لەبەردەم گۆڤارێک**

ئەوەی دەمەوێت لەم نووسینە ئامادەکراوەدا هەڵوەستەی لەسەر بکەم، ڕانانی گۆڤاری (نووسەری کوردستان)ە کە دەربارەی شەهیدکردنی عەبدولخالیق مەعرووف چی نووسراوە و بڵاوکراوەتەوە، هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی ئەم گۆڤارە تەنیا کلیلێکە بۆ ئەو توێژەر و نووسەر و ئەدیبانەی لەسەر ئەو شەهیدە دەوەستن. ئەو گۆڤارە یەکێتیی نووسەرانی کوردستان لەنێوان ساڵانی ١٩٨١-١٩٩١ لە شاخ دەریکردووە و دڵنیام ئەوانەی بینیویانە ژمارەیان هەرچەند کەسێکە، بۆیە وام بەباشزانی لاپەڕەکانی هەڵبدەمەوە.

**بابەتەکان**

گۆڤاری نووسەری کوردستان هەژدە ژمارەی لێدەرچووە، لەهەر هەژدە ژمارەکەدا ئەم چەند بابەتە دەربارەی شەهید (عەبدولخالیق مەعرووف) بڵاوکراونەتەوە، دەربارەی ناوەڕۆکی نووسینەکان بۆچوون و بیروڕای خۆم نانووسم، تەنیا چەند پەرەگرافێکیان لێ دەگوازمەوە:

**ژمارە (١٠)ی مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٨٥**

لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانە سەبارەت بە شەهید عەبدولخالیق بڵاوکراونەتەوە:

وتەیەکی پێویست؛ زۆربەی ژمارەکانی (نووسەری کوردستان) بە وتەیەکی دەستەی نووسەران، گۆڤارەکەیان پێشکەش بە خوێنەران کردووە، کە ژمارە (١٠)یان بۆ چاپ ئامادەکردووە، شەش مانگ بوو عەبدولخالیق مەعرووف شەهید کرابوو، ئەم چەند ڕستەیە بۆ شەهید نووسراوە:

(هەر لەم ماوەیەدا دەستی چەپەڵی داگیرکەرانی کوردستان دەیان، بگرە سەدان ڕۆڵەی قارەمانی نەتەوەکەمانی لەبەین بردووە. دووانیان دوو نووسەری ئازا و خۆڕاگری بزوتنەوەی نەتەوەیی و ڕۆشبیریی گەلەکەمان بوون: (شەهید عبدلخالق مەعروف» ئەندامی یەکێتی یەکەمان، «شەهید یوسف دەرگەڵەیی» هەوادار و یاریدەدەری دڵسۆزی یەکێتی یەکەمان.

یەکێتی ی نووسەرانی کوردستان، سەری ڕێز و نەوازش بۆ گیانی پاکی ئەم دوو شەهیدە نەمرە و هەموو شەهیدانی ڕێگەی ڕزگاری

ی کورد و کوردستان دادەنوێنی و پەیمانی خەبات کردن لە پێناو گەیشتن بە ئامانجە پیرۆزەکانیان تازە دەکاتەوە).

هەروەها لە لاپەڕە (٧٦)ی هەمان ژمارەدا لەژێر ناوونیشانی «دیوانی نووسەر» وتەیەک نووسراوە، کە ڕۆژی ١٩٨٥/٥/٢٠، یەکێتیی نووسەرانی کوردستان، کۆڕێکی شیعریی بۆ چلەی ماتەمینی شەهید عەبدولخالیق مەعروف لە ناوچە ئازادکراوەکان ڕێکخستووە، (جوامێر- شێرکۆ بێکەس) پێش ئەوەی شیعری (کەڵ) بخوێنێتەوە، وتەیەکی لەچەشنی وتار پێشکەش بە ئامادەبووان کردووە، کە زیاتر تیشکی خستۆتەسەر ئەدەبی بەرەنگاری لە سەنگەری پێشمەرگە و ئەرکی ئەدیب بە تایبەتیش شاعیر لەوکاتەدا، ئەوەی پەیوەستە بەم بابەتەی ئێمە دوا پەرەگرافی قسەکانییەتی، کە دەڵێت: (با ئەوەندە درێژدادڕ و نووزەدرێژ نەبم، ئینجا بە دەنگی بەرز ئەڵێم.. دەبا لە جیاتی خۆم شیعرەکانم قسەتان بۆ بکەن چونکە هەر دەنگی ئەوان ئەبنە سەرپشکی پەسندکردن یان نەکردن.. دەبا یەکەم چەپکە شیعری ناو گوڵدانی ئەم کۆڕەش.. بخەمەسەر دڵە خوێناویەکەی هاوڕێ ی شەهید کاک عبدلخالق معروف.. دەبا ئێوەی خۆشەویستیش بە وریایی و هێوری یەوە گوێم بۆ ڕابگرن). هەر لەو ژمارەیەی گۆڤاری نووسەری کوردستاندا دەقی شیعری کەڵ- ی شێرکۆ بێکەس و شیعری پشکۆ-ی جەوهەر کرمانج بڵاوکراونەتەوە، کە هەردوو دەقەکە بۆ عەبدولخالیق مەعرووف نووسراون.

## ژمارە ١٢ مانگی مایسی ١٩٨٦

لەسەر بەرگی پێشەوەی ژمارە (١٢)ی گۆڤارەکەدا وێنەیەکی هێلکاری و شێوەکاریی شەهید عەبدولخالیق مەعرووف کێشراوە و هەموو فەزای بەرگەکەی بۆ تەرخانکراوە. وێنەکە هونەرمەند ( سیار بامەڕنی) کێشاویەتی.

هەروەها دەستەی نووسەران بەبۆنەی یەکەم ساڵیادی شەهید عەبدولخالیق مەعرووف لە وتەی ژمارەدا بەم شێوەیە باس لە پیرۆزی شەهید و شەهیدی ناوبراو دەکەن:

(چەند مەزنن ئەو مرۆڤانەی ڕەگ و ڕیشەیان وەکو درەخت بە خاک و دڵی جەماوەردا ڕۆچوە. خۆیان لەسەر زەوین و کەچی لەسەرو خۆیانەوە سێبەریان بۆ خەڵکی تر کردووە.

ئەو مرۆڤە درەخت ئاساییانە کاتێ شەهیدیش دەکرێن... کاتێ لق و پۆپ و قەدیشیان دەبڕنەوە.. ڕەگەکانیان لە خاکدا هەر دەمێنێ..

کێ ئەوەندە بەختەوەرە کە وەکو ئەو درەختە کێویانەی نیشتمان باوەش بکات بە خاکدا و خاکیش بە میهرەبانیەوە باوەشی بۆ بگرێتەوە.. دوای شەهیدبوونیش جەماوەر و خاکیش لەگەڵیاندا ببزوێ؟!

شەهید عبدلخالق معروف.. یەکێ بوو لەم درەختانە.. کە ویستیان بیبڕنەوە خاک لەگەڵیدا بزووت.. جەماوەر بزووت.. پێشمەرگە بزووت.. بۆیە هەر لەدوای شەهید کردنیەوە، لە ساڵی پارەوە تا ئێستا، پێشمەرگەی کوردستان، لە شوێنی جیاجیای کوردستاندا بە تایبەتیش لە ناوچەی هەولێری ڕووسوور و سەربەرزدا دەیان دەستی کوشندەیان لە دوژمنی داگیرکەر وەشاندووە.

شەهید عبدلخالق.. یەکێک بوو لەو مرۆڤە دڵسۆز و ڕاستگۆ و خزمەتگوزارانەی کە ژینی خۆی لە قەپێلی دڵسۆزی و نەترسی و ڕاستگۆیی دا بەخشی.. بەمەش زیاتر لە دڵی ڕەمەکی کورددا چەسپی و هەڵوێستی مەردانەی خۆی سەلماند.

یەکێتی ی نووسەرانی کوردستان وەکو ئەرکی پێویستی سەرشانی خۆی پار بە پێ ی توانا کۆڕێکی خنجیلانەی بۆ گێڕا، وا ئەمساڵیش دووبارە لەپاڵ یادی شەهیدانی وەک: سەیدا سالح یوسفی، حسین مولود(مەلا عەلی)، محرم محمد امین، جمیل ڕەنجبەر، بەرزان عوسمان، یوسف دەرگەڵەیی دا، بە پێویستی دەزانێ ئەم ژمارەیە پێشکەش بکات بە یەکەمین یادی ساڵڕۆژی شەهیدکردنی مامۆستای ئەدیب عبدلخالق معروف.




نەمری و سەربەرزی بۆ شەهیدانی ڕێگەی ووشە و هەڵوێست

شکۆداربن شەهیدانی کورد و کوردستان).

### چاپخانەی شەهید عەبدولخالیق مەعرووف

زۆربەی ژمارەکانی گۆڤاری نووسەری کوردستان لە چاپخانەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، واتە چاپخانەی (شەهید ئیبراهیم عەزۆ) و چاپخانەی (شەهید جەعفەر) چاپکراون، بەڵام دوای ئەوەی عەبدولخالیق مەعرووف شەهید دەکرێت، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، چاپخانەیەکی تایبەت بۆ (یەکێتیی نووسەرانی کوردستان) دابیندەکات و ناوی لێدەنێن چاپخانەی (شەهید عەبدولخالیق مەعرووف).







## سەرە قەڵەمێکی بەڵگەیی...



# لەمەڕ تیرۆرکردنی عەبدولخالیق مەعروف





مومتاز حەیدەری

بەش بە حاڵی خۆم پێش تیرۆرکردنی، ناوبانگی شەهید (عەبدولخالیق مەعروف)م لە چوارچێوە گشتییەکەیدا وەکو تێکۆشەرێکی نەتەوە پەروەری سەرسەخت و پێشمەرگەیەکی خاوەن بەهرە و توانای تەکنەلۆژیای زانستی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و هیدیکە دەزانی، بەڵام لە سەرەتای هەشتاکانەوە و لەئەنجامی دووجار دەرکرانم (١٩٧٦-١٩٧٩) لە کاری ڕۆژنامەنووسی، کتێبخانەیەکی ئەهلی – کتێب فرۆشتن و فۆتۆکۆپی: (کتێبخانەی حەیدەری - فۆتۆکۆپی ڕۆژنامەنووس) کردەوە. هەموو ڕۆژێ ئەو کاتەی کە ماڵمان لە گەڕەکی ئازادی بوو، شەهیدیش ماڵەکەی نزیکی مزگەوتی ئازادی بوو، هەموو ڕۆژێ سەعات هەشتی بەیانی ئەو لەماڵێ دەردەکەوت، منیش لەماڵی خۆمان دەردەکەوتم لەئێستگەی لای ماڵی کۆچکردوو (جەودەت ئەحمەد ناجی و سەید مەولود بێخاڵی) سواری پاس دەبووین، هەردوکمان لەسەر کورسییەکی دوو نەفەری دادەنیشتین. قسەوباسی دونیای ئەو سەردەمانی عێراق و کوردستان و ئەدەبیاتی کوردی دەکرد. شەهید لای یانەی فەرمانبەران دادەبەزی، منیش لای کۆنە سینەمای سەلاحەددین دادەبەزیم کتێبخانەکەشم بەرامبەر باڵەخانەی پارێزگای هەولێر بوو، بەگشتی هەموو ڕۆژێ شەهید باسی بەرهەمەکی خۆی بۆ دەکردم، واتە ناوەڕۆکی کتێبەکەی باس دەکرد. هەندەی پێنەچوو کتێبەکەی بڵاوکرایەوە و هاوکات سەودا و هەڵایەکی گەورەی نایەوە، بەتایبەتی لە هەندێ مزگەوت و شوێنی دیکە، کتێبەکەیان لەدژی ئاییني ئیسلام و سەرکردە پێشەنگەکانیان لەقەڵەم دا، لەگەڵ ئەوەشدا شەهید عەبدولخالیق ئامادەیی خۆی نیشان دا، کە ئەو هەڵایە لەڕاستی دوورن و ئەو ئامادەیە گفتوگۆیان لەگەڵدا بکات.

مشتومڕێکی توند و هەمەچەشن هاتە کایەوە، بە تایبەتی ئەو سەردەمە مەسەلەی کتێب کڕین و کتێب خوێندنەوە زۆر بە جۆشوخرۆش بوو! بەتایبەتی پاش پیلانی جەزائیر، ڕۆشنتر سەرەتای هەشتەکان، مەسەلەی خوێندن و خوێندەواری وەکوو ئامرازێکی خەبات دژی سستمی داگیرکاریی فاشیی بەعس دەزانرا، ئەوکات هەر چاپەمەنییەکی باش زۆر زوو لەناوەند و کایەی کلتوری ئەو سەردەمەی کوردستاندا گفتوگۆ و دیداری لەنێوان خوینەران و گەنجاندا دروست دەکرد، ئێمەش و ئەوانەی لە نزیکەوە شەهید (عەبدولخالیق)یان دەناسی، هەر زوو هەستیان بە نائارامییەکی دەروونی و سیاسی کرد، کە لەوانەیە شتێ بقەومێ! هەرواش دەرچوو، ئەو ڕۆژەی تیرۆرکرا، من و ئەوانەی سەردانی (کتێبخانەی حەیدەری)یان دەکرد هەستمان بەوە کرد کە مەسەلەکە گەورە کراوە. بە تایبەتی لە لایەن هەندێ مەلاو پیاوانی ئاینی زۆر گەورەکرا، بەپێی زانیاری ئەو سەردەم، یەک دووانێکیان چوونەتە لای بەڕێوبەری ئەمنی هەولێر (ئەبو محەمەد) داوایان کردبوو کە زووبەزوو دەمکوت بکرێ. بەڕێوبەری ئەمنی هەولێر (ئەبو محەمەد) لەپێش میوانەکان داوای فایلی شەهید (عەبدولخالیق) دەکات، هەر ئەوکاتە فایلەکەی لە بەردەمی و لەسەر مێزەکەی دادەنێن، پاش هەڵدانەوەی لاپەرەی فایلەکە دەست بەجێ دەڵێت: (دەبووایە بەر لە ئێستا لەناو چووبا، خەمتان نەبێت چارەسەری دەکەین)! من هەموو ڕۆژێ سەعات دوانزەی نیوەڕۆ دەگەڕامەوە ماڵێ، ئەویش هەمان کات دەگەڕایەوە ماڵێ، ئەوە بوو من گەیشتمە بڕوایەک کە بەزووترین کات دەستی لێ دەوەشێندرێ! تەلەفۆنم بۆی کرد گوتم: (کاک عەبدولخالیق بە تەنیا مەگەڕێوە ماڵەوە من هەر ئێستا دێمە لات پێکەوە دەگەڕێینەوە) فەرمووی: (منەتم پێیان نییە من ئەوڕۆ عەسرێ دەچمە مزگەفتێ گفتوگۆیان لەگەڵدا دەکەم پێویست ناکا بێیە لام!) ئەوەبوو هەمان ڕۆژی

تەلەفۆنەکە کاک (محەمەدئەمین پێنجوێنی) کە ئەویش ماڵی لە ئازادی، نزیک ماڵی خوشکەکانی بوو، میوانی من بوو، نێوان سەعات دوو بۆ سێ خواحافیزی کرد و گەڕایەوە ماڵ، پاش ڕۆیشتنی کاکی پێنجوێنی، بەچەند دەقەیەک گوێمان لەچەند تەقەیەک بوو من یەکسەر لەماڵەوە بە ڕاکردن بەدوای کاک (محەمەدئەمین)دا چووم، دیم بۆ لای ماڵی کاک عەبدولخالیق دەڕۆیشت، گەیشتمە لای گوتم: مەسەلە چییە؟ من لە دڵی خۆمدا گوتم لەوانەیە دەستدرێژی لە (محەمەدەمین پێنجوێنی) کرابێ. وەڵامی دامەوە گوتی: تەقە لەماڵی کاک (عەبدولخالیق) کراوە. کە هەردووکمان گەیشتینە بەردەم ماڵیان، خەڵکێکی زۆر وەستابوون گوتیان: (عەبدولخالیق)یان کوشت.

تەرمەکەیان بردە مزگەوتی (حاجی جەواد) لەسەر جادەی مەخمور، ئێمەش هەردووکمان هەرلەوێ تەکسیەکمان گرت و گەیشتینە مزگەوتەکە، کە گەیشتین ئەوان خەریکی ڕێوڕەسمی شووشتنی بوون، پاش ماوەیەکی کورت بە سەرپەرشتی شەهید (نوری ناکەلی) لە گۆڕستانی پیرداود بە خاک سپێردرا.

لەکۆتایدا دووخاڵ دەمێنێ باسی بکەم: یەک: ڕۆژی دواتر مفەوەزێکی ئەمنی هەولێر هاتە کتێبخانەکەم، پرسی کتێبەکەی (عەبدولخالیق)ت هەیە، منیش وەڵامیم دایەوە گوتم: من شتی وا نافرۆشم، پێش ئەوەی بڕوات گوتی: ئێرانییەکان کوشتویانە من وەڵام نەدایەوە ڕۆیشت. سەردانی مفەوەزەکەی ئەمن کە خەڵکی کەرکوک بوو بۆ کتێبخانەکەم، تاوانی کوشتنەکەی خستە ئەستۆی ئێرانییەکان بۆ ئەوەی گومان لەدەزگای ئەمنی هەولێر نەکرێ؟

دوو: لەم دوایەشدا یەک دوو ساڵ پێش ئێستا عومەر دزەیی لە نووسینگەی گۆڤاری (k21) سەردانی کردم، نازانم چۆن بوو باسی شەهید (عەبدولخالیق) هاتە پێشەوە گوتی: ئەو ڕۆژەی کە تۆ تەلەفۆنت کرد ئێمە چەند برادەرێک لای شەهید عەبدولخالیق بووین، ئێمەش پێمان گوت ئۆتۆمبێلمان پێیە با پێکەوە بگەڕێینەوە ئازادی، کاک عومەر دزەیی فەرمووی، وەڵامی دایەوە گوتی: من بەتەنیا بەپاسی مەسلەحە دەگەڕێمەوە ماڵێ.


ئەنجام: زۆر پێیان وایە ئەگەر ئەو چەند مەلایە هەڵاکەیان دروست نەکردبا و سەردانی بەڕێوبەری ئەمنی هەولێریان نەکردبا، دەسەڵاتی فاشی بەعس بەهیچ جۆرێ شەهید عەبدولخالقیان لەبیر نەبوو. کەواتە کتێبەکە بەڕێگەی سروشتی و ئاسایی خۆی بەجوانی بڵاودەبۆوە، ئەوەی شایەنی ئاماژە بۆ کردنیشە پاش ڕاپەڕین دەزگای ئاراس بۆ جاری دووەم چاپی کردەوە زۆر بەئاسایی کەوتە نێو کتێبخانەی کوردی، هاوکات ئەو مەلایانەی هەڵایان کرد لەژیاندا مابوون، جگە لەژمارەیەکی زۆریش مەلای نوێی خاوەن توانای زانستی و موفتی ئیسلام دەرکەوتبوون، سەرەڕای بوونی یەکێتی زانایانی کوردستان، کە خاوەن دەسەڵات بوون، هیچ هەڵایەکیان دروست نەکرد!

زێدە بە کورتی دەسەڵاتی فاشستی بەعس لەڕێگەی ئەو هەڵایەوە جارێکی دیکە بۆی ساخبووەوە کە شەهید (عەبدولخالیق) دوژمنەکی سەرسەختی سستمی فاشستی بەغدای ئەو سەردەمەیە پەندێکی کوردیش هەیە دەڵێ:

(دار کرمی لەخۆی نەبێ،

عومری هەزار ساڵە)






مركز شرطة آزادي

السيد قاضي تحقيق أربيل الأول

١٠/٤/١٩٨٥

في اليوم وفي الساعة ١٥٠٠ استخبرنا من شرطي النجدة بوجود حادث قتل في منطقة آزادي ولدى الانتقال الى محل الحادث لم نجد المصاب هناك وتبين انه نقل الى المستشفى وتم اجراء الكشف على محل الحادث وعثر على ثلاثة ضروف فارغة لاطلاقات بندقية كلاشنكوف مع وجود آثار دم تعود الى المجني عليه وتم الانتقال الى المستشفى وتبين ان المجني عليه يدعى عبدالخالق معروف محمد امين شغله متقاعد وحاليا وكيل ... وفارق الحياة قبل وصوله الى المستشفى متأثرا باصابته ارسلت جثته الى الطبابة العدلية لمعرفة اسباب الوفاة الحقيقية ...

راپۆرتی پۆلیسی ئازادی بۆ دادوەری لێکۆڵینەوە



مركز شرطة آزادي

كشف على محل الحادث

١٠/٤/١٩٨٥

بناء على الاخبار الوارد الينا حول حصول حادث قتل شخص في القريب من ثانوية النضال في آزادي ... عليه انتقلت الى محل الحادث واجريت الكشف الآتي

١- وجدت محل الحادث يبعد عن الجسر حوالي ٢ كم ... الشارع القريب ... الحادث قرب ثانوية النضال في آزادي وبجانب ... الثانوية القريب من الشارع

٢- وجدت آثار دماء في محل الحادث ... المصاب

٤- وجدت قطعة قماش تشبه الشماغ كان فيها دماء في محل الحادث

٥- وجدت ثلاثة ضروف اطلاقات قرب الرصيف تعود لبندقية كلاشنكوف

...

كاتم الكشف

کەشفی بنکەی پۆلیسی ئازادی سەبارەت لە تیرۆرکردنی عەبدولخالیق مەعرووف




# عەبدولخالیق کتێبێک بوو شەهید کرا

حەمەکەریم هەورامی

وشـەیـەک کـە دەکـوژرێ هەزاران ڕستە ڕادەچڵەکێن، کە ڕستەیەکیش شەهید دەکرێ کتێبی هەموو دنیا ڕادەپەڕن، دنیا دەکەن بەچراخان، دەبنە ئەستێرە لەئاسمان.
(عەبدولخالیق مەعرووف)

فەنەرێکی سەرقەڵا بوو، بەهەر چوارلادا تیشکی دەهاویشت، شەمشەمە کوێرەکانی ناو شەوە زەنگەکەی هروژاند.

ئەو کاتەی عەبدولخالیق شەهید کرا، دنیا تەنگ و تار بوو، شەڕی نێوان عێراق و ئێران تەڕووشک و لایەندار و بێ لایەنی بەیەکەوە دەسووتاند.



عەبدولخالیق لەڕێکەوتی (١٩٨٥/٤/١٠)دا لەشاری هەولێر، نزیک ماڵی خۆیان لەگەڕەکی ئازادی شەهید کرا.

شەهیدکردنەکەی بەپیلانی هەندێ کۆلکە خوێندەواری کۆنە پەرست بوو، پیلانەکە سەرێکی لەشاری سلێمانی و ئەو سەرەکەی لەشاری هەولێر بوو، تۆمەتی گومڕاییان بۆ تاشی، دامودەزگا داپلۆسێنەرەکانی بەعسیش چونکە ئەو کۆنە پێشمەرگە و کورد پەروەرێکی دلێر و چاونەترس بووە، ڕژێم لە بەهانەیەک دەگەڕا بۆی بتاشێ و بیکوژێ، یان سەرنگومی بکات، کە دائیرەی ئەمن زانیان مەلاکان بە گومڕا دەیدەنە قەڵەم، ئەو هەلەیان قۆزتەوە و ئێوارە وەختەیەک لەنزیک ماڵەکەی خۆی شەهیدیان کرد.

عەبدولخالیق کۆنە پێشمەرگەیەکی دلێر و بلیمەت بوو، دەستێکی باڵای لەدامەزراندن و پاراستنی ئێستگە بێتەلەکەی ڕادیۆکەی ناو شۆڕشی ئەیلولدا هەبوو، خۆی دامەزرێنەر و ئەندازیاری بوو.

لەساڵی (١٩٧٥)دا کە شۆڕشی ئەیلول لەئەنجامی پەیمانە چەپەڵەکەی جەزائیردا تووشی نسکۆ دەبێ، ئەویش واتە عەبدولخالیق، وەک زۆرینەی پێشمەرگە چەک فڕێ دەدا و خۆی بەر لێبوردنە گشتییەکەی ڕژێم دەخات و دەگەڕێتەوە ناو ماڵ و منداڵی خۆی، دوکانێک دادەنێ و خۆی بەکڕین و فرۆشتنی ئامێری کارەبا و تەکنەلۆژیاوە خەریک دەکات، بەڵام واز لەبیروڕا و جموجۆڵی کوردایەتی ناهێنێ لەو ئومێدەدا دەبێ ئاگرە سوورەی شۆڕش سەر هەڵبداتەوە.

عەبدوالخالیق تافی منداڵی و هەرزەکاری خۆی لە خوێندنی حوجرەدا تەواو دەکات، لەدوای تەواوکردنی خوێندنەکەی حەزی لەوە نابێ مێزەرەی سپی لەسەرنێ و ببێ بەمەلا، بۆیە لەناو سوپای عێراقدا دەبێ بە (ئیمام تابوور).

لەو دەمەدا کە لە(بەغدا) ئیمام دەبێ، هۆدەیەک بەکرێ دەگرێ، لەو هۆدەدا بیرولێکدانەوەی خۆی دەخاتە سەر ئەو زانستانە کە لەبواری واقیعدا بەرجەستە دەبن و سوود بەمرۆڤ دەگەیێنن.

چەندان وردە ئامێری وەک تەل و وایەر و لوولە و کەلوپەلی ڕادیۆ و ڕیکۆردەر و موقناتیس و شتی تەکنەلۆژی لەهۆدەیەکدا خڕکردبووەوە و خەریکی تاقیکردنەوەیان بوو، لەئەنجامی تاقیکردنەوەکانیدا ڕادیۆیەکی بێتەل دروست دەکات لەکاتی خستنەکاریدا داوا لەو برادەرانەی دەکات کە ماڵیان لەوێوە نزیکە، گوێ بگرن، بزانن دەنگی ڕادیۆکەی دەگاتە لایان، کە دڵنیا دەبێ لەکارەکەیدا سەکەوتووە، پتر خوو دەداتە بواری هێز و وزەی کارەبایی و ئەلیکترۆنیات و ترانزستۆر و موقناتیس.

لەئەنجامی تاقیکردنەوەکانیدا دڵنیا دەبێ و پەی بەهەندێ لەنهێنییەکانی تەکنەلۆژیا دەبا، بەتایبەتی لەبواری ڕادیۆ و ڕیکۆردەر و ئەنتێنادا، ئەو کات خۆی دەپێچێتەوە و عەبا و مێزەرە و تەبووش فڕێ دەداو ڕوودەکاتە شاخ (ناوپردان و حاجی ئۆمەران) بمگرن و هاتم، دەبێ بەپێشمەرگە، کە مستەفا بارزانی دەزانێ دەستێکی باڵای لەتەکنەلۆژیادا هەیە، بۆ پتر فێربوون و شارەزا بوون ڕەوانەی چیکۆسلۆفاکیا دەکرێ، لەدەورەی تەکنەلۆژی پەیوەند بەڕادیۆوە سەردەکەوێ و دەگەڕێتەوە کوردستان، ئێسگەیەکی ڕادیۆ بۆ گەیاندنی هەواڵەکانی شۆڕش و پێشمەرگە دادەمەزرێنێ و خۆیشی سەرپەرشتی دەکات.

لەگەڵ یەکەم ڕۆژی پەخشی دەنگی ڕادیۆکەدا ڕژێمی عێراق دەحەپەسێ و تووشی شپرزەیی و سەرگەردانی دەبێ دەکەوێتە هەوڵدانی خنکاندنی ئەو دەنگە دلێرە، سەری لێدەشێوێ، نەیدەزانی چۆن کپی بکاتەوە، ئامێرێکی تەشویشی خەشخەشەی بۆ نەبیستنی دەنگەکە بەکارهێنا، لەگەڵ خەشخەشەکەدا جاروبار گۆرانی (هانیهانی) دەخستە سەر، خەڵک بەهانیهانییەکەدا شوێن دەنگی ڕادیۆکەیان دەدۆزییەوە، ئێسگەکە جاروبار شوێن پەخشەکەی خۆی دەگۆڕی، به هانیهانییەکە گوێگر



شوێن پەخشەکەی دەدۆزییەوە، بۆ ئەوەی هانیهانییەکە لەدەنگی ڕادیۆکە جیا بکرێتەوە، خەڵک ڕادیۆکانیان لەکاتی پەخشەکەدا لەناوەڕاستی تەشتێ ئاو دادەنا، گوایە ئەو ئاوە هانیهانییەکە لەدەنگی ڕادیۆکە جیا دەکاتەوە!.. بێگومان بوونی ئەو ڕادیۆیە ئەوەندەی دی گەشەی بەشۆڕشەکەدا و سۆز و متمانەی کوردایەتی بەتینتر کرد.

عەبدولخالیق بلیمەت بوو لەگەڵ ئەوەشدا تووشی دوو فاقەیی دەروونیی ڕۆشنبیریی ببووە کاریگەری خوێندنی جاران و ڕۆشەنگەری پراکتیکی سەردەم کاریان لەهەڵسوکەوتی کردبوو. دەیگوت: خوێندن ئەوە نییە سواری سنگت ببێ و وەک میردەزمە بتناسێنێ، یان بتکات بەکەندوو خۆی تیایدا بپارێزێ، بەڵکوو خوێندن ئەوەیە بارت سووک بکات و لەدەرد و بەڵا دوورت بخاتەوە.

عەبدولخالیق لەنێو ئەو دوو بیرۆکەیەدا دەستەوسان ڕانەوەستا، بەڵکوو بەراورد لەنێوان هەردووکیاندا دەکات و دەزانێ یەکەمیان ژیانی مرۆڤ بەخەسار دەدا ئەوەیان ڕەنج بەخەسار و مایەپووچە دەبێ مرۆڤ پشتی لێ بکات، ئەویدیکەیان ئارەزووەکانی مرۆڤ دەکاتەوە و وەک چرایەک ڕووناکی پەخش دەکات.

یەکەمیان، بۆ تەفرەدان و خۆ بەقوربانکردنی کەسانێکی نەدیتە و نەناسراوە بەباڵای غەوارەدا خوێندنە، دووەمیان، بۆ تەکاندان و گەیشتنە بەکاروانی سەردەم، کەوتنە نێوان ئەو دوو بەردە ئاشەی ڕۆشنبیریی وا لە عەبدولخالیق دەکەن خۆی بەلایەکدا ساغ بکاتەوە، بۆیە لەو خوێندنەی ژیانی، کە تافی هەرزەکاری بەفیڕۆدا تووڕە دەبێ و دەیەوێت لەخۆی دووری بخاتەوە و تێکەڵاوی ئەوەی کە لەسروشتەوە دێت نەکات، بەڵام ئایا توانی بەیەکجاری خۆی لێ دوور بخاتەوە؟! نا، نەیتوانی، ڕابردووی تێکەڵاو بەخوێنی ببوو، کاری لەسەرچاوەی ڕەوشت و هەموو هەڵسوکەوتەکانی کردبوو، سەرەڕای ئەوەش ئەو لەدەوروبەرێکدا دەژیا خەڵکەکەی هەموو نوقمی ئەو دۆخە ببوون کە ئەو دەیویست لێی دوور بکەوێتەوە، بۆیە پێی نەکرا خۆی لەڕابردووی خۆی دوور بخاتەوە، ناچار بوو ئەو نامەیەی بەشانی خۆیدا دابوو، بەوانەشی بگەیەنێ کە لەکەوڵەکەی جارانی ئەودا بوون، لەجیاتی ئەوەی بیکەن بەپێشڕەوی خۆیان، کەچی لەپشتەوە خەنجەرێکی ژەهراویان ئاراستەی گازرای پشتی کرد و تۆمەتی گومراییان بۆ تاشی، ئەوان وایان گومان دەکرد ئەگەر لەناوی نەبەن مەسەلەکەیان لێ تێک دەدات!.

جگە لەوەش کتێبێکی دانا بێ ئەوەی نەزانان بیخوێننەوە وایان دەزانی ئەو کتێبە بیروباوەڕەکانیان ڕیشەکەن دەکات، کەچی کتێبەکە چونکە بەکوردی ئەو شتە شەرعییانەی دەخستەڕوو کە مەلاکان حەزیان لێ نەبوون خەڵک بەکوردی بیانزانێ لەهەمان کاتیشدا کتێبەکەی ئەو لەئاست لاپەڕەیەکی ئەو کتێبە عەرەبییانەدا نەبوو، کە لەبازاڕی کتێبفرۆشاندا هەبوون و تانە و تەشەری بێدینیان لەمەسلەکی مەلاکان دەدا.

عەبدولخالیق بۆخۆی لەدڵ سافی خۆیەوە، لێرەولەوێ باسی دەرچوونی کتێبەکەی خۆی دەکرد، نەیدەزانی ئەوانە خۆیان بۆ نەمانی مەلاس داوە، ئەو وایدەزانی وڵات شامی شەریفە و ئەوانە لەسەر کتێبەکەی دەستخۆشی لێدەکەن، نەیزانی چرایەکە شەمشەمە کوێرەکانی ناو ئەشکەوتە تاریکەکانی تووشی ڕووناک کوێری دەکات.

عەبدولخالیق لەچاو دوژمنی داگیرکەردا هەموو ژیانی (جگە لەوەی کورد بوو) پڕ لەتۆمەت بوو، ئەو کتێبەشی هاتەسەر، لەخۆی خاترجەم بوو، ڕەنگە ئەو وای بۆ خۆی لێکدابێتەوە بەو لێبوردنە کە پێی هاتبووە ناو ماڵ و منداڵی خۆی ئەو تۆمەتانەی لەسەر چووبن و دۆسیەی پاک کرابێتەوە، ڕژێم هەموو شتێکی لەبیر بچوواتەوە ئێستگە کوردیەکەی ناو شۆڕشی لەبیر نەدەچووەوە.

کورد خۆی دۆسیەی خۆیەتی بەو نیشانەی کوردە لەچاو داگیرکەرانیدا تۆمەتبارە.

عەبدولخالیق ئاگری گڕگرتووی سەر لووتکەی شاخێکی بڵند بوو بەهەر چوارلادا ڕووناکی دەداو لەدرەوشانەوە نەدەکەوت، بیروڕاکانی خۆی لەبواری کوردایەتی و کۆمەڵایەتی و ئایینی و سیاسی و ئابووری و ئەدەبی و هونەریدا بێ پەروا بەشێوەی سەردەمیانە دەردەبڕین.

دوکانەکەی لەپشت قەڵای هەولێر بوو، ئامێری تەکنەلۆژی تیا دانابوو، ئێواران برادەرە پێشمەرگەکانی جارانی و هاوبیرەکانی و ئەو ڕۆشنبیرانەی کە دەیناسین دەچوونە لای، ئەوەی نەوترابوو لەوێ دەوترا، بەوەش وازی نەهێنا چەند پێی بکرایە بە زار خەڵکی هۆشیار دەکردەوە، وێڕای ئەوەش، وای لاپەسەند بوو ئەوەی پەیوەندی بەهۆشیارکردنەوەی نەتەوەکەیەوە هەیە

**“ تاکە مەلا کە لەڕۆژی سێیەمدا هاتە سەر گۆڕەکەی مەلا مەجیدی گوێڕی بوو ”**



لەکاتی ناشتنی تەرمی عەبدولخالیق مەعرووف



> ❝ چەندان وردە ئامێری وەک تەل و وایەر و لوولە و کەلوپەلی ڕادیۆ و ڕیکۆردەر و موگناتیس و شتی تەکنەلۆژی لەهۆدەیەکدا خڕکردبووەوە و خەریکی تاقیکردنەوەیان بوو ❞

بینووسێتەوە و وەک کتێب بڵاوی بکاتەوە، لەو نیازەدا بوو ژیانی لەوەودوای بۆ نووسین تەرخان بکات، هەر لەدوکانەکەیدا کەی لای چۆڵ بووایە دەستی بەنووسین دەکرد، لەئەنجامدا لەماوەیەکی کەمدا چەند کتێبێکی بەبەرهەم هێنان و لەچاپی دان، هەر چەند شێوازی نووسینەکانی کەمێ شاشیان پێوە دیارە.

ئەمانە کتێبەکانیەتی:-

**١. ئەنتێنا:**

لەساڵی (١٩٧٧)دا لە چاپخانەی کوردستان لەهەولێر چاپکراوە و لە (٨٨) لاپەڕەی قەبارە ناوەندیدایە، بەو پێناسەیە کە خۆی بۆ زاراوەی ئەنتێنای دەکات، دەڵێ: (بەتەلێک، یان لوولەیەکی گەیەنەری ڕووت دەگوترێ کە بەپێی پێوانەیەکی تایبەتی ئەندازەی درێژی لەزەوی دیار کرابێ).

لەساڵەکانی حەفتای سەدەی بووریدا کە تەلەفیزیۆنی ڕەشوسپی لەکەرکووک و موسڵ دامەزران، ئەوەی تەلەفیزیۆنی هەبوایە بۆ ساف وەرگرتنی وێنەکانی دەبوو ئەنتێنایەکی لەسەربان بۆ قیت بکاتەوە، ڕەواڵەتی دەرەوەی ئەو ئامێرە وەهابوو، بەڵام ئەو ئەنتێنایە لەبارەی تەکنیک و حەقیقەتەوە، ئەوە زانا و ئەندازیارێکی شارەزای وەک عەبدولخالیق زانیویەتی لەبارەیەوە بدوێ و بۆ خوێندەوارانی حەقیقەتەکەی بناسێنێ.

ئەگەر یەکێک نەزانێ عەبدولخالیق لەکوێوە کاروانی ڕۆشنبیری خۆی خستووەتە سەر ڕێ، لەوانەیە وابزانێ داخۆ دەرچووی چ پەیمانگایەکی تەکنیکی ئەم سەر دنیایە و لەوێوە ئەو زانیاری و زانستەی بەدەست هێناوە.

عەبدولخالیق بەو کتێبەی توانی زمانی کوردی لەبواری کارەبا و ئەلەکترۆنیادا ڕام بکات.

**٢. تەکنیککار:**

ئەم کتێبە هەرچەند دوابەدوای ئەنتێناکەدا نەنووسراوە وەلێ لەچاپکردنیدا تا ساڵی (١٩٨٠) دواکەوتووە، ئەم کتێبە لە (٣٦٩) لاپەڕەی قەبارە ناوەندییە.

خۆی لەلاپەڕەی یەکەمیدا نووسیویەتی و دەڵێ: (ئەم کتێبە سەبارەت بە دەزگاکانی ئەلیکترۆنی، لەمپا، ترانیستۆر، ڕادیۆ، ڕیکۆردەر، گەورەکەری دەنگ) ئەم کتێبەی بەشێوازێکی زانستیانەی سادە و ڕەوان نووسیوە، ئەمە بەڵگەیە کە خامەکەی عەبدولخالیق لەبواری زانستەکەدا چەند کارا بووە ئەوەندەش بگرە پتر دەسەڵاتی بەسەر زمانی کوردیدا شکاوە و بەئاسانی توانیویەتی مەبەستە زانستیەکانی پێ دەربڕێ.

**٣. نالی و کێ ڕاستە؟:**

کتێبێکی ئەدەبییە لە (١٧٠) لاپەڕەی قەبارە ناوەندیە، لەساڵی (١٩٨٠)دا چاپکراوە.

عەبدولخالیق مەعرووف بەو کتێبەی دەیەوێ بچێتە ناو جیهانی ئەدەبی کوردییەوە و خۆی بەخوێنەرانی ئەدەبی کوردی بناسێنێ.

ئەوەبوو لەساڵی (١٩٧٦)دا بنەماڵەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس لەکتێبێکی (٧٥١) لاپەڕەییدا دیوانەکەی (نالی)یان دوای کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی بەچاپ گەیاند.

دکتۆر مارف خەزنەداریش لەساڵی (١٩٧٧)دا کتێبێکی بەناوی (دیوانی نالی و فەرهەنگی نالی) بڵاوکردەوە، دوابەدوای دەرچوونی کتێبەکەی دکتۆر مارف شەڕە قسە لەنێوان دکتۆر خەزنەدار و (حەمەی مەلا کەریم)دا لەسەر نالی بوو بەتیروتانە لەیەکتری وەشاندنی ناو گۆڤارو ڕۆژنامەکان.

عەبدولخالیق لەنێوانیاندا ڕاست دەبێتەوە و لەجیاتی ئەوەی میانگەریان بکات، خۆی دەکات بەدەمڕاست و پشتی دکتۆر خەزنەدار دەگرێ، ئەو درزەی کە لەنێوانیاندا هەبوو نەک پڕی نەکردەوە بەڵکو بەرینتری کرد، بەناحەق خۆی کرد بەناحەزی ئەو بنەماڵەیە.

هەی یادت بەخێر بێ عەبدولخالیق خۆت دەتزانی ئەو بنەماڵەیە خۆیان لەناو ئەو زرووف و جۆری ئەو ڕۆشنبیری و کەلتوور و هەڵسوکەوتانەی وەک (نالی) دا ژیابوون، نهێنی هەر وشەو فەردێکی بەیتەکانی (نالی)ان دەزانی، دەیانزانی مەبەستی دوور و نزیکی بەیتەکانی لەکام سەرکاوەوە هاتوون و ئاگاوتنیان چییە.

**٤. (أجهزه الأرسال):**

ناوی چوارەم کتێبی شەهید (عەبدولخالیق)ە بەزمانی عەرەبییە و سەر بەزانستی تەکنەلۆژیایە، لەبەر درێژە نەدان نەمانویست وردەکاری لەسەری بنووسین.

**٥. ئادەمیزاد لە کۆمەڵی کوردەواریدا:**

ئەم کتێبە لەپێشەوە ناوێکی زەقی هەبوو، بۆ ئەوەی کۆنەپەرستان لێی نەهەرۆژێن ناوەکەی بەو ناوەی سەرەوە گۆڕی.

ئەمە پێنجەمین کتێبی شەهید (عەبدولخالیق مەعرووف)ە (١٣٦) لاپەڕەیە لەساڵی (١٩٨٥) بڵاوبووەتەوە.

ئەو کتێبە سەرتاسەری ڕەخنەسازی هزری ئایینیە و نیشانەی هاتنەئارای خامەیەکی داهێنەر و نەترسی ناو ڕۆشنبیرانی کوردە، بەبێ سڵەمینەوە پەردە لەسەر ئەو ڕاستییە مەیبوانە لادەداتەوە کە چەندەها سەدە و زەمانە پەردە پۆشکرابوون وەک خامینەی ڕزیویان لێ هاتبوو کەس نەی وێرابوو هەڵیان تەکێنێ، ئەو خامینانە لەناو گۆمێکی لێخن و ژەهراویدا بوون و کەس نەیوێرا ناویان ببات، ئاوی ناو ئەو گۆمە بەناوی ئاوی زوڵاڵی پیرۆزەوە

ئاوگێڕو ساقییەکانی مەیخانە دەرخواردی نەفامانیان دەدا.
لەکتێبەکەدا نووسەر ئەوەمان بۆ دەردەخات کە نۆشکردنی ئاوە ژەهراوییەکەی ئەو گۆمە خەتای ئەو ساقییانەی تێدا نییە، نابێ تۆمەتی نۆشکردنەکەی بدرێتە ئۆباڵ ئەوان.
نووسەر بەئاشکراو بێ پێچوپەنا هەڵکەناندنی ئەو گۆمەی کە خەڵکی تێدا خنکا و تیایدا خۆشە و گارا بوون خستووەتە ئەستۆی ئەوە کە ئەو خەڵکەی تاسان، نەک ساقی کە بۆڕیچییەکی مێشک قوفڵدراوە.
نووسەر بەوردی و ئازایانە ئەو پلەو پایانە کە ئیسلام لە دەقە پیرۆزەکانیدا بۆ ئافرەتی بڕیار داون بۆ ئافرەتی خستووەتەڕوو، جەختیش لەسەر ئەوە دەکا و دەڵێ: ئەوەی باوەڕی بەو پلەو پایانە نەبێ، دەبێ بڕوای بەئایەتەکانی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێ) نەبێ، ئەوەی وابێ گومڕایە.
عەبدولخالیق وای گوت: بەڵام دیارە لای نەزانە ئایین فرۆشەکان لادانەوەی پەردە و دەرخستنی ڕاستییەکان بۆ غەیری خۆیان بەکەسی دیکەی ڕەوا نابینن.
نەزانان پێیان وایە: پرسی تەڵاق و مارەکردنی ژنان و لێدانیان و فرەژنی و مارە بەجاش و سیخە (موتعە) پەیوەندییە شەرعییەکانی ژنان هێڵی سوورن، جگە لەخۆیان کەس ئەو هەقەی بەدەست نییە تاوتۆیان تێدابکات و ناویان ببات.
نووسەر بێ پەردە ئەو پرسانەی بەتەرازووی ئەم سەردەمە نرخاندوون، بۆ چوونەکانی خۆی بەدەقە پیرۆزەکان پشت ڕاست کردووەتەوە کە نکۆڵیان لێ ناکرێ، هەموویان بەسەریەکەوە بەشێکن لەئەحکامە شەرعییەکان، بێ پێچوپەنا و تەئویل، قورئان باسی کردوون.
عەبدولخالیق وای دەزانی پەنا بردنە بەر قورئان و فەرمووودەکان دەمکوتی نەزانان دەکات، خۆیشی دەیزانی گرۆی نەزانان چییان بەگوێدا درا هەر ئەوەیە، شتی دیکەیان قبوڵ نییە.
ئەم کتێبە هەقبێژە بوو - بێ ئەوەی نەزانەکان بیخوێننەوە - کردیان بە پاساوی گومڕابوونی عەبدولخالیق و بەکوشتنیاندا.
(دائیرەی ئەمن) ماوەیەک بوو داخ لەدڵی بوو، بۆ دەرفەتێ دەگەڕا شەهیدی بکات، کە کۆنەپەرستان ئەو تۆمەتەیان بۆ تاشی، کوشتنەکەی بوو بەمەبەستی هەردوو لایان و کەوتنە کار، لەشوێنێکدا شەهیدیان کرد خوێنە گەشەکەی شاهیدی لەسەر قێزەونی تاوانی هەردوولا بدات.
ئەو ڕۆژەی کە عەبدولخالیقی تێدا شەهید کرا لەناو ئەهلی جەهالەتدا وا بڵاوکرایەوە کە گوایا کافر بووە بۆیە کوژرا!!.
لەهەمووی ناخۆشتر بەشەهید بوونی عەبدولخالیق منداڵەکانی لەقوتابخانە دەکەونە بەر تین و تانەی مامۆستایان و قوتابییان بەتایبەتی لەقوتابخانەی کچەکانی.
لەترسی بەعسدا خەڵک نەهاتنە سەر پرسەکەی، وەک عادەت وایە قورئانی لەسەر نەخوێنرا.
ئەوانەی پرسەیان بۆ دانا ئەمانە بوون:-
(حەمەکەریم هەورامی، کاکەمەم بۆتانی، موحسین ئاوارە، نوری نانەکەلی، خورشید ئیسماعیل، عوسمان دزەیی، حەیدەر هەمزە، ئیسماعیل خۆشناو، مومتاز حەیدەری، محەمەد ئیسماعیل، دکتۆر محەمەد شەریف) تاکە مەلا کە لەڕۆژی سێیەمدا هاتە سەر گۆڕەکەی مەلا مەجیدی گوێڕی بوو.
چەند ساڵێک پاش شەهیدکردنی عەبدولخالیق لەکەنارێکدا یادیکرایەوە یەکێک لەوانە کە بەفەرمی بۆ قسەکردن لەسەری داواکرابوو (دکتۆر مستەفا زەڵمی) بوو، من بانگ نەکرابووم بەڵام کە زانیم یادی دەکرێتەوە لەتەک دکتۆر مستەفا چووم، نەشمدەزانی ئەو لایەنە کێیە یادی دەکاتەوە، کە گەیشتین زانیم لایەنەکە (ڕادیۆی دەنگی کوردستان)ە، ئەو کات لەسەرووی گەڕەکی زێڕیندا بوو، ئەوانەی کە دانرابوون قسە بکەن، وتاریاندا، لەبارەی برادەری و ناسیاویەوە لەسەری دوان، کەس بەو نیشانەی کە شەهیدی هزرو ڕۆشنبیری بووە ناوی نەهێنا!.
من کە دانەنرابووم قسە بکەم، ڕۆخسەتم وەرگرت قسە بکەم، چوومە بەر میکرۆفۆن گوتم: (عەبدولخالیق ئەستێرە گەشەی کەلووی بەختیاری هزری کورد بوو، چەندان سەدەیە کورد بەتاسەوە بوو هەڵبێت، کە هەڵهات شەمشەمە کوێرەکانی ناو تاریکەستانەکەی جەهالەت بەری ڕووناکییەکەیان لێگرت و پەنایان بردە بەر ئەهریمەنەکانیان، ئەوانیش لەکێوی ئەبو قەبیس و واقەلواقەوە هاتن، ڕژانە ناو گەڕەکی ئازادی و (عەبدولخالیق) یان شەهید کرد، کتێبێکیان شەهید کرد، هەر وشەو ڕستەو دەستەواژەیەکی ئەو کتێبە شەهیدە هەزاران هەزار وشەو ڕستەو دەستەواژەی ئاگرینی پێشمەرگانەی لێ بووەوە، تیشکیان دەوەشان و دەیانگووت: ئێمە تاکەی زوڕنای خەڵک دەژنین، هەر ژنینمانە و هەر دەیژەنین، دەژەنین و دەیژنین، تاکەی بیژەنین، تاکەی بیژەنین، ئەو ژەنینە چییە و بۆ کێیە؟! کەی وازی لێ دێنن؟ کەی؟!.
عەبدولخالیق شەهید بووی ئاڕاستەکردنی ئەو پرسیارە بوو.



**❝ دەیگوت: خوێندن ئەوە نییە سواری سنگت ببێ و وەک میردەزمە بتناسێنێ، یان بتکات بەکەندوو خۆی تیایدا بپارێزێ، بەڵکوو خوێندن ئەوەیە بارت سووک بکات و لەدەرد و بەڵا دوورت بخاتەوە ❞**



# شەهیدی قەڵەم و پێشمەرگەی دێرین عەبدولخالیق مەعرووف



موحسین ئاوارە

> ئێواران پارەکەی دەردەهێنا و لەناو جامێکی فافۆنی دەکرد و لەسەر کەلوپەلەکانی بەردەمی خۆی دادەنا بۆ دەرۆزەکەران

(مارسیل برۆست) دەڵێت:
(من هەمیشە وام هەست کردووە کە مەرگ جوان بێ، ئەگەرنا چۆن دەتوانێ جوانترینمان لەگەڵ خۆی بەرێ؟)
دوکانەکەی:
دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول (١٩٧٥) شەهید عەبدولخالیق لەدامێنی قەڵات نزیک بازاڕی سورچیان لەهەولێر دوکانێکی بەکرێ گرت، یەکەمجار کارەکەی تەکنیکاری بوو، تەلەفزیۆن و ڕادیۆی چاک دەکردەوە، تا ماوەیەک دواتر ئیشەکەی گۆڕی، بوو بەفرۆشیاری کەلوپەلی بیناکاری (معدات).
لەو دوکانەدا لەنێو ئەم هەموو ئاسن و وایر و کەلوپەلە بێ گیانانە دڵێکی ئاوا ناسک و میهرەبان و دەم بەقاقا و پێکەنینی هەمیشەیی ناویشی عەبدوالخالیق بوو، هەموو جۆرە ئیشێکی تەکنیکی خەلق دەکرد و لێزان بوو.
لەو دوکانەدا یەک کورسی هەبوو بۆ دانیشتنی میوان، خۆ ئەوەی زووتر لەسەری دانیشتبا ئەوە دەسکە گوڵی خۆی لێدا بوو، دەنا ئەوانەیتر دەبوو لەسەر کڵافە دارینە تەڵ تێئاڵاوەکە دانیشن و پشتیان کوڕ کەنەوە، کەسیش لەبەر قسە خۆشەکانی و بابەتە جوانە باسکراوەکانی لەشوێن خۆیان هەڵنەدەستان.
لەبەر دەرگای دوکانەکەی تەرازوویێکی خۆکێشان هەبوو، کە بەرزییەکەی یەک مەتر دەبوو، عەدەسەیەکی بەسەرەوە بوو، ئەوەی دەچووە سەر تەرازووەکە، دەبووایە یەک درهەم بخاتە نێوی ئەوجا کێشی کەسەکەی دەخوێندەوە، ئێواران پارەکەی دەردەهێنا و لەناو جامێکی فافۆنی دەکرد و لەسەر کەلوپەلەکانی بەردەمی خۆی دادەنا بۆ دەرۆزەکەران، واتە ئەوانەی سواڵیان دەکرد لەناو جامەکەدا درهەمێکیان دەبرد و دەڕۆیشتن.
دووەم: ئەو ئەدیب و کەسایەتی و کەسانەی لە دوکانەکەیدا دادەنیشتن، یان بڵێم هاموشۆیان دەکرد. بەو پێیەی بەندە لەساڵی (١٩٦٩) لەدەورەی مامۆستایانی شۆڕش شوێنەکەمان لەدامێنی مەمی خەڵان بوو لەچۆمان. ئێزگەی دەنگی کوردستانی عێراق لەوێ بوو، شەهید عەبدولخالیق دەهاتە خوارەوە لەگەڵ زۆربەی کارمەندان و بێژەرانی ئێزگە، ئێواران لەچایخانەی فاتح ئاڵتونچی لەنزیک پردەکەی ناو چۆمان دادەنیشتن، لەوێ لەگەڵ شەهید عەبدولخالیق بووین بەهاوڕێ، کە دوکانەکەی دانا زۆربەی ئێواران دەچوومە لای دادەنیشتم، ئەو کەسانەی هاموشۆیان دەکرد و چاوم پێیان دەکەوت ئەوانە بوون:
(١.شەمسەدین موفتی ٢.ساڵح شێرە ٣.عومەر دزەیی ٤.شەماڵ سائیب ٥.عەلی ڕەسول کاڕەش ٦.مامۆستا حەیدەر هەمزە ٧.د.مارف خەزنەدار ٨.حەمەکەریم هەورامی ٩.کاکەمەم بۆتانی ١٠.شەهید نوری نانەکەلی ١١.حەمەدئەمین دهۆکی ١٢.وریا ئەحمەد حەمەدئەمین دزەیی ١٣.مامۆستا عوسمان سەرسۆر دزەیی ١٤.نەوزاد محەمەد عەلی موختار ١٥.مامۆستا ئیسماعیل خۆشناو ١٦.مامۆستا خورشید ئیسماعیل ١٧.ئەنوەر جاف / خاوەنی کارگەی قەند لەهەولێر ١٨.جار جار جەمال خەزنەدار ١٩.عەبدولڕەحمان گۆمەشیی ٢٠.عەبدولواحید خۆشناو ٢١.کانەبی ئۆمەر دەربەندی سیانان ٢٢.ئازاد عەبدولواحید ٢٣.شوان کاوێس دزەیی ٢٤.مامۆستا محەمەد ئیسماعیل ٢٥.ئیبراهیم دوغرەمەچی ٢٦.عەبدولمەجید شێروانی ٢٧.مامۆستا قەرەنی ئەسوەد ٢٨.مامۆستا نەجیب عەبدولڕەحمان ئامێدی ٢٩.موحسین ئاوارە ٣٠.فەرید زامدار ٣١.نەزار خەیلانی ٣٢.سەعدوڵا پەرۆش ٣٣.سامی شۆڕش ٣٤.جەوهەر کرمانج ٣٥.مامۆستا عادل عەبدولسەمەد ٣٦.عەبدولباست عەبدولسەمەد ٣٧.فاروق جەمیل ٣٨.حوسێن عارف ٣٩.مومتاز حەیدەری)
ئەو گفتوگۆ و قسەو باسانەی لەدوکانەکەی شەهید عەبدولخالیق دەکرا:
هەڵبەتە ئەو هەموو کەسایەتی و کۆنە سیاسی و پێشمەرگە و ئەدیب و هونەرمەند و ڕۆشنبیرانەی هاموشۆیان دەکرد و لەلای دادەنیشتن، بەتایبەتی دوای نسکۆی (١٩٧٥)ی شۆڕشی ئەیلول کە هەموو کوردێک بریندار و


نا ئارام و ڕاڕا بوو، بێگومان قسە قسەی ڕادەکێشا و بابەتی هەمەجۆر سەری هەڵدەدا، شەهید عەبدولخالیق زۆر پاک و ئازا و جەربەزە و چاونەترس بوو. بە تاوان و ستەمەکانی بەعس و ڕژێمەکەی داخ لەدڵ بوو، بەڵام لەدانیشتنەکاندا کە دەیزانی بەعس چاودێری دەکات و دوکانەکەی بووەتە مۆڵگەی تێکۆشەران و کوردپەروەران، بۆیە ئەوەی زۆر متمانەی پێ نەکردبا، دەیگوت با لەسیاسەت و ئەو بابەتانە دوور کەوینەوە. دوو قسەی خۆش بکەین، جۆرە قاقا و پێکەنین و نوکتە و خۆش دانیشتنێکی دڵخۆشکەرانەی هەبوو، لەو دوکانەدا زۆرجار باسی شیعر و ئەدەب بەگشتی دەکرا. ئەو بڕوای زیاتر بەشیعری کلاسیکی و ڕۆمانسی بەکێش و سەرواوە هەبوو. زۆر لەگەڵ شیعری ئازاد نەبوو، شیعری نالی و مەحوی و هێمن و هەژار...هتد پێ خۆش بوو، ئەوەبوو لێکۆڵینەوەیەکی بەناوی (دیوانی نالی، کێ ڕاستە؟)ی چاپکرد، هەروەها پڕ زانیاری بوو لەسەر تەکنیککارو تەکنەلۆژیای تازە.

لەدوکانەکەیدا باس لەباری کۆمەڵایەتی و دابونەریت و دواکەوتوویی نێو کۆمەڵگەی کوردەواری دەکرا، بۆ نموونە بە پاسکیل لەماڵەوە لە گەڕەکی ئازادی دەهاتە دوکانەکەی، پێیان دەگوت: تۆ دەتوانی و پارەی ئەوەت هەیە ترومبێلێک بکڕی، بۆ تۆ جوان نییە بە پاسکیل هاموشۆ دەکەیت، لەبەر ئەوەی ڕۆحی بەرەنگاری و ئالنگاری و یاخی بوونی زۆر بەهێز بوو دەیگوت: واز لەشەرم و عەیبە بێنن، من ڕچە شکێنم با چاو لەمن بکەن، باشتر نییە ژینگە پیس نەکەین و قەلەباڵغی لەشەقامەکانا کەم کەینەوە؟ من شەرم و عەیبە وردوخاش دەکەم، بۆ لەقسەی ئەم و ئەو

بسلمێنمەوە کە زەرەری کەسم نییە بەڵکو قازانجم هەیە. لەو دوکانەدا باسی ئازادی و ئەو دابونەریتانەی کۆمەڵگایان پەککخستووە و خراپ بەکار دەهێندرێن دەکرا، بۆیە بەلای ئەوەوە ئازادی ژن و هەندێک لەسەپاندنی شەریعەتی ئایینی کە کۆت و بەندی وا دروست دەکات دواتر کە ئەسپەکە بەرەڵا بوو بەکەس ناگیرێتەوە و بەرایی لە ڕێڕەوی ڕووباری پێشکەوتنەکان ناگیرێت، ئەو

لەو سەردەمدا دژی تازیە دانان و وشەی جاشایەتی و پاشایەتی بوو، بەڵێ باسی ستەم و تاوانەکانی ڕژێم دەکرا لەگەڵ سیاسەت، بەڵام شەهید عەبدولخالیق ئەگەر مەسەلەکە زۆر دەماری بگرتایە دەنا بەپێوەر و ڕاستە و پڕگال قسەکانی دەکرد و کۆنترۆڵی دانیشتوانی دەکرد بۆ ئەوەی زیان بەخش نەبن و نەگاتە شوێنی خۆی وەک خەبەردان.





هەولێر ٢/٧/ ٩٦٣

بۆ مامۆستای گەورە و بەڕێزم کاک عومەر

سڵاو و ڕێزم هەر لێرە تا دڵ پڕ بە دڵ دەنێرم ئومێد دەکەم هەمیشە لەش ساغ و دڵ خۆشبیدا بژین، ئێمە هەر چۆنێک هەیە ڕای دەبوێرین، ئومێدە خۆشتریش بێ. زۆر جار لەگەڵ برادەران دەکەوم یادتان بە خۆشییەوە دەکەین [illegible] هەر لەگەڵتاندا زیادین با یەکیش دووربین ئومێد دەکەین لەم زووانەدا بە دیدارتان شاد ببین لە دوو لاتی خۆماندا.

زۆر زۆر ڕێزم دەنوێنم بە [illegible] و بە مامۆستای گەورەمان مامۆستا ئیبراهیم ئومێد دەکەم هەمیشە لە خۆشیدا بژی. [illegible] دەستی هەموولایەکتان ماچ دەکا و خۆشەویستی هەیە

مامۆستا [illegible] نوری [illegible] برادەرێکی خۆشەویستی ئێمەیە ئێستا لەگەڵ [illegible] دەستی ئێمە کاک [illegible] هاتوتە [illegible] تکایە ئەگەر پێویستییان بوو چی لەدەست دێ کەمتەرخەمی نەفەرموون و جێگای سوپاسێکی بێ پایانە وەک پێستم هەندێ سپاردەی کاک [illegible] پێیە ئەگەر بۆتان کرا دەنا هەر [illegible] نەفەرموون

ئیدی خۆشیتانە ئەو بەری ئارەزووتانە

برای بچووکتان
عبدالخالق [illegible]

تێبینی: [illegible] تا ئێستا نەتوانراوە نامەتان بۆ بنێرین.

نامەیەکی شەهید عەبدولخالیق مەعرووف بۆ عومەر دەبابە



# گرژی نێوان شێرکۆ بێکەس و عەبدولخالیق مەعرووف

هەڤاڵ کوێستانی

لەژوورێکی گەورەی بارەگای مەکتەبی سیاسیدا لەسورداش، بەدەوری مێزێکی گەورەی لاکێشەییدا دانیشتووین... مام جەلال وەک خاوەن داوەت، لەسەری سەرەوەی مێزەکەیە... خواردن و خواردنەوەی هەمەجۆر، مێزەکەی ڕازاندۆتەوە... مام جەلال وەک هەمیشە، بەقسەی خۆش وا لەمیوانەکانی دەکا، خۆیان بەمیوان نەزانن... ئەوەندەی دەستی دەگا، گۆشت بەسەر میوانەکاندا دابەشدەکا و بەسوعبەتیشەوە، دەڵێ: شەرمی مەکەن، بخۆن، بەلام دوایی نەڵێن مام جەلال بۆ خۆی، هەموو ڕۆژێ خواردنی ئاوا خۆش خۆش دەخوا... هەموو ڕۆژێک ئەوە ڕوونادات ئەو خواردنە باشانەمان هەبێت... جارجار نەبێ کە لەسایەی میوانی خۆشەویستی وەک ئێوەدا بۆ ئێمەش ڕێک دەکەوێ.

نانخواردن تەواو دەبێ... مام جەلال ڕووی پرسیاری دەکاتە هەمووان: (ئێنجا حەز دەکەم پێش ئەوەی من هیچ قسان بکەم، ڕاوبۆچوونی ئێوە لەسەر ئەم وەزعەی بزانم).

هەندێک قسە دەکرێن... هەموو قسەکان بەدەوری یەک پرسیاردا دەخولێنەوە:

پێناچێت حکومەت لەئاگر بەست بەولاوە، شتێکی تری لەمفاوەزات بوێت... نیەتی حکومەت ڕوونە، ئەی ئێوە بەتەمای چین و تاکەی لەگەڵ ئەم دۆخە ناڕوونەدا دەڕۆن؟

مام جەلال، وێنەیەکی گشتی دۆخەکە دەخاتە بەرچاو... دەربارەی دواین دیداری خۆی لەگەڵ لایەنی حکومیدا قسە دەکا... لایەنە چاک و خراپەکانی گفتوگۆ دەخاتەڕوو... گفتوگۆ بەڕۆیشتن بەناو تونێلێکدا دەچوێنێ کە ئەوسەری بەتەواوەتی دیار نییە:

ڕاستە تونێلەکە تاریکە، بەڵام ئێمە ئاگامان لەبەر پێ و لەشەقاوەکانی خۆمانە، نە هەڵدەنگوێین و نە دەشکەوین... بێ هیوا نین، بەلام دڵنیاش نین... جارێ لەگەڵی دەڕۆین... ئەگەر حکومەت داخوازییەکانی ئێمەی جێبەجێ کرد، زۆرباشە و ئەوە لەقازانجی هەموو لایەکدایە، ئەگەر نەشیکرد، نە ئێمە دەستمان لەتفەنگ بەرداوە و نەپشتی خۆشمان لەشاخی کردووە.

مام جەلال کۆتایی بەقسەکانی خۆی دێنێ... هەندێک دەیانەوێ پرسیاری زیاتری لەسەر دۆخە سیاسییەکە لێبکەن، مام جەلال حەز ناکا لەوە زیاتر وەختەکە بەسیاسەتەوە بکوژرێ:

سیاسەت بۆتە نان و ئاومان... هەموو ڕۆژێک لەبەیانی زووەوە تا درەنگانی شەو، هەر باسی سیاسەت دەکەین... خۆ ئەوشۆش تەخسیریمان نەکرد، بەڵام لەوە زیاتر پێویست ناکا... بۆ من هەموو شەوێک ئاوا ڕێکناکەوێ... هەموو شەوێک ئەو هەموو نووسەر و هونەرمەندە بەمن خڕ ناکرێنەوە... با جارێ واز لەباسی سیاسەت بێنین و هەندێکیش باسی ئەدەب و هونەر بکەین.

ڕوودەکاتە شێرکۆ بێکەس: با لە کاک شێرکۆوە دەست پێبکەین، با کاک شێرکۆ هەندێک شیعرمان بۆ بخوێنێتەوە...

شێرکۆ لەدەستە چەپی مام جەلال دانیشتووە... دەست بەگیرفانی دیوی ناوەوەی چاکەتەکەیدا دەکات... چەند پارچە کاغەزێک دەردێنێت: دووریان... ئەمە تازەترین شیعری منە، ئەمە دەڵێ و بەدەنگە زوڵاڵ و جوڵە سەما ئامێزەکانییەوە، هەموومان ڕادەستی خەڵوەتی گوێگرتن دەکا... بۆ چەند خولەکێک، بەنمە بارانی وشەکانی گەڵای درەختی ڕوحمان تەرتەڕ دەکا. لەگەڵ چەپڵە ڕێزانێکی گەرمدا، شیعرەکەی تەواو دەبێ، مام جەلال و زۆری دیکەش سەرسامی خۆیان، بەرامبەر بەجوانی شیعرەکە دەردەبڕن. دووریان، باس لەو پرسیارە دەکا کە بەسەر دەمی خەڵک و ئێمەشەوەیە. باس لەبێ ئومێدی خەڵک و حاڵەتی چەقبەستنی مفاوەزەو، باس لەناڕوونی بارودۆخەکە و دڵەڕاوکێی خەڵک و باس لەنەخەوتنی تفەنگ و ئاوەدانکردنەوەی سەنگەری پێشمەرگە دەکات. عەبدولخالق مەعروف، کە بەوبەری منەوە دانیشتووە، سەرنجی خۆی بەمشێوەیە دەردەبڕێ: ئەمن پێموایە، ئەو شیعرە هەر قسەکانی مام جەلال بوون و کاک شێرکۆ کردوونی بە شیعر.

ئەم کۆمێنتە، مووەکانی سەری شێرکۆ بژ دەکاتەوە و دەموچاوی ڕەش دادەگرێ، بەتۆنێکی پڕ لەتوڕەییەوە، ڕوو

"عەبدولخالق مەعروف، کە بەوبەری منەوە دانیشتووە، سەرنجی خۆی بەمشێوەیە دەردەبڕێ: ئەمن پێموایە، ئەو شیعرە هەر قسەکانی مام جەلال بوون و کاک شێرکۆ کردوونی بە شیعر"



لە عەبدولخالق دەکا:

تۆ کەی لەشیعر دەزانی؟... شیعر و دەڕنەفیز! من ڕەخنەم قبوڵە، بەڵام قەت ئامادە نیم گوێ لەڕەخنەی دەڕنەفیزی بگرم.

بۆ چەند چرکەیەک، بێدەنگی باڵ بەسەر دانیشتنەکەدا دەکێشێ... جەوەکە شتێک لەگرژیەکی بێدەنگی تێدەکەوێ... مام جەلال کۆتایی بەبێدەنگیەکە دێنێ:

ئەوەی کاک عەبدولخالق دەیڵێ، ئەسڵەن وانیە... شیعرەکەی کاک شێرکۆ قسەکانی من نەبوون، لەڕاستیدا قسەکانی من شیعرەکەی کاک شێرکۆ بوون.

مام جەلال، بۆ پشتیوانی لە شیعرەکە و لەقسەکانی خۆیشی، بۆ وەختی مەراسیمی بەخاک سپاردنی تۆفیق وەهبی دەگەڕێتەوە:


لەسەرەتای مفاوەزاتا بوو، تەرمی تۆفیق وەهبی لەهەندەرانەوە هێنرایەوە کوردستان، لەمەراسیمێکی شایستەدا، وەک خۆی وەسیەتی کردبوو لەدێی زێوێی ناو باوەشی پیرەمەگرووندا بەخاک سپێردرا. مام جەلال و ژمارەیەکی زۆر لەبەرپرسانیش، ئامادەی مەراسیمەکە دەبن. مام جەلال وتەیەکی هەست بزوێن پێشکەش بەئامادەبووان دەکا... سەبارەت بەو وتە هەست بزوێنەی دەڵێ:

((ئەمن دەمویست لەگەڵ برادەرانـدا، هەر بەشداری مەراسیمەکە بکەم و هیچ نەڵێم... دامنابوو ئەگەر زۆریشم لێبکەن قسان بکەم، هەر هەندێک شتی گشتی بڵێم و زیاتر نا... کاک شێرکۆ پەخشانە شیعرێکی زۆر بەهێز و کاریگەری خوێندەوە، منی تەواو جووڵاند... دوای ئەویش کە داوا لەمن کرا وتەیەک پێشکەش بکەم، هەموو ئەو شتانەم گووت کە نەدەبوایە لەبەر موراعات کردنی بارودۆخی گفتوگۆ، گوتبامن... ئەوەی ئەمن لەوێ گووتم، هەر هەمووی لەژێر تەئسیری قسەکانی کاک شێرکۆدا بوو)).

قسەکانی مام جەلال توێژاڵێک لەشانازی و ڕەزامەندیان خستە سەر ڕوخساری گرژبووی کاک شێرکۆ...

چەند شاعیرێکی تر شیعر دەخوێننەوە... هەندێک بابەتی ئەدەبی و هونەریش قسەیان لەسەر دەکرێ... بەر لەوەش کات بگاتە ناوەڕاستی شەو، دانیشتنەکە کۆتایی دێ.









# غافڵکوژییەکەی عەبدولخالیق مەعرووف لە کونجی زیندانی ئەمنی هەولێردا

حەسەن یاسین

> ئەو ڕۆژەی (عەبدولخالیق مەعرووف) یان لە نزیک قوتابخانەی ئازادی و هەر لە گەڕەکی ئازادی کوشت، من لەدوورەوە چاوم لێبوو تەقەیان لێکرد

هەردووکمان خرابووینە کونجی زیندانی دائیرەی ئەمنی هەولێر. ئەو باوکی لەسەر کوردایەتی ئیعدامکرابوو، باوکی منیش یەکێبوو لە پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلول. ئەو ئیسلامییەکی ڕادیکاڵ و بەسندوقی (TNT)یەوە، لەنێو کارگەکەیدا، لە ناوچەی سناعەی هەولێر، گیرابوو. منیش چەپێکی ڕادیکاڵ و بە دەستی بەتاڵ و بە جلی یەکپۆش (زەی موەحەد)ی زانکۆوە گیرابووم!

من لە ١ی تشرینی دووەمی ١٩٨٩، لەسەرەتای دەوامی پۆلی چوارەمی بەشی کۆمەڵناسیی کۆلێجی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەددین بووم، لەنێو محازەرەوە بانگی لای عەمیدی کۆلێج (بەوەکالەت) (د. غالب موتتەلیبی)یان کردم و ڕاپێچی زیندانی دائیرەی ئەمنی هەولێریان کردم. لەوێش یەکسەر بردمیان بۆ ژووری ئەشکەنجە. پێش من، کچێک گیرابوو. منیش و ئەویش هەر کچێک بەگرتیدابووین و پاشان لەدەرەوەی ویستی من، ئێمە بووینە پۆلێک زیندانی و لە ژووری (٣)ی زیندانی ئەمنی هەولێر، گیرساینەوە!

ژوورەکەمان ٣م بە ٤م دەبوو. دە مانگ و دوو هەفتە لەو ژوورەدا مامەوە. نیوەی زیندانییەکانی ئەو ژوورە سەر بە گروپەکەی خۆمانبوون. چونکە ئێمە سەرەنجام، کە بردراین بۆ مەحکەمەی سەورە لە ئەبوغرێب، (١٦) زیندانیی نێر و (٢) زیندانیی مێینەبووین. هەر دوو کچەکە لەدەروازی زیندانەکە، لە ژوورێکی تایبەت بە ژنان داندرابوون. لەمەحکەمە، جگە لەیەک نێری جوامێر، کە لەشکری ئیبراهیم حەسەن بوو و ئێستا جێگری بەڕێوەبەری گشتیی خانەنشینیی گشتییە لەهەولێر و لەمەحکەمە ئازادکرا، ئێمە ١٥ نێر، کە (١٤)مان کوڕ و بێژنبووین و تەنیا (١) ژندارمان لەگەڵبوو، لەگەڵ دوو کچ، کە یەکێکیان فریال عەبدوڵلابوو و ئێستا ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتییە، هەر حەقدەمان، حوکمی هەتا هەتایی (موئەببەد) دراین و (١٥) نێرەکە بردراین بۆ بەشی ئەحکام خاسسە، واتا بەشی سیاسیی بەندیخانەی ئەبوغرێب و هەر دوو کچەکەش بردرانە بەندیخانەی تایبەت بە ژنان، کە لە (راشدییە)ی نزیک بەغدابوو!

لە شەوێکی مانگی کانونی دووەمی هەمان ساڵی ١٩٨٩، کۆمەڵێک کەسیان بەتۆمەتی ئەندامێتی لە (بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق) هێنایە نێو زیندانەوە، کە کورد و عەرەبی موسڵاوی بوون. سندوقی (TNT) و دەمانچەی بێدەنگیان پێگیرابوو. مەلا محەمەدی کونەفلوسەیی و یەکێکیتریان هێنایە ژوورەکەی ئێمە و دواتر مەلای کونەفلوسەییان، لەسەر خواستی خۆی و ڕاستییەکەی ئێمە ڕێنوێنی بووین، گوازرایەوە بۆ ژووری (١). دواتر لەکەسەکەی ترەوە بیستم کە کونەفلوسەیی لێپرسراوی ڕێکخستنی هەولێر و موسڵی ئەو گروپە دەستوەشێن و چالاکەبووە، کە بەنهێنی لە هەولێر و موسڵ، خەریکی کاری بانگەواز و ڕێکخستن و چالاکیی چەکداری و تەقاندنەوەی هەندێ شوێنن، کە بەلای ئەوانەوە، سەرچاوەی کوفر و فەساد و بەڕەڵلایین.

هەڵبەت پێش ئەوەی بگیرێم ئاگام لەوەبوو، کە لە هەولێر چەند سالۆنێکی ژنان و یانەکانی مەیخواردنەوە، لەنێویاندا یانەی بازرگانیش، کە لەسەر جادەی گشتیی شۆڕش، لەسەر ڕێی مەسیف بوو، تەقێندرابوونەوە. چەند ساڵێک پێشتریش عەبدولخالیق مەعروف غافڵکوژ کرابوو. لە سلێمانیش هەر یەک لە ڕەئوف زوهدی داودی، نووسەری کتێبی (بۆ لە هەقە کەوتنە تەقە) و شاعیری ناسراو کاکەی فەللاح، غافڵکوژکرابوون!

لەنێو ئەو ژوورەی زینداندا، زۆرجار منی چەپی ڕادیکاڵ و ئەوی ئیسلامیی ڕادیکاڵ دەکەوتینە گفتوگۆ، ئەمە جگە لەوەی، سەرەڕای جێگە تەسکی، بەهۆی قەرەباڵغیی ژوورەکەمان، زۆر جار بە سەعات، لەسەر چینچکان دادەنیشتم تا ئەو نوێژ و

(سوننەتە نوێژ)ە زۆرەکانی تەواو بکات. من خۆم، ئەوکات و ئێستاش، هەم بڕوام بە دیموکراسی و هەم بە عەلمانییەت، هەبوو و هەیە!

ئەو دەیزانی مەلازادەم و شارەزای مەسەلە شەرعییەکانی دینی ئیسلامم. زۆر جار گفتوگۆکانمان سەریدەکێشا بۆ ئەو هەر دوو کایەی سیاسی و دینی. ئەوسا و ئێستاش، دژی ئەوەبووم دین و سیاسەت تێکەڵبکرێن و جەختم لەوەدەکرد، هەر کەسێک بیەوێ دین بخاتە نێو کایەی سیاسییەوە، بەدڵنیاییەوە دین دەکا بە قوربانیی سیاسەت و سەرەنجام، بیەوێ یان نا، کارەکەی وا دەشکێتەوە کە بازرگانیکردنە بە دینەوە! ئەو پێچەوانەی من بیری دەکردەوە و ڕایوابوو سیاسەت و دین، نەک هەر تەواوکەری یەکترن، بەڵکو بۆ ئەوەی دینی ئیسلام سەربخەی، دەبێ بچیتە نێو کایەی سیاسییەوە و ئەمەش بە نەرمڕەوی و چاکسازی ناکرێ و دەبێ، بە زەبری هێز، ڕێگە لە بڵاوبوونەوەی فەساد و کوفر بگری و هەر بەربەستێک، لەم پێناوەدا بێتە سەر ڕێت، دەبێ ڕایبماڵیت!

ڕۆژێک، هەر بەڕێکەوت و لەنێو گفتوگۆ دوو قۆڵییەکانماندا، ئاماژەم بە ناوەڕۆکی کتێبەکەی عەبدولخالیق مەعرووف کرد، کە بەناونیشانی (ئادەمیزاد لە کۆمەڵی کوردەواری دا) بڵاوبووبوەوە و گوتم: ئەو کتێبە لە هەولێر، هەڵلایەکی گەورەی نایەوە و سەری نووسەرەکەی خوارد! گوتم: کاتی خۆی مەلایەکی سەر بە بەعس، ڕۆڵی هەبوو لە نانەوەی ئەو هەڵلایە و بەفیتی دائیرەی ئەمنی هەولێر، دەیویست عەبدولخالیق مەعرووف بەکوشتبدا!

ئەو هەڵیدایێ و گوتی: ئەو ڕۆژەی (عەبدولخالیق مەعرووف)یان لە نزیک قوتابخانەی ئازادی و هەر لە گەڕەکی ئازادی کوشت، من لەدوورەوە چاوم لێبوو تەقەیان لێکرد. پاش ئەوەی تەقەکەران بەپەلە ڕۆیشتن و هەندێک قوتابی و خەڵکیش لەسەری کۆبوونەوە، بردیان بە بەشی تەواریی خەستەخانەی جمهوریی هەولێر. منیش دوایان کەوتم و چوومە نێو خەستەخانەکە و ویستم بزانم ماوە یان مردووە!

لەم قسانەوە تێگەیشتم ئەو چاودێری تیمە جێبەجێکەرەکەی غافڵکوژیی عەبدولخالیق مەعرووف بووە و هەر بۆیەش چووە بۆ خەستەخانە و ویستوویەتی لە مردنەکەی دڵنیابێتەوە، چونکە وتەکی ناوداری بواری کۆمەڵناسیی تاوان هەیە دەڵی تاوانبار بەدەوری ناوچەی تاوانەکەیدا دەخولێتەوە. بۆیە، هەندێ جار، ساغکەرەوەی تاوان (محقق الاجرام)، لەو ناوچەیەی تاوانێکی تێداڕوودەوە، بەدوای تاوانباردا دەگەڕێ و



ئەنجامیشی دەستدەکەوێ و تاوانبار دەدۆزێتەوە و دەیگرن!

نەمر عەبدولخالیق مەعرووف، لای دائیرەی ئەمنی هەولێر، ناوی لە لیستی ڕەشدابوو، ئەوان دەیانزانی، لەڕووی

***لەم قسانەوە تێگەیشتم ئەوچاودێری تیمە جێبەجێکەرەکەی غافڵکوژیی عەبدولخالیق مەعرووف بووە و هەر بۆیەش چووە بۆ خەستەخانە و ویستوویەتی لە مردنەکەی دڵنیابێتەوە**

تەکنیکییەوە هاوکاریی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەکات بۆ چاککردەوە (سیانە)ی ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان، بەڵام بەڵگەیان لەسەری نەبوو، نەشیاندەویست بیگرن، چونکە لەهەولێردا، کەسایەتییەکی دیاربوو! بەڵام لەڕێگەی مەلایەکی بەعسی سەر بە دائیرەی ئەمنی هەولێر بەدەستی تاریکپەرستان، بەغافڵکوژکردنیاندا!



هێمن موکریانی و عەبدولخالیق مەعرووف



ئاهەنگی قوتابیان و بڵندگۆکەی عەبدولخالیق مەعرووف

# بڵندگۆکەی عەبدولخالق مەعرووف لەناو خوێندکاراندا

**ستار محەمد ئەمین**

هەندێ ڕێکەوت لە ژیانی مرۆڤ کە دێتە پێش نازانی ڕۆژێک لە ڕۆژان دەبێتە مێژوو، یان بیرەوەریەکی نەمر، بەتایبەتی ئەگەر ئەو ڕێککەوتە دیمانە و بەرکەوتەیەکی سیاسی، یان ئەدەبی، هەتا کۆمەلایەتیش بێت لەگەڵ کەسایەتیەکی دیار.

هەندێجاریش مەرج نییە کەسایەتییەکە سیاسی بێت، کەچی پاش تێپەڕبوون ماوەیەک بەسەر کات و ڕوداوەکاندا، کە بیری لێدەکەیتەوە، یان دەتەوێ بیرەوەری ژیانی خۆت بنووسییەوە، پڕدەبن لە خەڵکی قارەمان و بیرمەند و سیاسی، من لەژیانی تایبەتی خۆمدا بەپێی ئەوەی لە ژیانی منداڵی و هەرزەکاریم زۆر بزێو بوویمە، زۆر جاریش بەدوای شتە مستەحیلەکاندا کەوتووم و زۆر ڕێگای سەخت و هەڵچوون بە لێواری مەرگ، ڕۆژانە دووانەی ژیانی من بووە، لەخوا بەزیادبێت تاکو ئێستا لەسەر پێی خۆمم ولەژیانیشدا ماوم.

لێرەدا دەمەوێ باس لە بەرکەوتنی خۆم لەگەڵ یەکێک لەو کەسایەتیانە بکەم کە لەناو یادەوەرییەکانمدا هەمیشە بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

یەکەمجار لەبەرامیەر دەرگای قەڵا سەری کۆڵانی قەیسەری بە مامۆستا عەبدولخالیق مەعرووف ئاشنا بووم، بەبێ ئەوەی بزانم ئەو مامۆستایە کێیە. هەردەم سەری لەناو ئەنتێن و ڕادیۆیەکی سیکراب، خەریکی چاکردنەوەی بوو. جارێکیان لەوێ کتێبی تەکنیکارم بینی لەناو ئەو عەشامات و تەلە کۆمەڵێک ڕادیۆی لە کارکەوتوو، ئەوانە بۆمن هەمووی پرسیار بوون لەو مامۆستا بە هەیبەتە.

ڕۆژێکیان ڕێکەوت لەساڵی ١٩٨٢ بۆ ساڵی ١٩٨٣ ئێمە کۆمەڵێک هاوڕێی خوێندکار بچینە گەشت بۆ شاری سولێمانی، کەوتینە خۆ ئامادەکردن بۆ گەشتەکە گووتمان با بڵند گۆیەک لەگەل خۆمان ببەین بۆ ئەوەی لەڕێگا لەناو پاس شیعر و گۆرانی پێ بڵێین، چۆن و لەکوێ؟ چووینە بازاڕ بەردەم دوکانی ئەو مامۆستایە کە چووین داوامان لێکرد گووتی بەڵێ هەمانە بەڵام کەفیل و تەئمیناتمان دەوێ، لەبەینی خۆمان دەمان ویست پارە کۆبکەینەوە، کە بڕەکەی پێنج دینار بوو، شەهید عەبدولخالیق گوێی لە دەنگە دەنگی ئێمە بوو، بانگی منی کرد ئەوە خەریکی چین؟ ئەو مشەوەشیەتان دروست کردووە گوتم: ئەوە تەئمیناتەکەت بۆ کۆدەکەینەوە گووتی: لە چ قوتابخانەیەکن، گووتم: ئێمە کۆمەڵێک هاوڕێیین هەریەکە و لە قوتابخانەیەکین من لە ئامادەیی هەولێرم گووتی: مامۆستا حەیدەر هەمزە چیتان پێدەڵێتەوە گووتم: مامۆستا حەیدەر دەناسی؟ گووتی: بەڵێ، بڕۆن موکەبیرەکە ببەن تەئمیناتیشم ناوێ، بەڵام ئاگاتان لێبێت، چۆنیەتی بەکارهێنانەکەشی فێرکردین و گوتی: سڵاویش بکەن لە مامۆستا حەیدەر.

ماوەیەک سەرپەرشتی کتێبخانەی (شۆڕش)م دەکرد لە شەقامی دکتۆران لە گەڕەکی تەیراوە کە کەوتبووە نێوان گازینۆی عەنتەر و فلکەی ئێستای شێخ محمودی، کتێبخانەکە خاوەنەکەی مامۆستا سەید ئەمین، مامۆستای زمانی کوردی بوو لەئامادەیی کوردستان، پیاوێکی دڵسۆز و نیشتمانپەروەر بوو زۆرلە ئێمەوە نزیک بوو، زۆریش ڕێزی یەکترمان لابوو، پاش ماوەیەک کتێبخانەکەم لێ وەرگرتەوە و کتێبخانەکە بوو بە هی خۆم، زۆری پێنەچوو لەگەڵ عەبدولخالیق هەرشەمی هاوڕێم پێکەوە بەڕێوەمان دەبرد مامۆستا (مومتاز حەیدەری)ش زۆر هاوکاری دەکردین، بەهەرحاڵ ئەوە بابەتێکی دیکەیە، کتێبخانەی شۆڕش بۆمن قۆناغێکی دیکەی ژیانم بوو، پڕ لەیادەوەری تاڵ و شیرین و جێگای ژووانی گەلێک کەلە پیاوبوو، لەوانە مامۆستا عەبدولخالیق مەعرووف یەکێکیان بوو، لەوێوە، من لەڕێگای ئەو کتێبانەوە (تەکنیکار، دیوانی نالی، کێ ڕاستە؟ و ئادەمیزاد لە کۆمەڵگەی کوردەواری دا) مامۆستا (عەبدولخالیق)م دیتەوە. هەر لەگەل دەرچوونی کتێبی (ئادەمیزاد لە کۆمەڵگەی کوردەواری دا) ئەمنی هەولێر کەوتە چاودێرکردنێکی چڕی کتێبخانەکان. خوتبەی چەند مامۆستایەکی ئاینیش زیاتر ڕێگای بۆ پیاوەکانی ڕژێم خۆش کرد کە لەکردەوەیەکی تیرۆرستی ئەم بیرمەند و نووسەرە گەورەیە شەهید بکەن.

شەهید کردنی مامۆستا عەبدولخالیق شەهید کردنی فیکر و قەڵەم بوو، هەرچەندە ئەویان شەهیدکرد و کەلێنێکی گەورە لەم شارە دروست بوو، بەڵام بیرو فیکرو ڕێچکەی مامۆستا عەبدولخالیق بەردەوامەوە لە ویژدانی هەموو کوردێک و خاوەن قەڵەمێک دەژی، کەمجار وابووە بە ئەوێدا تێپەرم ئاوڕێک لە شوێنی وەڕشکەی نەدەمەوە.

کە دەچمە (ئاوێ سەر) یادەوەرییەکانی مام (حەمید ڕەشاش) تۆمار دەکەم دیسان ڕۆحی ئەو دەبینم، هەرکە شیعرەکانی شێرکۆ دەخوێنمەوە گەورەیی مامۆستا عەبدولخالیق دەبینم، هەرکە بە بەردەم گلکۆی شەهیدی نەمر (سەرداری سەعید سۆفی)دا تێپەردەبم هەر ئەو دەبینم هەرچی بورج و ئەنتێنی ڕادیۆکانە لەم وڵاتە، کە دەیان بینم هەر ئەو دەبینم. بەداخەوە ئەوەی نابینم هۆڵێک، شەقامێک، پارکێکە بەناوی عەبدولخالیق مەعرووف.



# دوا دیداری عەبدولخالیق مەعرووف لەگەڵ هەڤاڵ مام جەلال . دا



**فاروق جەمیل**

گفتوگۆی ساڵی ١٩٨٤ی یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان و حکومەتی عێراقی کۆتایی هاتبوو، وەزعەکە بەگشتی بەرەو ئاڵۆزبوون و دەستپێکردنەوەی شەڕ دەچوو

شەهید عەبدولخالیق ئێوارەیەکیان هاتە لام و داوای لێکردم بەر لەوەی شەڕ دەستپێبکاتەوە سەردانێکی هەڤاڵ مام جەلال بکەین و چاویشی بە (پشکۆ)ی کوڕی بکەوێ، کە ئەو کاتە لەوێ پێشمەرگە بوو، ئەوەبوو چوار ڕۆژ پێش شەهیدبوونی بەئۆتۆمبێلەکەم هەردووکمان بەرەو دۆڵی مەرگە بەڕێکەوتین کە ئەو کاتە بارەگای هەڤاڵ مام جەلال لە سیروان بوو.

بۆ ئێوارە گەیشتین و چووینە خزمەت مام جەلال و نزیکەی دوو سەعات ماینەوە و باسی وەزعی ئەو کاتمان کرد، دواتر خواحافیزیمان کرد و شەوەکەی لاماندایە بارەگای یەکێتی نووسەران کە ئەوسا لەمەرگە بوو - ئەو شەوە تا بەرەبەیان بەقسە خۆشەکانی کاک عەبدولخالیق و پێکەنینە جوانەکەی دانیشتین، بەیانی گەڕاینەوە بۆ هەولێر و دوو ڕۆژ دواتر دەست و دڵ ڕەشەکان تیرۆریان کرد.

دوای ئەوەی بەخاکمان سپارد، ڕۆژێک دواتر بۆ ئێوارەکەی گەڕامەوە بۆ دۆڵی مەرگە، دیاربوو هێشتا کەس هەواڵی شەهیدکردنەکەی نەبیستبوو، چونکە هاتووچۆ زۆر کەم ببووەوە و ڕژێم هەموو ڕێگاوبانەکانی کۆنترۆڵ کردبوو، ئەوەبوو چوومە لای هەڤاڵ مام جەلال و هەواڵەکەم پێڕاگەیاند، زۆر پێی تێکچوو و داوای لێکردم کە قسە لەگەڵ پشکۆی کوڕی بکەم، بەلام لەبەر ئەوەی دەبوو بەپەلە بگەڕێمەوە بۆ هەولێر، داوای لێبووردنم لێکرد، لەڕاستیشدا بۆ من کارێکی زۆر سەخت بوو ئەو هەواڵە دڵتەزێنە کتوپڕە بە پشکۆی کوڕی ڕابگەیەنم، ئەوەبوو دواتر بەڕێزی لەگەڵ برادەرانی نووسەران هەواڵەکەیان پێڕاگەیاند.

ئەو دیدارەش دوا دیداری شەهید عەبدولخالق بوو لەگەڵ هەڤاڵ مام جەلال.






# بیرەوەریەک دەربارەی کاک عبدالخالقی مامۆستا و لیژان

**نووسینی: مام جەلال**

شۆڕشی ئەیلوول هەڵگیرسابوو، چالاکی



بیرەوەریەک دەربارەی کاک

عبدالخالقی ماموستا ولیژان

نووسینی: مام جلال

پێشمەرگەی کوردستان لە پەرەسەندن بوو، کەچی دنیا ئەتووت کەڕوڵاڵە! نە دەنگێکی ناڕەزایی لێوە دەهات، لەسەر ئەو هەموو بۆردومان و زوڵموزۆرەی لەکورد دەکرا، نە هاواری کورد و چریکەی کوردستانیش بە گوێی ئازادیخوازانی هەندەراندا دەزرینگایەوە، زۆر کەسیش پێی وابوو کە ئەوە سەبارەت بە نەبوونی ئێستگەو نەهاتنی رۆژنامەنووسی بێگانەیە بۆ سەردانی کوردستان، هەر بۆیەش هەوڵێکی زۆر دەدرا بۆ بەدیهێنانی ئەو دوو پێویستیەی شۆڕشەکە بۆ خۆ ناساندن!.

دیارەئەوێ دەمیش هەلومەرجی بابەتی و بارودۆخی رۆژگار هەر سەخت و ناهەموار بوون، بەڵام پیاو راست بڵێ وڵاتێکی سۆشیالیستی گەورەمان لەپشتەوە بوو، کەم و زۆر یارمەتی سیاسی و ماددی دەدایێ، بۆ ئێستگەش هەر رومان لەو کردبوو! ئەویش بەڵێنی پێدابووین، بەڵام ئەوساش هاتوچۆ، هێنان و بردن هەر دژوار بوو! با بەدژواری ئێستەش نەبووبێت.

بەڵام لە هەمووی گرنگتر پێویستیمان بە لێزانێک هەبوو کە ئێستگەکە بخاتە کارو بەڕێوەی بەرێت! بۆیە بەدوای لێزانێکیشدا عەودال بووین.

ئەوسا رێکخستن رایگەیاندبوو، کە مامۆستایەکی ئایینیمان هەیە، ئیمام تابوری عەسکەرییە، زۆر زیرەک و بەتوانایە، زۆریش بە سەبر و سەلیقە و پەرۆشەوە ـ هەر لە خۆشیەوە ـ بەدوای دروستکردنی ئێستگەیەکی بچوک و سادەدا دەگەڕێت، ئەو مامۆستایە لێزانەش ناوی کاک عبدالخالق معروفە و چەندین ساڵە ئەندامە لە رێکخستندا و جێگەی متمانە و باوەڕی تەواویشە.

سەبارەت بەوەی کە ئەندامێکی کۆن و تاقیکراوەی رۆژی رەشی پاشایەتی و تەنگانە بووە، هەر وەک لاوێکی ژیر و زیرەک و لێهاتووشە! خۆشی زۆر بەپەرۆشەوە هەوڵدەدات بۆ هێنانەدی ئاواتێکی شۆڕشەکەمان کە ئێستگەیە، ئامادەشە بۆ هەموو جۆرە خۆبەخت کردن و فیداکاریەک: بەدەست لەکارو وەزیفە هەڵگرتنیشەوە بەهاتنەدەر و پێشمەرگایەتیشەوە.

ئەوەبوو مەکتەبی سیاسی



ئاگاداری کردەوە کە شۆڕش پێویستی پێی هەیە و ئەویش زۆر بەشادی و بە شەوق و شـۆڕەوە ڕێگـەی شاخ و شۆڕشی گرتـەبەر، بەهاتنە دەری کاک عبدالخالق ئیتر هەوڵ و تەقەلای دانان و دروستکردن و پەیداکردنی ئێستگەی کوردستان، ئێستگەی شۆڕش دەستی پێکرد! ئەوەبوو پاش ماوەیێک مەکتەبی سیاسی ناردیان بۆ ئەوروپا تاکو لەوێش باشتر فێری بەکارهێنانی جهازی ئێستگە بێت، هەر بەڕاستیش وابوو، دوای ئەوەی دەوڵەتێکی سۆشیالیستی دۆستی کورد جهازەکەی پێ بەخشین کاک عبدالخالقیش ژیرانە و وەستایانە خستیەگەڕ، لەوساوە شەهیدی نەمر بوو بەوەستای ئێستگەی کوردستان و شۆڕشەکەی.

ئەوەی ڕاست بێ کاک عبدالخالق نەک هەر لەڕووی هونەری و لەڕووی بەکارهێنانەوە وەستای ئێستگەکە بوو، بەڵکو وەک تێکۆشەرێکی ژیر و هۆشیاریش مامۆستایەک بوو لە پڕۆگرامەکانیشدا، چونکە هەر لەسەرەتاوە ئەدەب دۆست و خوێندەوارێکی بەپەرۆش بوو، هەر بۆیەش وردە وردە وەک نووسەرێکیش هاتە کایەوە.

سەبارەت بەوەش کە پیاوێکی پاک و دڵسۆز و بەپەرۆش بوو، کە رۆڵەیەکی هۆشیار بوو، هەر بۆیەش خاوەنی رەئی و خاوەن هەڵوێست و بیروباوەڕیش بوو.

مامۆستا عبدالخالق پتر لە (٣٠) ساڵ کوردایەتی و خەباتی کردووە، دوای ئاشبەتاڵیش هەر کۆڵی نەدا و خۆی گەیاندە ئەوروپا، لەوێش هاوبەشی کردین لەدروستکردنی لقی ئەوروپای (ی.ن.ک).

دوای گەڕانەوەشی بۆ هەولێر، هەر بەدڵسۆز و بەپەرۆش مایەوە بۆ شۆڕشی گەلەکەمان و بۆ ئەدەب و هونەری کوردی، لە کۆڕی نووسەران و خوێندەواراندا جێگەی دیار و تایبەتی خۆی هەبوو وەک رۆڵەیەکی چاونەترس و ئازا و فیداکار بەسەربەستی لەشوێنی خۆیدا، رەئیە جەریئەکانی خۆی دەردەبڕی، هەمیشەش دژی داگیرکەران و کۆنەپەرستانی نۆکەریان وەستاوە، بۆیەش ئەوان زۆر لێی داخ لەدڵ بوون، کە زانیان لەچالاکی و خەباتی خۆی ناکەوێت، زۆر نامەردانە شەهیدیان کرد، بەو تاوانەیان هەر لاشەی ئەو رۆڵە دڵسۆزەی گەلەکەمانیان بەخاکی نیشتیمان پێ سپێردرا، کەچی بیروباوەڕە شۆڕشگێڕەکەی، هەست و خوستە نیشتیمانیەکەی هەتا سەر زیندووە و خوێنە گەشەکەشی بەنزینە و کراوە بەسەر ئاگری شۆڕشدا تا کڵپەی زیاتر بەرزکاتەوە بۆ رەواندنەوەی شەوە زەنگی داگیرکردن و جەهالەت لە کوردستانی خۆشەویستماندا، هەر بۆیەش کاک عبدالخالق هەر نەمرو سەروەرە!

کەچی بکوژەکانی سەر شۆڕو روو رەشن!

**تێبینی:** ئەم وتارەی هەڤاڵ مام جەلال و هەریەک لە بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی و یەکێتیی نووسەرانی کوردستان بەبۆنەی تیرۆرکردنی عەبدلوخالیق مەعرووف لەدووتۆیی کوراسێکدا لە شاخ چاپ و بڵاوکراوەتەوە.





# ئەمری و سەروەری بۆ شەهیدی
# ئەمر مامۆستا عبدالخالق معروف

دوای نیوەڕۆی (١٩٨٥/٤/١٠) سێ نۆکەری حکومەتی داگیرکەری عەفلەقی، بە ئەمری ڕاستەوخۆی دایەرەی ئەمنی هەولێر، ڕێگەیان بە مامۆستا عبدالخالق معروف گرت، داوایان لێکرد لەگەڵیان سواری ئۆتۆمبێلەکەیان بێت کە ئەویش مل نادا، دەیدەنە بەر گوللەو لەسەر جادەی گشتی گەڕەکی ئازادی، شەهیدی دەکەن، پێشتریش دایەرەی ئەمنی هەولێر داوای لە ئەوقاف کردبوو کە ئەمر بدەن بە هەندێ کۆلکە مەلای چڵکاوخۆر بۆ ئەوەی لە نوێژی جومعەدا هێرشی بکەنە سەر، ئەوەبوو تەنها هەر یەکێک لەو چڵکاوخۆرانە بە دەنگیان هاتبوو.

مامۆستا عبدالخالق معروف ڕۆڵەیەکی دڵسۆزی کوردو کوردستان بوو، هەر لە سەرەتای لاوێتی دا هاوبەشی کردووە لە خەباتی ڕزگاری نیشتیمانی دا، کاتێک مامۆستا عبدالخالق، ئیمام تابوور بوو لە لەشکری عیراق، دەبێتە ئەندام لە پارتی دیموکراتی کوردستاندا، لە دوای هەڵگیرساندی شۆڕشی ئەیلوولیش بە ساڵێک خۆی گەیاندە سەرکردایەتی پارتی لە ناوچەی ماوەت و هەولوکۆششێکی زۆریدا بۆ دروستکردنی ئێستگەی شۆڕش.

سەبارەت بەوەی کە ڕۆڵەیەکی دڵسۆزو بەوەفای شۆڕش بوو، سەبارەت بەوەی کە ڕۆڵەیەکی هەڵکەوتوو بوو مەکتەبی سیاسی (پ.د.ک) ناردیە ئەوروپا بۆ چاکتر فێربوونی دامەزراندنی ئێستگە، ئەوەبوو یەکەمین ئێستگەی شۆڕشی کوردستان بە ڕێبەری ئەو شەهیدە کەوتە گەڕ.

بەم جۆرە مامۆستا عبدالخالق بە داهێنەر و بەڕێوەبەری ئێستگەی شۆڕشی کوردستان ناوی دەرکرد، وە تا ئاشبەتاڵەکەی سەرکردایەتی خێڵەکی - بورژوازیاوی هەر بەڕێوەبەری ئێستگەی شۆڕش بوو.

لە دوای ئاشبەتاڵیش ئێرانی بەجێهێڵاو ڕوی کردە ئەوروپا لەوێش هاتە ڕیزی (ی.ن.ک)ەوە بەڵام پاشان بەناچاری گەڕایەوە هەولێرو دەستی دایە کاروکاسبی کردن بۆ بەخێوکردنی مناڵەکانی، خوی خۆشی دایە ئەدەب و نوسین وە وەک ئەدیبێکی شۆڕشگێڕی هەولێر لەناو کۆڕی ئەدیباندا ڕێزی لێ گیرا.

ژیانی مامۆستا عبدالخالق معروف ژیانێکی شۆڕشگێڕانەو تێکۆشەرانە بوو، هەمیشە دڵسۆزی کوردو کوردستان بوو، ڕۆڵەیەکی پێشکەوتنخوازو ئازادیخوازو بە ئەمەکی کۆمەڵانی خەڵک بوو، دۆستێکی زۆر نزیک و یاریدەرێکی هۆشیاری شۆڕشەکەمان و (ی.ن.ک بوو، لە کۆڕی ئەدیبان و لە گەشەپێدانی جوڵانەوەی ئەدەبی شۆڕشگێڕانەدا شوێنێکی دیاری هەبوو.

کوشتنی ئەو ڕۆڵە دڵسۆزو شۆڕشگێڕەی کوردستان زیانێکی گەورەیە بۆ جوڵانەوەی ڕزگاری و جوڵانەوەی ئەدەبی کوردستان بەڵام خوێنی گەشی ئەو ڕۆڵە هۆشیارو خەباتگێڕە دڵسۆزەش بەخۆڕایی ناچێت، بەفیڕۆ ناڕوات، خوێنی گەشی ئەو ڕۆڵە هەڵکەوتووەی کوردەواریش هەر بەنزینەو دەکرێ بەسەر ئاگری شۆڕشدا، تا پتر بڵێسە بسێنێت و چاکتر کڵپە بگرێت، تاوانبارانیش، چڵکاو خۆرەکانیش، چ لە دەزگای داپڵۆسینی ئەمنی عەفلەقیەکانداو چ جاسوسان و چڵکاوخۆرە خۆیڕیەکانیشیان بەسزای خۆیان هەر دەگەیێندرێت، نەک هەر بەڕیسوا بوون و ڕووڕەشی هەتا هەتایی لەناو خەڵکدا، بەڵکو بەسزای گەل و شۆڕشیش.

لەوان و لە ئاغاکانیشیان تۆڵە هەر دەسەندرێتەوە، زوو یان درەنگ، دەردی کورد گوتەنی تۆڵە بە سەبرە ئەمما بە زەبرە.

مەکتەبی سیاسی

١٩٨٥/٤/١٥



# بەیاننامەی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان دەربارەی شەهیدبوونی نووسەری تێکۆشەر عبدالخالق معروف

**گەلی کوردی قارەمان!**

**ڕۆڵە نەبەردو دڵسۆزەکانی گەل.. نووسەرانی کوردستان!**

**هەڵگرانی مەشخەڵی ڕاستی و ئازادی!**

ئەوا شاسوارێکی دیکەشتان، لە گەرمەی خەباتی پڕ شکۆمەندی دا، بە دەستڕێژی فاشیانەی دوژمنانی خاک و مرۆڤ و ئازادی.. بە ئاگری ڕقی ڕەگەزپەرستانی لە کوردی تۆقیوی بەغدا... بە فیت و پیلان و نەخشەی ڕەشی گۆشکراوانی مەمکی خەیانەت و میللەت فرۆشی، لەسەر شۆستەیەکی بەخوێن تەڕی شاری هەولێری خۆڕاگردا، بەوپەڕی درندەیی و نامەردی، شەهیدکراو خوێنی گەشی ڕژێنرایە سەر خاکی پیرۆزی کوردستانی مەڵبەندی شەهیدان.

بەڵێ.. ئەی قەڵەم بەدەستە دلێرەکانی کوردستان! هاوڕێیەکی نووسەرتان.. ئەندامێکی کارامەو دڵسۆزی یەکێتی ی نووسەرانی کوردستان - کاک عبدالخالق معروف - کە بەو پەڕی جوامێری، قەڵەمە ڕەسەنەکەی خۆی تفەنگی پێشمەرگانە ئاسا، لە ڕووی کۆنەپەرستان و دوژمنانی گەلدا هەڵکێشابوو، پێ بەپێی - حەلاج - ی حەق ویست، بەخوێن دەستنوێژی عەشقیان پێ هەڵگرت، ئەویش بێ باکانە لەڕووی دوژمن، ڕێبازی پیرۆزمەندی سەدان هەزار هەزاری ئەو شەهیدە نەمرانەی گرتە بەر کە لە قووڵایی مێژووەوە تا ئەمڕۆ، لە پێناوی ڕاستی و ئازادی ویستیدا گیانی پاکی خۆیان بەخت دەکەن و ئاوات دەخوازن مەشخەڵی خوێنی گەشیان، ڕێی سەرفرازی گەلەکەیان و مرۆڤایەتی ڕۆشن بکانەوە.

دەزگا ئەمنییە داپڵۆسێنەرەکانی ڕژێمی ڕەگەزپەرستی عیراق، بەفیتی چەند کۆنەپەرستێکی ناحەزی دەست و دەم و دڵ پیسی دوژمن بەکورد، لە شاری هەولێردا لە سەعات دوو و نیوی پاش نیوەڕۆی چوارشەممەی ڕێکەوتی (١٩٨٥/٤/١٠)، بەوپەڕی نامەردی لە کاک عبدالخالق معروف هاتنە دەست و شەهیدیان کرد.

چونکە پێیان ئەستەم بوو کوردێکی بیر ڕۆشن و چاونەترس و دڵسۆزی وەکو شەهید عبدالخالق ببینن، بەهەڵوێست و بەنووسین و بەکردەوە، خزمەتی گەلە ستەمدیدەکەی خۆی دەکات و بەهەموو توانایەکەوە هەوڵ دەدا کۆت و پێوەندە کۆنەپەرستییەکانی دەست و قاچی گەلی کورد بپچڕێنێ..

شەهید عبدالخالق سەرەڕای ئەوەی لەبواری زانستیدا دەورێکی کاریگەری دەگێڕاو بەنووسراوە زانستییە چاپکراوەکانی، کتێبخانەی زانستیی کوردی دەوڵەمەند دەکرد.. لەمەیدانی ئەدەب و ڕۆشنبیری و لێکۆڵینەوەشدا، نووسەرێکی بەتواناو چاونەترس و جوامێر بوو، دوا کتێبی شەهید عبدالخالق - ئادەمیزاد لە کۆمەڵی کوردەواریدا - هەوڵدانێکی گەرم بوو بۆ ڕیسواکردن و ئاشکراکردنی زۆر لەو ڕاستیانە کە کۆنەپەرستان لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردیان دەشاردەوە، بۆیە لەگەڵ بڵاوبوونەوەی کتێبەکە هەموو بازرگانانی ئایین، بەتایبەتی مەلا خۆفرۆشەکەی مزگەوتی ئازادی لە هەولێر، بەدنەدانی دەزگا ئەمنییەکانی ڕژێم، لە شەهید عبدالخالق ڕاپەڕین و کەوتنە جنێو پێدان و تۆمەت پێگرتنی لە دواییشدا بەدەستی ڕژێم بە شەهیددانیاندا... وەک ئەوەی شەهید عبدالخالق گوندەکانی گۆپتەپەو زەنگەنەو قەشقەو باقلان و کانی وەتمان و دەیان گوندی دیکەی بەتۆپ و تەیارە سووتاندبێ یان مزگەوت و تەکیەکانی ئەم گوندانەی کاول کردبێ.. یان شەهید عبدالخالق سەدان جووتیاری کوردی موسڵمانی کوشتبێ و هەزاران خێزانە کوردی موسڵمانی دەربەدەرو ئاوارە کردبێ.

**ئەی کۆمەڵانی خەڵکی دلێری کوردستان:**

لەمێژووی میللەتی کورددا بەگشتی و لەمێژووی ئەدەبی کوردیدا بەتایبەتی، مەلاو پیاوە ئاینییەکانی کورد، هەمیشە پێشەنگی کاروانی ڕۆشنبیری



کوردی بوونەو هەندێ نموونەی دەگمەنیان نەبێ، ئەگینا ئەوانی تر هەمیشە لەبەرەی گەل و لەدژی داگیرکەراندا وەستاون و قەت ڕۆژێ لەڕۆژان نەبوونەتە داردەستی دوژمن و لەدژی خواستی گەلەکەی خۆیان نەکەوتوونەتە کار.. کەچی ئەمڕۆ هەندێ مەلای خۆفرۆش و ئایین فرۆش خەریکن بەفیتی داگیرکەران، نەک هەر ئەم نەریتە مێژووییە نیشتیمانپەروەریە دەخەنە ژێر پێی خۆیان، بگرە وەکو سەگی هار چنگی خۆشیان بەخوێنی ڕۆشبیران و دڵسۆزانی کوردی وەکو شەهید عبدالخالق سوور دەکەن.


ئێمە باوەڕمان وایە، هێزی پێشمەرگەی کوردستان، قەت لەم جۆرە تاوانە خۆش نابێ، هەموو ئەو کەسانەش بەسزای گەل و شۆڕش دەگەیەنێ کە لەم دوا دوایەی سەدەی بیستەمدا، لەم ڕۆژگارە شکۆدارەی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلاندا، ڕات دەکەن نەک هەر بەهەڕەشە.. بگرە بەچەک بەپەرچی پێشکەوتنخوازانی کورد بدەنەوە.

**ئەی قەڵەمە نەترسەکانی کورد یەکگرن.**

یەکگرن لەڕووی ئەم گەردەلوولە تاریکەی کۆنەپەرستاندا.. یەکگرن و با خوێنی گەشی شەهیدی نەمرمان عبدالخالق معروف، ڕووناککەرەوەی ڕێی خەبات و سەرکەوتنمان بێ..

با هەر نەمر بێ یادی شەهیدی ڕێگەی ڕاستی.. ڕێگەی وشەی ڕەسەن و بیری پێشکەوتنخواز، ڕێگەی ئازادی کاک عبدالخالق معروف...

با هەر سەرشۆڕ بن ئەو چڵکاو خۆرانەی وەکو ماری ژەهراوی لەسەر خوانی خەیانەت و خوێنی دڵسۆزانی کورددا پەپکە دەبەستن.



پێشەکی


زۆرمان دیت و زۆریشمان بیست بەڵام نەمان دیت گەلێکی ژێر دەستە ڕزگاری بووبێ بە نووشتە و دوعا، هەر گۆڕانێکی کە ڕووی دابێ بە تێکۆشان و خۆبەخت کردنی زاناکان و خەباتی شۆڕشگێرانەی گەل بووە، زۆر جار وا بووە خەباتی شۆڕشگێرانە بە ئەنجام نەگەیشتووە هەرچەندە خەباتگێڕەکان توندوتیژ و ئازا بوون، چونکە ڕیبەریان ڕۆشنبیر و شارەزای زانست نەبووە و هەروەها دڵیشی نەداوە لە ناو خەباتگێڕان تۆوی زانست و عیلم بچێنێ، بۆیە گەیشتومەتە ئەو ڕاستییە هەرتەنها زانست و ڕۆشنبیری گەلان بە ئامانج دەگەیێنێ، چونکە ئەگەر نەتەوەیێک لە عیلم و هونەر شارەزا بوو خۆبەخت کردن و شۆڕشی لا ئاسان دەبێ و تامی ژیان ناچێژی بە دیلی، ئەگەر دەبینین هەندێک بە ناو ڕووناکبیرن یان خۆیان بە ڕۆشنبیر دەزانن و نۆکەری بێگانەن و خزمەتی بێگانە دەکەن، من دەڵێم ئەوانە نیمچە خوێندەوارن و ڕۆشنبیر نین، چونکە ئەگەر مرۆ گەیشتە ڕاستی، هەموو ژیانی لا هیچە بەبێ هەستی دەروونی و ئازادی! هەر لەم سەردەمەی خۆمان وا دەبینین چەندین نەتەوەی کەم بە ژمارە سەرکەوتوون بەسەر نەتەوەی تری بە ژمارە زۆر چونکە زانست و عیلم و ڕاستی ژیانیان سەرمەشق بووە، بۆیە ئەم نووسینەم دەکەم بە دیارییەکی بچووک بۆ هەموو کوردێکی زانست و هونەر دۆست کە بیەوێ لەم ڕێگەیەوە خزمەتێک بە زمان و نەتەوەکەی بکا. دەبێ ئەوەشمان لە بیر نەچێ کە ئەگەر مرۆی کورد بگاتە ڕادەیێکی هۆشی هەرگیز لە خشتە نابرێ و نابێتە کۆیلەی بیانی، دەسا ئەی کوڕی کوردی ئازا تۆش خۆت و میللەتەکەت بگەیێنە ڕیزی پێشەوە لەگەڵ میللەتانی زانا و دانا خەریکی داتاشینی خودای خۆشبەختی بی.

عەبدولخالق مەعرووف

یەکێک لە دەستنووسەکانی عەبدولخالق مەعرووف



# عەبدولخالق مەعرووف لە دیدی (کاکە مەم)دا



عەبدولخالیق مەعرووف لە کاتی وانە وتنەوەدا.
بە کامیرای کریس کۆچێرا

* ساڵی ١٩٨٤- ١٩٨٥ لەگفتوگۆی نێوان یەکێتیی نیشتمانی کوردستان و حکوومەتی عیراق دەستی پێکرد، تۆ هاتوچۆی لای برادەرانت دەکرد، کە گفتوگۆ تێکچوو، بۆچی نەچوویتە دەرەوە؟

- بۆ بچم؟! بۆ خەبات و بەرگری هەر لە شاخ دەکرێ، بۆ ئاگاداریتان پێش ئەو ماوەیەش، لەتەک هاوەڵانم، شەهید عەبدولخالق مەعرووف و نووری نانەکەلی، بە دزییەوە هاتوچۆمان هەبوو، بە نهێنی سەرمان لە ئەدیبانی ناو شۆڕش و سەرکردایەتی یەکێتی دەدا. سەیرت پێ نەیێ کە لاسلکی (مام جەلال) خراپ بوو، بەهۆی هاورێیانی (عەبدولخالق مەعرووف)ـەوە تواندرا بە (یەدەگی) لاسلکییەکانی سوپای عیراق چاک بکرێتەوە! لەو ماوەیەدا هەر حزبێکی تریش داوای یارمەتی کردبێ، بەپێی دەسەڵات، بەدەنگییەوە چووین، چونکە خۆمان بە کوڕی شۆڕش و کوردایەتی دەزانی. ئەو چەند مانگەی باسیشی دەکەی، نەک هەر ئێمە بە ئاشکرا هاموشۆمان دەکرد، دەیان ئەدیب و هونەرمەند و ڕووناکبیریش لە بارەگاکاندا دەدیتران، خۆ نەورۆزەکەی ئەو ساڵە، کەرنەڤاڵێکی نەتەوەیی بوو کە لە قەشقۆڵی کرا، هەموو خەڵکی لەوێ بوون، بە پێچەوانەوە ئەو ماوەیەی هاموشۆ گەرم بوو، من زۆر نەدەچووم، هەتا بەشداری ئاهەنگە گەورەکەی (مێرگەپان)یشم نەکرد!



عەبدولخالق مەعرووف - مەجید شێروانی - موستەفا زەڵمی
- بەغدا - ١٩٦٠

بگەینیتە پارتی و بارەگای بارزانی؟

* فەرموو بۆ نا..

- هەموو خەباتگێڕ و تێکۆشەرانی شۆڕشی ئەیلوول، دەستی ڕەنگینی زانستیی عەبدولخالق مەعرووف-یان دیبوو، شەهیدکردنیشی چ دەنگێکی دابۆوە، پاش ڕاپەڕین تابلۆی وێنەکەی لە حەوشەی هۆڵی (میدیا) داندرا، بەڕای من ئەوە کەمترین شت بوو کە دەبوو بۆی بکرێ! بەداخەوە کە پارتی هاتەوە هەولێر، وێنەکەی لابرا.. من چاوەڕوانم دەکرد، پەیکەرێکی شایستەی خۆی بۆ بکرێ، یان بەلانی کەمەوە گەڕەکێ، شەقامێ، دەزگایەکی بەناوەوە بکرێ! چونکە کوردپەروەرێکی سەربەرز بوو.



# گەڕان و سۆراخ

**سمكۆ عەبدولكەریم**

**(١)**

ئەو ڕۆژەم وەبیرە كە (عەبدولخالیق مەعرووف) شەهید كرا، چونكە ئەودەمم سەرەتای هاتنە نێو خوێندنەوە و دونیای ئەدبیات بوو، بیر و مێشكم چەكەرەیان كردبوو، دەمەویست تێبگەم دونیا چ باسە، بۆ ڕۆژی دوای شەهیدكردنی عەبدولخالیق مەعرووف خۆم گەیاندە ماڵی مامم (مەلا محەمەدئەمین مەلا یوسف) دڵنیابووم ئەو كتێبەی (ئادەمیزاد لە كۆمەڵگای كوردەواری دا) لە كتێبخانەكی مامدا هەیە، بۆ ئەوەی بیخوێنمەوە، چونكە ئەوكات دەنگۆكان وا بڵاوكرانەوە كە عەبدولخالیق لەسەر نووسین و بڵاوكردنەوەی ئەو كتێبە كوژراوە، هەر ئەوكات كتێبەكەم لەمامم وەرگرت و خوێندمەوە، بەو تەمەنە بچووكەی ئەوسام و ئەوتێگەیشتنەی هەمبوو، پێم وابوو ئەو كتێبە هی ئەوەی نییە كەسێكی ناوداری وەك (عەبدولخالیق مەعرووف)ی لەسەر بكوژرێ. ساڵ هات و ساڵ چوو (مەلا محەمەدئەمین)ی مامم كۆچی دوایی كرد و كتێبخانەكەشی بە نسیبی من بوو. كە وا ڕێككەوت دۆسیەی ئەم جارەی گۆڤاری (دیوان) لەسەر شەهید (عەبدولخالیق مەعرووف) بێ، بە باشم زانی چاوێك بە لاپەڕەكانی ئەو كتێبەیدا بگێڕمەوە و بشزانم مامم هیچی لەنێو لاپەڕەكانی نەنووسیوە. كە تەماشام كرد لە دووشوێن تێبینی نووسیوە، منیش لێرە وێنەی ئەو دوو لاپەڕەیەتان بۆ بڵاو دەكەمەوە.

**(٢)**

ئەو كات و ئێستاش كەسانێك هەن پێیان وایە (عەبدولخالیق مەعرووف) لەسەر خودی ئەو كتێبە و بەدەستی ئیسلامییە توندڕۆكان كوژراوە، ئەمەش لە ئەنجامی ئەو هەڵایەی هەندێ لە مەلاكان لەسەر ئەو كتێبە نایانەوە.

دوای ڕاپەڕین زۆر بەڵگە كەوتنە دەست، بەڵام سەبارەت بە تیرۆركردنی (عەبدولخالیق مەعرووف) هیچ شتێكی ئەوتۆ بەردەست نەكەوت، ئەگەرچی باسی ئەوە دەكرێ كە بەڵگەكان كەوتوونەتە دەست، بەڵام شوون بزار كراون، كە ئەمەش بۆخۆی جێگەی گومان و هەڵوەستە لەسەركردنە.

سەرەنجام زۆربەی بۆچوون و بەڵگەكان دەرخەری ئەوەن كە هیچ گومانێك لەوەدا نییە (عەبدولخالیق مەعرووف) وێڕای هەموو ئەو هەڕەشە و هێرشانەی لە لایەن هەندێ لە مەلاكان كرایەسەری، تا ئاستی ئەوەی بە كافر لەقەڵەمدرا، ڕژێمی بەعس لە پشتی كوشتن و تیرۆركردنەكەیەوە بووە. ئەمەش بە بەڵگەی ئەوەی كە دەركەوتووە ئەو ئۆتۆمبێلەی كردەوەكەی پێكراوە سەر بە دائیرەی ئەمن بووە، ئەوانەشی كە تیرۆریان كرد، سەرەتا ویستوویانە بیرفێنن، بەڵام عەبدولخالیق



دووكانەكەی ئەوسای عەبدولخالیق مەعرووف



بەگەڵیان نەکەوتوە، بۆیە ناچار کوشتوویانە، ئەمەش هەر بەڵگەی ئەوەیە کە ئەوانە پیاوی بەعس بوونە. زۆربەی ئەو بەیاننامانەش کە بەم هۆیەوە لەلایەن لایەنە سیاسییەکانەوە دەرچوون پەنجەی تاوانیان بۆ ڕژێمی بەعس ڕاکێشاوە.

## (٣)

لە گەڵ موحسین ئاوارە چووین بۆ ئەو شوێنەی دوکانەکەی شەهید عەبدولخالیق مەعرووفی لێبوو، بەهۆی ئەوەی کە ئەو یەکێک بووە لەوانەی لە کاتی خۆیدا هاموشۆی دوکانەکەی کردوە.

گووتی: لەو یەک دوو دووکانە یەکێکیان هەوە، سەرمان بە دووکانێکدا کرد، کەسیک لەنیو ئاسن و کەلوپەلی هەمەچەشندا دانیشتبوو، لێمان پرسی ئەمە دووکانەکەی عەبدولخالیق مەعرووف نەبوو لە هەشتاکان؟ بۆ ئەوەی کابرا خراپ تێنەگات یەکسەر خۆمان پێناساند و گوتمان دەمانەوێ یادی بکەینەوە. بەسەرسوڕمانەوە لێمان ڕاما، پاش تێڕامانێکی وردوقووڵ، گوتی: (گا بە گاڕانەوە ڕۆیشت، پیرێژن لە گۆلکە سۆرێی دەپێچایەوە) بێ یەکوودوو فەرمووی لێکردین و بەزۆر داینیشاندین ئاوی وەسەر تەباخەکەی بەردەمی نا و گوتی: جارێ باسەرو قاوەیەک بخۆینەوە. دیار بوو زۆر داخ لە دڵ بوو، هەر بەوە ڕاگەیشتین گوێ لە گلەیی و گازندەکانی ڕابگرین، لە قسەکانیشی ڕادیار بوو کەسێکی خوێندەوار و بەئاگا بوو، پێم گوت: ناکا ئێمەت پێ شێت بێت، گوتی: ناوەڵلا ئەنگۆ پەپوولەن.

دونیا بەرەو تاریک بوون دەچوو گوتمان کات درەنگە و ئێمەش نەمانزانی کامە دووکانەکەی (عەبدولخالیق مەعرووف)ە لە گەڵمان هاتە دەرێ و گوتی: ئەو برادەرە زۆر شارەزایە و بەدڵنیاییەوە ئەو دەزانێت کامە دووکان هەوە.

دووکانەکەی نیشان داین، کە دووکانی لەفە فرۆشێک بوو، بەڵام داخرا بوو. ئێمەش وێنەیەکی دووکانەکەمان گرت و ڕۆیشتین.

دەبێنو بۆی دەپارێنەوەو لە دەرەوەی بیرو نووسین بە کردەوەو ڕەفتاری ڕۆژانەیان دژی مافی ئافرەتن ، و بە هیچ جۆرێك بیرو کردەوەیان وێك ناکەوون •

بەلای منەوە مافی ژنو یەکسانی لەگەڵ پیاودا هەر ئەوە نییە کاری ناو ماڵو منداڵ بەخێوکردنی لێ بسێندرێتەوە و چەکوچو داسو دەستەندوی جووتی بدرێتە دەستو بکرێ بە کرێکار و سەپانو جووتیارو لە کارگەو مەزراکاندا بڕەتێندرێ، یا تیرو کەوانو تفەنگی لە مل بکرێو ڕەوانەی کۆڕی شەڕێ بکرێ ، یان کاغەزو قەلەمی لە بەردەم دابندرێو لە سەر سەکۆی فەرمان ڕەوایی‌و فەرمان بەری جێ گیر بکرێ • بەڵکو مافی یەکسانی ئەوەیە « کە ئەوەی خواستو ویستو ئارەزوی هەر لایە ـ لە نێرو مێ ـ ئەگەر بۆ لایێکیان دروستو ڕەوا بێ بۆ لاکەی تریش دروستو ڕەوا بێ بەبێ لە بەرچو گرتنی مێیاتی یا نێراتی » ئەمەیە مافی مرۆڤایەتی‌و ئینسانی ئەگەر خۆمان نە خەڵەتێنین و ڕێرەوی ئایین نەگرین، چونکە وەك باسی دەکەم ئایین ڕێرەوێکی تایبەتی گرتووە و تێڕوانینێکی تایبەتی هەیە •

ماف ئاوایە ، دەنا ئەوێتر وەك لە کارگە ئیش پێکردنو کردنی ژن بە وەرزێرو سەپانو شتی‌تر لەم بابەتەو کردنی بە هاوتای پیاو لە ڕووی کارەوە ئەمە پێی نا گوترێ ماف • بەڵکو ئەمە چەوساندنەوەی ژنە ، چونکە بارەکەی گرانتر دەبێ

٦

دووەم گوفتارو ئاکارو ڕەفتارو کردارەکانی پێغەمبەرە « د خ » و هەروەها کردەوەکانی جێگرەکانی پێغەمبەر کە لە ڕیوایەتی سەحیحی موسلیم وەرگیراوە ، سەحیحی موسلیمیش یەکە لە شەش کتێبە باوەڕ پێکراوەکانی حەدیس •

سێهەم ، بیرو ڕای ئیمامی شافیعی‌یە « خ ل » کە لە کتێبی « ئەلئوم » وەرگیراوەو نووسینی ئیمام ئەبو عەبدوڵلا موحەممەد کوڕی ئیدریسی شافیعی لە سالانی ١٥٠ ـ ٢٠٤ی کۆچی‌دا ژیاوەو ئەم بیرو ڕایەی نووسیوە • جا لەمەو دووا دەقەکانیان لەگەڵ وەرگێڕانیان بۆ کوردی دەخەمە بەر دەستتانو ئومێد دەکەم لێی تێبگەنو هەر کەمو کوڕی‌یەکیش هەبێ لێم ببوورنو جێگەی سوپاسمە ئەگەر بیخەنە ڕوو با بۆم ڕاست بکەنەوە •

١٩٨٥-٤-١١




# عەبدولخالیق مەعرووف لە یادگاری کوردستانی نوێ دا

ڕەوەست نەوزاد

بۆ یادکردنەوەی کەسایەتی دیارو تێکۆشەر و نووسەری ناوداری تیرۆرکراوی شاری هەولێر عەبدولخالیق مەعرووف، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ لەڕۆژی چوارشەممە ٢٠١٨/٤/١١ پاشکۆیەکی بەناوی (یادگار) کە لەهەشت لاپەڕە پێکهاتبوو بۆ یادکردنەوەی ئەو کەسایەتییە بەناوونیشانی (عەبدولخالیق مەعرووف – میری شەهیدانی قەڵەم) بڵاوکردەوە.

لاپەڕەی دووەمی پاشکۆکە بابەتێکی فراوانی نوسەرو ڕۆژنامەنووس کامەران سوبحانە سەبارەت بەکتێب و




دەستنووسەکانی عەبدولخالیق مەعرووف کە تێیدا باس لەدوو لەکتێبەکانی دەکات کە ئەوانیش (ئادەمیزاد لەکۆمەڵی کوردەواریدا) و (دیوانی نالی کێ ڕاستە) کە بەڕای ئەو عەبدولخالیق دوو دیدگای جیاوازی بۆ دنیای ئەدەبی و هزری هەبووە.

لەلاپەڕەی سێیەمی پاشکۆکە دوو بابەت بڵاوبۆتەوە کە یەکێکیان وتاری نوسەری شارۆچکەی مەخمور بەختیار پاڵانیە بەناوی (عەبدولخالیق مەعرووف .. قەڵەمێکی بوێر و هەمیشە دڵسۆز بوو) کە تێیدا باس لەژیانی ناوبراو دەکات کە لەگوندی سەید عوبێدی ناحیەی کەندێناوە لەساڵی ١٩٣٥ لەدایکبووە.

بابەتی دووەمی لاپەڕە سێی پاشکۆکە بریتیە لەوتارێکی نووسەر هەورامان عەلی بەناوی (هەولێر لەنێوان سەواف و عەبدولخالیق دا) کە تێیدا نوسەر باس لەوە دەکات کە محەمەد مەحمود سەواف کە سەرکردەیەکی عەرەبی ئیخوان مەسلیمین بوو، زۆرجار دژایەتی میللەتی کوردی کردووە و هەوڵی تیرۆرکردنی چەندین کەسایەتی شۆڕشگێڕی کوردی داوە لەوانە سەرۆک مام جەلال، کەچی ئێستا لەشاری هەولێر گەورەترین مزگەوت بەناوی ئەو کەسایەتیە دژە کوردە ناونراوە، کەچی هیچ شوێنێکی گشتی لەشارەکە بەناوی عەبدولخالیق مەعرووف ناونەنراوە

لاپەڕە شەشی پاشکۆکە سێ بابەت بڵاوکراوەتەوەکە یەکێکیان هی نووسەرو ڕۆژنامەنووس خەلیل عەبدوڵڵایە تێیدا باس لەئازایی و بوێری عەبدولخالیق دەکات، بابەتی دووەمیش بریتیە لەبیرەوەریەکانی تێکۆشەری دێرینی کورد حەمید ڕەشاش کە باس لەدڵسۆزی و بەجەرگی و بەتوانایی لەکاری ئەندازیاری عەبدولخالیق مەعرووف دەکات، بابەتی سێیەمی لاپەڕەکەش بریتیە لەبابەتێک بەناوی (عەبدولخالیق مەعرووف ی نووسەر و ڕۆشنگەر)

لاپەڕە حەوتی پاشکۆکەش بریتیە لەدوو بابەت کە یەکێکیان بریتیە لەوتارێکی هەڤاڵ کوێستانی بەناوی ( عەبدولخالیق مەعرووف ڕەخنەی دەرنەفیزی لە شێرکۆ بێکەس دەگرێت) بابەتی دووەمی لاپەڕە حەوتی پاشکۆکە لەلایەن حەسەن یاسینەوە نوسراوە بەناوی (مەلای زانا) کە باس لەدژایەتی مەلایەکی شاری هەولێر بۆ عەبدولخالیق مەعرووف دەکات.

لاپەڕە هەشتی پاشکۆکەش کە دوا لەلاپەڕەیەتی دوو شیعری تێدا بڵاوکراوەتەوە کە یەکەمیان هی شاعیری گەورەی کورد شێرکۆ بێکەسە بەناوی (کەڵ) کە بۆ عەبدولخالیق مەعرووف ی نوسیووە. شیعری دووەمیش لەلایەن شاعیر ساڵح بێچار نوسراوە بەناوی (شەق مەهاوە).

# مێژوویی

- **هەولێر لە سەرچاوەکانی سریانیدا - لێکۆڵینەوەیەکی شیکاریی رەخنەییە**

ن: د. فەرسەت مەرعی - و: حەسەن یاسین


- **بزووتنەوەی سمکۆ و پرسی نەتەوەیی کورد (بەشی سێیەم و کۆتایی)**

ن: ڕزگار بەرفروخت - و: ڕێباز مستەفا

- **یادداشتی ڕۆژانێک لە ئەرشیفی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دا**

موحەممەد گەڵاڵەیی

# هەولێر لە سەرچاوەکانی سریانیدا



**پێشەکی:**

گرنگی سەرچاوەکانی سریانی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ماوەیەکی گرنگ لە مێژووی گەلی کورد پێش سەدەکانی (فەتح)ی ناوچەکانی کورد، لەلایەن ئیسلامەوە، تۆمار دەکەن، ئەمە جگە لە پێوەندیی کورد بە هەریەک لە دەوڵەتانی فارس و ساسانی و بیزەنتییەوە، هەروەها ڕووداوەکان دەبەستنەوە بەگرێدانی کۆبوونەوەکانی کەنیسەیی و دروستکردنی ئەسقوفییە و کەنیسە و دێرەکانەوە لە ناوچەکانی کورد، چونکە ڕاستییەکەی ئەو ناوچەیە ناوچەی جیاکردنەوەی ئیمارەتی ڕوهایە (ئەدسا)١ کە تیایدا لە کۆتایی سەدەی دووەمی زایینی مەسیحییەت بڵاوبوەوە، ئەمە لەلایەک، لەگەڵ دەوڵەتی فارسیش لەلایەکی ترەوە٢



ن/ د. فەرسەت مەرعی
و/ لە عەرەبییەوە: حەسەن یاسین

ڕاستییەکەی، سەرچاوەکانی سریانی سەرچاوەی ئارامین، بەو پێیەی زمانی سریانی، کە ئەو سەرچاوانەی پێنووسراوەتەوە کە باسکران، یەکێکە لە زارەکانی ئارامی٣ ئارامییەکانیش نەتەوەیەکی کۆنن لە نەتەوەکانی سامی کە لە دوورگەی عەرەبەوە کۆچیان کردووە٤ لەسەرچاوەکانی مێژووییدا لەسەدەی بیست و چوارەمی پێش زایینەوە لەسەردەمی پاشای ئەکەدی نرام سین (٢٢٦٠ – ٢٢٢٣ پ.ز)٥ باسیانکراوە، ئەگەرچی لێکۆڵیاران هەن پێیان وایە کۆچی مێژووییان لە دورگەی عەرەبییەوە لەماوەی نێوان هەردوو سەدەی چواردە و دوازدەی پێش زایین تێپەڕناکات٦

زمانی ئارامی لەهەردوو سەدەی یەکەم و دووەمی زایینیدا بوو بە دوو بنەزمانی سەرەکی، کە هەریەکەیان کۆمەڵێک زار لەخۆ دەگرن:

١. ئارامیی خۆرهەڵات: زارەکانی حەزەری (شاری بە ناوبانگی حەزەر) و ئارامیی بابلی و ئارامیی ڕوهایی (سریانەکانی شاری ڕوها) و زارەکانی سابیئی (مەندایی – زاری سابیئەی باشوری عێراق) و زارەکانی ئاشوری (ئاشوری – زاری دانیشتوانی باکوری عێراق و باکوری خۆراوای ئێران و ناوچەی هەکاری لە تورکیا لە خۆدەگرێت٧

٢. ئارامیی خۆراوا: زارەکانی ئارامیی نەبەتی تەدموری (شاری بەناوبانگی تەدمور) و ئارامیی فەڵەستینی و سووری و هیدیکە لە خۆدەگرێت٨

ئارامییەکان، لە کۆتایی سەدەی سێزدەهەمدا، توانییان چەند دەوڵەتۆکە و ئیمارەتێک لە ناوچەکانی فوراتی سەروو و ناوەڕاست دروست بکەن، لەوانە: دەوڵەتی ئارام نەهرایم، کە ناوی بە دەستەی ئارامیی نێوان دوو زێ هاتووە، دەوڵەتۆکەی فدان (ئارام) کە ناوەندەکەی حەران بووە٩ هەروەک لە تەوراتدا ناوی دەرکردووە بەوەی هەواری ئیبراهیم خەلیل (سڵاوی خوای لێبێ) و ئەندامانی خێزانەکەی بووە لەماوەی کۆچیان لە ئوری کلدانییەکانەوە، لە ڕێگایاندا بەرەو وڵاتی کەنعانییەکان «فەلەستین»١٠

ئارامییەکان، کاریگەرییەکی بەرفراوان و گەورەیان لەسەر مێژووی دێرینی خۆرهەڵاتی نزیک هەیە، لەڕووی دانیشتوان و ژیار و زمانەوە، تەنانەت ئارامی بووبوو بە زمانی نامە گۆڕینەوەی نێودەوڵەتی، وێڕای ئەوەی زۆرینەی دانیشتوانی هیلالی خەسیب (هلال الخصیب) قسەیان پێدەکرد، ئەمە جگە لەوەی زمانی مەسیح (سڵاوی خوای لێبێ) و شوێنکەوتووەکانیەتی١١

لەکۆتایی سەدەی دووەمی زایینیدا، مەسیحییەت گەیشتە نێو وڵاتی ئارامییەکان لە (ڕوها) کە ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ئەوانەی بڕوایان بە مەسیحییەت هێنابوو نەفرەت لەناوی کۆنی ئارامی بکەن، کە لەلای جووە مەسیحییەکان هاووتای بتپەرستییە و وشەی سریانی لە جێگەی ئارامی بەکاربهێنن، ئەو ناوەی یۆنانییەکان، کاتێ لەساڵی ٣١٢ی پ.ز لەسەردەمی پاشا سلوقسی یەکەمدا(٣١١-٢٨١ پ.ز) وڵاتەکەیان داگیرکرد و ناوی ئارامییەکانیان بەباڵای شارە بتپەرستەکانی وەک (حەڕان)دا بڕی١٢

ئیدی مەسیحییەت پەلیهاویشت بۆنێو هەرێمەکانی ئێران و لە نێویشیدا ناوچەی کورد، لە کاتێکدا زەردەشتی١٣ دینی ڕەسمی بوو لە دەوڵەتی ساسانیدا، هەر لەسەردەمی دامەزرێنەرەکەی ئەردەشێری یەکەمەوە (٢٢٤ – ٢٤١ ز) کە بەگوێرەی گێڕانەوەکانی فارسی، فەرمانیدا بەهەربەدان هربد تنسەر١٤ دەقە جیاجیاکانی کتێبی پیرۆزی زەردەشتی (ئاڤێستا)ی ئەشکانی کۆبکاتەوە و یەک دەقی لێبنووسێتەوە، ئەوەبوو مۆڵەت بەو دەقە درا و بە پیرۆز دانرا١٥

لەلایەکی دیکەوە گێڕانەوەکانی مەسیحی (سریانی) سیمایەکی گرنگ دەبەخشن بە بڵاوبوونەوەی زووی مەسیحییەت لە ناوچەی حدیاب (ئەدیابین) Adiabaen ١٦

لەڕێگەی ئەو کاری مژدەدەرییەی (مار ئەدی)١٧ لەنێوخۆ و وڵاتانی دەوڵەتی ساسانی (لە کورد و سریان و هیتر) لەناوچەی حزە (حدیاب) ئەنجامیدا، کە توانیی پیاوێک بە ناوی (فقیزا) لە نزیکەی ساڵی(٩٩ز) دا بکا بە مەسیحی، کە لە بنەماڵەیەکی هەژاری هەولێر بوو، لەدەست بنەماڵەکەی هەڵهاتبوو و پەنای بردبووە بەر (مار ئەدی) کە لە چیاکانی میرنشینیی حدیابدا، ماوەی پێنج ساڵ بوو مژدەی ئینجیلی دەگەیاند. پاشان کردی بە قەشە و ساڵی(١٠٤ز) ڕەوانەی هەولێری کردەوە. هەروەها مەتران (ئەدی شێر) باسی لیستی ناوی (١٠) قەشە دەکات، کە کورسیی قەشەییان لەشاری هەولێر لەساڵی(١٠٤ز) تا (٣١٢ز) وەرگرتووە١٨

### بڵاوبوونەوەی مەسیحییەت لە ئەربل (ئەربیل- هەولێر)

پاش هەڵکشانی مەسیح بەرەو ئاسمان، مەسیحییەت بڵاوبووەوە، بڵاوبوونەوەکەش لە فەلەستینەوە بەرەو هەموو لایەکی گۆی زەوی دەستی پێکرد. ئەوەی بەلای توێژینەوەکەی ئێمەوە گرنگە ئەوەیە، پێشەنگەکانی مەسیحییەت بەگوێرەی ڕای کڵێسا و نووسەرانی، لەکۆتایی سەدەی یەکەم و دووەمی زایینی، گەیشتنە وڵاتی میزۆپۆتامیا و کوردستان و بانی ئێران، بەگوێرەی ڕای خۆرهەڵاتناسان و زانا ئەوروپییەکانی پسپۆڕ لە (سریانیناسی)یش ئەمە لەسەرەتای سەدەی سێیەم بووە.

بەپێی گێڕانەوەیەکی مەسیحی (مارئەدی)یان ئەدای مژدەی مەسیحییەتی ڕاگەیاندووە و توانیویەتی لەنزیکەی ساڵی(٩٩ز) دا پیاوێک بەناوی (فقیزا)وە کە لە خێزانێکی هەژاری هەولێر بووە، بکا بە مەسیحی. ئەم پیاوە خێزانەکەی خۆی جێهێشتووە و پێوەندیی بە (مارئەدی)یەوە کردووە، کە بۆ ماوەی پێنج ساڵ لە میرنشینیی حدیاب (ئەدیابین) دا لە وڵاتی کوردان ئینجیلی بڵاوکردۆتەوە. پاشان ئەم پیاوەی کردووە بە قەشە و ساڵی (١٠٤ز) ڕەوانەی هەولێری کردووە. مەتران ئەدی شێر١٩ باسی لیستێکی (١٠)کەسیی کردووە، کە قەشەن و لەماوەی نێوان ساڵی ١٠٤ تا ٣١٢ ز کورسیی قەشەییان لە شاری هەولێر وەرگرتووە. ئەمەی خوارەوە زنجیرە و کاتی وەرگرتنی کورسیی قەشەییانە لە هەولێر:

### زنجیرە و ناو و ماوە و کاتی وەرگرتنی قەشەییان

١- بقیدا ١٠ ساڵ (١٠٤-١١٤)
٢- شەمشون ٣ ساڵ (١٢٠-١٢٣ز)
٣- ئیسحاق ١٣ ساڵ (١٢٣-

**"مەسیحییەکانی ئێران و وڵاتی میزۆپۆتامیا و کوردستان، بەئاشتی دەژیان تا ژمارەیان کەمبوو، بەڵام هەڵوێستەکە لەسەرەتای سەدەی چوارەمی پێش زایین گۆڕا"**

(١٣٦ز)
٤- ئەبراهام ١٥ ساڵ (١٥٠-١٦٥ز)
٥- نوح ١٦ ساڵ (١٦٥-١٨١)
٦- هابیل ٧ ساڵ (١٨٤-١٩١ز)
٧- عبیدمشیحا ٢٥ ساڵ (١٩١-٢١٦)
٨- حەیران ٢٣ ساڵ (٢١٦-٢٤٩ز)
٩- شحلوبا ١٥ ساڵ (٢٤٩-٢٦٤)
١٠- ئحادابوی ١٨ ساڵ (٢٥٤-٢٧٢ز)٢٠

هەر بەهەمان شێوە گێڕانەوە مەسیحیەکە دەڵێ: (مارئەدی) و (مارماری)٢١ یەکەمین دوو نێردراوی مژدەدەری

**تەواوی ئەو ململانێ فیکرییەی لەنێوان زەردەشتی و مەسیحییەتدا هەبوو، بەرژەوەندییەکانی چینی فەرمانڕەوای ساسانی لەپشت بوو**

مەسیحییەت بوون لەشاری (کەرخ بێت سلوخ) و ناوچەکانی دەوروبەری٢٢

### مێژووی ئەربل دانراوی مشیحازخا لەنێوان ڕاستی و ئەفسانەدا

(ئەدی شێر) لە گێڕانەوەکانیدا پشت بە مێژووی ئەربیلی مشیحازخا دەبەستێت.

ئەم مێژووەش بۆ یەکەمین جار لەساڵی (١٩٠٧)دا لەسەر دەستی ئەلفۆنس منکنا٢٣ بەناوونیشانی مێژووی ئەربیل ( choroniquid Arbele) بڵاوبوەوە، کە هەوڵیدا ناوی (مشیحازخا) وەک دانەری کتێبەکە لەخۆی بنێت. بەپێی قسەی مێژوونووسی سریانی عەبد یەشوع سۆبادی لە پێڕستەکەیدا، مشیحازخا مێژوویەکی کڵێسەیی دروستی هەیە٢٤ ئەم کتێبە هەڵلایەکی گەورەی نایەوە لەناوەندەکانی توێژەران و بایەخداران بە دەستنووس و سەرچاوەکانی سریانی. بەشێوەیەک ئەدوارد ساخاو ( Edward Sachav) بە سەرچاوەیەکی گرنگی زانینی لاپەڕە نادیارەکانی مێژووی مەسیحییەت بە گشتی و کڵێسەی خۆرهەڵاتی بەتایبەتی داناوە و لە ساڵی (١٩١٥)دا وەریگێڕاوەتە سەر زمانی ئەڵمانی، کەچی فرانس زۆریل وەریگێڕاوەتە سەر لاتینی، مەتران پوترس عەزیز وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی و لە گۆڤاری (النجم) دا کە لە موسڵ بەسەرپەرشتیی مەتران سولێمان ئەلسائیغ لە ساڵانی ١٩٢٩-١٩٣١ دەردەچوو، بڵاوی کردۆتەوە٢٥

(باوە پۆل پیترس) گومان و ناڕەزاییەکانی خۆی سەبارەت بە بەهای مێژوویی دەقەکە و لاوازییەکەی خستۆتەڕوو٢٦ و لەمەدا (ئۆرتیزدی ئۆربینای) یەسوعی پشتگیری دەکا، کە لە منکنا و ئەو دەقەش کە بڵاوی کردۆتەوە ناڕازییە، کەچی (مسینا) کە یەسوعییەکی دیکەیە، بەرگریی لە (منکنا) کردووە٢٧

بۆ دەرچوون لەم تەنگوچەڵەمەیەش زانای دەستنووسناس (ئیسفالج) دەستخەتی نێو دەستنووسەکەی تاقیکردۆتەوە، کە بابەتی توێژینەوەکەیە و گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی دەستنووسەکە نوێیە.

پاشان مێژوونووسی بەناوبانگی (دۆمنیکی جان مۆریس فییە) بابەتی توێژینەوەکەی لە توێژینەوەیەکدا یەکلاکردۆتەوە، کە ساڵی (١٩٦٧) بڵاویکردۆتەوە و بەرەنجامەکەی ئەمەیە:

(ناکرێ پشت بەم دەقە ببەسترێ وەک سەرچاوەیەکی مێژوویی، چونکە ئێمە ناتوانین بڕگە ڕەسەن و دەسکاریکراوەکان بەبێ ساغکردنەوەیان لەبەر ڕۆشنایی سەرچاوەیەکی دیکە ساغ بکەینەوە، بۆیە واباشترە دەستی لێ بەربدرێ وەک ئەوەی هەرنییە)٢٨

دەبێ ئاماژە بەوەبکرێ ئەو ڕەخنەگرانەی ناڕەزاییان لەسەر دەقە بڵاوکراوەکەی مێژووی مشیحازخا هەیە، گەیشتونەتە ئەوەی دەستنووسە ڕەسەنەکە، کە منکنا ساڵی ١٩٢٧ بە بڕی ٣٥٠٠ فرەنک فرۆشتویەتیە کتێبخانەی بەرلین (بە ژمارەی ٣١٢٦ تۆمارکراوە) و کۆن نییە، بەڵکو نوێیە و قەشە ئۆراها شکوانا ئەلقۆشی (١٨٥١-١٩٣١) نووسیویەتی و هەوڵیداوە ساختەکاریی تێدا بکا بەوەی خستویەتیە نێو تەنورێکی پڕ لەدوکەڵ، ئەمەش بەپێی ئەو ئەنجامەی شارەزای دەستنووسەکان (ئیسفالج) پێیگەیشتووە. هەروەها قەشە ئۆراها شکوانا لای دۆستێکی خۆی دانی بەوە داناوە منکنا ئەو ڕێگایەی فێرکردووە کە چۆن وابکات دەستنووسێک بە کۆنە نیشان بدات)٢٩

بەپێی ئەو وردەکارییانەی مێژوونووسی کڵێسەیی دۆمنیکی فییە Fie کۆیکردۆتەوە هیچ کەسێک دەستنووسی کۆنی (ئیقرور)ی نەدۆزیوەتەوە، کە منکنا بانگەشەی ئەوەی دەکرد دەستیکەوتووە٣٠ لێرەدا توێژەری عێراقی (یوسف حەبی) دەپرسێت: بۆچی قەشە منکنا پەنای بردۆتەبەر ئەم

تەڵەکەیە، پرۆسەی هەڵبەستن و دەسکاریکردنی دەقە ڕەسەنەکە؟ لە وەڵامدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ڕەخنەگران گەیشتوونەتە ئەوەی ئامانجی منگنا پارە نەبووە، بەقەد ئەوەی بەجێهێنانی بانگەشەکانی سریانچییە نوێیەکانە (مەبەستی خۆهەڵاتناسەکانە)٣١ ئەو ئەفسانە و حیکایەتانەی سریانییەکانیان پوچەڵ کردەوە، کە جەخت لەسەر بڵاوبوونەوەی زووی مەسیحییەت دەکەن لە وڵاتی میزۆپۆتامیا و ئێران لەسەر دەستی نێردراوان و شاگردەکانیان. ئەو کارانەی دراونەتە پاڵ تۆما و مارئەدی و ماری هەر بەچیرۆک و حیکایەت لەقەڵەم دەدەن، نەک شایەتحاڵێکی مێژوویی. گەلێک توێژەر و مێژوونووسی کورد پشتیان بەم سەرچاوە ساختەیە (مێژووی ئەربلی مشیحازخا) بەستووە بۆ نووسینەوەی مێژووی کورد و بەیەکەوە بەستنەوەی ئەڵقە ونەکانی ئەم مێژووە، لەوانەش د. جەمال ڕەشید لەگەڵی دانراویدا وایکردووە.

هەر بۆ نموونە لە (دراسات كردية في بلاد سوبارتو) و (تأريخ الكرد القديم) بەهاوبەشی لەگەڵ د. فەوزی ڕەشید، (ظهور الكرد في التاريخ) هەروەها مامۆستا عەبدولموئمین دەشتی کتێبی (مێژووی ئەربل)ی لەژێر ناوونیشانی (کرۆنۆلۆژیای ئەربێلا) لە دانانی خۆرهەڵاتناسی ئەڵمانی ئیدوارد زاخاو وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی- زاری کرمانجی خواروو، وەک ئەوەی بەم کارانە خزمەتێکی گەورەی مێژووی کوردیان کردبێت، وەک پڕکردنەوەی کەلێنێکی بەرینی ئەم مێژووە، جگە لەوەی بانگەشەی زوو بڵاوبوونەوەی مەسیحیەتیان لە وڵاتی کوردان کردووە، وەک بڵێی ئاگاداری ئەوە نەبن کە پسپۆڕانی سریانیناسی چیبان لەم بارەیەوە نووسیوە، بۆیە نووسینەکانیان ناتەواوە و بەدەرە لە میتۆدی زانستی، کە ڕاستییەکان دەخاتەڕوو.

بۆ بەیەکەوە گونجاندنی ئەم بیروڕا ناکۆکانەی نێوان نووسەرانی کڵێسە و خۆرهەڵاتناسان، پێدەچێ مەسیحییەت لەشاری ڕوهاوە شۆڕبووبێتەوە بۆ نێو وڵاتی میزۆپۆتامیا، کە لەبەراییدا گەیشتۆتە هەرێمی حدیاب (ئەدیابین) و بێت کرمای و پاشان گەیشتۆتە پشت شاخەکانی کوردستان (زاگرۆس) و بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار زۆر لە خەڵکی ئەم ناوچانە بوونەتە مەسیحی. کۆمەڵ و هەواری بچووکی مەسیحی دروستبوون و لە کۆتایی دەوڵەتی برتی (ئەشکانی) و سەرەتای دەرکەوتنی دەوڵەتی ساسانی شتێکی ئەوتۆ نەبوون. خۆرهەڵاتناسی ئەڵمان (ئارسەر کریستنسن) جەخت لەسەر ئەم لایەنە دەکاتەوە و دەڵێ: ((ئەفسانە، سانت تۆما (مارتوما) لە پارپیا دەکا بە مژدەدەر و لەکارە هەڵبەستراوەکانی تۆماسدا دەبینین پەیامەکەی گەیاندۆتە هیندستان، بەڵام ئەم کارانەی لەڕووی مێژووییەوە ڕاست نین))٣٢ کاتێکیش باس لە ڕۆڵی سیاسیی مەسیحییەکان لە دەوڵەتی پارسیدا دەکات دەڵێت: ((مەسیحییەکان لە ڕۆژگاری ئەشکانییەکاندا هیچ ڕۆڵێکی سیاسییان نەبووە و... پلەی جاپلیق لەسەردەمی ئەشکانیەکاندا بوونی نەبووە))٣٣ لەکاتێکدا مەتران ئەدی شێر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە نێردراو ماری دەستی کردووە بە ((گەڕان لەنێو وڵاتی حدیاب و کەرکوکدا... تا لە ساڵی ٨٢ ز دا لە مەداین مردووە))

ناوبراو سی و سێ ساڵ لە خۆرهەڵاتدا ژیاوە و لەوێ کورسیی فترکیی لە مەداین (مەدائن- سەلمان پاک) دامەزراندووە و بۆتە یەکەمین قەشەی دانیشتوو لەسەر کورسیی فترکی٣٤

### پایەی ئەبرەشییەی حدیاب (ئەربل – ئەربیل) لە کڵێسەی خۆرهەڵاتدا

پاش ئەوەی بەڕێوەبردنی هەرێمی حدیاب و پێکهاتە کەنیسەییەکانی ڕێکخران، هەرێمەکە درێژ بووەوە تا گەیشتە باکوری ئازەربایجان و نەینەواش، ئیدی سنوورەکەی، لەڕووی کەنیسەییەوە، گەیشتە زێی بچووک تا زێی خازر لە سنوری هەرێمی وان و دەوروبەری شاری ورمێوە تا زێی دجلە٣٥

ساڵی (٣١٠ ز) جاپلیق (بەتریارک) فافا، کورسیی حدیابی بۆ پایەی مەترافۆلیتی بەرزکردەوە، کە (١٩) کورسیی لە ژێر دەسەڵاتدا بووە، بەمشێوەیە:

ژمارە و کورسی قەشەیی ناوچەی جوگرافی

١- حبتۆن دەکەوێتە ڕۆخی زێی گەورە (ناوچەی عەشیرەتی سورچی)

٢- بیت بغاش باکوری حبتون، ناوچەی مێرگەسۆر

٣ -برحبس نەناسراوە

٤ -دبرنیوس ڕەنگە گۆڕینی ناوی دیبۆر بێت، کە دەکەوێتە لای سەرچاوەی زێی بچوک لە باشوری خۆرهەڵاتی ڕەواندوز

٥- دبرغسان ڕەنگە بەنانیس بێت، ناوی ناوچەی دەرەوەی سالاخ (ناوچەی سیدەکان)

**“ ئەگەر ئیسلام نەگەیشتبایە ئێران، ئەوا مەسیحیەت هەموو لایەکی ئەو وڵاتەی دەگرتەوە، بەڵام زەردەشتی لەسەر دەستی مەسیحییەتدا تێکشکا ”**

٦ – ڕامونین نەناسراوە

٧ – بیت مهقرت نەناسراوە

٨ نەینەوا ئەوکات گوندێکی بچووک بووە (نەبی یونس)

٩- حدپا دەکەوێتە کەناری خۆراوای زێی دیجلە لە باشووری موسڵ (حەمام علیل)

١٠- تیمنا دەکەوێتە ناوچەی جزیرە، لەنێوان سنجار و قەڵای شەرگات.

١١- بیت نوهدرا قەزای زاخۆ و قەزای سمێل دەگرێتەوە.

١٢- مالتا (معلپا- معلتا) یەکێکە لە کەنارەکانی خۆراوای دهۆک.

١٣- حانیپا دەکەوێتە باشوری قەندیل لەسەر کەناری خۆرهەڵاتی زێی گەورە.

١٤- داسان ئەو ناوچەیەی دەکەوێتە نێوان چیای گارە و سنووری عێراق تورکیا (ناوچەی قەزای ئامێدی)

١٥- مرکا ناوچەی مێرگی موسڵ، کە قەزای ئاکرێ و چەند ناوچەیەکی شێخان دەگرێتەوە.

١٦- سالاخی ناوەوە باکووری مرکا (قەزای شەقڵاوە)

١٧- پشتدەر شارۆچکەیەکی شاخاوییە لە نێوان ڕەواندوز و کۆیسنجق


١٨- عەین سفنا عەین سفنی (ناوەندی قەزای شێخان)

١٩- ئازەربایجان گرنگترین شارەکانی بریتین لە (ورمێ، شنۆ، مەراغە و کەنزەک)

**دۆخی مەسیحییەکانی کوردستان**

مەسیحییەکانی ئێران و وڵاتی میزۆپۆتامیا و کوردستان، بەئاشتی دەژیان تا ژمارەیان کەمبوو، بەڵام هەڵوێستەکە لەسەرەتای سەدەی چوارەمی

**"هەردوو ئایینی مانیزم و مەزدەکی، کە لە ناوەڕاستی ئێراندا پەیدابوون، بە دوو دوژمنی سەرسەختی ئایینی زەردەشتی دادەنران"**




پێش زایین گۆڕا، کاتێک ئیمپراتۆری ڕۆمانی قوستەنتین Costantin مەرسومی بەناوبانگی میلانی لە ساڵی (٣١٣) دا دەرکرد و دانینا بە مەسیحییەت وەک ئەو ئایینانەی لەنێو ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانیدا خەڵک ڕێگەپێدران هەڵگری بن (٢٠) چونکە مەسیحییەکانی نێو ئیمپراتۆریەتی ساسانیی فارسی دەبوو بەرگەی ئەم کارە بگرن، لەبەرئەوەی دەوڵەتی ساسانی وەک بەکرێگیراو (تابووری پێنجەم)ی دەوڵەتی ڕۆمانی سەیری دەکردن٣٦ ئەوەی ئەم گرفتەی گەورەتر کرد ئەوەبوو ئەرمینیا کە دەوڵەتێکی سنوری بوو، لەنێوان فارس و بێزەنتەدا بوو بەمەسیحی، پاش ئەوەی پاشا تیریداتی سێیەم Tradt لەساڵی (٣٠١) یان (٣١٤ز)دا ڕایگەیاند ئەرمینیا بەڕەسمی بوو بەمەسیحی٣٧ ئەوەی ئەم قسەیەش پشتڕاست دەکاتەوە

ئەو نامەیەی شای فارس شاپووری دووەمە (٣٠٩ – ٣٧٩ز) کە بۆ میرەکانی ئەرمەنی ناردووە و دەڵێ: (کاتێ بەم فەرمانەی ئێمەی خواوەندەکانی دی دەزانن، کە لەو سندوقەدایە وابۆتانمان نارد، ئەوە لەسەرتانە سیمۆن سەرۆکی نزارییەکان بگرن و ئازادی نەکەن تا ژمارە لەو بەڵگەنامەیە نەدات، ڕازی نەبێت دوو ئەوەندە جەزا و غەرامە نەدات و لەجیاتی هەموو نزارییەکان، کە لەوڵاتی قەداسەتمان دەژین و لە خاکمان نیشتەجێن پشتگیریمان نەکات، چونکە ئێمەی خواوەندانی دی، جگە لە هیلاکییەکانی جەنگ، هیچیتر بەشمان نییە و ئەوانیش هیچیان نییە جگە لە ئاسودەیی و خۆشی! ئەوان لە وڵاتەکەماندا نیشتەجێن و هەمان هەستی قەیسەری دوژمنمانیشیان هەیە)٣٨

بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار، دانیشتوانی مەسیحی لە ناوچەکەدا زیادی کرد و بوون بە چەند کۆمەڵێکی دیاریکراوی نێو ئیمپراتۆریەتی ساسانی و پەتای ناکۆکیی لاهوتی، کە لەنێو کەنیسەکانی مەسیحیدا هەبوو، گەیشتە ئەو کەنیسانەش، ئیدی مەزهەبی منوفستی بوو بە ڕکابەری نەستوریی باوی نێو خاکی ئیمراتۆریەتی ساسانی.

ئەم ڕووداوانە بوون بە پێشەکیی یەکەمین چەوسانەوە، کە لەمەسیحییەکان بەگشتی و کوردە مەسیحییەکان بەتایبەتی کرا، بەتایبەت لە ساڵی (٣٣٩ز) ەوە تا مردنی پاشا شاپووری دووەم لە ساڵی (٣٧٩ز)دا، کە سەرچاوەکانی سریانی بە (چەوساندنەوەی چلە) ناوی دەبەن، ئەویش لەبەر زۆری و توندیی چەوساندنەوەکە و ئەو ماوەیەی خایاندوویەتی.

باوە دکتۆر ئەلبیر ئەبونا ئاماژە بەم لایەنە دەکا و دەڵێ: (خامە پەکی دەکەوێ لە بەرانبەر ئەو ئازارەی مەسیحییەکان چەشتویانە، لەو ماوە پڕ زەحمەت و قوربانییە گەورانەی لەپێناوی ئیمانیاندا داویانە. زۆریان مێژوو ناوی نەبردوون، زۆری دیکەش مێژوو تەنیا چمکێکی کەمی زانیاریی لەبارەیانەوە بۆ ڕاگواستووین)

خۆرهەڵاتناسێکی ئەڵمان، کە مامۆستایە لە زانکۆی کۆپنهاگنی دانمارکی، جەخت لەسەر چەوسانەوەی سەر مەسیحییە کوردەکان دەکاتەوە و دەڵێ: «چەوسانەوە، بە تایبەت لە هەرێمەکانی باکور و خۆرهەڵات و ناوچەکانی هاوسنووری ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانیا (کە مەبەست کوردستانی تورکیایە) هەبووە. لەوێ، کوشتوبڕ و دەربەدەرکردن هەبووە. لەساڵی (٣٦٢ ز) دا نۆ هەزار مەسیحی لەگەڵ قەشە هیلیۆدۆر لە قەڵای (فنک) (٢٤)ەوە، لە (بزابدە)وە بۆ (خوارەزم)٣٩ پاش شۆڕشێک دوورخرانەوە»٤٠

لەلایەکی دیکەوە سەرچاوەکانی سریانی باس لەگەڵێ مەسیحیی کورد و غەیرە کورد دەکەن، لەوانەی لە ڕۆژگاری حوکمڕانیی فارسدا چەوساونەتەوە و هەندێکیان ناوە کوردییەکانی خۆیانیان پاراستووە، سەرەڕای وەرگرتنی پۆستی باڵا لە پلەبەندیی کاهینیی مەسیحیدا وەک جاپلیق٤١ شاهدۆست٤٢ کە دیارە ناوە کوردییەکەی خۆی کە مانای دۆستی شایە پاراستووە. ناوبراو بە جاپلیق هەڵبژێردراوە، بەڵام کە ئاشکرابوو فارسەکان لەگەڵ سەد و بیست و هەشت قەشە و ڕەبەندا گرتیانن و پێنج مانگ بەندیانکردن، لەو ماوەیەدا بە توندترین جۆر ئازاریان دان. پاش ئەوەی وازیان لە باوەڕەکەیان نەهێنا (مزربان)ی (مەدائین) سەد و بیست کەسی لێکوشتن و جاپلیق شاهدۆست و ئەوانەی لەگەڵیدا مابوون، ڕەوانەی لای پاشا شاپووری دووەمی کردن. شاپوور بەنەرمی قسەی لەگەڵ کرد تا بیکا بە زەردەشتی، کە خۆی و هاوڕێیانی ڕەتیانکردەوە ببن بە زەردەشتی، لەڕۆژی (٢٠) ی مانگی شوباتی ساڵی (٣٤٢ز)دا کوژران٤٣ لەساڵانی بەرایی فەرمانڕەوایی پاشای فارس بەهرامی پێنجەم (٤٢٠ ز – ٤٣٨ز )دا میر شاپوور و فەیروز و یەعقوبی نووسیار٤٤ کوژران، بەڵام ناپنیالی شارەزووری لە نوسەیبین دەیخوێند و گرنگیی بە تەفسیردا. ناوبراو لەلایەن پاشا کیسرای دووەمەوە (٥٩٠ – ٦٢٨ ز) شەش ساڵ پێش (٦٢٨ ز) بەند کرا، پاشان کوشتی، چونکە ئەو گروپەی لەژێر فەرمانیدابوون سەرکردەیەکی فارسیان بەبیانووی تێکدانی کەنیسەیەکەوە لە شارەکە دەرکردبوو.٤٥ پێشتر پاشای فارس شاپوری دووەم، فەرمانیکردبوو بە لە سێدارەدانی کاهین مار ئیپالا نوهەدری لە میرنشینیی (حدیاب)دا لە ساڵی (٣٥٨ز) پاش سووربوون لەسەر باوەڕەکەی خۆی، دواتریش بۆ ڕێزلێنانی وەک نەمرێک لە ناوچەی نوهەدرای دهۆکدا دێرێک دروستکرا کە ئێستاش ماوە٤٦

نرسای ملفان، پێش هەمووان، وتارێکی نووسی لەبارەی چەوسانەوەی کوردەکانی مەسیحی و هیتر لەسەر دەستی فارسەکانی ساسانی لە سەردەمی پاشا شاپووری دووەمدا، کە فەرمانڕەواییەکەی حەفتا ساڵی خایاند و تیایدا هەوڵیدا لە ناوچەی پاشانشینییەکەی خۆیدا رەگی مەسیحییەت دەربێنێ، کە ببوو بەمەترسییەکی گەورە بەسەر ئاگرپەرستیی زەردەشتییەوە. نرسای سرودێکی کردووە بە پاشکۆی ئەو وتارە، کە گفتوگۆیەکە لەنێوان پاشا شاپووری دووەم و شەهیدەکانی مەسیحی٤٧

### ململانێی زەردەشتی و مەسیحی ڕەنگدانەوەی لەسەر بارودۆخی ناوچەکانی کورد

گەلێ لە نووسەرانی ئەم سەردەمە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە زەردەشتی، ئایینی ڕەسمیی هەر سێ ئیمپراتۆریەتی ئەخمینی و پارپی (ئەشکانی)

> «ساسانییەکان، زەدەشتییان کردووە بە ئایینی ڕەسمیی ئێران، کە ئەوکات ئایینی ڕەسمی نەبووە و گەلانی سەر بە ئێران ئازاد بوون لەوەی هەر گەلێک چ ئایینێک هەڵدەبژێرێ»

> **یەکێک لە ئاماژەکانی لاوازبوونی زەردەشتی لە کۆتایی ڕۆژانی دەوڵەتی ساسانی، بڵاوبوونەوەی مەسیحییەت بوو لە ئێران**

و ساسانی بووە، کەچی مێژوونووسی ئێرانی حەسەن بیرینا و مێژوونووسی ئەڵمان کریستنسن ئاماژەیان بۆ ئەم لایەنە کردووە و دەڵێن: ساسانییەکان زەدەشتییان کردووە بە ئایینی ڕەسمیی ئێران، کە ئەوکات ئایینی ڕەسمی نەبووە و گەلانی سەر بە ئێران ئازاد بوون لەوەی هەر گەلێک چ ئاینێک هەڵدەبژێرێ٤٨

لەوکاتەوە کە ئەردەشێری یەکەم (٢٢٤ – ٢٤١) چووە سەر تەخت، فەرمانی بە هەربدان هربد تنسر کرد دەقە پەرش وبڵاوەکانی ئاڤێستای ئەشکانی کۆبکاتەوە، ئەگەرچی پێشتر پاشای ئەشکانی ولگاشی یەکەم (٥١ –٧٨ ز)٤٩ کۆی کردبوونەوە، بەڵام ئەو فەرمانی کرد یەک دەقیان لێ بنووسرێتەوە، پاشان ئەم دەقە ڕێگەی پێدرا و بە کتێبی پیرۆز دانرا٥٠ مەسەلەکە هەرچیەک بێت، ئەوا پاشاکانی ساسانی لەسەرەتادا گرنگییان بە ئایینی مەسیحی نەدا، کە وردە وردە خۆی خزاندبووە نێو هەرێمەکانی ئێران، بەڵام هەر کە پاشا شاپووری دووەم (٣٠٩– ٣٧٩ ز) داوای لە دەوڵەتی ڕۆمانی کرد ئەم هەرێمانە وەربگرێتەوە کە دەوڵەتی ساسانی لەسەردەمی (نرسی) پاشایدا (٢٩٣ –٣٠٢ ز) خرابووە سەر ئەوان٥١ شەڕ هەڵگیرسا و سیاسەتەکەی بەرامبەر هاووڵاتییانی، ئەوانەی مەسیحی بوون گۆڕا، هەڵمەتی چەوساندنەوەکان وەک ڕوونمان کردەوە دەستیان پێکرد و مەسیحییەکان بەردەوام بوون لەسەر بەرگری. لەبەر ئیمانی بەهێزیان و دلێرییان بۆ داکۆکیکردن لە باوەڕەکەیان و ملکەچ نەکردنیان بۆ پەرستیارانی خۆر و ئاگر، ئەگەرچی ملکەچ کردن دەبووە هۆی دەربازکردنیان لە ئازار و مردن. بارودۆخەکە بەم شێوەیە گوزەرا تا پاشای ساسانی یەزگوردی یەکەم (٣٩٩ – ٤٢٠ ز) هات کە بەشێوەیەکی جوامێرانە هەڵسوکەوتی لەگەڵ مەسیحییەکاندا کرد، بۆیە لەلای پیاوانی ئایینیی مەسیحی بە گوناهبار ناوی دەرکرد. ئەوەبوو لەسەردەمی ئەودا چەندین کەنیسە دروستکران و بنەماڵەیەکی زۆر بوون بە مەسیحی٥٢ بەڵام گرفتەکانی پێشوو هێشتا بەرەوڕووی مەسیحییەکان دەبوونەوە، کەچی پاش ئەوە پیاوانی مەسیحی پتر پەلاماردران. کریستنس ئەمە دەخاتە ئەستۆی مەسیحییەکان و دەڵێ: « ئەوان (واتە مەسیحییەکان) شێتگیربوون و ئاڵناگریی ڕای گشتییان کرد، تەنانەت چارنەبوو ئەو شەڕەنگێزییە بە هەمان چەشن وەڵام دەدرایەوە. لەشاری (هرمزد – ئەردەشێر)ی خوزستان (عەرەبستانی ئێستا) قەشەیەک کە ناوی (هاشو) بوو جورئەتی دایە خۆی و بە ڕوخسەت وەرگرتنی ئاشکرا، یان بەدزی لە (ئەسقوف) عەبدا ئاتەشکەدەیەک، کە لەنزیک کەنیسەیەکی مەسیحی بوو بڕوخێنێ. قەشە و ئەسقوفەکە و هیتریش گیران.. و هەموویان ڕەوانەی مەدائین کران. پاشا خۆی لە(عەبدا)ی پرسی و ئەویش ڕەتیکردەوە کە هیچ پێوەندییەکی بە کەتنەکەوە هەبێت، بەڵام (هاشو) ددانینا بەوەی ئەو ئاتەشکەدەکەی ڕووخاندووە، بەڵام لەگەڵ ئەم دانپێدانانەدا هەندێ قسەی دوژمنانەی دژ بە ئایینی زەردەشتی بەکارهێنا. ئەوکات پاشا فەرمانی بە (عەبدا) کرد پەستگاکە دروست بکاتەوە، بەڵام ئەو بەتوندی فەرمانەکەی ڕەتکردەوە، بۆیە حوکمکرا و کوژرا. مێژوونوسی ئایینی تێودۆرت ئاماژەی بەڕەوشتی ئەو ئەسقوفە کردووە کە سوربووە لەسەر پلانەکەی خۆی، ئەگەرچی ڕوخاندنی پەستگاکەی بەکارێکی دوور لە دانایی داناوە٥٣

تەواوی ئەو ململانێ فیکرییەی لەنێوان زەردەشتی و مەسیحییەتدا هەبوو بەرژەوەندییەکانی چینی فەرمانڕەوای ساسانی لەپشت بوو، ئەو چینەی کە چینێکی دی لەپیاوانی ئایینیی زەردەشتی لە موبد و موغان و هەربەزەکان پشتگیرییان لێ دەکردن، کە ڕێنماییەکانی ئاینیی مەسیحی و ئایینەکانی دی و مەزهەبەکانی بەرهەڵستکاری وەک مانیزم و مەزدەکییان وەک ڕێگایەکی دەربازبوون لە دەسەڵاتدارێتیی چینەکانی فەرمانڕەوا و ستەمیان دەدیت. بۆیە بەلایانەوە نەنگی نەبوو ئەگەر هەردوولایان (دەوڵەت و ئایین) دژی بەرهەڵستکاران هاوکاریی یەکدی بکەن، بەتایبەت کە ئەوان (بەقسەی ئەردەشێر)ی دامەزرێنەری دەوڵەت جمکن٥٤ بەڵام حوکمی ڕۆژگار و پەرەسەندن وەک مۆرانە لە زەردەشتییدا و تینوتاوی کەم کردەوە، کە ئەمەش بە ئاشکرا، لەسەردەمی پاشا کیسرا ئەنۆشیروان (٥٣١-٥٧٩ز) دا دەرکەوت، کە لەسەرەتای فەرمانڕەواییەکەیدا زۆر دەمارگیربوو بۆ زەردەشتی٥٥ بەڵام یەکێک بوو لە هاندەرەکانی مونازەرەی فیکری و ئایینی لەنێوان پیاوانی ئایینیی زەردەشتی و ئەسقوفەکانی مەسیحیدا. هەروەها لەلایەکی دیکەشەوە هاندەری پێشکەوتنی زانست و فەلسەفە بوو، تا کار گەیشتە لەقبوونی پێگەی زەردەشتی و تەنانەت هەندێ لەپیاوە مەزنەکانی زەردەشتی، وەک موبدان موید بزر جمهر لێی

هەڵگەڕانەوە. ئەوانەی وازیان لە زەردەشتی هێنا تووشی ئاژاوە و دڵەڕاوکێ بوون، کە بووە هۆی ئەوەی ڕێگایەکی ڕەشبینانە لەتێڕوانینیان بۆ ژیان و واقیع بگرنەبەر، ئەمەش بە ڕوونی لە حاڵەتی فەیلەسوفی ئێرانی و پیاوی ئایینیی زەردەشتی (یەزوری)دا لەو دێرانەیدا دەردەکەوێ، کە لەبارەی باری ئایینی زەردەشتی و ئەو پێگەیەی لە دەروونی ئەو بیرمەندانەدا گرتویەتی: «کە ئەمە چووە دەروونمەوە ئایینەکەم لێ شێوا. کەچی شتێکم لە کتێبەکانی پزیشکیدا نەبینی ڕێگەم نیشان بدەن، لەبارەی ئایینەکانەوە ڕێگام بۆ ڕاستبکەنەوە و بمخنەوە سەر ڕێگای ڕاست، بەڵام نەتەوەکان کە سێ جۆرن: جۆرێکی نەتەوە، ئایینیان لە باپیرانەوە بۆ بەجێماوە. جۆرێکی دی ناچارکراون بچنە سەر ئەو ئایینە، جۆرەکەی دیش دەکەونە دوای دونیاوە. هەمووشیان خۆیان بەراست و دەستپێکەری ئایین و کۆتاییەکەی دادەنێن. جگە لەمەش هیچیتر نییە»٥٦

یەکێک لە ئاماژەکانی لاوازبوونی زەردەشتی، لە کۆتایی ڕۆژانی دەوڵەتی ساسانی، بڵاوبوونەوەی مەسیحییەت بوو لە ئێران و بووژاندنەوەی کەنیسەکانی و ئەسقوفەکانی، تا گەیشتە ئەوەی پاشای فارس کیسرای دووەم ئەپەروێز (٥٩٠-٦٢٨ز) بە پاشای مەسیحی ناوی دەرکرد، بەهۆی هاندانیان و بەتەواوی ئازادی پێبەخشینیان٥٧ خەریکبوو مەسیحییەت لەسەردەمی پاشا کیسرا ئەپەروێزدا لە ئێران لە هەموو کاتێکی دی زیاتر سەربکەوێت. لەو سەردەمەدا ژمارەیەکی زۆر لە خزمەکانی پاشا، کە ئێرانیی پوخت بوون بوونە مەسیحی. هەروەها کیسرا ئەپەروێز ناچاربوو پەنا بباتە بەر دوژمنە بەهێزەکەی، کە پاشای بێزەنتی مۆریکیوس بوو، ئەمەش دوای ئەوەی سەرکردەی بەناوبانگی ساسانی بەهرام چوبین کودەتای بەسەردا کرد. بەڵام پاشای بێزەنتی مۆریکیۆس توانیویەتی کیسرا ئەپەروێز بگێڕێتەوە سەر تەختەکەی، بۆیە دەڵێن پاش ئەوەی چووە قوستەنتینیەی پایتەخت، مەیلی بەلای مەسیحیەتدا شکایەوە.

موبەدەکان بەگەڕانەوەی کیسرا خۆشحاڵ نەبوون، پاش ئەوەی شازادەی بێزەنتی خاتوو ماریای مارەکرد و عاشقی خاتوو شیرین بووبوو، کە مەسیحییەکی یەعقوبی بوو، پاشان بوو بە پاشای تەختی وڵات. کیسرا ئەپەروێز تەدارەکی توندی دژ بە مەسیحییەت گرتەبەر، پاش ئەو سەرکەوتنانەی پاشای بێزەنتی هەرقل (٦١٠-٦٤١) بەدەستیهێنان و توانیی پەرستگای ئاتەشکەدەی (ئازەرکشناسب) بگرێ و بیسوتێنێ و ئاگرەکەی کوێر بکاتەوە، ئەمەش وەک تۆڵەسەندنەوەیەک بەرامبەر بەوەی کیسرا ئەپەروێز خاچی پیرۆزی، لە ماڵی پیرۆزدا لە ساڵی (٦١٤ز) دەرهێنا و ڕەوانەی پایتەختی کرد بۆ لای تەیسەفۆن٥٨

یەکێک لە مێژوونووسەکان دەگاتە ئەوەی بتوانین بڵێین ئەگەر ئیسلام نەگەیشتبایە ئێران، ئەوا مەسیحییەت هەموو لایەکی ئەو وڵاتەی دەگرتەوە، بەڵام زەردەشتی لەسەر دەستی مەسیحییەتدا تێکشکا.

هەروەها هەردوو ئایینی مانیزم و مەزدەکی، کە لە ناوەڕاستی ئێراندا پەیدابوون، بەدوو دوژمنی سەرسەختی ئایینی زەردەشتی دادەنران، هەرئەوەش وایکرد زەردەشتییەکان لە دڵەوە ڕقێکی ئەستوریان بەرامبەریان هەبێ. زەردەشتییەکان دووژمنایەتییان لەگەڵ مانییەکان و مەزدەکیەکاندا زیاترە، وەک لە موسڵمانەکان، زۆر جاریش لە مێژوودا دەبینین پیاوانی ئایینیی زەردەشتی، یارمەتیی موسڵمانەکان دەدەن دژ بە مانی و مەزدەکییەکان. لەلایەکی دیکەوە دەبینین مەسیحییەکان لە ئێران موسڵمانەکان دەخەنە پێش زەردەشتییەکانەوە، ئەمەش بەهۆی ئەو کوشتو برە هەمەلایەنەی لەسەر دەستی زەردەشتییەکاندا بەرەوڕوویان بووەوە٥٩

**سەرچاوە و ژێدەر و پەراوێزەکان:**

١. ئەدی شێر: یەکێکە لە ناودارانی کەنیسە و ئەدیبێکی سریانییە. ساڵی (١٨٦٧ز) لە شەقڵاوە لەدایکبووە. ساڵی (١٨٨٩) لە موسڵ لە پەیمانگای کاهینەکان دەرچووە. هەڵبژێردراوە وەک مەترانی ئەبرەشییەی سعرد لە کوردستانی تورکیادا. لە ١٧ی حوزەیرانی ١٩١٥ لەسەروەختی ڕووداوەکانی جەنگی یەکەمی جیهاندا، لەلایەن کوردەوە، کوژراوە. بڕوانە : گۆڤاری الفكر المسيحي ، الموصل ، ژمارە (٢٦٧-٢٦٨)ی تشرینی یەکەمی ١٩٩١.

٢. تاريخ كلدو واثور ، بيروت

١٩١٣ ، ج٢ ، ص١-١٤.

٣. مراد كامل، تأريخ الأدب السرياني من نشأته حتى العهد الحاضر، القاهرة ،ص٦٣.

٤. ئەلفۆنس منکا: منکنا لە ساڵی ١٨٧٨ لە گوندی شرانشی باڵا (باکوری شاری زاخۆ) لەدایکبووە. لەساڵی ١٨٩١ چۆتە پەیمانگای باوەکانی دۆمنیکان لە موسڵ و تیایدا چەندین زمان فێربووە. بە بەڕێوەبەری دەزگای زمانەکانی رۆژهەڵاتی، لە کتێبخانەی ڕایلاندز لە مانچستەر دامەزرێنراوە. لە ١٩٢٤ – ١٩٢٩ دا ڕووی لە ڕۆژهەڵات کردووە بۆ گرنگیدان بەو دەستنووسانەی لەوێ هەن. بە یەکێک لە گەورە کۆکەرەوەکانی دەستنووسی عەرەبی سریانی دادەنرێ. بەهۆی بڵاوکردنەوەی هەندێ دەستنووسەوە، یان مەیل داشکاندنی بەلایاندا مشتومڕ و هەرای ناوەتەوە و ناوی دەرکردووە، وەک وەعزەکانی (مایمر) فرسانی و بەدیاری کراویش دەقی بەرحەد بشایا، یان (تاریخ أربل) لەچوارچێوەی سەرچاوەکانی سریانیدا ساڵی (١٩٠٧) بەگواستنەوە لەکۆمەڵە سەرچاوەکەی منکناوە، کە ساڵی١٩٢٥ز ئەو بەڵگەنامەیەی دراوەتە پاڵ فیلیکسینۆس لەمەسبوق (منسج) ی بڵاوکردۆتەوە. بەڵام لێکۆڵەر پۆل بتیرز لە وتارێکی کورتدا گومانی خستەسەر بەڵگەنامەکە و بەدروستکراوی دانا، بەڵام لە سەکۆکانی زانستیی ئەورووپیدا حسێبێکی گەورەی بۆ دەکرا و بەوپەڕی هێزەوە وەڵامی خۆرهەڵاتناسەکانی دەدایەوە. ناوبراو لەساڵی ١٩٣٧ مردووە. بڕوانە: (الأب الفونس منكنا، فاتحة إنتشار المسيحية في اواسط أسياو الشرق الاقصى، ترجمة: جرجيس فتح الله، السويد).

٥. يوسف حبي: التواريخ السريانية،مجلة المجتمع العلمي العراقي، هيئة اللغة السريانية، بغداد، ١٩٨١ – ١٩٨٢، المجلد السادس، ص ٤٢ -٤٣، الفونس منكنا، سەرچاوەی پێشوو، ل١١-١٢.

٦. ارثر كريستنسن: ايران فى عهد الساسانيين، ترجمة يحيي الخشاب، القاهرة، مطبعة لجنة التأليف ، ١٩٧٥، ص٦٨. يوسف حبى: التواريخ السريانية، ص٤٢.

٧. يوسف حبى: كنيسة المشرق، بغداد، ١٩٨٩، ص ١٠٣- ١٠٤.

٨. دەبێ بگوترێ پەتریارکی کلدانی مار عەممانوئێلی دووەم داوای لە (باوەکانی دۆمنیکان) کردووە ئەم کتێبە لە ئەورووپا چاپ بکرێت بەو مەرجەی لەچاپی خۆرهەڵاتدا ڕستەی (پەتریارک هەراسان بوو) کە مەبەست لێی (مار ماری)یە لاببردرێ. بڕوانە: الفونس منکنا، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣. لە هەمان کاتدا قەشە( کەپاشان بوو بە پەتریاک ) پۆلس شێخۆ لە وتارێکدا لەگۆڤاری (النجم) ی موسڵاویدا ژمارە (٨-٩) ی ساڵی ١٩٣٦ ستایشی کتێبەکە دەکات. بڕوانە: سامي بن خماس الصقار: أمارة اربل فى العصر العباسي ومؤرخها ابن المستوفي، الرياض، دار الشواف، ١٤١٢ ﻫ- ١٩٩٢م ،ص١٧٦.

٩. الأب الفونس منكنا، سەرچاوەی پێشوو،ل١٢.

١٠. حنا فيي، مصادر كنيسة المشرق قبل الأسلام، مجلة بين النهرين، الموصل، السنه الأولى ،العدد الثاني، نيسان ١٩٧٣،ص١٥٥. يوسف حبى: كنيسه المشرق، ص١٠٤ -١٠٥.

١١. مەبەست ئەو زانا ڕەخنەگرانەیە کە گومانیان هەبووە لە بڵاوبونەوەی مەسیحییەت لەسەدەی یەکەمدا، کە بریتیین لە (دوفال، لابورت، فیلیبس، لتنسیوس، تیکسرون... بڕوانە یوسف حبی: کنیسه المشرق، ص٨٩.

١٢. ڕوها: یەکێکە لە شارەکانی جزیرەی فورات کە دەکەوێتە باکوری (وڵاتی میزۆپۆتامیا) و دەکەوێتە دووریی ٤٠ کم لە باکوری رۆژئاوای شاری حەڕان ، ناوەکەی بە یونانی ئەدیسا(Edesa) یەو بە سریانی ئورهۆی Urhoiو مەسیحییەکان لە دانراوەکانی سریانیدا بە (شاری پیرۆز یان ئیماندار) ناوی دەبەن و لە مەسیحییەتدا بە شارێکی پیرۆز دەزانرێت. لەسەدەی پازدەهەمەوە ناوەکەی کرا بە ئورفە و تا ئێستاش هەر ئەو ناوەی وەرگرتووە. لەم بارەیەوە بڕوانە : (أ. ولفنسون: تأريخ اللغات السامية، ص١٤٥-١٤٦، محمد عطية الابرشي: الآداب السامية، ص٥٧. هامش «١»).

١٣. کریستنسن: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧.

١٤. کریستنسن: هەمان سەرچاوە، ل٨٤.

١٥. ئەدی شێر، ج٢ ل٢. ئەدی شێر لەلایەن (یوسف حبی)یەوە ڕەخنەی لێگیرا و تۆمەتباری کرد بەوەی پشتی بە کتێبێکی ساختە بەستووە، کە کتێبی (تأریخ اربل)ە، جگە لە داشکاندنی بەلای نەستورییەکانی کلدانیدا دژی یەعقوبییەکانی سریانی. بڕوانە (یوسف حبی: التواریخ السریانیة،ص٦٢).

١٦. سعيد عبدالفتاح عاشور: اوروبا العصور الوسطى، مكتبه الانجلو المصريه، الطبعة السادسة، ١٩٧٥، ص٣٩.

١٧. کریستنسن: ایران فی عهد الساسانيين، ص٥٤، طه باقر: تاريخ ايران القديم، جامعه بغداد، ١٩٨٠،ص١٣٢.

١٨. أدى شير، تأريخ كلدو واثور، ج٢، ص14.

١٩. مطرافوليط: وشەیەکی یونانییە، واتە سەرۆکی ئەسقوفەکان، کە سەرۆکایەتی

ناوچەیەکی گەورەی کەنیسەیی دەکات . بڕوانە: إسطيفان بابكا: أبرشية حدياب فى التاريخ ، مجلة بين النهرين، العدد٣١، ١٩٨٠، ص٢٧٧.

٢٠. مروان المدور: الأرمن عبر التاريخ، ص٢٧٧، محمد امين زكى، خلاصة تاريخية لتاريخ الكرد و كردستان منذ اقدم العصور، بغداد، ص١٢١.

٢١. کریستنسن: سەرچاوەی پێشوو، ل54.

٢٢. البير أبونا: شهداء المشرق، بغداد، ١٩٨٥ ، ج١ ص٨٥.

٢٣. البير أبونا، هەمان سەرچاوە، ج١، هەمان لاپەڕە، الشابشتي: الديارات، تحقيق كوركيس عواد، بيروت، ١٩٨٦،ص٢٨. الهامش.

٢٤. قەڵای فنك: شارێکی کوردییە دەکەوێتە دووریی (١٢) میل لەباکووری جزیرەی ئیبن عومەر (ئەو شارە کوردەی دەکەوێتە کوردستانی تورکیاوە).

٢٥. خوارەزم: ناوچەیەکە دەکەوێتە باکوری خۆرهەڵاتی ئێران لەسەر کەناری خۆرهەڵاتی دەریای قەزوین، کە ئەورووپییەکان ناوی (هەرێمی بەکتریا)یان لێناوە، ئێستاش دەکەوێتە ناو خاکی کۆماری تورکمانستان.

٢٦. کریستنسن: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٤- ٢٥٥.

٢٧. جاپلیق: وشەیەکی یۆنانییە مانای گشتی دەبەخشێ، مەبەست لێی سەرۆکی باڵای مەسیحییەکانە لە ڕۆژانی پاشاکانی ساسانیدا. بڕوانە: (ابو الفرج الاصفهاني: الديارات، تحقيق جليل العطية، لندن، دار رياض الريس، ص٢٦٢، ئێستا وشەی پەتریاک هاوواتایەتی.

٢٨. لەوانەیە شاهدۆست فارسی بێت، چونکە ماناکەی لە کوردی و فارسیدا هەمان مانایە، ئەمەش بەهۆی نزیکی هەردوو زمانەکە لە یەکترەوە.

٢٩. مراد كامل ، تاريخ الادب السرياني، ص٦٤.

٣٠. مراد كامل، هەمان سەرچاوە، ل١١٧.

٣١. مراد كامل، هەمان سەرچاوە، ل ٢١١.

٣٢. البير أبونا: شهداء المشرق، ج١، ص١٤٣- ٢٥٣، تا ئێستاش ئەم دێرە لەدەروازەی شاری دهۆک ماوە و دەکەوێتە سەر تەپۆلکەیەک لەلای چەپی ئەو ڕێگایەی بۆ ناو دهۆک دەچێ، بەرامبەر بە تەلاری سەرۆکایەتی زانکۆی دهۆک. ئەم دێرە جەژنێکی ساڵانەی هەیە ناوی جەژنی (شێرە) و مەسیحییەکانی دهۆک و ناوچەکانی دەروبەری ڕووی تێدەکەن. بۆ زانیاریی پتر بڕوانە: ئەفرام فچيل البهرو: مار ایثالاها النوهدری، دهوک، مطبعة خبات،٢٠٠٠ز.

٣٣. نرسای ملفان: لەساڵی ٣٩٩ز لە گوندی عەین دولبی (دلبیی ئێستا)ی نزیک گوندی ماڵتا (لەسەرچاوەکانی مەسیحی و ئیسلامیدا (معلثايه) کە دەکەوێتە دووریی چەند کیلۆمەترێک لە ناوەندی پارێزگای دهۆک، لەدایکبووە، پاش ئەوەی لە قوتابخانەیەکی نزیک گوندەکەیدا زانستی خوێند، مامی کە (عەمما نوئیل) بوو، ڕەوانەی ڕوهای کرد تا لەقوتابخانە بەناوبانگەکانیدا بخوێنێ.

ئەوەبوو پاشان کرا بە بەڕێوەبەری ئەو قوتابخانەیەی لێی دەخوێند لە جێگەی (قیورا) پاش ئەوەی مرد. نرسای لەتەمەنی ١٠٤ ساڵیدا ساڵی ٥٠٣ ز کۆچی دوایی کرد. بڕوانە: (مراد كامل، تاريخ الأدب السرياني، ص١٥٨، بشير متى توما: مدرسة الرها، مجلة المجمع العلمى العراقي الهيئة السريانية، المجلد السادس ص٢٨٠، دەبێ بگوترێ ناوی نرسای لە ناوی پاشای فارسی نرسی (٢٩٣ – ٣٠٢ ز) دەچێ و مەبەست لێی سەگی نێرە، ئەم ناوەش وەک وەفا و هێز بەکارهاتووە.

٣٤.بشير توما: مدرسة الرها، مجلة المجمع العلمي العراقي الهيئة السريانية، ج٦،ص٢٨٢.

٣٥. حسن بيرينا: تاريخ ايران القديم، ترجمة محمد نورالدين عبدالمنعم و السباعي محمد السباعي، العجالة، الطبعة الثانية، ١٤١٣ه -١٩٩٢م، ص٣١١، کریستنسن: سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٠.

٣٦. طه باقر، تاريخ ايران القديم ، ص ١٠٥.

٣٧. کریستنسن، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٠.

٣٨. حسن بيرينا: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢٢- ٣٢٣.

٣٩. هەمان سەرچاوە، ل٣٢٣.

٤٠. کریستنسن ، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٨.

٤١. شاعیری ئێرانی فیردەوسی لەمبارەیەوە دێرە شیعرێک لەسەر زمانی پاشا ئەردەشێر بە شاپووری کوڕی دەڵێ (کە وەرگێڕانەکەی ئاوهایە) :

دینو دەوڵەت وەک من دەیبینم
ڕەشماڵێکە بەستوندەگ ڕاگیراوە
نەدین بەبێ فەرمانڕەوایی دەمێنێ
نەفەرمانڕەواییش بەبێ دین لە وڵات.

٤٢. طه باقر، تاريخ ايران القديم ، ل ١٨٣.

٤٣. هەمان سەرچاوە، ل١٨٤.

٤٤. هەمان سەرچاوە ، هەمان لاپەڕە.

٤٥. رشيد ياسمي: ايران در زمان ساسانيان ( بەفارسی) ، ل٤٦٦.

٤٦. ا.ج. اريرى : تراث فارس ، ترجمة محمد كفافي و زملاءە، مطبعة البابي الحلبي، ١٩٥٩، ص٥٠٠.



# بزووتنەوەی سمکۆ و پرسی نەتەوەیی کورد

**بەشی سێیەم و کۆتایی**



ن: ڕزگار بەرفروخت
و: ڕێباز مستەفا

## پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و خاووخلیچی ڕەوتی مێژوو

پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی قۆناغی بەر لە مۆدێرنەی ئێران بە گشتی، سیما و شێوەیەکی فرەچەشنی ئاڵۆزی کۆمەڵایەتی و کەلەبەر و لێکدابڕانی ناوچەیی هەبوو، هەروەها ئەو پێکهاتەیە لەسەر بنەمای پەیوەندیی ناوچەیی بە خەسڵەتی پشتاوپشتی جێگیر بوو. ئەو ئاڵۆزی و کەلەبەرانە کە سەرچاوەیان لە جیاوازیی مەزهەبی، ئەتنیکی، جوگرافیایی و سستی پەیوەندی لە ئێران وەردەگرت، بە چەشنێک بووە کە هەندێک لە توێژەرانی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی ئێرانی بەر لە مۆدێرنە، ئەو پێکهاتەیە بە جۆرێک مۆزاییکی پێکەوەیی دادەنێن.١ ئەگەر ئاڵۆزی و فرەچەشنی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی لە کەشی گشتیی جوگرافیای ئێرانی سەردەمی بەر لەمۆدێرنەدا وەک ڕاستییێکی حاشاهەڵنەگر قبووڵ بکەین، بە دڵنیاییەوە ئەو ئاڵۆزییە لە کوردستاندا زیاتریش بووە.

دواکەوتنی ئابووری، ژیانی دووره شارستانی، ڕەوشی تایبەتی هەرێمایەتی و جیاوازی و فرەچەشنیی مەزهەبی، هەروەها هەڵکەوتنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر هێڵی ڕۆژئاوای ئێران کە سنووره سیاسی و ئایدۆلۆژییەکانی ئێران و عوسمانی پێک دەهێنا، ئەو ئاڵۆزی و فرەچەشنییەی چەند قات دەکردەوە. فرەچەشنی و ئاڵۆزیی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە جۆرێکە کە ناتوانین قسە لە شرۆڤەکردن و هەڵسەنگاندنی فۆرمەلەیەکی یەکانگیری کۆمەڵایەتیی یەکسان و یەکڕەنگ بکەین. وەک نموونە فۆرمەلەی ژیانی خێڵەکی لە کوردستان بە سێ شێوە:

ژیانی کۆنفدراسیۆنی خێڵەکی، خێڵەکی- وەرزێری، خێڵەکی- کۆچەری، خۆی لە خۆیدا بەشێکە لە بابەتیبوونی ژیانی خێڵەکی. لە کاتێکدا ڕەنگە حاڵەتی بەدەر لەو شێوەیەش هەبن. بەم پێیە دارشتنەوە و خستنەوەڕووی تێگەیشتنێک کە لێرە مەبەستمانە باسی بکەین بە واتای هاوچەشنی و یەکانگیریی ئەو کۆمەڵگایانەی ئاماژەیان پێکرا نییە، بەڵکو هەوڵێکە بۆ خستنەڕووی چەمک و تێگەیشتنێک کە لێکۆڵەر بتوانێت بە هۆیانەوە ڕەوتی گۆڕانکارییەکانی ئەو فۆرمەلە کۆمەڵایەتیانە لە پرۆسەیەکی کاتیدا پەیگیری بکات.

بەپشتبەستن بە سەرچاوەکانی لێکۆڵینەوە لە ناوچەکانی کوردستان لە ئێران، دەتوانین دوو جۆر فۆرمی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی کورد دەستنیشان بکەین: باوترین فۆرمەلەی کۆمەڵایەتی کە بتوانین پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی کوردی لە ماوەی سەدەی نۆزدە و بیستدا تێدا بخەینەڕوو، بریتین لە پۆلینبەندیی لە سەر بنەمای شار، گوند و ژیانی شوانکارەیی. ئەو فۆرمەلەیە لە لایەک لەسەر شێوەی بەرهەمهێنان و لە لایەکی دیکەشەوە لەسەر بنەماکانی پێکهێنەری داب و نەریت، شێوەی ژیان، شوێنی ژیان و پۆلینبەندیی لەسەر بنەمای گردبوونەوە، یان پەراگەندەیی کۆمەڵانی خەڵکەوە جێگیرە. لە فۆرمەلەیەکی دیکەدا دەتوانین باس لە پێکهاتەی خێڵەکی و ناخێڵەکیش بکەین. ئەم بابەتە زیاتر لە لایەن ‹مارتین ڤان بروین سێن› لە کتێبی کۆمەڵگەی کورد (ئاغا، شێخ و دەوڵەت)دا هەڵوەستەی لەسەر کراوە و خراوەتەڕوو. مەبەست لە ژیانی خێڵەکی بریتییە لە پەیوەندیی خوێنی و خزمایەتی لە پێکهاتەیەکی پلەبەندی ستونیی کە کۆمەڵێک لە خەڵک لە ناوچەیەکی جوگرافیاییدا لەژێر دەسەڵاتی سەرۆکی هۆز، یان سەرۆکی خێڵدا دەبن. کۆمەڵگەی خێڵەکی، بە لەبەرچاوگرتنی نیشتەجێیی، یان کۆچەری و شێوەی بەشداریکردن لە پێکهاتەکانی دەسەڵاتی ناوچەیی، فۆرمگەلی جیاجیایان پێک دەهێنا. دەتوانین ئەو فرەچەشنییە لە سێ فۆرمدا: فیدراسیۆنەکانی خێڵەکی لە

باکوور و باشووری ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (شکاک، کەلهور، و...) خێڵە کۆچەرەکانی (ناوچەی پشدەر، جاف، هەرکی و...) خێڵە نیشتەجێکانی (زەرزا، مامەش، مەنگوڕ و..) ئاماژە پێ بدەین و باس بکەین.

ئەگەرچی زۆربەی لێکۆڵەران، بونیادی گشتیی کۆمەڵگەی کوردستانیان بە بونیادێکی خێڵەکی و عەشیرەتگەری لە قەڵەم داوە، بەڵام گرنگترین و بەشی هەرە زۆری کۆمەڵگەی کوردستان لە کەسانی دەرەوەی پێکهاتەی خێڵەکی پێک هاتووە، کە لە لادێکان و بەشێکیشیان لە شارەکاندا ژیاون. ئەم بۆچوونەش لە لێکۆڵینەوەکانی ‹مارتین بروین سێن› و ‹ڕیچ› پشتڕاست کراوەتەوە. لەو نێوەدا هەندێک لە لێکۆڵەرانی مۆدێرن لە هەوڵێکی مەبەستدارانەدا ئەو تێڕوانینەیان سەبارەت بە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی کوردستان خستۆتەڕوو کە کۆچەریبوون و خێڵکەیبوون سیما و تایبەتمەندێتیی سەرەکی و زەقی کۆمەڵگەی کوردستان بووە لە سەدەی نۆزدە و بیستەمدا. زاڵبوونی ئەو بۆچوونە لە لایەک سەرچاوەی لە بێئاگایی ئەو لێکۆڵەرانەی کە کورد نین سەبارەت بە ڕاستی و دروستی کۆمەڵگەی کوردستان گرتووە و لە لایەکی دیکەشەوە دەتوانین بە هەوڵێکی مەبەستدارانەی دابنێین بۆ بە بچووک نیشاندانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان، بەو واتایەی ئەو بزووتنەوە و ڕاپەڕینانە هەر تەنیا یاخیبوونێکی خێڵەکی و عەشیرەتی بووبن و بەس.

ڕاستییەکەی بونیادی کۆمەڵایەتیی کوردستان نەک هەر لەسەر بنەمای دەسەڵاتی پێکهاتەی خێڵەکی جێگیر نییە، بەڵکو هۆز و خێڵەکان لە کۆمەڵگەی کوردستاندا ڕێژەیەکی ئەوەندە پێکناهێنن. ئەم بۆچوونە لە نیگای یەکەمدا ڕەنگە بۆ لێکۆڵەران بە تایبەت چالاکیوانانی بواری کۆمەڵناسی بە بۆچوونێکی سەیروسەمەرە بهێتە بەرچاو، بەڵام بە قووڵبوونەوە لە تانوپۆی کۆمەڵگە و شیکردنەوەیەکی وردتری کۆمەڵایەتی دەردەکەوێت کە کۆمەڵگەی کوردستان لە مێژووی ناوەڕاست و هاوچەرخدا کۆمەڵگەیەکی کەمتر خێڵەکی و تیرەگەری بووە. هەرچەندە تا ئێستا لە لێکۆڵینەوەیەکی شیاودا لەو بارەیەوە باس نەکراوە، بەڵام دەتوانین بە ئاماژەدان بە چەند نموونەیەکی بابەتی، بابەتەکە ڕوونتر بکەینەوە. وەک نموونە لە شارێکی وەک شنۆ لە باکووری ناوچەی موکریان، بە پێی ڕوخساری گشتی و بەڵگەی مێژوویی، شارەکە لەژێر هەژموون و دەسەڵاتی هۆزی زەرزا بووە. لێکۆڵەر دەتوانێت بپرسێت ئایا ڕێژەی تیرە و خزمایەتیی خوێنیی زەرزا لەو ناوچەیە چەندە. ئەوەی بە گوێرەی لێکۆڵینەوەی مەیدانی و مێژووی زارەکی لەو ناوچەیە دەرکوتووە هۆزی زەرزا لە گوندەکانی سینگان و بیمزورتە، نیلوان، شاهوانە، گردکاشان، نەلۆس، میراوە و هەق نیشتەجێیە و بەشێکی کەمیشیشی لە هەندێک لە گەڕەکەکانی شاردا نیشتەجێیە. ئەمە لە کاتێکدایە کە بەشێکی بەرچاوی گوندنشینان و دانیشتووانی شاریش سەر بە هیچ هۆز و تیرەیەک نین. یان کەمێک بەلای باشووردا بڕۆین، داخۆ لە ناوچەیەکی گرنگی وەک مەریوان ڕێژەی پەیوەندیی خزمایەتی و هاوخوێنی تیرەگەری لەو ناوچەیە چەندە؟ ئەمە سەبارەت بە دانیشتووانی ئیلام، سنە، بۆکان، کرماشان و سەقزیش هەر وایە. ڕاستییەکە ئەوەیە کە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی کوردستان زیاتر پێکهاتەیەکی ناخێڵەکییە. ئەوەی هەیە و بۆتە مایەی ئەوەی کە پێکهاتەی کۆمەڵگەی کوردستان بە پێکهاتەیەکی خێڵەکی دابندرێت، دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری و سەربازیی هۆز و خێڵەکانە لەو ناوچانە. کاتێک بمانەوێت پشێوی و ناکۆکییە مەزهەبی و تایەفەگەرییەکان لەو ناوچانە لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسیی خێڵەکان وەک تاکە هێز و دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی لە ناوچە پەراوێزییەکان پێکەوە ببەستینەوە، ئەوە زۆر لۆژیکیانە دەبێت کە ئەو خەڵکەی سەر بە هیچ هۆز و خێڵێک نین بتوانن بە خۆدانە ژێر باڵی دەسەڵاتدارانی هۆز لەو دەرگیرییە سیاسییە ناوچەییانە خۆیان بپارێزن، چونکە ئەگەر ئەوەیان کرد و خۆیان خستە پاڵ هۆزەکان ئەوکات لە لایەن ئەو هۆزانە و سەرۆکەکانیانەوە دەپارێزرێن و داکۆکیان لێ دەکرێت.

لە کۆتاییەکانی قۆناغی دەسەڵاتدارێتیی قاجار و لە میانی پیادەکردنی سیاسەتی کۆنترۆڵکردنی ناوچە پەراوێزییەکاندا، سەرۆک هۆز و خێڵەکان توانیان بە نیشتەجێبوونیان لە گوند و شارەکان و پاراستنی بونیادی خێڵەکیی خۆیان، لە لایەک کۆنترۆڵی خەڵکەکە بخەنە ژێر دەستی خۆیان و لە لایەکی دیکەوە توانیان وەک دەسەڵات و نوێنەری ناوەند ڕۆڵگێڕی بکەن. گۆڕینی شێوەژیانی خێڵەکی بە شێوەژیانێکی

> **"فرەچەشنی و ئاڵۆزیی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە جۆرێکە کە ناتوانین قسە لە شرۆڤەکردن و هەڵسەنگاندنی فۆرمەلەیەکی یەکانگیری کۆمەڵایەتیی یەکسان و یەکڕەنگ بکەین"**

> **هەندێک لە توێژەران بە دیدێکی جیاوازتر، پرۆسەی دەستوور خوازییان بە گشتی وەک شۆڕشێکی ناسیۆناڵیستی و دیموکراتیک داوەتە قەڵەم؛ بەڵام ئەو پێناسەکردنە لەگەڵ ئامانجەکانی شۆڕشی دەستوور خوازیدا یەک ناگرێتەوە**

دیکە، بە واتای سڕینەوە و نەمانی پەیوەندییە خێڵەکییەکان نەبوو. دروستبوونی گوندی خێڵ و شاری خێڵەکان لەو ڕووەوەیە کە لە سەرتاسەری ئەو قۆناغەی حوکمڕانیدا، هێشتنەوە و دەستپێوەگرتنی خزمایەتی و پەیوەندییە خێڵەکییەکان بە درێژایی مێژووی هاوچەخی کوردستان هەر هەبووە. بەو واتایەی کە پێکەوەبەستنەوەیەکی شێوەژیانی خێڵەکیانە لەگەڵ تایبەتمەندیی ژیانی شاری و گوندیدا هەیە و ئەو تێکەڵکێشکردن و پێکەوەبەستنەوەیە نە تەواو شێوەژیانی خێڵەکیانەیە و نە تەواو بە شێوەژیانی شاری و گوندیش، کە بە پەیوەندیی کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و کار و خەسڵەتی شارییانە جیا دەکرێتەوە و دەژمێردرێت، بەڵکو تێکەڵەیەکی نوێی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە، کە دەتوانین بەو شێوەژیان و کلتورە تێکەڵەیەی ناو بنێین کە بە کلتوری (کریۆلی)٢ ناسراوە. لە وەها کەشێکدا دەتواندرێت قسە لە گۆڕان لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی بکرێت. ئەوەی بەدی دەکرێت ئاوێتەکردنی شێوازەکانی بەرهەمهێنانی سێیانە: خێڵەکی، لادێی و شارییە کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆ و ئابووریی پشتبەخۆبەستوو و خۆجێیی زەقترین تایبەتمەندییە ئابوورییەکەیەتی. چاوگێڕان بە بەڵگە و سەرچاوەی مێژوویی دەری دەخات کە کورد لە کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانیدا وازی لە شێوەژیانی کۆچەری هێناوە و ئەوەی ئێستا بەدی دەکرێت بریتییە لە تێکەڵەیەکی فەرهەنگی خێڵەکی و سیستمی خاوەنداریێتیی دەرەبەگایەتی. سیستمی کۆچنشینی کورد لە ناوچە لادێییەکاندا تەنیا هەوڵدانێک بووە بۆ دۆزینەوەی لەوەڕگە لە وەرزی گەرمادا و دوورخستنەوەی مەڕ و ماڵاتەکانیان لە گەرمای ناوچە نزمەکان بۆ چیاکان. ئەم شێوەژیانە لەم کەشە لادێی و خێڵەکییەی ئێستای کوردستانیشدا هەر بەدی دەکرێت.

بە کاریگەریوەرگرتن لەو پێکهاتە سێیانە تێکهەڵکێشکراوەی لە سەرەوە باس کرا، کوردستانی دوادواییەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم زیاتر لەژێر کاریگەریی پەیوەندییە ستوونییەکان بە پۆلینبەندی کۆمەڵایەتی و جەختکردنەوە لە ئابووریی پشتبەخۆبەستووی سنوورداری خۆجێیی بووە تا گۆڕان و گواستنەوەی ڕیشەیی لە ئابووری و پێنانە نێو ئابووری بازاڕ. لە بنچینەدا تا کۆتاییەکانی دەیەی ٦٠ و سەرهەڵدانی شۆڕشی سپی، هیچ نیشانەیەکی کارتێکەری کۆمەڵگەی بازاڕی بەسەر کۆمەڵگەی نەریتی کوردستاندا بەدی ناکرێت. شرۆڤەکردنی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی سەردەمی کۆتاییەکانی دەسەڵاتداریێتیی قاجار ئەوەمان نیشان دەدات کە دەسەڵات و هەژموونی باڵادەست هی پێکهاتەی خێڵ بووە. دەسەڵاتی ئەو پێکهاتەیە لە کاتێکدا دەبیندرێت کە زۆرینەی خەڵکی کورد لە دەرەوەی تۆڕی خزمایەتی و هاوخوێنیی خێڵەکی و تیرەگەریدا بووە. هەژموونی پێکهاتەی خێڵەکی بەسەر هاوڵاتیانی ناخێڵەکی بە ڕادەیەکی زۆر نیشانەی دواکەتوویی، بوونی سیستمی ئابووریی بەکاڵانەبوو و نەبوونی دراو، نەبوونی سەقامگیری، نەبوونی ژیانی شارنشینی لە کوردستانی ئەو سەردەمەیە.

ئەو کۆمەڵە فاکتەرەی باسمان کرد و نەبوونی کارەکتەری فیکری و ڕۆشنبیریی لەو بەشەی کوردستان، وامان لێ دەکات لە بەراوردکردنی کرداریدا بەو دەرەنجامە بگەین کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەچاو باکووری کوردستان نەک تەنیا جیاوازییەکی واتاداری لە ڕووی بزاوت و دەرچوون لە سستبوون و خاوەخاوی پێکهاتەی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا هەیە، بەڵکو لە دەرەوەی فەزای گۆڕانکارییە فیکرییەکانی ئەو بەشەی کوردستاندا بووە. ئەم پرسە هەم لەسەر ئاستی ڕۆشنبیریی و هەم لەسەر ئاستی دەستەبژێرە نەریتییەکاندا بەدی دەکرێت.

ڕەنگ بێت لەم ڕووەوە سمکۆ وەک دەستەبژێرێکی نەریتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ئەو سەردەمەدا، کەسایەتییەکی تایبەت و ڕیزپەڕ بێت، کە لە دەرەوەی ئاسۆ و دیدی دەستەبژێرەکانی دەوروبەری خۆی، گۆڕانکارییەکانی دەرەوەی دەبینی و ئاگاداریان بوو. لە بەشەکانی دواتردا زیاتر لەسەر کاریگەریی ئەو کەسایەتییە و هەروەها ناهەماهەنگیی نێوان پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی ژێر دەسەڵاتی خۆی و ئامانجەکانی ڕادەوەستین و شیدەکەینەوە.

### گۆڕانکارییەکانی ناوەند و دروستکردنی کەشێکی نوێی فیکری

ناکرێت پرسی ناسیۆنالیزمی کوردی هەرتەنیا لە چوارچێوەی کۆمەڵگەی کوردستانەوە بخەینە بەر باری سەرنج. وردبوونەوە لە گۆڕانکارییەکانی ناوەندی ئێران، هەروەها گۆڕانکارییە نێودەوڵەتییەکانیش دەتوانن زیاتر بۆ ڕوونکردنەوەی لایەنە شاراوەکانی ئەم باسە

یارمەتیدەر بن. شۆڕشی دەستوورخوازی لە ١٩٠٥-١٩١١، هەروەها هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی ١٩١٤-١٩١٨ لەو ماوەیەی کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەڵوەستەی لەسەر کراوە، گرنگترین ئەو ڕووداوە مێژووییانەن کە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەریان لەسەر بزووتنەوەی سمکۆ لە لایەک و چەکەرەکردن و پەرەسەندنی ناسیۆنالیزمی سەرەتایی کورد لە لایەکی دیکەوە هەبووە. شۆڕشی دەستوورخوازی (مەشرووتە) وەک بوویەرێک کە سنووری ئێرانی کۆن و نوێ لە یەکدی جیا دەکاتەوە، تا ئێستا لە لایەن لێکۆڵەران وەک گرنگترین ڕووداوی هاوچەرخی ئێران جەختی لێ کراوەتەوە و خراوەتە بەر باری سەرنجەوە. ئەو توێژینەوانە بە شێوەیەکی گشتی جەختیان لەسەر کاریگەرییەکانی ئەو ڕووداوە لە چوارچێوەی گۆڕانکارییە بەدیهاتووەکانی بواری ڕۆشنبیریی، دروستکردنی دامەزراوەی دیموکراتیک، سەرهەڵدانی تەگەرە نەریتییەکانی بەردەم بنەماکانی مۆدێرنە لە بواری سیاسەت، کۆمەڵگە و ئابووریی ئێران، کردۆتەوە. ڕاستییەکە ئەوەیە کە شۆڕشی دەستوورخوازی بەدیهێنەر و دروستکەری ئێرانی نوێیە بە واتای وشە و ئەو توێژینەوانە بە ڕاستی ڕۆڵ و پشکی دەستوورخوازی و دەستوورخوازانی لەو گۆڕانکارییە نوێیانەی ئێراندا بە ڕوونی خستۆتەڕوو، بەڵام ئەوەی لێرەدا لای لێ نەکراوەتەوە، ئەو ڕاستییەیە کە شۆڕشی دەستوورخوازی بە گشتی وەک شۆڕشێکی شاری، تەنیا ناوەندەکانی دەسەڵات و شارە گرنگەکانی دەوروبەری

گرتەوە. ناوچە لاوەکییەکانی دەسەڵاتی سیاسی لە ئێران کە جێی باسی ئەم لێکۆڵینەوەیەی ئێمەن، نەک هەر نەکەوتنە ژێر کارتێکردنی بوویەری دەستوورخوازی، بەڵکو ئەو کێشە و ئاستەنگانەی هاتنە سەر ڕێی دەستوورخوازان لە هێنانە کایەی ئێرانی نوێدا، دەرفەتێکی بۆ ڕەخساندن کە لە مەیدانی سیاسیدا شێوەیەکی تازەی خەبات و ڕووبەڕووبوونەوە لە هەمبەر حکومەتی ناوەندی وەرێ بخەن. ململانێی هێزەکانی دەوروبەر لە ئێرانی نوێدا نابێت ئەو بۆچوونە هەڵەیە لە هزری خوێنەردا دروست بکات کە من خەسڵەتێکی مۆدێرن لەبواری کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی بەو بزووتنەوانەی ناوچە لاوەکییەکان دەدەم. نوێبوونی ئەو بزووتنەوە ناوچەییانە، لە ڕەوتی خەبات و تێکۆشانی خۆیاندا کە لەهەمان کاتدا سوودیان لە لایەنە زۆر بەهێزەکانی کۆنیش وەرگرتووە، تەنیا لەلایەن ئەو ئایدۆلۆژیا نوێ و مۆدێرنانە جەختی لێ کراوەتەوە کە ڕێبەران و ڕۆشنبیران، بۆ ڕەوایدان بە جووڵانەوە سەربازی و سیاسییەکانی خۆیان لەبەر چاویان گرتووە، ئەمە لە کاتێکدایە کە پێشتر ئەو جۆرە ڕەواییدانە لانی کەم لەسەر ئاستی بیرکردنەوە و دەربڕینی ڕێبەراندا بەرچاو ناکەوێت. بۆ نموونە جووڵانەوەی ‹شێخ خەزعەل› لە باشوور، ‹شێخ محەمەد خەیابانی› لە تەورێز و بزووتنەوەی ‹جەنگەڵ› لە باکوور و هەروەها داخوازییەکانی سمکۆ لە ڕۆژئاوای ئێران، نموونەی زەق و دیاری ئەو جۆرە

بیرکردنەوە و ڕەوایدانە نوێیانەیە. هەرچەندە لە هەر یەک لەو نموونانەی باس کران لایەنی جیاواز و هەندێک جار ئاراستەی دژە یەکی دەربڕینی ئایدۆلۆژییش هەیە، بەڵام ئەوەی بۆ ئێمە گرنگی هەیە ئەو بابەتەیە کە هاتن و سەرهەڵدانی هێزە لاوەکییە ناوچەییەکان هاوکات و دوای شۆڕشی دەستوورخوازی




لە ئێرانی مۆدێرندا، بە بەراورد لەگەڵ جووڵانەوە ناوچەییەکانی سەردەمی بەر لە مۆدێرنەی ئێران هەڵگری ناسنامەی جیاوازن. تا ئێستا ئەو ناسنامە نوێیەی هێز و لایەنە ناوچەییەکان، نەک هەر جێی سەرنج و لا لێکردنەوەی توێژەرانی ئێرانی مۆدێرن نەبووە، بەڵکو تەنیا بە تۆمەتبارکردنی ئەو

> **“مەبەست لە ژیانی خێڵەکی بریتییە لە پەیوەندیی خوێنی و خزمایەتی لە پێکهاتەیەکی پلەبەندی ستونیی کە کۆمەڵێک لە خەڵک لە ناوچەیەکی جوگرافیاییدا لەژێر دەسەڵاتی سەرۆکی هۆز، یان سەرۆکی خێڵدا دەبن”**

جووڵانەوە و ڕێبەرەکانیان بە ناپاک و جووڵانەوەکانیان بە کۆنەپەرستی و یاخیگەری، ویستوویانە باسەکە بخەنە دەرەوەی لێکۆڵینەوە گەرم و بنەڕەتییەکانی مێژووی هاوچەخی ئێران و بە بچوک نیشانی بدەن و لە بایەخی کەم بکەنەوە.

لەو بڕوایەدام کە پرۆسەی نووسینەوەی مێژووی ئێرانی هاوچەرخ بەچاویلکەی ناوەندگەرایی ڕووت نا، بەڵکو بە پێچەوانەکردنەوە و گرنگیدان بە ناوچەکانی دەوروبەر دەتواندرێت تێڕوانین و هەڵێنجانێکی دیکە بخرێتە بەر دەست. هەرچەندە ئەو گۆڕینەی بوارەکانی لێکۆڵینەوە، بۆی هەیە بۆ مێژوونووسان ئاسان نەبێت و بە زیانی خۆیانی ببینن، بەڵام بە پێداچوونەوە و شەنوکەوکردنی هەر دوو لایەنەکە، لانی کەم دەتواندرێت بۆچوونێکی هاوسەنگانەتر بخرێتەڕوو.

### شۆڕشی دەستوورخوازی، سەرنەکەوتن لە ڕێکخستنی دامەزراوەی دیموکراتیک۳

گرنگترینی توێژینەوەکان، شۆڕشی دەستوورخوازی وەک هەنگاوی یەکەم بۆ هێنانەدیی دەوڵەت- نەتەوەی نوێی ئێران لە قەڵەم دەدەن. ئەگەرچی ناتواندرێت ساخ بکرێتەوە کە لە ڕووی کردارییەوە فۆرمەلەبوونی دەوڵەت- نەتەوە و بە تایبەت ناسنامە نەتەوەییەکەی دەرکەوتن و پێکهێنەری سەرەکیی خۆی لە قۆناغی ‹شۆڕشی دەستوورخوازی›یەوە بە دەست هێنابێت، بەڵام دەتوانین بڵێین کە ئایدۆلۆژیای دەوڵەت- نەتەوە لە میانەی قۆناغی دەستوورخوازیدا لەڕووی سیاسییەوە بە فەرمی ناسرا و جێی خۆی گرت. ئەو پرسە بە شێوەیەکی گشتی بەرهەمی هەوڵ و خەباتی دەستەبژێرانی سیاسی و ڕۆشنبیرانی نافەرمیی شۆڕشی دەستوورخوازی بۆ ئامادە و گۆشکردنی گەلی ئێران و هەروەها هەوڵدان بۆ گۆڕانکاریی لە پێکهاتەی دەسەڵاتی سیاسی لەو قۆناغە بوو. دەتوانین پرۆسەی دروستکردنی دەوڵەت- نەتەوە لە ئێرانی سەردەمی دەستوورخوازیدا، لە ڕوانگەی جیاجیاوە بخەینە بەر باری سەرنج و شیکردنەوەوە؛٤ ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا گرنگە، هەڵوەستەکردن و شیکردنەوەی توخمەکانی پرۆسەی دروستکردنی دەوڵەت- نەتەوەیە لە قۆناغی دەستوورخوازیدا، کە پەیوەندیی لەگەڵ بابەتی سەرەکیی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا، واتە پرسی کورد و نەتەوەکانی ئێران بە شێوەیەکی گشتی هەیە. بەم پێیە دەتواندرێت شیکردنەوە و شەنوکەوکردنی گوتاری زاڵی بیرمەندانی ئەو سەردەمە و هەنگاوە کردارییەکانی چالاکیوانانی بواری سیاسیی قۆناغی دەستوورخوازی لەو چوارچێوەیەدا بخرێنە بەرباری سەرنج.

هەرچەندە هەندێک لە توێژەران بە دیدێکی جیاوازتر، پرۆسەی دەستوورخوازییان بە گشتی وەک شۆڕشێکی ناسیۆنالیستی و دیموکراتیک داوەتە قەڵەم؛ بەڵام ئەو پێناسەکردنە لەگەڵ ئامانجەکانی شۆڕشی دەستوورخوازیدا یەک ناگرێتەوە. چونکە ئامانجێکی بنەڕەتیی شۆڕشەکە - ئامانجی سەرەکیی زۆرێک لە بەشداربووانی- نادیدە دەگرێت: چاکسازیی حکومەت، هێنانەدیی دەوڵەتێکی بەهێز کە بتوانێت بەسەر دواکەوتوویی ئێراندا سەرکەوێت.٤ ئەگەرچی ئەو ئامانجە بەشێک بوو لە خواستە گشتییەکانی دەستوورخوازان، بەڵام بەشی هەرە سەرەکیی بەرنامەی کرداری و ستراتیژیی ڕۆشنبیرانی لەخۆ دەگرت. ئەمە بە ئاشکرا دەرەنجامی کاریگەریی کەشی فیکریی ئەو گۆڕانکارییە فیکرییانەی ئەورووپا بوو لەسەر ڕۆشنبیرانی ئەو سەردەمە. چونکە جەختکردنەوە لەسەر سنووردارکردنی دەسەڵات - وەک بنەمای فیکریی تیۆریسیەنانی دەوڵەتی دەستوورخواز لەسەدەی نۆزدە لە ئەورووپا- دەبووە هۆی ئەوەی کە چاوگێڕانەوە بە دامەزراوەی پاشایەتیی ڕەها لە ئەورووپا وەک چەقی مەڵبەندی گۆڕناکاریی کۆمەڵایەتی لە لایەن ڕۆشنبیرانی ئێرانیشەوە جەختی لێ بکرێتەوە و سنووردارکردنی دەسەڵاتی سیاسی وەک گرنگترین بواری چاوپێداگێڕانەوە بە ژیانی سیاسیی قۆناغی حوکمڕانێتیی قاجار لێی بڕواندرێت.٥ بەم پێیە چاوگێڕانەوە بە ژیانی سیاسی لەو قۆناغەی دەسەڵاتدارێتیی ئەو دەمەی ئێران، لە چوارچێوەی گوتاری سیاسیی ڕۆژئاوادا، بووە مایەی ئەوەی کە دەوڵەتی قاجاری بە دەوڵەتێکی دیکتاتۆر و سەرەڕۆ بژمێردرێت و ئەو چاوگێڕانەوە و تێکۆشانە لە بەرامبەر دیتکاتۆری و سەرەڕۆیی بووە سەرەکیترین ئامانجی دەستوورخوازان.٦

ئەم هەنگاوە کە دەکرێت بە تێڕوانینێکی نوێ لە پێکهاتەی دەسەڵاتی سیاسی لە ئێران بژمێردرێت، مژدەهێنی گۆڕانێک بوو، کە ڕاستەوخۆ شێوەی حوکمڕانیی لە ئێراندا دەکردە ئامانج. بە پێی ئەم بنەمایە، دەتواندرێت حکومەتی دەستوورخوازی بە خاڵی

وەرچەرخانی مێژوویی لە گۆڕینی دید و تێڕوانین سەبارەت بە چەمکی دەسەڵاتی سیاسی و پەیوەندیی بە هاوڵاتیانەوە دابندرێت. بەم پێیە بنیاتنانی دەوڵەتی نوێ لەو قۆناغەدا، لەگەڵ خستنە ژێر پرسیاری پێگەی دەزگای پادشایەتی وەک گرنگترین توخم و دامەزراوەی ستەمکاری کە لە گوتاری ڕۆشنبیرانی پێش و سەردەمی دەستوورخوازیدا بەرجەستە دەبوو، هاوکات بوو. سنووردارکردنی دەسەڵاتی پادشایەتی وەک دەرەتانی سەرەکیی گۆڕان لە پێکهاتەی دەسەڵاتی سیاسی لە ئێران، سەرەنجام هاتنەدیی گرنگترین دەرەتانی بنیاتنانی دەوڵەتی مۆدێرن لە ئێرانی هاوچەرخ واتە نووسینی دەستووری وڵات و پێکهێنانی ئەنجوومەنی شۆرای نیشتمانی (پەرلەمان) ی لێ کەوتەوە. ڕاستییەکەی ئەمە گرنگترین تێکۆشانی دەستوورخوازان بوو بۆ سنووردارکردنی دەسەڵاتی پادشایەتی لە لایەک و بنیاتنانی دامەزراوەگەلی دیموکراتی لە لایەکی دیکەوە. چۆنێتیی بەجێهێنان و بە کرداریکردنی ئەو ئامانجانە لە قۆناغی دەستوورخوازیدا ئەگەرچی زۆر کەموکورتی ڕیشەییان هەبوو، بەڵام ئەو بەرنامە تیۆرییەی کە دەستوورخوازان دایان ڕشتبوو، بە پێی ڕوانگەی ئەوان دواجار دەبووا بهاتبووایە دی و دەوڵەتی مۆدێرن و گەلی نوێی لە ئێراندا بەدوادا هاتبووایە.

تێپەڕینی کات و ڕووداوە مێژووییەکانی دوای دەستوورخوازی، سەلماندیان کە ئەو بەرنامە تیۆرییەی دەستوورخوازان بەدینەهات. ئەو بابەتە تا ڕادەیەکی زۆر بۆ نادروستیی بەرنامە تیۆرییەکەی دەستوورخوازان لە بارەی پێکهاتەی دەسەڵاتی سیاسی لە ئێران دەگەڕێتەوە. شیکردنەوەی ئەم بابەتە خۆی لە خۆیدا دەتوانێت دەروازەیەک لە بەردەم لێکۆڵینەوەکانی ئێرانی هاوچەرخدا بکاتەوە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی دەکرێت بگوترێت کۆمەڵێک گۆڕانکاریی مێژوویی و ئاستەنگی بونیادی، بوونە هۆی ناکامیی دەستوورخوازان لە بەدیهێنانی ئامانجەکانیاندا. هەوڵ و تەقەللاکانی ‹محەمەد عەلی شا›* بۆ زیندووکردنەوەی دووبارەی دەسەڵاتی پادشایەتی، هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان و ستەمکاریی تازە، خاوەخاوکردن لە ڕاپەڕاندنی کارەکانی ئەنجوومەنی یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەمی قۆناغی دەستوورخوازی بە هۆی کاریگەرییەکانی ڕووداو و بووبەرە نێوخۆییەکان و دەستوەردانی هێز و لایەنە دەرەکییەکان کە لەو کاتەدا بوونی ڕاستەوخۆیان لە مەیدانی سیاسیی ئێراندا٧ هەبوو، بێتوانایی حکومەت لە بەدەستهێنانی ئاسایش و سەرهەڵدانی پشێوی لە ناوچەکانی یەزد، ئیسفەهان، شیراز، کرمان، مەشهەد، سمنان، سیستان، بروجێرد و کوردستان٨ هەڵوەشانەوە و لێکترازانی ڕیزەکانی هێزی دەستوورخواز، پەنابردنە بەر زەبروزەنگ و تیرۆر،٩ پەرەسەندنی دەسەڵات و هەژموونی نەریتیی وڵاتانی ڕووسیا و ئینگلیز کە تا ئاستی ڕووبەڕووبوونەوەی چاکدارانە و داگیرکردنی هەندێک ناوچەی ئێران چووە پێش، بێتوانایی دەسەڵاتی ناوەند لە پیادەکردنی دەسەڵات لە سەرتاسەری قەڵەمڕەوی ئێران، ڕووبەڕوو بوونەوەی دەستوورخوازان و دژبەرەکانی دەستوورخوازی،١٠ ڕووبەڕووبوونەوەی هێز و لایەنە کۆنەپارێزە ئایینییەکان لەهەمبەر گۆڕانکارییە نوێیەکان، هەروەها دروستکردنی خوێندنگە و بنەماکانی پێشکەوتن و یەکسانیی یاسای بنەڕەتی،١١ ناکارایی دەزگای بەڕێوەبەریی وڵات و بێتوانایی حکومەتی ناوەندی لە بواری باج و پیادەکردنی دیسپلین و سەروەربوونی یاسا، پێکهێنان و هەڵوەشانەوەی سی و شەش کابینەی حکومەت لە ماوەی سێزدە ساڵی قۆناغی یەکەمی دەستوورخوازی بە هۆی تەنگژەی پەیوەندییەکانی نێوان ئەنجوومەن، حکومەت و شا کە سەرچاوەیان لە ناکۆکیی بەردەوام و سیاسەتی دەستەبەندی لە کابینەکاندا وەردەگرت، سروشتی سیستمی پەرلەمانی و حیزبی لە ئێران کە مافی دەنگدان زۆر بە قازانجی توێژە باڵاکانی کۆمەڵگە بوو و سیستمی دوو قۆناغی هەڵبژاردن لە ویلایەتەکان (کە زەمینەی بۆ دەستوەردان و دەستکاریکردنی بەرپرسانی خۆجێی و بەڕێوەبەریی، خۆش دەکرد) بواری کارایی سیاسی بەرتەسکتر دەکرد،١٢ نەبوونی دەزگای کارگێڕی و نەبوونی سوپایەکی بەهێز، قۆرخکردنی کورسیی نوێنەرایەتیی پەرلەمان لە لایەن خاوەن زەوی و بازرگانان بەشێک لە هۆکارەکانی ناکامی و سەرنەکەوتنی شۆڕشی دەستوورخوازیی ئێرانی بوون.

لە لایەکی دیکە بونیادی کۆمەڵایەتیی ئێران بە شێوەیەک نەبوو کە لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی جێی مەبەستی ڕۆشنبیران هاوتەریب

> “بەشی هەرە زۆری کۆمەڵگەی کوردستان لە کەسانی دەرەوەی پێکهاتەی خێڵەکی پێک هاتووە، کە لە لادێکان و بەشێکیشیان لە شارەکاندا ژیاون. ئەم بۆچوونەش لە لێکۆڵینەوەکانی ‹مارتین بروین سێن› و ‹ڕیچ› پشتڕاست کراوەتەوە”

> «تا کۆتاییەکانی دەیەی ٦٠ و سەرهەڵدانی شۆڕشی سپی، هیچ نیشانەیەکی کارتێکەری کۆمەڵگەی بازاڕی بەسەر کۆمەڵگەی نەریتی کوردستاندا بەدی ناکرێن»

بێت. بەپێی بەراوردکردنی ‹چارلز عیسەوی›* ژمارەی هاوڵاتیانی ئێران لە سەردەمی دەستوورخوازیدا، ٧/٥ ملیۆن کەس بووە، لەو ژمارەیە ٧٥٪ هاوڵاتیانی نیشتەجێ کە ٢٥٪ ئەو ژمارەیە لە ١٠٠ شاری تا ڕادەیەک کەم حەشیمەت و ٥٠٪شیان لە لادێکاندا نیشتەجی بوون. نزیکەی ٢/٥ ملیۆن کەسیش بە شێوەی کۆچەری دەژیان کە دەیکردە ٢٥٪ ژمارەی هاوڵاتیان.١٣ ئەمە و ناکارایی حکومەت لە ماوەی هەر دوو سەدەی نۆزدە و بیستەمدا و پشتبەستنی هاوڵاتیان بە ئابووریی ناجێگیری شار لە چاو ئابووریی بازاڕەکانی جیهان،١٤بووە هۆی گرانیی نرخی زەویوزار و گەشەی چینە زەویدارەکان و بێبەشکردنی خاوەنداریێتیی وەرزێران و فروانبوونی دەسەڵات و هەژموونی زەویداران لە شار و لادێکاندا.١٥ ئەو ڕەوشە و هەروەها قەتیسبوون و خۆبەستنەوە بە ئابووریی سەرەتایی خۆژیاندن کە پایەکانی لەسەر بنەمای خۆبەڕێوەبەرێتیی خێڵەکی جێگیر بوو؛١٦ نەیتوانی ئامانج، ئاسۆ و ڕیفۆمەکانی دەستوورخوازی لەنێو لادێنشینان، وەک فراوانترین ڕێژەی هاوڵاتیانی ئێران کە ٩٠٪ی هێزی کاری مرۆیی قۆناغی دەستوورخوازی پێک دەهێنا، پیادە بکات. ئەگەرچی دەستوورخوازی بەو بەرنامەیەی کە بۆ بوارە جیاجیاکانی هەبوو، دەبووایە گۆڕانکاری لە بونیادە کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابوورییەکاندا بکات، بەڵام هەژاری و نەخوێندەواریی ٩٧٪ی کۆمەڵگەی ئێرانی ئەو سەردەمە دەرفەت و توانای جێبەجێکردنی ئەو ئەرکە بونیادییەی پێ نەدەدا.١٦ گوندنشینان و وەرزێران ئەگەرچی بە کاریگەریی دەستوورخوازی، بەرامبەر بە دەرەبەگ و خاوەن زەوییەکان ڕاست بوونەوە و خوازیاری نەهێشتنی سیستمی دەرەبەگایەتی بە تایبەتی لە ئازەربایجان و گەیلان بوون؛١٧ بەڵام هەمەگیرنەبوونی ئەو داخوازیانە لە هەموو ناوچەکان و پڕبوونی پەرلەمان بە ئەرستۆکرات و زەویداران و کارابوونەوەی دەسەڵات و هەژموونی سیاسی و ئابوورییان، بوونە کۆسپی بەردەم ئاوڕدانەوە و لاکردنەوە لە خواست و داواکارییەکانی گوندنشینان.

## سەرنەکەوتنی دەستوورخوازی و خواستە نەتەوەییەکانی هێز و لایەنەکانی دەوروبەر

ناکامبوونی شۆڕشی دەستوورخوازی بە شێوەیەکی نەخوازراو بووە هۆی هاتنە ئارای کەشێکی سیاسی و فیکریی لە نێو هێز و لایەنە پەراوێزییەکان لە ئێرانی دوای دەستوورخوازیدا، کە کەشی سیاسی، گوتاریی ئەوان لەگەڵ بنەما فیکرییەکانی دەستوورخوازان و ئامانجەکانی ئەو شۆڕشە، دژیەک و ناکۆک بوون. دەستوورخوازان ئەگەرچی توانیان دەسەڵاتەکانی شا و دەربار سنووردا بکەن، بەڵام پێدەچێت دیدێکی واقیعبینانەیان بەرامبەر بە دەستگا و دامەزراوەکانی دەوروبەر و ئەو کەشە جیاجیایەی کە لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی ئەوسای ئێراندا هەبوو، نەبێت. ڕاستییەکەی هەوڵ و سەرنجەکانی ئەوان زیاتر بە ئاراستەی ڕیشەکێشکردنی دەسەڵاتی سەتەمکارانە بوو، کە ڕوخساری ئەو ستەمکارییە لە دەسەڵاتی پادشایەتیدا خۆی دەنواند. ئەمە لە کاتێکدا بوو کە بونیادی دەسەڵات لە ئێرانی بەر لە مۆدێرنە، هەر وەک پێشتریش باسمان کرد، پێکهاتبوو لە دەسەڵاتی ناوەندێکی زیاتر لاواز و کەم هەژموون لە تەک کۆمەڵێکی بەهێزی دەسەڵات و لایەنەکانی دەوروبەر. ئەو تێڕووانینە ناواقیعبینییەی بەرامبەر بونیادی دەسەڵات و هەروەها بێدەنگیی لە هەمبەر بونیادی جیاجیای کۆمەڵایەتیی ئێراندا هەبوو، بووە هۆی ئەوەی هەر لەگەڵ دەرکەوتنی نیشانەکانی بێتوانایی دەستوورخوازان لە جێگیرکردنی سیستمی نوێدا، هێزەکانی دەوروبەر بکەونەخۆ و داوای هاوئاستبوون لە پرۆسەی سیاسیی ئێراندا بکەن. هەوڵە بچووک وسنووردارەکانی دەستوورخوازان لە پێناو ڕێکخستن و ڕاکێشانی هێزەکانی دەوروبەر بۆنێو چوارچێوەی ئەو ئەنجوومەنە هەرێمایەتی و ناوچەییانەی کە لەپاشکۆیی یاسای بنەڕەتیدا جێگیر کرابوون، ئەگەرچی دەیتوانی بۆ کۆنترۆڵکردن و ڕاکێشانی هێزەکانی دەوروبەر کاریگەر بێت، بەڵام ئەو هەوڵانە نەک هەر زوو پەکیان خرا، بەڵکو ئەم بابەتە تا ساڵانێک دوای دەستوورخوازیش نەبووە جێی بایەخپێدانی ڕۆشنبیران و تیوریسیەنانی دروستکردنی دەوڵەت – نەتەوەی ئێرانی.١٨ کاردانەوەی سیاسی دەسەڵاتی دەوروبەر لەمیانی ساڵانی دەستوورخوازیدا، بە تایبەت لەماوەی جەنگی یەکەمی جیهانیدا ئەوەی نیشان دا کە ئەو هێزانە، هێشتا سەنگ و کاریگەرییێکی بەرچاو و پڕ بایەخیان لەمەیدانی سیاسی ئێراندا هەیە. ئەو کاردانەوانەی هێزەکانی دەوروبەر هەرچەندە

له هەندێک حاڵەتدا بە لای هەڵوێستگیرییە سیاسییەکانی ناوەندەوە دەیانشکاندەوە، بەڵام ئەمە نەک هەموو هێز و لایەنەکانی دەوروبەری نەدەگرتەوە، بەڵکوو سروشتی ڕاستەقینەی بزاوتە سیاسییەکانی ئەو هێزانەشی نیشان نەدەدا. دەکرێت کاردانەوەی سیاسی هێزەکانی دەسەڵاتی دەوروبەر، لەمیانی ساڵانی دەستوورخوازییەوە تا قۆناغی ڕەزاشا بەسەر دوو لایەندا دابەش بکەین: دەستەیەک لەو چالاک و کارەکتەرانەی دەوروبەر کە بە ڕووداوەکانی دوای دەستوورخوازییەوە کاریگەر بوون، لەژێر کارانگازی ڕووداوەکانی ناوەند، لە دوو گروپی دەستوورخواز و دژە دەستوورخوازی لەنێو ئەو ڕووداوە سیاسیانەی ئەو قۆناغەی مێژوودا کەوتنە نیشاندانی ڕۆڵی سیاسی خۆیان.١٩ دەستەیەکی دیکە بە ڕووداوەکانی ناوەندی ئێران کاریگەر نەبوون، بەڵکوو لەو هەلومەرجەی کە لەئەنجامی ناکارایی دەستوورخوازان هاتبووە ئارا، توانیبوویان بزاوتە خێڵەکی و تیرەگەرییەکانی خۆیان لە ناوچە جیاجیاکانی ئێران ڕێکبخەنەوە. تورکمەنەکانی باکووری خوراسان، شاهسونەکانی ئازەربایجان، کوردەکان، لوڕانی بەختیاری، تورکانی قەشقایی، بویرئەحمەدییەکان، عەرەبەکان و شاهسونەکانی خەمسە و کەهگیلوییەکان هەر یەک لەمانە لە هەوڵی بەهێزکردنی پێگە و دەسەڵاتی خۆجێی و ناوچەیی خۆیاندا بوون.٢٠ لە لایەکی دیکەوە ‹ئیقبال ئەلسەڵتەنەی ماکۆیی› کۆنترۆڵی هەندێک ناوچەی باکووری ڕۆژئاوای ئێرانی گرتبووە دەست،٢١ لە باشوور شێخ خەزعەل، لە تەوریز شێخ محەمەد خەیابانی و لە باکوور جووڵانەوەی جەنگەڵ ڕەوشێکی ئاڵۆزی لە جموجۆڵە ناوچەییەکانی هەر یەک لەو هێز و لایەنانەی ئەو سەردەمەدا بەرجەستە دەکرد،٢٢ بەڵام ئەو گروپانە نەک هەر لەسەر ستراتیژ و پێواژۆیەکی سیاسیدا هاودەنگ نەبوون، بەڵکو هەر یەکە و شێواز و ئاراستەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی جیاواز و تایبەت بەخۆی گرتبووە پێش. لە هەڵسەنگاندنێکی گشتیدا دەتوانین ئەو هێزانەی کە بە شۆڕشی دەستوورخوازی کاریگەر نەبوون بکەینە دوو دەستە: دەستەیەکیان ئەوانەن کە بە تێکۆشان و ڕۆڵی بەردەوامیان، ویستوویانە فۆرمی سیاسیی هێزەکانی دەوروبەر لە ئێرانی بەر لە مۆدێرنە لە ناوچەکانی خۆیاندا چالاک بکەنەوە، دەتوانین تورکمەنەکانی باکووری خوراسان، لوڕانی بەختیاری، تورکانی قەشقایی، بویرئەحمەدییەکان، کەهگیلوییەکان لەو گروپە پۆلێنبەندی بکەین. لە لایەکی دیکەوە ئەو گروپانەی کە لەژێر کاریگەریی کەشی فیکری و سیاسیی نوێدا بوون و بۆ ڕەوایەدان بە جووڵانەوەی خۆیان کەڵکیان لە کۆمەڵێک بنەما وەردەگرت کە تا ئەوکات بێپێشینە بوو. جەنگەڵییەکان، سمکۆ و شێخ خەزعەل لەو دەستەیە بوون کە کەوتبوونە ژێر کاریگەریی کەشی سیاسی و فیکریی نوێوە. لە کاتێکدا کە ڕێبەرانی جووڵانەوەی جەنگەڵ کە بە بیری چەپ و ئیسلامی و خەبات دژی کۆلۆنیالیزم کاریگەر بوون، جەختیان لە سەر بەرژوەندییە ناوچەییەکانیان دەکردەوە، سمکۆ و شێخ خەزعەل زیاتر بە لای جەختکردنەوە لە سەر بەرجەستەکردن و بەدیهێنانی بەرژەوەندییە ناوچەیی و نەتەوەییەکانی خۆیان لە کەشی نوێی سیاسیی ئێرانەوە بوون.

ڕاستییەکەی شۆڕشی دەستوورخوازی شۆڕشێکی ناکام بوو، کە شکستەکەی ڕێگای بۆ دەرکەوتنی بزاڤگەلی سیاسی و ئافراندنی گوتارگەلی فیکریی نوێ کردەوە. لە کەشی دوای دەستوورخوازیدا کارەکتەر و چالاکیوانانی سیاسی بە بینینی شکست و ناکامیی دەستوورخوازان و بەدینەهاتنی ئامانجە سەرەتاییەکانی جووڵانەوەکە، ڕوویان کردە پێکهێنان و پەیڕێژیی جووڵانەوە و بزاڤگەلی نوێ. هەندێک لەو جووڵانەوانە نەیانتوانی ئەوەندە بەردەوام بن و هەرزوو هەڵوەشانەوە، بەڵام هەندێکیان وەکو بزووتنەوەی جەنگەڵ و بزووتنەوەی سمکۆ بۆ ماوەیەکی درێژ لە ڕیزی پرس و قەیرانە گرنگەکانی وڵات مانەوە. لێرەدا پرسیار ئەوەیە داخۆ بزووتنەوەی سمکۆ چۆن لە بەستێنی شکستی شۆڕشی دەستوورخوازیدا سەری هەڵدا و فۆرمەلە بوو؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەبێت چاوێک بە بزووتنەوەی سمکۆ و چۆنێتیی سەرهەڵدان و گەشەکردنی بزووتنەوەکە و شێوازی ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ حکومەتی ناوەندیدا بخشێنینەوە.

### ئەنجامی گشتی

شیکردنەوەی وردلەو بابەتانەی لە سەرەوە باس کراون، ئەوە دەردەخەن کە لە بنچینەدا باسکردن و خستنەڕووی پرسی کورد لەو قۆناغەی کە

> **کۆمەڵگەی کوردستان لە مێژووی ناوەڕاست و هاوچەرخدا کۆمەڵگەیەکی کەمتر خێڵەکی و تیرەگەری بووە. هەرچەندە تا ئێستا لە لێکۆڵینەوەیەکی شیاودا لەو بارەیەوە باس نەکراوە**

ئەم لێکۆڵینەوەیە کاری تێدا کردووە، واتە نێوان ساڵەکانی شۆڕشی دەستوورخوازی تا کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کارێکی گونجاو و شیاوی وردبوونەوە و لەخۆگری هەستیاریی تایبەت بە خۆیەتی. دەستەبژێرانی فیکری و هێزە نەریتییەکانی کورد بە تێگەیشتن لە گۆڕانکارییە بەردەستەکان لەسەر ئاستی وڵات و تەنانەت ئاگاداربوون لە گۆڕانە بەردەستە نێودەوڵەتییەکان، دیدێکی نوێیان بەرامبەر بەرەوتی ڕووداوە ناوچەییەکانی خۆیان بەدەست هێنا. کۆمەڵێک فاکتەری کرداری، ڕۆڵیان لە هێنانەدی و پەرەپێدانی ئەو پرسەدا گێڕاوە. لە چاوگێڕانێکی گشتیدا کۆمەڵێک فاکتەری کرداری و هاندەرانە دەبینین کە بەدیهێنەری یەکەمی شەپۆلی ناسیۆنالیزمی کوردی بوون و سروشت و ناسنامەی نەتەوەییان بە شێوەیەکی کارا بۆ داهاتووی کورد دیاری کردووە.

گۆڕینی هەڵسوکەتی هەر یەک لە حکومەتەکانی ئێران و عوسمانی لە ناوەڕاستەکانی سەدەی نۆزدە لەبارەی چۆنێتیی کۆنترۆڵکردن و بەڕێوەبردنی ئەو سنوورانەی کە کورد تێیدا دانیشتوانی سەرەکی بوون، هەوڵدان بۆ بەڕێوەبردنی ناوچەکانی کوردستان بە یارمەتی ئەندامی بنەماڵەی پادشایەتی و لەناوبردنی میرنشینەکان ئەگەرچی بە گرنگترین هۆکاری ئەو گۆڕینەی مامەڵە و هەڵسوکەوتی ناوەند بەرامبەر بە کورد دادەندرێت؛ بەڵام ئەم سیاسەتە نەک هەر بەرامبەر بە کورد، بەڵکو لە هەمبەر گەلانی دیکەش کە تورک، یان فارس نەبوون لە ئێران و عوسمانیدا جێبەجێ کرا. بەم پێیە ئەو سیاسەتانە کە باس کران بەدیهێنەری سەرهەڵدانی ناسیۆنالیستی نەبوون لە نێو کورددا، بەڵکو هەر تەنیا فاکتەری لاوەکی و هێنانەپێشی ڕەوتەکە بوون. ناسیۆنالیزمی کوردی کە لەژێر کاریگەریی کەشی نوێی ناوچەکە و جیهاندا هاتبووە ئارا و کارانگازبوونی دەستەبژێرانی کۆن و نوێی کورد لەو کەشە ناسیۆنالیستییە سەرچاوەی گرتبوو کە لەڕۆژئاواوە هەڵی کردبوو. ڕۆشنبیرانی کورد لە دەوڵەتی عوسمانی، هەوڵیان دا پرەنسیپە سەرەتاییەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی پەیڕێژی بکەن و دەست بە بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی خۆیان بکەن. ڕادەی کاریگەریی ئەو دەستەبژێرانە لەنێو کۆمەڵانی خەڵکی کورد بە هۆی هەژموونی پێکهاتەی نەریتییەوە یەکەم جار زۆر کەم بوو. کاتێک کە ئەو ڕۆشنبیرانە لە دەستەبژێر و کارەکتەرە نەریتییەکانی کۆمەڵگە نزیک بوونەوە، زۆری نەبرد کە بزاقە نەتەوەییەکانی کورد سەریان هەڵدا. تایبەتمەندێتیی ئەو ناجێگیرییەی ئایدۆلۆژیای ناسیۆنالیستی و بێتوانایی وڵاتانی ئێران و عوسمانی لە کۆنترۆڵکردنی سنوورەکان و دەرگیربوونی هەر یەک لە وڵاتانی ناوبراو لەگەڵ گۆڕانکارییە دەستوورخوازییەکان و کەمبوونی توانای کۆنترۆڵکردن و بەڕێوەبردنی ناوچەکان، بووە مایەی ئەوەی کە ناسیۆنالیزمی بەدیهاتوو، بەخێرایی لە ناوچە کوردستانییەکانی دیکەی ئێراندا بڵاو ببێتەوە. بزووتنەوەی سمکۆ لە ئێران، یەکەمین بازنەی ئەو زنجیرە بزووتنەوە نەتەوەخوازیانە بوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کە لە ژێر کاریگەریی کەشی نوێی ئەو دەمدا سەری هەڵدابوو.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان:


١- بروانە: شۆڕشی ئاگری داغ - نوسینی ئیحسان نوری پاشا- ل٢٢

٢- د عثمات علی - دراسات فی الحركة الكوردية المعاصرة ص٣٢٥-٣٢٦، هەروەها بروانە: بە لگەنامەی بریتانی Air512 تەلەگرام لة ١٩١٩./٤/١٨

٣- چەمکی دامەزراوەی دیموکراتیک، پێشتر عەلیڕەزا مەلائی تەوانی لە کتێبی مشروطەها و جمهوری، ریشەهای نابسامانی نظم دمكراتيك، تهران: نشر گستره، ١٣٨١، لە ئێران بە کاری هێناوە.

٤- لەو بارەیەوە هەر یەک لە توێژەران چەند لایەنێکیان لەو بابەتەدا خستۆتە بەر باری سەرنج و هەڵسەنگاندنی خۆیان. لەنێو ئەو توێژینەوانەدا یەکێک لە هەرە توێژینەوە بەرجەستەکان نووسینێکی ‹فەرزین وەحدەت›ە. وەحدەت لەو نووسینەیدا لەسەر شیکردنەوەی دوولایەنی چەمکەکان و ئەندیشەگەلی دیموکراتیک و ڕەهاگەرایی ئەندیشمەندانی پێش و دوای دەستوورخوازی وەستاوە. وەحدەت ئەو دوولایەنییەی لە گوتاری ڕۆشنبیریی ئێران لە قۆناغەکانی دوای دەستوورخوازەکانیشدا پەیگیری کردووە. بۆ شەنوکەوکردنی ئەو بەرهەمەی وەحدەت بگەڕیوە بۆ: وحدت، فرزین، رويارويى فكرى ايرانيان با مدرنيت، ترجمه مهد١ Arjomand, Amir, 1988,)

The Turban For crown: The Islamic Revolution in Iran. New York: Axford (Univ. press. P35).

٥- بگەڕێوە بۆ: ملائی توانی، علیرضا، هەمان سەرچاوە، ل ٢٢.

٦- بگەڕێوە بۆ: کۆمەڵە بەرهەمی، آخوند زاده مکتوبات، طالبوف در سیاست و آزادی، مسشار الدوله لە نامیلکەی یک کلمه، ملکم خان لە نامیلکەی کتابچە غیبی و هەروەها لێکۆڵینەوەکانی فریدون آدمیت، آرامش دوستدار، عبدالهادی حائری، سید جواد طباطبایی.

ی حقیقت خواه، تهران، ققنوس، ١٣٨٢.

* محەمەدعەلی شا، کوڕی موزەفەرددین شای قاجار،١٨٧٢-١٩٢٥، شەشەمین شا لە زنجیرەی پاشایەتیی قاجاری.

٧- بۆ شرۆڤەکردنی چوار قۆناغە ناتۆکمەکانی ئەنجومەن، بگەڕێوە بۆ: شجیعی، زهرا، نخبگان سیاسی ایران از انقلاب مشروطەها تا انقلاب اسلامی، تهران، نشر سخن، ١٣٧٢، لل ١٩٦-٢٠٧.

٨- ملک زاده، مهدی، تاریخ انقلاب مشروطیت ایران، انتشارات علمی، ج ٤-٥، ١٢٧٣، لل ١٠١٠-١٠١٢.

٩- آجودانی، ماشاءالله، مشروطەهای ایرانی، تهران، اختران، ١٣٨٢، لل ٩٧-١٢١-١٣٧.

١٠- بگەڕێوە بۆ: الگار، حامد، دین و دولت در ایران (نقش علما در دوره قاجار)، ترجمه ابوالقاسم سرت، تهران، نشر توس، ١٣٦٩، لل ٣٥٥-٣٨١.

١١- آجودانی، هەمان سەرچاوە، لل ١٤٣-١٤٤-١٥٦، مومنی، باقر، دین و دولت در عصر مشروطیت، سوئید، نشر باران، ١٩٨٨، لل ١٦٩-٢٣٢.

١٢- اتابکی، تورج، تجدد آمرانه جامعه و دولت در عصر رضا شاه، هەمان سەرچاوە، ل ٩٤.

* چارلز فلیپ عیسەوی (١٩١٦-٢٠٠٠) ئابووریناس و ئەکادیمیستی بەناوبانگ و مێژوونووسی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی کۆلۆمبیا و زانکۆی برینستۆن لە ئەمریکا. لە قاهیرەی پێتەختی میسر لە دایک بووە و لە تەمەنی ٨٤ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە. چەندین کتێب و لێکۆڵینەوەی گرنگی لە بوارەکانی ئابووری، مێژووی ئابووری و ئابووری نەوت نووسیون.

١٣- عیسوی، چارلز، تاریخ اقتصادی ایران (عصر قاجار ١٢١٥-١٣٣٢هـ ق)، ترجمه یعقوب آژند، نشر گستره، ١٣٦٢، لل ٤٧-٤٨..

١٤- آبراهمیان، یرواند، مقالاتی در جامعه شناسی سیاسی ایران، مترجم سهیلا نارابی فارسانی، تهران، پردیس دانش، ١٣٨٥، لل ٨٠-٩٥.

١٥- عیسوی، چارلز، تاریخ اقتصادی ایران (عصر قاجار ١٢١٥-١٣٣٢ هـ ق)، لل ٨١-٨٦.

١٦- مردیها، سید مرتضی، مشروطیت جمهوری، مجله بازتاب اندیشه «دی ١٣٨٤- شمارە٦٩، ل ٢٢..

١٧- لە بارەی خەباتی جووتیاران لە ئێران لە سەردەمی دەستوورخوازاندا بگەڕێوە بۆ: یزدانی، سهراب، مسئلە ارضی و دهقانی در انقلاب مشروطیت ایران (١٣١٦ هـ ق)، نگاه نو، شمارە ٨، خرداد-تیر ١٣٧١.

١٨- لەو بارەیەوە بڕوانە: حقدار، علی اصغر، صورت مذاکرات، مصوبات، اسناد، خاطرات و تاریخ نگاری دوره اول مجلس شورای ملی، باشگاه بیات، چاپ دوم ١٣٩٥- ناطق، هەمان سەرچاوە، انجمن های شورائی در انقلاب مشروطیت، بی جا، نشر کارگری سوسیالیستی، ١٣٨٠..

١٩- بۆ نموونە تورکە شاهسوونەکان و بەشێک لە کورد پشتیوانیان لە هێزەکانی محەمەد عەلی شا کرد؛ لە بەرامبەردا بەختیارییەکان و قەشقاییەکان پشتیوانیان لە هێزە دەستوورخوازەکان دەکرد. لەو بارەیەوە بڕوانە: یاپر، ریچارد، تاریخ سیاسی اجتماعی شاهسون های مغان، ترجمه حسن اسدی، نشر اختران. – سید هاشم آقاجری، یونس قربانی فر، الگوی عاملیت ایلی؛ در کشاکش دو فرایند منطقەای و مرکزی سیاست در دورەی قاجار، مجلەی تاریخ ایران (پژوهشنامەی علوم انسانی) شماره ١٣، (و ٧١؛ زمستان ١٣٩١). آبراهامیان، هەمان سەرچاوە، لل ١٣٤-١٣٥.

٢٠- آبراهامیان، هەمان سەرچاوە، لل ١٣٤-١٣٥

٢١- روزنامە ‹کوشش› شمارە٨٠، ٢ی نوامبری ١٩٢٣، ل ٤.

٢٢- زەقترین ئەو پشێویە سیاسیانە و بێتوانایی حکومەتی ناوەندی لە کۆنترۆڵکردنی ناوچەکانی دوورەدەست لە ڕاپۆرتی روزنامە ایران لە سەر ڕەوشی ساڵی ١٣٣٦ی هەتاویدا ڕوون کراونەتەوە. بۆ زیاتر بەرچاوڕوونی لەمەڕ وردەکارییەکانی ئەو ڕەوشە بڕوانە: روزنامە ایران، سال سوم، شمارە ٤٧٩، ٢٢شوال ١٣٣٧، ل ١ – روزنامە ایران سال سوم، شمارە ٤٨٠، ٢٤ شوال ١٣٣٧، ل ١.

٢٣- روزنامە ‹کوشش› شمارە٨٠، ٢ی نوامبری ١٩٢٣، ل ٤.

# ڕۆژانێک لە ئەرشیفخانەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا



موحەممەد کەلالەیی *

**پێشەکی:**

هەموو گەلانی جیهان کار لەسەر پارێزگاریکردن لە بیرەوەری، بەڵگەنامە، مێژووی نووسراو، مێژووی زارەکی و خۆجێیان(Oral and Local History) دەکەن، یەکێک لە ڕێگاکانی ئەم پارێزگارییە پێش بنیاتنانی باڵەخانە بۆ ئەرشیف، بەڵکو هەڵگرتن و پارێزگاریکردنە لە بەڵگەنامە جۆراوجۆرەکانی دەوڵەت و خەڵکان بەگشتی لەهەر مەترسییەکی لەناوچوون، بۆ ئەوەی دواتر لە ئەرشیفێکی نیشتمانیدا بپارێزرێن، ئەرشیفخانەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، یەکێکە لە دەوڵەمەندترین ئەرشیفخانەکانی جیهان و بەنوێترین تەکنەلۆژیای سەردەم کار بۆ هەڵگرتنی بەڵگەنامە جۆراوجۆرەکانی کراوە، ئەم ئەرشیفخانەیە تەنها لەلای ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بە پلە یەک بەهای هەبووە کە بەڵگەنامەکانی لە پێش ساڵی ١٢٩٩ لە مێژووی دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتەکە تا ڕۆژی هەڵوەشاندنەوەی لە ٣ی ئازاری ١٩٢٤ دا هەڵگیراون، دوای دامەزراندنی کۆماری تورکیا بەتایبەتی لەسەردەمی پارتی دیموکراتدا بەسەرۆکایەتی(عەدنان مەندەریس) لە ساڵانی ١٩٥٠-١٩٦٠ و سەردەمی حوکمڕانی پارتی نیشتمانی دایک بەسەرۆکایەتی (تورگت ئۆزال) لە ماوەی ساڵانی ١٩٨٦-١٩٩٣ گرنگی زۆری بە ئەرشیفی عوسمانی داوە، دواتریش لەسەردەمی داد و گەشەپێدانی حوکمڕانی ئێستای تورکیا باڵەخانەیەکی ناوازە بۆ ئەرشیفخانەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەناوچەی کاغەزخانەی (کایتهانەی) شاری ئیستانبوڵ لەبەری ئەوروپای شارەکەدا دروستکردوە، کەتێیدا هەموو ئاسانکارییەکی بۆ لێکۆڵەرانی مێژوو پێشکەش دەکات.

ئەرشیفخانەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەلای لێکۆڵەرانی زانستی مێژوو لەهەموو جیهان، بایەخێکی ئێجگار گەورەی هەیە، دوای ئەوەی سەرجەم کارەکانی ئەرشیفخانەکە بەشێوازی ژمارەیی(دیجیتاڵ) کراوە، توێژەرانی ئەم بوارە لە ڕێگەی گەڕان بۆ: ناوی کەس لەهەر پایەکی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئاینی و کارگێڕی دابووبێت، شوێن: وڵات، ناوچە هەرێمی و جۆراوجۆرەکان، شار، گەڕەک، هۆز و تیرە جیاوازەکانی گەلانی عوسمانی، ناوی یەکە کارگێڕییەکان لە ویلایەت بۆ سەنجەق، قەزا بۆ ناحیە و گوند، بازارە مێژووییەکان وەک قەیسەرییەکان و خانەکان، وەزارەتەکان وکاری وەزیفەکان، فەرمانبەران، سوپای عوسمانی و سەربازەکانی، شەڕەکان و ڕێکەوتننامەکانی ئاشتی و پەیوەندییە دیپلۆماتییەکانی، ئەوەی لە ژیاندا هەبووبێت و لە ئەرشیفخانەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی تۆمارکرابێت و خرابێتە سەر هاردی کۆمپیوتەری سەردانکارانی ئەرشیفخانەکە بەردەستە بۆ خوێندنەوە و کڕینەوەی بەڵگەنامەکان، بۆیە دەمەوێت لە باسەکانی تردا بەوردی باسی ئەرشیفخانەکە بکەم، لێرەوە دەچینە سەر کورتە باسێکی مێژوویی کە چۆن ئەرشیفخانەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بنیاتنراوە.

## (١) پوختەیەکی مێژوویی دەربارەی ئەرشیفی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی:

دامەزراندنی ئەرشیفی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بۆ ساڵی ١٨٤٥ دەگەڕێتەوە، بەڵام بەشێوەیەکی فەرمی لە ڕۆژی ٨ی تەشرینی دووەمی ١٨٤٦ دا سوڵتان عەبدولمەجیدی یەکەم فەرمانێکی سوڵتانی بۆ دامەزراندنی (وەزارەتی خەزێنەی بەڵگەنامەکان) بەسەرۆکایەتی (موحسین ئەفەندی) دەرچواند، هەروەها لە ٢٧ی شوباتی ١٨٤٧ دامەزراوەی ئەنجومەنی باڵا بۆ فەرمانە دادوەرییەکان، پەیڕەوێکی ناوخۆیی وەک لائیحیەک بە ئیمزای سوڵتانی ناوبراو بۆ ڕێکخستنی کارەکانی خەزێنەی بەڵگەنامەکان و ئەرک و مافەکانی لە چوارچێوەی دامەزراوەیەکی دەوڵەتدا دەرچوواند، بەتایبەتیش مەبەستی سەرەکی لەو پەیڕەوە کارکردن بو لەسەر پۆلێنکردنی بەڵگەنامەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، کە بەدرێژایی پێنج سەدە زیاتر بەڵگەنامەکان لە کۆگاکان هەڵگیرابوون، لەماوەی دوو ساڵدا کارەکانی پێکهێنانی وەزارەتی خەزێنەی بەڵگەنامەکان تەواوبوو، ئەنجوومەنێکی کاتی بۆ دانرا،

کارەکانی ئەم ئەنجوومەنە تا ساڵی ١٨٩٢ بەردەوام بوو، شێوازی کارکردنیان بۆ ڕێکخستنی بەڵگەنامەکان لەسەر دوو بنەما بوو لەو ماوەیەدا.

یەکەم: لە دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بۆ دەستپێکی سەردەمی تەنزیمات (سەردەمی چاکسازییەکان لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا) واتە لە ١٢٩٩-١٨٣٩ زاییینیدا.

دووەم: لە ١٨٣٩ تا ١٨٤٦ بەدواوە لە سیستەمێکی نوێی پۆلێنکردندا کاریان لەسەر کردبوو، ئەم پرۆسەیە بەردەوام بوو تا هاتنی ئیتحاد و تەرەقییەکان بۆ سەر حوکم لە ساڵانی ١٩٠٨-١٩٠٩ دا، کە چەند کارێکی نوێیان کرد، لەوانە: دامەزراندنی کۆمەڵەی مێژوویی عوسمانی و دانانی عەبدولڕەحمان شەرەف بەگ بەسەرۆکایەتی خەزێنەی بەڵگەنامەکان (ئەرشیفخانە) گواستنەوەی بەڵگەنامەکان کە نزیکەی (٥١٨) بار بوون، لە باڵەخانەیەکی ناو کۆشکی تۆپ قاپی دابوو بەناوی باڵەخانەی (ژێر گومبەتەکە) بۆ باڵەخانەی ژمارە(٥)ی ناو باخچەی بابولعالی لە ئیستانبوڵ کە تا ساڵی ٢٠١٣ بە ئەرشیفخانەی عوسمانی لە ناوچەی سوڵتان ئەحمەد ناسراوبوو، دواتر لە ساڵی ٢٠١٣ بۆ ناوچەی کایتهانە گوێزرایەوە، کە باڵەخانەیەکی ناوازەی بۆ دروستکراوە بە نوێترین تەکنەلۆژیای سەردەم پارێزراوە و خزمەتەکانی پێشکەش بە لێکۆڵەران و سەردانکارانی دەکات.

ئەرشیفخانەی عوسمانی لە مێژووی خۆیدا، بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٠٨ دا دەرگای بۆ توێژەرێکی بیانی بەناوی (ئیمرە قەرەجۆن) کردەوە، بۆ ئەوەی سوود لەبەڵگەنامەکانی ئەرشیفخانەکە بۆ توێژینەوەکانی وەربگرێت، لەماوەی شەڕی یەکەمی جیهانیدا لەترسی لەناوچوونی بەڵگەنامەکان لەشاری (ئیستانبوڵ)دا، بەتایبەتی لەدوای پەیدابوونی مەترسی لەسەر کەوتنی شاری ئیستانبوڵ، کۆی بەڵگەنامەکان گوێزرانەوە شاری قۆنیا لە باشووری خۆرئاوای تورکیا، کە ئەوێ



شارێکی ئاینیە، زیاتریش لەبەر هەبوونی مزگەوت و گۆڕی مەولانا جەلالەددینی ڕۆمی، ئەرشیفەکە پارێزراوتر دەبێت، بەڵام هەر زوو پێش تەواوبونی شەڕی یەکەمی جیهانی لە ١٩١٥ دا جارێکی دی بەڵگەنامەکان بۆ ئیستانبوڵ گواسترانەوە، دوای ئەوەی مەترسی لەسەر شاری ئیستانبوڵ نەما بەهۆی تێکشکانی بەرەی هاوپەیمانەکانی وەک: بەریتانیا، فەرەنسا و ئوسترالیا لە شەڕی گالیبۆلی، کە لە مێژووی عوسمانیدا پێی دەڵێن (شەڕی چەنەکەڵە) لە ١٩١٥. کە سوپای دەوڵەتی عوسمانی بەسەر ئەو دەوڵەتانە و هاوپەیمانەکانیان سەرکەوت.

دوای دروستبوونی کۆماری نوێی تورکیا مەترسی هەبوو کە ئەرشیفخانەکە بۆ ئەنقەرە بگوزارێتەوە، کە فەرمانبەرەکان زۆر دەترسان کە بەڵگەنامەکان لەوێ بفەوتێن بەهۆی گواستنەوەیان، کە وەکوو ئێستا ڕێگەکانی گواستنەوە زۆر پێشکەوتوو نەبوون، ئەوکات حکومەتی ئەنقەرە ئەرشیفخانەکەی خستە سەر وەزارەتی پەروەردە، بەڵام دواتر ئەرشیفخانەکە نەگوێزرایەوە، بەڵکوو داوای لەفەرمانبەرانی ئەرشیفخانەکە کرد کە کاری پۆلێنکردنی بەڵگەنامەکان زۆر خێرا بکەن، یەکێ لەو کارە ناخۆشانەیش بەسەر ئەرشیفخانەی عوسمانیدا هاتووە، لە ساڵی ١٩٣١ دا دەفتەداری (بەرپرسی باڵای دارایی) ئیستانبوڵ دەستیکرد بە فرۆشتنی بەڵگەنامەکانی دارایی لە ئەرشیفخانەکە بە وڵاتی بولگاریا بە بیانووی ئەوەی کە ئەو بەڵگەنامە داراییانە

> **دامەزراندنی ئەرشیفخانەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بۆ ساڵی ١٨٤٥ دەگەڕێتەوە**

کەڵکیان نەماوە، بەڵام نرخێکی گەورەی مێژووییان هەبوو، بۆیە هەر یەک لە: ئیبراهیم حەقی و مامۆستا جەودەت کەوتنە نووسینی بابەت لە ڕۆژنامەکانی تورکیا لەسەر ئەو فرۆشتنە، ڕەخنەیەکی زۆریان گرت و هەروەها ڕۆڵی وەزیرێک لە حکومەتی ئەوکاتەی تورکیا زۆر باش هەڵدەسەنگێندرێت کە بەناوی (فؤاد کۆپرلۆ) کە بنەماڵەیەکی بە کاریگەر بوونە لەناو حکومەتی عوسمانی لەماوەی چوار سەد ساڵەی کۆتایی تەمەنی ئیمپراتۆریەتەکەدا، بۆیە حکومەتی تورکیا لە ٨ی تەشرینی دووەمی ١٩٣٢ بڕیاری دا بە پارێزگاریکردن لەئەرشیفخانەی عوسمانی و ڕاگرتنی فرۆشتنی بەڵگەنامەکان بە وڵاتی بولگاریا، هەروەها لە ماوەی ساڵانی ١٩٣٢-١٩٣٤، ١٩٣٥-١٩٣٧، ١٩٣٧-١٩٥٦، کاری پۆلێنکردن و پارێزگاریکردن لە ئەرشیفی عوسمانی بەردەوام بوو، تا لە ساڵی ١٩٥٦ سیستەمی کۆدی بۆ دانر، ئەم پرۆسەیە بەردەوامی پێدرا تا کاتێک لە ساڵی ١٩٨٦ تورگۆت ئۆزال کە ئەوکات سەرۆک وەزیرانی تورکیا بوو سەردانی زانکۆی ئیستانبوڵ دەکات، لەوێ پرۆفیسۆری عوسمانیناسی تورکیا پرۆفیسۆر خەلیل ئینالچک، پێی دەڵێ: ئەرشیفخانەی عوسمانیمان پێبدە، ئێمە ئیمپراتۆریەتێکی ڕۆشنبیریی بە تۆ دەدەین..! دوای ئەو سەردانەی تورگت ئۆزال بۆ جارێکی دی بەشێوەیەکی سەردەمیانە دەرگای ئەرشیفخانەی عوسمانی بۆ جارێکی دی بەشێوەیەکی سەردەمیانە بەڕووی خەڵک و توێژەراندا لەناوخۆ ودەرەوەی تورکیادا کرایەوە، بەهەقیقەتیش وا دەرچوو، هەر ئەرشیفەکە ئیمپراتۆریەتێکی مەزنە لە زانیاری فراوانی مێژووییدا.

لە ئێستادا ئەرشیفخانەکە لە سوڵتان ئەحمەد بۆ ناوچەی کایتهانە گوێزراوەتەوە، کە ناوچەیەکی ئارام و دڵگیری ئیستانبوڵە، باڵەخانەیەکی شایستەی پێشکەوتوو لە پاڵ ڕیزە گردێکی نزمی هەڵواسراودا بۆی دروستکراوە، دیمەنێکی جوانی هەیە کە بەسەر دەوروبەری خۆیدا دەڕوانێت، باڵەخانەکە هەموو خزمەتگوزارییەکی تێیدایە، مۆزەیەکی کراوەی بەردەوامی بۆ ئەو نووسراو و پاشماوە ئۆرجینالانەی کە دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە ژێر زەمینەکەیدا هەیە، لە نهۆمی زەمینییەکەیدا ئالای هەموو ئەو وڵاتانە دانراوە کە پێشووتر بەشێک بوونە لە خاکی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، هەروەها بەبەردەوامی خولی خوێندنەوەی بەڵگەنامەی عوسمانی تێیدا دەکرێتەوە، خوێندکاری زانکۆ و قوتابخانەکان بەبەردەوامی لەلایەن مامۆستاکانیان بۆ ئەرشیفخانەکە دەهێندرێن بۆ ئەوەی بزانن چ لە ئەرشیفخانەکەدا هەیە، ئەمە بێجگە لەوەی کە چێشتخانە بۆ هەردوو ژەمی بەیانیان و نیوەڕۆیان لە دووکاتی جیاوازدا بە نرخێکی گونجاو هەیە، سەبارەت بەدەوامی ئەرشیفخانەی عوسمانی لەڕۆژانی دووشەممە تا هەینی لە کاتژمێر ٩ی بەیانی تا ٥ی ئێوارە کراوەیە، پێشووتر ڕۆژانی شەممەش هەبووە، بەڵام بەهۆی سەرهەڵدانی نەخۆشی و پەتای کۆڕۆنا لەگەڵ ڕۆژانی یەکشەممە کراوەتە پشوو.

**(٢) گرنگی مێژوویی بەڵگەنامەکانی ئەرشیفخانەی عوسمانی:**

عێراق و کوردستان نزیکەی چوار سەد ساڵ لە ژێر سایەی بەڕێوەبردنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دابوونە، بەڵکوو بەڵگەنامەکانی عوسمانی لە نووسینەوەی مێژووی هەمەلایەنەی هەر گەلێک لەناوچەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، باکووری ئەفەریقا، خۆرهەڵات و ناوەڕاستی ئەوروپادا، پێویستی بەهەڵدانەوەی بەڵگەنامەکانی ئەرشیفخانەی عوسمانییە، ئەمە بێجگە لەوڵاتانی دی جیهان بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی لەماوەی ٧٠٠ ساڵی ڕابردوودا هەبووە، بەڵگەنامەکانی ئەم ئەرشیفخانە دەوڵەمەندە بە زانیاری نەبیستراو لەسەر کۆی کایەکانی سیاسی، بەڕێوەبردن، کارگێڕی، دابەشبوونی یەکە کارگێڕییەکان، ئابووری، دارایی، باجەکان، ئاماری دانیشتوان، باری کۆمەڵایەتی، سەربازی، خوێندەواری، دادوەری، زانا ئایینیە جیاوازەکان، بابەتە شەرعییەکانی پەیوەست بەخەڵک، ڕەوتە کۆمەڵایەتییەکان، ڕەوتە ئاینی و سیاسییەکانی نێو ئیمپراتۆریەتەکە. نەخشەی شارەکان، نەخشەی باڵەخانەکانی گشتی، تایبەت و تاپۆی زەوی و خانووبەرە، چەندان بابەتی دی کە بتەوێ لەنێو ئەرشیفخانەکەدا بەشێوەی ئەلیکترۆنی بۆ سەردانیکاران و توێژەران دابینکراوە و بەردەست خراوە، گرنگی مێژوویی بەڵگەنامەکانی عوسمانی بە کورتی ئەم خاڵانە

لەخۆ دەگرێت:

یەکەم: ئەرشیفێکە تەمەنی شەش سەد ساڵە، مێژووی هەمەلایەنەی عوسمانییەکانی لەسێ کیشوەری گەورەی جیهان تۆمارکردووە، ئەو گەل و نەتەوانەی بەشێک بوونە لەم ئیمپراتۆریەتە، بۆیە دەتوانن بەشێکی گرنگی مێژووی خۆیان لەماوەی حوکمڕانی عوسمانییەکان بدۆزنەوە و بینووسنەوە.

دووەم: لەنووسینەوەی مێژوودا ڕۆڵێکی گەورەی لە یەکلاییکردنەوە و کردنەوەی گرێیە مێژووییەکانی بەردەم هەر پرس و کێشەیەک کە لەڕێڕەوی نووسینەوەی مێژوو و دیرۆکنووساندا کێشەی لەسەر هەبێت هەیە، زانیارییەکانی نێو ئەرشیفخانەی عوسمانی زۆر بە وردی تۆمارکراون، بەتایبەتی زۆر لایەنی نادیار و گرێی نەکراوەی مێژوو دەخاتە سەر لاپەڕەکانی تۆمارکردنەوەی مێژوو.

سێیەم: بەڵگەنامەکانی ئەرشیفخانەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بەجیاواز لەگەڵ ئەرشیفخانەکانی وڵاتانی جیهان وەک: بەریتانیا، ئەڵمانیا، ڕووسیا، فەرەنسا و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، لەنووسینە زانستییەکان و بەزمانە جیاوازەکانی جیهاندا کەمتر بەکارهێندراوە، بەڵکو ئەرشیفخانەی عوسمانی هێشتا خەزێنەیەکی دەست لێنەدراوە و بەتەواوی لەلایەن توێژەرانی جیهانی بەتەواوی گەڕان و پشکنینی بەناودا نەکراوە، لەبەرئەوەی لەماوەی ڕابردوودا زۆر بەچڕی بەڕووی توێژەران و قوتابیانی خوێندنی باڵا لەدەرەوەی تورکیادا نەکراوەتەوە، بەتایبەتی بۆ توێژەران لەهەرێمی کوردستانی عێراق خەزێنەیەکی گەورەی مێژوویییە، کە بۆ دووبارە نووسینەوەی مێژوو و ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی ناو مێژوونووسی سەردەمی عوسمانی پشت بەو ئەرشیفخانەیە ببەسترێت.

**(٣) گەڕانەکانم بەنێو ئەرشیفی عوسمانیدا:**

لە دوو هەفتەی مانگی تەشرینی یەکەمی ٢٠٢١ بەمەبەستی دەستخستنی بەڵگەنامەکانی ئەرشیفخانەی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی سەردانی وڵاتی تورکیام کرد، ئامانجی بەندە لەم سەردانەدا بۆ دەستخستنی بەڵگەنامەی پێویست بوو بۆ نامەی دکتۆراکەم، کە لەلایەن زانا و مێژوونووسی گەلەکەمان و سەرپەرشتیاری نامەی دکتۆراکەم (پرۆفیسۆر دکتور هۆگر طاهر تۆفیق) بۆ هێنانەوەی بەڵگەنامەی مێژوویی پێویست بۆ زیاتر دەوڵەمەندکردنی زانیارییەکانی نێو نامەی دکتۆراکەم کە بەناونیشانی (ئەیالەتی شارەزوور ١٥٦٤-١٧٧٩ لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییە) ڕای سپاردبووم، ئەو ماوەیەی لەبەردەستمان بوو کات زۆر بەخێرایی دەڕۆیشت، بۆیە سەرەڕای وردبوونەوەمان لەو داتا گەورەیەی نێو ئەرشیفخانەی عوسمانی کە مەزەندەی ١٥٠-٢٥٠ ملیۆن بەڵگەنامەی مێژوویی کراوە، لەو ڕێژەیە هێشتا یەکلایی نەبۆتەوە کە چەند ملیۆن بەڵگەنامەی دەربارەی مێژووی کوردە بەگشتی لە ئەرشیفخانەکەدا، بەڵام بە مەزەندەی بەندە لە ملیۆنان بەڵگەنامە زیاترە، ناتوانم ژمارەکەی بە خەملاندنیش بنووسم، چونکە ئەرشیفێکی گەورەیە و هێشتایش نیوەی نەخراوەتە ئەو داتایەی کە لەسەر کۆمپیوتەرەکان بەردەستە، خوێندنەوە، هێنانەوەی ئەم بەڵگەنامانە و بەکارهێنانی لە توێژینەوەی زانستی و نووسینی کتێبدا، دەبێتە مایەی دەوڵەمەند بوونی کاری مێژوونووسی کورد، چونکە لەسەد ساڵی ڕابردوودا کە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی کۆتاییهاتووە و هەڵوەشاوەتەوە، بەڵام بە ملیۆنان نووسراو و بەڵگەنامە لەسەر مێژووی کورد لەو ئەرشیفخانەیە هەڵگیراون، کە هێشتا ڕووناکیان نەدیوە، بۆیە گەڕانەکانم بەنێو ئەرشیفی عوسمانیدا لەشاری ئیستانبوڵ تایبەت بوو بەهەرێمی شارەزوور لەسەردەمی عوسمانییەکاندا، بەڵام لەسەر هەندێ بابەت و زانیاری دیکەش وەستاین.

هەرێمی کوردستانی عێراق بەناوچە جێناکۆکی لەسەرەکانیش بۆماوەی چوار سەدە زیاتر لەژێر سایەی بەڕێوەبردنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دابوە لە یەکە کارگێڕییەکانی ویلایەتەکانی (بەغداد، شارەزوور و موسڵ)دا، کە بە نزیکەی ملیۆنان بەڵگەنامە هەیە باس لە ژیانی ئەم ناوچانە لەڕووی بەڕێوەبردن، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، سەربازی، پەروەردەیی، ئاینی، بازرگانی، ڕووناکبیری، مێژووی زانایان، دامەزراوەکانی وەقف دەکەن، هەروەها زۆر بواری وردتر هەن لەسەر کێشە کۆمەڵایەتییەکان، ژمارەی تاوان و دزییەکان، بڵاوبونەوەی نەخۆشییە درمییەکان وپەتاکانی وەک کۆلێرا و ڕشانەوە، ژیاننامەی کەسایەتییە کاریگەرەکان چ لەڕووی ئاینی، ئەدەب، زانستە شەرعییەکان، زانستە پەتی و سروشتییەکان، مێژووی شارەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق بەگشتی، بەتایبەتی شارەکانی وەک: هەولێر،

> **"ئەرشیفخانەی عوسمانی لە مێژووی خۆیدا، بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٠٨ دا دەرگای بۆ توێژەرێکی بیانی بەناوی (ئیمرە قەرەجۆن) کردەوە"**

**ساڵی ١٩٣١ دا دەفتەداری (بەرپرسی باڵای دارایی) ئیستانبوڵ دەستیکرد بە فرۆشتنی بەڵگەنامەکانی دارایی لە ئەرشیفخانەکە بە وڵاتی بولگاریا بە بیانوی ئەوەی کە ئەو بەڵگەنامە داراییانە کەڵکیان نەماوە**

کەرکوک، سلێمانی، زاخۆ، ڕواندز، دهۆک..هتد بەهەزاران دۆسییەی بەڵگەنامەی عوسمانی لەسەر لایەنە جیاوازەکانی ئەم شارانەوە تایبەتکراون، لێرەدا کۆمەڵێک ژمارە وەک نمونە دەهێنینەوە، وەک شاری هەولێر(١٤٢٣) دۆسیەی هەیە، کەرکوک(٥٧٢٧) دۆسیەی هەیە، سلێمانی (٨٩٢٩) دۆسیەی هەیە، زاخۆ(٨٣٦) دۆسیەی هەیە، ڕواندز(١٥٧٩) دۆسیەی هەیە، هەروەها لەسەر شاری خانەقین(Hanıkin) نزیکەی (١١٩) دۆسیەی بەڵگەنامە هەیە، لەسەر شاری دهۆک (Duhuk) نزیکەی (٥٢٦) دۆسیەی بەڵگەنامە هەیە، سەبارەت بەمیرنشینەکان بەڵگەنامەیەکی زۆر دەربارەیان لە ئەرشیفخانەی عوسمانی هەڵگیراوە، وەک: میرنشینی سۆران لەسەدەی شانزەهەم تا هەژدەهەم نزیکەی (١١٢) دۆسیەی دەربارەی هەیە، دواتر ئەم میرنشینە لەسەدەی نۆزدەهەم و تا کۆتاییهاتنی لە ساڵی ١٨٣٨ دا ناوەکەی زیاتر لەگەڵ ناوی ڕواندز و میر موحەممەد پاشای ڕواندز دێت، هەر بەناوی ڕواندزلی لە ئەرشیفخانەکە نزیکەی (١٤٤) دۆسیەی بەڵگەنامە هەیە، هەم دەربارەی میر موحەممەد پاشای ڕواندز، براکانی و ئەوانەی ئەو نازناوەیان لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی هەڵگرتووە، بۆ نمونە: پێشناوی میر موحەممەد پاشای ڕواندز بەمشێوەیە لە بەڵگەنامەکان هاتوە: ڕواندزلی موحەممەد پاشا هەتا کەسوکارەکەی وەک: کۆچکردوو ڕواندزلی بەکر بەگەهەروەها عەشیرەتێکی وەک داسنی(Dasni-Daşni ) کە دواتر دەبێتە میرنشینێک لە ناوچەی بادینان و دواتر بەشێک لەم عەشیرەتە حوکمڕانی قەڵەمڕەوی میرنشینی سۆرانیان ڕادەستدەکرێ لە دوای ساڵانی ١٥٣٤ تا ١٥٨٠ دا و نزیکەی ٣٤ دۆسیە وەک بەڵگەنامە لەسەری هەیە. لەسەر عەشیرەتی جاف (Caf) نزیکەی (٧٦٧) دۆسیەی بەڵگەنامە لەسەری هەیە، لەسەر هەر کونجێکی ئەم وڵاتەی ئێمە بتەوێت، دۆسییەک و پارچە کاغەزێکی لەسەری هەر هەیە..!

ئەمە مشتێکی زۆر بچووکە لە خروارێکی بێ بنی وەک دەریادا، کە ئەرشیفخانەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانییە، کە هێشتا توێژەران لەهەرێمی کوردستانی عێراق بەتەواوی قۆڵیان لێ هەڵنەماڵیوە بۆ ئەوەی هەر یەک لەو دۆسیانەی کە بۆ چەند ناوێکی کەم نمونەم لەسەر هێنانەوە کە بەهەزاران بەڵگەنامە لەسەر مێژووی هەمەلایەنەی کورد لە عێراقدا دەکات، بۆیە جێگەی خۆیەتی توێژەرانی بواری عوسمانیناسی ساڵانە بۆ یەک تا دوو جار بەلای کەمەوە سەردانی ئەم ئەرشیفخانەیە بکەن بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی زانستی و نووسینی کتێبی نوێ لەسەر هەر بابەتێک کە خۆیان بە پەسەند و بەپێویستی دەزانن کە دەبێتە مایەی دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی مێژووی کورد لەسەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا، کە تائێستا بەتەواوی و بەوردی لێکۆڵینەوە لەسەر مێژووی کورد لەسەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی نەکراوە، کە پاڵپشت بێت بە بەڵگەنامەکانی ئەو ئەرشیفخانەیە.

### (٤) چۆنیەتی گەیشتن بە ئەرشیفی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی:

کاتێک سەردانی وڵاتی تورکیا دەکەی ئەرشیفی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەدوو شاری گەورە ناوەندی خۆی هەیە، یەکەم لە ئیستانبوڵ، دووەم: لە ئەنقەرە پایتەختی وڵاتەکەدا، ئێمە شاری ئیستانبوڵمان هەڵبژارد، بەحوکمی ئەوەی هەر بۆ یەکەمجاریش لە ئیستانبوڵ ئەرشیفخانەکە دامەزرێندراوە و دەقی ئۆرجینالی بەڵگەنامەکان هەر لە ئەرشیفخانەی ئەو شارەن، شایانی باسە ئەرشیفخانەکەی ئەنقەرە تەنها ئەرشیفی کۆماری تورکیای هەڵگرتوە، بەڵام ئەرشیفی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیش بەهۆی دیجیتاڵکردنی و بەستنەوەی بەشێوەی ئەلیکترۆنی بە ئەرشیفخانەی ئەنقەرە، هەمان بەڵگەنامەی عوسمانی کە لە ئیستانبوڵ هەیە لە ئەرشیفخانەکەی ئەنقەرەش دەستدەکەوێ.

ئەرشیفی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەشاری ئیستانبوڵ بەناوی سەرۆکایەتی ئەرشیفی دەوڵەت کە سەر بە سەرۆکایەتی کۆماری تورکیایە، لەناوچەی کاغەزخانەی ئیستانبوڵ دایە، کە بەتورکی پێی دەڵێن: (کایتهانە) لەشەقامی ئیمراحور بۆیە پێی دەڵێن ناوچەی کاغەزخانە، کە پێشووتر شوێنی بەرهەمهێنانی پیشەسازی کاغەز بووە، چەند کارخانەیەکی کاغەزیش کاریان لەو شوێنە کردوە، لە ئێستایشدا یەکێک لەو کارخانانە ماوە و بەردەوامە، کە دەکەوێتە شەقامی بەرانبەری ئەرشیفخانەکە، کە پارکێکی گەورەیە لەگەڵ مۆزەیەکی کارخانەکانی کاغەز هەروەها کارگەیەکی بەرهەمهێنانی کاغەز ئێستایش کار دەکات.

لەشاری ئیستانبوڵ بەچەند ڕێگەیەکی جیاواز دەتوانی بڕۆیت بۆ ئەرشیفی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، هەریەک لەم ڕێگایانە کاتی جیاوازی پێویست و دیاریکراوی هەیە، بەتایبەتی لەڕێگەی دابەزاندنی ئەپێکی

ناو مۆبایلە زیرەکەکان، کە دەتوانی ئەو ڕێگایانە بە ئاسانی بدۆزیەوە، کە چۆن و بەچەند خولەک دەگەیێتە ئەرشیفی ناوبراو، بۆیە سێ ڕێگای سەرەکی هەیە کە دوانیان زۆر بەکاردەهێنرێن، کە ئەمانەن:

١- میترۆی ئیستانبوڵ، زۆر پێشکەوتووە، کاتی ڕۆیشتن و گەیشتنی دیاریکراوە، ئەمە دەتوانی بەکاربهێنی و زۆر خێرایە، زۆریش هەرزانترە، کاتێکی زۆرت بۆ دەگەڕێنێتەوە کە بتوانی زۆرترین کاتی بەردەستت لە ئەرشیفخانەی عوسمانی بەسەر ببەیت، بۆ ئەوەی زۆرترین سوودی لێوەربگری، بەتایبەتی کە ئەرشیفخانەکە لەبەری ئەوروپای ئیستانبوڵ دایە، ئەگەر لەناوچەی ئاق سەرای شوێنی مانەوەت هەبوو، دەتوانی بەمیترۆی یەنی کاپی- حاجی عوسمان بۆ وێستگەی شیشلی مەجیدیە کۆی بڕۆیت و لە وێستگەی ناوبراو کە دادەبەزێت دوو ڕێگەت لەپێشە بۆ گەیشتن بە ئەرشیفخانەکە کە زۆر کورت مەودان، کە لەوێستگەی شیشلی مەجیدیە کۆی دەردەچیت پاسی (-49 B49) هەیە، ئەم پاسانە دەتگەێنێتە پێش ئەرشیفی عوسمانی لە کایتهانە.

ڕێگەی دووەم: کاتێک لە وێستگەی شیشیلی مەجیدیە کۆی بەدەستی چەپ بەسەردەکەوی بۆ وێستگەی میترۆ پاس، ئەو میترۆباسە هەر کامەیان بێت دەتگەێنێتە پردەکەی دادگای ئیستانبوڵ کە بەردەمەکەی مەیدانی چاڵەیانە کە ئەو مەیدانە تەواو دەکەی لەبەرانبەر دەرگای دادگای ئیستانبوڵ سواری پاسی ژمارە (B٤٩-٤٩) دەبیت و دەچیتە ئەرشیفخانەی عوسمانی لە کایتهانە.

٢- ڕێگەی دووەم بۆ گەیشتن بە ئەرشیفخانەی عوسمانی، پاسەکانی ناو ئیستانبوڵە، یەکێک لە ژمارەی ئەو پاسانە (Y٤١) یە، کە بەماوەی ٥٧ خولەک تا کاتژمێرێک زیاتر دەتوانی بە ئەرشیفخانەی عوسمانی بگەیت، لەکاتی چوون و گەڕانەوەدا، پاسی (Y٤١) بەبەردەم ئەرشیفخانەی عوسمانیدا تیپەڕ دەبێت، هەروەها ئەم پاسە بە نۆ ناوچەی ئیستانبوڵ گوزەر دەکات، هەر کەسێک ڕێگەی بکەوێتە هەر وێستگەیەکی ڕاوەستانی پاسەکان دەتوانێ لەڕێگەی ئەم پاسە لەبەردەم وێستگەی دابەزینی ئەرشیفخانەی ناوبراو دابەزێت و بەپێچەوانەشەوە بگەڕێیتەوە شوێنی مانەوەی.

٣- ڕێگەی تەکسی، ئەمە کەمتر لەلایەن دانیشتوانی ئیستانبوڵ و خەڵکی سەردانکەر چ وەک گەشتیار، یان کارێکی دی هەبێت بەکاردەهێنرێت، چونکە نرخەکەی گرانە، هەروەها دەکەوێتە ناو ئەو هێڵانەی کە زۆر قەرەباڵغن، بۆیە کاتێکی زۆر لەو کەسە بەفیڕۆ دەڕوات، بەتایبەتی لەناوچەکانی وەک ئاک سەرای و تەقسیم و فاتیح بچێتە ئەرشیفخانەی ناوبراو، چونکە نزیکەی ٧-٨ کیلۆمەتر لە ئەرشیفخانە دوورن، بۆیە من ڕێگەی سێیەمم پەسەند نەکرد لەکاتی مانەوەم لە ئیستانبوڵدا..!

**(٥) ڕێککارەکانی بەئەندامبون لە ئەرشیفخانەی عوسمانی:**

بۆ سەردانکارانی بیانی واتەی ئەوانەی هەڵگری ڕەگەزنامەی وڵاتانی دیکەن، وەک ئێمەمانان، دەبێت پاسەپۆرتی عێراقی لە جانتاکەت دابێت، ئەمە مەرجێکی سەرەکییە بۆ چوونە نێو ئەرشیفخانەکە، کاتێک لەپرسگەی سەرەکی ئەرشیفخانەکە دەرباز دەبیت، بەدەستی چەپدا بەسەر کۆمەڵێک پلیکانە هەڵدەگەڕێی و دەچیە بەشی لێکۆڵەران کە لەوێدا هەر بەدەستی ڕاستدا ئاوڕ دەدەیتەوە، دەچیتە ژوورێک دوو فەرمانبەر دانیشتوون، کە زۆر بەڕێزەوە بەخێرهاتنت دەکەن و مامەڵەت لەگەڵ دەکەن و زۆر هاوکارن، دوای دڵنیابونەوەیان لەهەبوونی پاسەپۆرت، ئەوا فۆڕمێکی دە خاڵی، یان دە پرسیاری دەبێ پڕ بکەیتەوە کە ئەمانەن: ناوی سیانیت و نازناوت، هاووڵاتی کامە وڵاتی، شوێنی کارکردنت و وەزیفەت لەوڵاتەکەتدا چییە، ناوونیشان و ژمارەی تەلەفۆن و ئیمەیڵ لە وڵاتی خۆت چییە، ناوونیشان و ژمارەی تەلەفۆن بۆ ئەوکەسەی بیانیە کە لە تورکیا نیشتەجێیە، ژمارەی هاونیشتمانبوونی تورکیا (کە ئەمە سەردانکارانی بیانی ناگرێتەوە و پێویست ناکات پڕی بکەیتەوە) ژمارەی پاسەپۆرتی لێکۆڵەرانی بیانی (هەمو سەردانکارێکی بیانی دەگرێتەوە) ئەو ماوە مێژوویی و بابەتەی کاری لەسەر دەکەی چییە، پێشووتر زیاتر کارت لەسەر ئەرشفیی عوسمانی کردووە لەسەر چ بابەتێک و لایەنێکی مێژوویی لێکۆڵینەوەت کردوە.

ئەم دە خاڵانە کە نۆیان تایبەتە بەسەردانکارانی بیانی بۆ ئەرشیفخانەکە دەبێت بە دەستوخەتێکی جوان فۆڕمەکە پڕبکەیتەوە بۆ فەرمانبەرەکان بگەڕێنیتەوە، ئەوانیش دوای وردبینی بۆ بەردەم مێزەکەی خۆیان بانگهێشتت دەکەن بۆ ئەوەی وێنەیەکت بگرن و بیخەنە سەر ئەو ناسنامەیەی بۆت دروست دەکرێت، بەکەمتر لە خولەکێک ناسنامەکەت دەردەچێت و دەخرێتەوە نێو چوارچێوەیەکی تایبەتی خۆی و دەتوانی بکەیتە ملتەوە، هەمو

> **بەهۆی دیجتاڵکردنی و بەستنەوەی بەشێوەی ئەلیکترۆنی بە ئەرشیفخانەی ئەنقەرە، هەمان بەڵگەنامەی عوسمانی کە لە ئیستانبوڵ هەیە لە ئەرشیف خانەکەی ئەنقەرەش دەست دەکەوێ**

ئەم پرۆسەیە لەماوەی پانزە تا بیست خولەک جێبەجێ دەکرێت، تۆ ئامادە دەکرێیت بچیتە ناو ئەرشیفخانەی عوسمانی، واتە ئێستا ڕێگەپێدراوی بچیتە ناو ئەرشیفی ناوبراو، لەبەرئەوەی ناسنامەکەت بۆ ماوەی مانگێک کارا کراوە، ئەمەش بۆ ئەوانەیە کە ماوەی مانەوەیان بۆ یەک مانگ لە تورکیا هەیە، ناسنامەی ئەرشیفخانەکە کۆدێکی تایبەتی لەسەرە، کە چەند کارێکی سەرەکی پێدەکرێت لەوانە:

١- بۆ هەموو جارێک لەڕێگەی ئەم ناسنامەیە کە کۆدێکی لەسەرە دەتوانی بچیتە ناو باڵەخانەی ئەرشیفخانەکە.

٢- کاتێک ناسنامەکەت بۆ دروست دەکرێ، لەلایەن فەرمانبەری ئەرشیفخانە زانیاری و ڕێنماییت پێدەدرێ، کە دەتوانرێت بە ژمارەی پاسەپۆرت و پاسوۆردێکی تایبەت کە پێت دەدەن دەتوانی لە ژووری بەڵگەنامەکان بەکاریبهێنی.

٣- دەتوانی لە ڕێگەی ئەم ناسنامەیە کلیلی دۆلابێک وەربگری بۆ دانانی ئەو جانتا و کەلوپەلانەی هەڵتگرتوون و ڕێگەپێدراونین ببیەتە ژووری ئەرشیفخانەی عوسمانی.

٤- دەتوانی کۆدی سەر ناسنامەکە لەکاتی داواکردنی بەڵگەنامەکە پێشانی فەرمانبەرانی ناو ئەرشیفخانە بدەیت، کاتێک داوای ئەو بەڵگەنامانە دەکەیت کە لە کۆمپیوتەرەکەی بەردەمت داوات کردوون، بۆیە ئەوانیش لەڕێگەی ئەو کۆدەی سەر ناسنامەکەت پسوڵەی ژمارەی بەڵگەنامەکان و بڕی پارەی داوا کراو کە دەبێت بە لیرەی تورکی بدرێت، لەسەر پسوڵەکە دەنووسن بۆ ئەوەی لە ژووری ژمێریاری لە نهۆمی زەمینی بڕی پارەی دیاریکراو بە فەرمانبەرەکە بدەی.

### (٦) چۆن سەردانی ئەرشیفخانەی عوسمانی دەکەی؟

١- لە ڕێگەی ژمارەی پاسوۆرد و ژمارەی پاسپۆرتەکەت دەچیتە ناو سیستەمی داتابەیسکراوی بەڵگەنامەکانی عوسمانی.

٢- لەڕێگەی ئەو ناسنامەیەی بۆت دروستکراوە، دەچیتە ناو باڵەخانەی ئەرشیفی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، بۆیە کاتێک دەچیتە باڵەخانەکە لەدەستی چەپدا پرسگەیەک هەیە، ناسنامەکەت پێشانی دەدەیت و دۆلابێکی هەڵگرتنی شتە تایبەتەکانت بۆ دابین بکات، کە لە ڕێگەی پێدانی کلیلی دۆلابێک کە ژمارەیەکی دیاریکراوی لەسەرە و دەتوانی کەلوپەلەکانت تێیدا هەڵبگریت.

٣- هەر لەلای پرسگەکە؛ دوو تا سێ هەنگاو هەر بەلای دەستی چەپدا دەڕۆی، ژووری دۆلابەکان هەیە، هەموو شتە تایبەتەکانت لەوێ هەڵدەگری و خۆت ئامادە دەکەی بۆ ئەوەی بچیتە نهۆمی سەرەوە بە پلیکانە، یان ئەسانسێر بۆ ئەوەی بە هۆڵی بەڵگەنامەکان بگەیت.

٤- ئەوەی ڕێگەپێدراوە لەگەڵ خۆت ببیەی بۆ هۆڵی بەڵگەنامەکان ئەمانەن: کۆمپیوتەری لاپتۆپ، مۆبایل، قەڵەم، دەفتەر، چاویلکە، هیچ شتێکی دی ڕێگەپێدراو نییە ببیتە ژوورەوە.

٥- کاتێک دەچیتە ژووری بەڵگەنامەکان کە لەنهۆمی یەکەم دایە، ئەوا هەر بەلای دەستی چەپدا، دەچیە ژوورەوە کە فەرشێکی سووری لاکێشەیی ڕاخراوە بۆ ڕۆیشتن لەسەری، ئەگەر لە سیستەمی بەکارهێنانی کۆمپیوتەرەکان و شێوازی گەڕان بەناو بەڵگەنامەکاندا شارەزا نەبیت، ئەوا چەند فەرمانبەرێک لەوێ هەن بەتەواوی و لەسەرخۆیی هاوکاریت دەکەن بەبێ ئەوەی سەغڵەت بین بە پرسیارەکانت، یان مۆڕەت لێبکەن..! بۆیە زۆر بەڕێزەوە هاوکاریت دەکەن، لەهەموویشی خۆشتر حەسوود نین..!

٦- کاتێک کە چوویتە ناو هۆڵی بەڵگەنامەکان لەڕێگەی داتابەیسێکی دەوڵەمەند بەڵگەنامەکان لەسەر شاشەی کۆمپیوتەرەکان بەردەستکراون، پێویستە ژمارەی پاسەپۆرت و ئەو پاسوۆردەی پێتدراوە لەسەر ئەو ئایکۆنەی بەناوی ئەرشیفی عوسمانی لەناو کۆمپیوتەرەکەی بەردەمتدا هەیە و بچیتە ناو ئەو هەژمارەی لەکاتی دروستکردنی ناسنامەکەت بۆت دروستکراوە، بۆ ئەوەی بتوانی کەتەلۆگی ئەرشیفی ناوبراو بکەیتەوە، ئینجا کە پەڕەی ئەرشیفی عوسمانی بوویەوە، ئەوا ئەو شتەی مەبەستتە دەنووسی، ناوی شار، وڵات، یەکە کارگێڕییەکان، کۆمەڵایەتی و ئابووری، پەروەردە و خوێندن.. هتد..

### (٧) ڕێکارەکانی هێنانەوەی بەڵگەنامەکان:

لەم باسەدا دەمەوێت باس لە هێنانەوەی بەڵگەنامەکانی نێو ئەرشیفخانەی عوسمانی بکەین، کە ڕێککارەکانی چین و چۆنن؟

١- دوای شارەزابوون لەبەکارهێنانی کۆمپیوتەرەکانی نێو هۆڵەکەی ئەرشیفخانە لەنهۆمی یەکەمدا، کە هۆڵێکی گەورەی سێ بەشییە، بەشی یەکەمی دیسان بۆ سێ بەش بەسەر یەکدا دابەشکراوە و بەشێوەیەکی سیستەماتیککراو کۆمپیوتەرەکان لەخزمەتی توێژەران دانراون.

بەشی دووەم لە سەرووی هۆڵەکەدا چەندین مێزی هاوشێوە وەک کۆمپیوتەرەکان دانراون بۆ خوێندنەوە و نووسین، لەسەرووی ئەم بەشەشدا کتێبخانەیەکی دەوڵەمەندی ئەرشیفخانەی عوسمانی هەیە، کە دەتوانی سوودی لێوەربگری بۆ لێکۆڵینەوە زانستیەکانت، هەر لەوێدا دەتوانی وێنەی لەبەر بگرییەوە بەهەردوو شێوازی سیدی درایڤ و لەبەرگرتنەوەی لەدەستی ڕاستی هۆڵی بەڵگەنامەکاندا چەند فەرمانبەرێک دانیشتوون بۆ ڕاپکردن و هاوکاریکردنی توێژەران.

٢- دوای ئەمە کۆمپیوتەرەکە دادەگیرسێنی، شریتێکی سپی لەسەر، یان لەخوارەوەی کۆمپیوتەرەکەدا هەیە، کە ناو و وشەی تێپەڕبوونە (پاسوۆرد)ی کۆمپیوتەرەکەیە، بەکاریدەهێنی بۆ ئەوەی لاپەڕەیەکی نوێ بێت کە ئەرشیفی عوسمانییە.

٣- لاپەرەیەکی نوێ لەسەر دیسکتۆپی کۆمپیوتەرەکەت دەبێتەوە کە بەناوی ئەرشیفی عوسمانییە، دواتر ئایکۆنێک لەلای چەپی سەرەوەی کۆمپیوتەرەکە هەیە، ئینجا کلیلکی لەسەر دەکەی و ڕاستەوخۆ پەڕەیەک دێت، لێرەدا ئەمجارە ناوی بەکارهێنەر (ژمارەی پاسەپۆرت)ەکەت، لەگەڵ ئەو وشەی تێپەڕەی (پاسوۆردەی) لەلایەن ئەرشیفخانە پێتدراوە، لەکاتی دروستکردنی ناسنامەکەتدا، دوای ئەوەی ئەمانەت نووسی ڕاستەوخۆ پەڕەیەک دێت کە هەژمارەی تۆیە لەناو ئەرشیفی عوسمانی، هەر لەو پەڕەیەدا لە ئایکۆنەکانی سەرەوەیدا وشەی (کەتەلۆگ)ی ئەرشیف هەڵدەبژێری.

٤- کاتێک کەتەلۆگی ئەرشیف هەڵدەبژێری ڕاستەوخۆ خانەی گەڕان (Arama) دێت، ئەو وشەیەی مەبەستتە لەو خانەیە دەینووسی، بۆنمونە: وەک شاری هەولێر یان سلێمانی یان دهۆک بەزمانی تورکی ئەوەی لەسەر ئەم دوو شارە هەبێت دەتوانی بەدەستی بخەی، دەشتوانی بەچەندین شێوازی دی بەڕێنووسی لاتینی ناوی هەر شوێنێک یان ئەوەی مەبەستتە بینووسی لەبارەیەوە ئەنجامێکت دەستبکەوێ.

٥- کاتێک بەڵگەنامەکان یەک بەدوای یەک دێتە سەر شاشەی کۆمپیوتەرەکەی بەردەمت، دەتوانی یەک بەیەک بیانکەیتەوە، تەماشای ناوەڕۆکی بەڵگەنامەکان بکەیت، دەشتوانی بیانخوێنیتەوە و بزانی ئەوەی مەبەستتە هاتووە، یان نا.

٦- ئەو بەڵگەنامەیەی پێویستە، یان دەتەوێت بیکڕیت، هەڵیدەبژێری بۆیە لەلای چەپی بەڵگەنامەکان شریتێک لەلای ڕاستی دێت و نووسراوە (talip et) واتە داوا دەکەم کە کرتە (کلیک)ت لەسەر داواکراوەکە کرد، لەسەری بەڕەنگی سوور دەنووسرێ (vazgeç) واتە: وەستاندن، یان وازهێنان، ئەگەر پەشیمانبوویەوە لە کڕینی بەڵگەنامەکە ئەوا کلیک لەسەر خانەی وەستاندنەکەی دەکەی، بەکورتی ڕەتی دەکەیەوە و ناتەوێت، لە پرۆسەکە بەردەوام دەبی کە بەڵگەنامەکانت دیاری کرد لە هەر فایلێکدا هەتا ئەوکاتەی دەچێتە لای فەرمانبەرەکە دەتوانی بیسڕییەوە و نەیکریت، واتە ئەگەر ڕاستەوخۆ دیارییت کرد ئەوا ناخرێتە سەر سیدی درایڤ، هەتا ئەو کاتەی دەچیە لای ئەو فەرمانبەرەی لەلای ڕاستی هۆڵەکەدا دانیشتووە، بەڵکو دەچێتە ناو ئەو هەژمارەی بۆت دروستکراوە لەلای فەرمانبەرەکە دیارە، لەوێ دەمێنێتەوە تا بۆ کڕین داوای دەکەی، ئینجا فەرمانبەرەکە ژمارەی بەڵگەنامەکان و بڕی پارەکە بە لیرەی تورکی پێتدەڵێ، دەپرسێ: پارەی لیرەت لایە و دەتوانی بیدەی، ئینجا ئەگەر بەڵێت کرد، پسوڵەی پارەدانەکەت بۆ دەنووسێ، دوای ئەوەی تەماشای کۆدی سەر ناسنامەکەت دەکات، بۆئەوەی بەڵگەنامەکانت بۆ بخاتە سەر سیدی درایڤێک، هەروەها دەتوانی داوای بکەی کورتەی بەڵگەنامەکان لە فەرمانبەرەکان بکەیت بۆ ئەوەی لەگەڵ بەڵگەنامەکان بۆت دابنێن، هەر لەو شوێنەدا دەتوانی لە جیاتی ئەوەی بەڵگەنامەکان بخرێنە سەر سیدی درایڤ، داوای ڕاکێشانی بەڵگەنامەکان لەسەر کاغەز بە قەبارەی جیاواز بکەیت بە قەبارەکانی: ئەی فۆڕ، ئەی فایفف و ئەی سری.

٧- کاتێک فەرمانبەری ئەرشیفخانە، پسوولەی کڕینی بەڵگەنامەکانت بۆ دەنووسێ، دەچیتە نهۆمی زەمینی بۆ لای کارمەندی ژمێریاری و پارەکەی پێدەدەی و جارێکی دی پسوڵەکە دەگەڕێنیەوە لای کارمەندی هۆڵی بەڵگەنامەکان، بۆ ئەوەی کە بزانێ پارەی بەڵگەنامەکانت بە ژمێریار داوە، کە پسوڵە ڕەنگ شرووبیەکە ڕادەستی فەرمانبەرەکەی هۆڵی بەڵگەنامەکان دەکەیتەوە و پێتدەڵێ چەند خولەکێک چاوەڕێ بکە تا سیدی درایڤەکەت بۆ ئامادە دەکەم. کە سیدی درایڤەکە ئامادە بوو ئینجا وەریدەگرییەوە و دەڕۆیتە سەر یەکێک لە کۆمپیوتەرەکان کە هارد-دیسکی سیدی بۆ دانراوە بۆ ئەوەی ئەو سیدیەی وەرتگرتوە هەمو بەڵگەنامەکانی داخڵ کراوە و

> **"لەماوەی شەڕی یەکەمی جیهانیدا لەترسی لەناوچوونی بەڵگەنامەکان لەشاری (ئیستانبوڵ) دا، بەتایبەتی لەدوای پەیدابوونی مەترسی لەسەر کەوتنی شاری ئیستانبوڵ، کۆی بەڵگەنامەکان گوێزرانەوە شاری قۆنیا"**

> پرۆفیسۆر خەلیل ئینالچک، پێی دەڵێ: ئەرشیفخانەی عوسمانیمان پێبدە، ئێمە ئیمپراتۆریەتێکی ڕۆشنبیریی بە تۆ دەدەین

هەموویشیان دەخوێنێتەوە، ئەگەر کێشەیەکی نەبوو ئەوا هەڵیدەگری و دەڕوێی، ئەگەر کێشەیەکی هەبوو بە فەرمانبەرەکە دەڵێیەوە، بەڵام زۆرینەی زۆری هیچ کێشەیەکی نییە، لەوەتەی هاتوومەتەوە کوردستانیش سێدی دراێڤەکان هیچ کێشەیەکیان نەبووە.

٨- ئەو ئەکاونتەی لەئەرشیفخانە بۆت دروست دەکرێ بۆ ماوەی مانگێکە بۆ ئەوانەی ماوەی مانەوەیان لە یەک مانگ زیاتر نییە بەپێی ڤیزای وڵاتەکە، یان پاسەپۆرت و ڕەگەزنامەی کۆماری تورکیایان نییە، یەکێ لەکارە باشەکانی ئەو ئەوکانتە ئەوەیە کە لەماوەی ئەو مانگەدا هەر بەڵگەنامەیەکت کڕی بێت پێتدەڵێ کە کڕیوتە واتە ئاگادارت دەکاتەوە کە ئەم بەڵگەنامەیەت کڕیوە، دەشتوانی جارێکی دی بیکڕیەوە و سیستەمەکە ڕێگری لە داواکارییەکەت ناکات..!

٩- لەناو کۆمپیوتەرەکان هەموو ئاسانکارییەکی تەکنەلۆجی لەسەر کردنەوەی بەڵگەنامەکان بەردەستکراوە، وەک باشترکردنی قەبارەی بەڵگەنامەکان و هێنانە پێشەوەیان و گەورەکردن و بچووکردنەوەیان، بەشێوەیەک بتوانی بیخوێنیتەوە، هەروەها هەندێک لە بەڵگەنامەکان بەشێوەیەکی لاکێشەیی وێنەیان لەبەرگیراوەتەوە و دەتوانی بەلای ڕاست یان چەپ ڕاستیان بکەیتەوە.

١٠- کۆمپیوتەرەکان بەشێوەیەک دانراون کە لەئاستی سەری مرۆڤ دان، هەروەها ماوەی نێوان چاو و شاشەی کۆمپیوتەر نزیکەی نیو مەتر دەبێت، ئەمەش یەکێکە لە باشترین کارەکان کە توێژەر لە خوێندنەوەی بەڵگەنامەکان چاو و خانەکانی مێشکی زۆر ئازار ناکێشن، یان تیشکدانەوەی شاشەی کۆمپیوتەرەکەی زۆر بەرناکەوێت و چاو و خانەکانی مێشک زۆر هیلاک نابن..!

١١- لەهۆڵی بەڵگەنامەکان قسەکردن بەدەنگی بەرز قەبوڵکراو نییە. بەڕاستیش هۆڵەکە زۆر هێمن و بێدەنگە، هەروەها ئەو ناوچەیەی باڵەخانەی ئەرشیفخانەی لێیە (کایتهانە) ناوچەیەکی ئارامی ئیستانبوڵە و زۆر قەرەباڵغ نییە و زۆریش دلگیرە، هەر چەندە ئیستانبوڵ زۆر دڵگیر و خۆشە، کە بەهەقیقەت سەرنجڕاکێشیەکی لەڕادەبەدەری هەیە، هەر بۆیە لەماوەی سەدەی نۆزدەهەم تا کۆتایی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی زۆربەی مونەوەرانی کوردی بۆخۆی ڕاکێشا و بەشێکی زۆریان لەوێ دونیایان بەجێهێشت.

### (٨) دەرئەنجامێکی پڕ سوودبەخش

بۆ بەندە دوو هەفتەی تەشرینی یەکەمی ٢٠٢١دا ئەزموونێکی دەوڵەمەند لەژیانی ئەکادیمیم وەرگرت، هەروەها ڕۆژانێکی مێژوویی بوو لە ئەرشیفخانەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە شاری ئیستانبوڵ، ئەوەی پێویست بوو بۆ دەوڵەمەندکردنی نامەی دکتۆراکەم بەسەرکەوتوویی ئەنجامم دا، بەتایبەتی لەدەستخستنی بەڵگەنامەی پێویست لەنێو ئەرشیفخانەکەدا، هەروەها ئەزموونێکی دەوڵەمەندم لەزانیاری هەمە لایەنە دەربارەی مێژووی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، هەرێمەکانی بندەستی عوسمانی، بارودۆخی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، دارایی، کارگێڕی، سەربازی، پەروەردەیی و خوێندەواری..هتد وەرگرت، کە لەڕاستیدا دەریایەکە لە زانیاری نەبیستراو و نەبینراو دەرباری مێژوومان، پێویستمان بەسەدان تا هەزاران توێژەر دەبێت تا لێکۆڵینەوە لەمێژووی عوسمانی لەسەر کورد بکەن و هەتا پێیڕابگەن، ئەمکارە لە ئەستۆی دامەزراوە نیشتمانیەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق دایە، لەتوانای مرۆیی و ماددی تاکەکەس و گروپی لێکۆڵەران دانییە، چونکە ئەرشیفخانەی عوسمانی بەبایەخترین سەرچاوەی مێژوویی کوردە لەماوەی سەدەی شانزەهەم تا چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، چونکە کورد بۆ ماوەی چوارسەد ساڵ پەیوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ حوکمڕانییەتی عوسمانی هەبوە لە ئاشتی بۆ شەڕ، لە خۆشی و بۆناخۆشی، جا ئەو قۆناغی چوارسەد ساڵە لەمێژووی ئێمەدا ڕۆشن بێت، یان تاریک پێویستە بەشێوەیەکی زانستی لەژێر سایەی دامەزراوە زانستی و نیشتیمانییەکان لێکۆڵینەوە و نووسینی نوێ بە زانیاری پشتڕاستکراوە بە بەڵگەنامەکان، نووسین و زانیاری نوێ پێشکەشی خوێنەران و کتێبخانەکانی وڵاتەکەمان بکەین. بۆیە لەو ماوەیەی لەئەرشیفی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی کارمان کرد ئەزمونێکی پڕ سوودبەخش بوو کە لەبیر ناکرێت...!

***مامۆستا لە بەشی مێژووی فاکەڵتیی ئاداب لە زانکۆی سۆران**

# ڕەخنە و لێکۆڵینەوە

- ***ڕەخنەیەکی پراکتیکی لە ڕۆمانی داگیرکردنی تاریکی***

محەمەد کەریم

- ***تێگەیشتنم بۆ (ڕاستییەکی ڕەها)ی حەمە عەباسی شاعیر***

ڕەزا سەید گوڵ بەرزنجی

- ***هەلاتگەرییا فەقێ تەیران***

محسن عەبدولرەحمان- دهۆک




# ڕەخنەیەکی پراکتیکی لە ڕۆمانی داگیرکردنی تاریکی



محەمەد کەریم

دوای خوێندنەوەی ڕۆمانی «داگیرکردنی تاریکی» کە زیاتر لە مانگێکی خایاند، بەهەر دەردەسەرییەک بوو توانیم تەواوی بکەم. لەگەڵ خوێندنەوەیدا کۆمەڵێک سەرنجی ڕەخنەگرانەم تۆمار کرد، دواتر پێم باش بوو ئەو ڕەخنانە بنووسمەوە و ئەم نووسینەی لێکەوتەوە. بەدەر لە هەموو شتێک، وەکو خوێنەرێک بە مافی خۆمی دەزانم قسە لەسەر دەقێک بکەم کە مانگێک کاتی لێ زەوت کردووم. من ئەم دەقەم لەبەر دەستدا بووە و قسەم لەسەر کردووە و ڕەخنە و سەرنجەکانی خۆم نووسیوەوە.

**١- سەبارەت بە دەستپێکی ڕۆمانەکە:**

بێگومان دەستپێکی ڕۆمان گرنگییەکی زۆری هەیە، چونکە دەبێتە ئەو دەرگایەی کە خوێنەر لێیەوە دەچێتە ناو ڕۆمانەکەوە و لەوێوە هێدی هێدی هەموو بەشەکانی ڕۆمانەکە دەخوێنێتەوە. بۆیە دەستپێکی ڕۆمان چەندە تۆکمە و جوان بێت و چەندە خوێنەر تەشویق بکات کە بە شەوق و زەوقەوە ڕۆمانەکە بخوێنێتەوە، ئەوەندە سەرکەوتنی ڕۆمانەکە مسۆگەر دەکات. ژمارەیەکی زۆر لە خوێنەران، کاتێک ڕۆمان دەخوێننەوە سەرەتا چەند لاپەڕەیەک لە ڕۆمانەکە دەخوێننەوە، ئەگەر تۆکمە و جوان بوو تەشویقی کردن، ئەوا سەر لەسەر ڕۆمانەکە هەڵناگرن و بە خێرایی تەواوی دەکەن، چونکە لە دنیای واقیع دووریان دەخاتەوە و چێژی لێدەبینن، بەڵام ئەگەر وانەبوو ئەوا هەتا دەستیان دەگرێت تووڕی دەدەن.

هەندێک لە ڕۆماننووسان بۆ ئەوەی ئاسانکاریی بۆ خوێنەر بکەن و هەر زوو تەشویقی بکەن بۆ خوێندنەوەی ڕۆمانەکە، چەند پەرەگرافێکی کاریگەر لەناو ڕۆمانەکەوە دەهێننە سەر بەرگەکەی، خوێنەر کاتێک ئەو چەند پەرەگرافە دەخوێنێتەوە، ڕۆمانەکە دەکڕێت و دەستدەکات بە خوێندنەوەی، بەڵام لەم حاڵەتەشدا دەستپێک هەمان ڕۆڵ دەگێڕێت، دەشێت دیسان خوێنەر بەهۆی دەستپێکێکی خراپەوە لە ڕۆمانەکە بتۆرێ و نەیخوێنێتەوە.

بێگومان گەلێک شێواز هەیە بۆ دەستپێکی ڕۆمان، دەستپێک هەیە سەرەتا نووسەر پێشەکییەک باس دەکات، ئینجا وردەوردە کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکە بەخوێنەر ئاشنا دەکات. دەستپێکیش هەیە ڕۆماننووس یەکسەر دەچێتە سەر کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکە و ناوی دەبات یان بە ڕاناوێک باسی دەکات. دەستپێکیش هەیە بە ڕووداوێک دەستپێدەکات،

دیارە ئەو ڕۆمانەی بە ڕووداو دەستپێدەکات لای خوێنەر زیاتر مایەی سەرنجە و زیاتر تەشویقی دەکات بۆ خوێندنەوەی، بەڵام گرنگ ئەوەیە نووسەر کاتێک بە ڕووداو دەست بە نووسینی ڕۆمانەکەی دەکات، شارەزایانە ڕووداوەکە بگێڕێتەوە و زیاتر خوێنەر تەشویق بکات بۆ خوێندنەوەی ڕۆمانەکە. ئەمەش هەم زمانێکی تۆکمە و هەم وردی لە نووسەر دەخوازێت بۆ ئەوەی ڕۆمانەکەی هەر لە سەرەتاوە فڕێ نەدرێت.

ئێستا با دوای ئەم چەند دێڕە بێمە سەر دەستپێکی ڕۆمانی داگیرکردنی تاریکی بەختیار عەلی. ئایا بە دەستپێکێکی تۆکمە و جوان دەستپێکردووە و خوێنەر هان دەدات بە حەز و ئارەزووەوە ڕۆمانەکە بخوێنێتەوە؟ هەوڵ دەدەم لەگەڵ باسکردنی دەستپێکی ڕۆمانەکە و وەستان لەسەر لاپەڕەی یەکەم وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە.

ڕۆمانی داگیرکردنی تاریکی وەکو نۆڤلێتی مەسخی کافکا بە ڕووداوێکی سەیر و سەمەرە دەستپێدەکات. کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکە (عیسمەت ئۆکتای) زمانی تورکی لەبیرچۆتەوە و لە جیاتی ئەوە

زمانی کوردی جێگای گرتۆتەوە و جگە لە زمانی کوردی یەک وشەی تورکی لەبیرنەماوە. لە کاتێکدا کافکا لە مەسخدا بە یەک دێڕ پێمان دەڵێت کارەکتەری سەرەکی نۆڤڵێتەکەی چی بەسەر هاتووە: «بەیانییەک، کاتێ گریگۆری سامسا لە خەوێکی ناخۆش خەبەری بۆوە، بینی لەناو پێخەفەکەی خۆیدا بووە بە قالۆنچەیەکی گەورە»(مسخ/ فارسی/ت. عەلی ئەسغەر حەداد)، بەڵام بەختیار عەلی دوای «سی» دێڕ هێنان و بردن، ئەوە بە خوێنەر دەڵێت کە کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکەی تورکی لەبیر چۆتەوە و بە کوردی قسە دەکات.

پێش ئەو سی دێڕە بەبێ ئەوەی پێویست بێت، چەندان جار ئەوە دووبارە دەکاتەوە کە وەزعەکە ئارامە و هەموو شتێک ئاساییە: (هەستی بە شتێکی تایبەتی نەکرد. ڕۆژێکی ئاسایی بوو. هەموو شتێک پێدەچوو ئاسایی بێت، هیچ شتێک ناسروشتی دەرنەدەکەوت. د.ت- ل٥)

(ویستی بانگ لە ئۆیزاری ژنی بکات و پێی بڵێت هەستێت بەرچایی ئامادە بکات. د.ت.-ل٥) نازانم کابرا لە تەنیشت ژنەیەکەوە خەوتووە چ پێویست دەکات بانگی بکات؟ ئاسایی دەستێکی لێدەدات و دەڵێت هەستە.

(ویستی بیر بکاتەوە، بۆ وازوو هەستاوە. نەیتوانی بیر بکاتەوە. بۆ ئەوەی بیر بکاتەوە پێویستی بە وشە هەبوو. بەڵام چەند ناوچەوانی خوراند و دەستی بە ڕیشیدا هێنا وشەیەکی بە یادا نەهاتەوە بیری پێبکاتەوە. ... لە هەموو ئەو ماوەیەدا لە یەک شت دڵنیابوو، ئەویش ئەوەیە بیرناکاتەوە... دەیەوێت بیر بکاتەوە و ناتوانێت. د.ت.-ل٥ )

بەڕاستی کاتێک ئەم ڕستانە دەخوێنیتەوە تووشی سەرسوڕمان دەبیت. پێش هەموو شتێک ئایا مرۆڤ بەدەست خۆیەتی بیر لەچی بکاتەوە و بیر لەچی نەکاتەوە؟ ئەمە وەکو ئەوە وایە مرۆڤ بڕیار بدات خەون بە چییەوە ببینێت. بێگومان سادەترین زانیاری ئەزموونیی هەر مرۆڤێک ئەوەیە کە بیرکردنەوەی بەدەست خۆی نییە و هەموو کەسێک دەزانێت، ناتوانێت بڕیار بدات بیر لەچی بکاتەوە و بیر لەچی نەکاتەوە، چونکە بیرکردنەوەش وەکو خەون بینین لەسەروو خواست و ئیرادەی مرۆڤەوەیە. ئەوانەی سەردانی دکتۆری دەروونیی دەکەن و باس لەوە دەکەن بە دەست چ خەیاڵات و بیرکردنەوەیەکەوە دەناڵێنن، زۆرجار دکتۆری دەروونیش ئەوەندە عەقڵی پێدەشکێت دەڵێت: بیر لەو شتانە مەکەرەوە. بێگومان ئەم داوایەی دکتۆر داوایەکی نەزۆکە، چونکە بیرکردنەوەی مرۆڤ بە دەست خۆی نییە. ڕێک وەکو خەون، جاریوایە مرۆڤ خەونی وا دەبینیت بە کەسێکی نزیکی خۆیەوە شەیتانی بووە، تەواو هەست بە شەرمەزاریی دەکات، بەڵام، خۆ ئەوە بە ویست و ئیرادەی خۆی نەبووە.

(بۆ ئەوەی بیر بکاتەوە پێویستی بە وشە هەبوو... وشەیەکی بە یادا نەهاتەوە بیری پێبکاتەوە. هەمان لاپەڕە) هەر بەڕاستی ئەم دوو ڕستەیە مایەی سەرسامین. ئایا مرۆڤ بۆ ئەوەی بیر بکاتەوە پێویستی بە وشە هەیە؟ بێگومان نەخێر. بە یەک بەڵگەی زۆر سادە، مرۆڤە لاڵەکانیش وەکو مرۆڤە ئاساییەکان بیر دەکەنەوە. نەک هەر ئەمە کەڕولاڵەکانیش بیردەکەنەوە و خەون دەبینن.

لەلایەکی ترەوە بیرکرنەوە پێش قسەکردنە، یانی پێش بەکارهێنانی وشەیە. (ئێمە بۆ پەیوەندی لەشێوەی قسەکردندا، یان لە شێوەی نووسیندا، زمان بەکاردەهێنین «واتە وشە بەکاردەهێنین») (بۆ بیرکردنەوەی بنەڕەتی لە مێشکماندا دروستکردنی ڕستە پێویست نییە، کەواتە وشەش پێویست نییە) (بیرکردنەوەی هۆشیارانە و هەست پێویستی بە وشە نییە) (هل نحتاج إلى لغة لنفكر؟ ٢٦ فبراير ، ٢٠١٧ بلقيس الشريف)

دەستپێکی ڕۆمانەکە وێڕای ئەوەی ئەم هەموو کێشەیەی هەیە و درێژدادڕیی تیایە کە پێویست نییە، بە زمانێکی جوان و ڕەوانیش نەنووسراوە و خوێنەریش تەشویق ناکات بۆ خوێندنەوە و خوێنەر دەبێت زۆر لە خۆی بکات بۆ ئەوەی بەردەوام بێت لەسەر خوێندنەوە. کەواتە دەتوانین بڵێین نووسەر لە نووسینی دەستپێکێکی تۆکمە و جواندا کە خوێنەر تەشویق بکات بۆ خوێندنەوەی دەقەکەی سەرکەوتوو نەبووە.

### ٢- بابەت و گێڕانەوەی ڕۆمانەکە:

#### بابەتی ڕۆمانەکە:

زۆربەی ئەو کەسانەی کۆمێنتی چەند دێڕییان لەسەر ئەم ڕۆمانە نووسیوە، داوای ئەوە دەکەن ئەم ڕۆمانە بکرێت بە تورکی. دیارە لەبەرئەوەی باسی مەسەلەی کورد دەکات لە تورکیا. بەڵام ئایا ئەم ڕۆمانە بۆ نموونە: باشتر لە ڕۆمانی (ئاغاکانی ئاقچەساز)ی یەشار کەمال باسی بە قوربانیبوونی کورد دەکات؟ بێگومان نەخێر. دیارە بەختیار عەلی لەبەرئەوەی ئەزموونێکی ڕاستەوخۆی لەسەر مەسەلەی کورد لە

**«دەستپێکی ڕۆمانەکە وێڕای ئەوەی ئەم هەموو کێشەیەی هەیە و درێژدادڕیی تیایە کە پێویست نییە، بە زمانێکی جوان و ڕەوانیش نەنووسراوە»**

تورکیا و شێوازەکانی ئازار و ئەشکەنجەی دام و دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی تورکیادا نییە، لە ڕێگەی کۆکردنەوەی زانیاریی و لێکۆڵینەوەوە ئەم ڕۆمانەی نووسیوە، بەڵام ئەو ئازار و ئەشکەنجەیەی لە واقیعدا هەیە و بە تایبەتی د. ئیسماعیل بێشکچی لە کتێبەکانیدا باسی دەکات زۆر زۆر زیاترە لەوەی نووسەر لەم ڕۆمانەدا باسی دەکات. زۆر سەرچاوەی دیکەش باسی شێوازی قێزەونتر دەکەن لەوەی لە ڕۆمانەکەدا باسکراوە. بۆ نموونە باسی ئەوە دەکرێت لە زیندانەکانی تورکیادا مشک دەرخواردی هەندێ لە زیندانییە کوردەکان دەدرێت و جۆرەها ئازار و ئەشکەنجەی نامرۆڤانە باس دەکرێت کە ئەم ڕۆمانە هەر بەلاشیاندا نەچووە. پاشان ئەوەی وا دەکات ڕۆمانێک شایانی ئەوە بێت تەرجەمە بکرێت بۆ سەر زمانێکی دی، بێگومان بە پلەی یەکەم تەکنیکی ڕۆمانەکەیە، نەک بابەتی ڕۆمانەکە، چونکە لە ڕۆماندا چۆن نووسین گرنگە، نەک چی نووسین، یان چەند نووسین. دیارە تەکنیکی جوانی ڕۆمان وادەکات بابەتێکی زۆر بێبایەخ شایانی خوێندنەوە و گرنگی پێدان بێت، تەکنیکی سەقەتیش وادەکات بابەتی زۆر گرنگیش شایانی خوێندنەوە نەبێت. گومان لەوەدا نییە دوای باسکردنی کەم و کورتییەکانی ئەم ڕۆمانە، ئەو کەسانە ئەگەر لەگەڵ ڕاستیدا بن و بەشێوەیەکی ڕۆمانسییانە سەیری ئەم ڕۆمانە و نووسەرەکەی نەکەن لە داواکەی خۆیان پاشگەز دەبنەوە.

**«هەندێک لە ڕۆماننووسان بۆ ئەوەی ئاسانکاریی بۆ خوێنەر بکەن و هەر زوو تەشویقی بکەن بۆ خوێندنەوەی ڕۆمانەکە، چەند پەرەگرافێکی کاریگەر لەناو ڕۆمانەکەوە دەهێننە سەر بەرگەکەی»**

### گێڕانەوەی ڕۆمانەکە:

دیارە ئەم ڕۆمانە بە شێوازی گێڕەرەوەی هەمووشتزانی بێلایەن، یان دوور گێردراوەتەوە، کە نووسەر، یان گێڕەرەوە بە شێوەی کەسی سێیەمی تاک باسی هەڵسوکەوتی دەرەوە و دەم و دووی ناخی هەموو کارەکتەرەکان دەکات. ئەم شێوازی گێڕانەوەیەش بۆ نووسینی ئەم ڕۆمانە گونجاوە لەبەرئەوەی وەکو پێشان ئاماژەم بۆ کرد نووسەری ڕۆمانەکە لەناو ئەو ڕووداو و ئەزموونانەدا نەژیاوە کە لەم ڕۆمانەدا باسیان دەکات.

گێڕانەوەی ئەم ڕۆمانەش وەکو گێڕانەوەیەکی مێژوویی بە دوو قۆناغ و لە دوو زەمەنی جیاوازدا لە خوارەوە بۆ سەرەوە دەڕوات، تا لە جێگایەکدا هەردوو زەمەنەکە یەکانگیر دەبن و زەمەنی کۆن تەواو دەبێت و زەمەنی تازە بەردەوام دەبێت هەتا کۆتایی ڕۆمانەکە. دیارە گێڕانەوەی ڕۆمانەکە لەو دوو زەمەنەدا هەموو ساڵ و مانگ و ڕۆژەکان لە خۆناگرێت، بەڵکو هەڵبژاردەیەک لە زەمەنە جیاوازەکانی ئەو ساڵانە لە خۆدەگرێت.

گێڕانەوەی قۆناغی یەکەم لە سەرەتای ڕۆمانەکەوە لە نیوەی دووەمی ساڵی ١٩٧٧ـەوە دەستپێدەکات هەتا ساڵی (١٩٩٤) بەردەوام دەبێت. گێڕانەوەی قۆناغی دووەمیش لە نیوەی یەکەمی ساڵی (١٩٤٥)ەوە دەستپێدەکات کە دەکاتە بەشی دەیەمی ڕۆمانەکە و هەتا ساڵی (١٩٦٠) بەردەوام دەبێت (بەشی ٦٩). دوای ئەوە گێڕانەوەی قۆناغی یەکەم بەردەوام دەبێت هەتا بەشی کۆتایی کە دەکاتە ساڵی (١٩٩٤). گێڕانەوە لە هەردوو قۆناغەکەدا تارادەیەک گێڕانەوەیەکی واقیعییە و هەندێ لە ناوەکانیش واقیعین.

«لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٥٧ دا جارێکی دی پارتی دیموکرات سەرکەوتەوە، گەرچی لە دەرەنجامەکان دەریخست پارتی کۆماریی لە بەرزبوونەوە و هەستانەوەدایە، بەڵام لای خەڵک هێشتا مەندریس لە ئینونو و هاوکارانی بەهێزتر بوو... ل٤٨٢»

بۆیە خوێندنەوەی ڕۆمانەکە خوێنەر تەشویق ناکات و لە خوێندنەوەی ئەو هەموو لاپەڕەیە بێزار دەبێت. بەتایبەتی خوێنەرێک ئەگەر شارەزای مێژووی تورکیا بێت دەزانێت دوای فلان هەڵبژاردن، یان فلان کودەتا چی ڕوودەدات.

### ٣- کارەکتەرەیزەیشن لەم ڕۆمانەدا:

«کارەکتەر ڕۆحی ڕۆمانە. ڕۆمان بەبێ کارەکتەر وەکو جیهان وایە پێش پەیدابوونی مرۆڤ کە تەنانەت ئەگەر جوانتریش بوایە لە جوانترین خەونی شاعیران کەسێک نەبوو کە لە جوانییەکانی تێبگات و ستایشی بکات. جیهان بەبێ مرۆڤ بێ لوتف و بێ مانایە، ڕۆمانیش بەبێ کارەکتەر قابیلی وێناکردن نییە (هنر رمان، ناصر ایرانی ص٤٥٨)»

### کارەکتەرەیزەیشن یان کارەکتەرسازیی:

بریتییە لە خوڵقاندن و خستنەگەڕی ئەو کەسە خەیاڵییانەی لە ڕۆماندا ڕووداو و بەسەرهاتەکان لەئەستۆ دەگرن، یان ڕووداو و بەسەرهاتەکان دەگێڕنەوە. مەرجیش نییە هەمیشە کارەکتەرەکانی ڕۆمان مرۆڤ بن، دەشێت ئاژەڵ یان بوونەوەری خەیاڵیی، یان ئامێر هتد... بن.

«مەرجەکانی هەمەجۆریی کارەکتەر ئەوەیە، کە نابێت لەڕووی بیرو بۆچوون و ڕەفتار و شێواز و ڕۆڵیان لەناو ڕۆمانەکەدا لەیەک بچن لەبەرئەوەی لەیەکچوونیان دەبێتە هۆی ئەوەی نووسەر بکەوێتە ئەو هەڵەیەوە کە پێی دەڵێن: کۆپیکردنی کارەکتەر، یان دووبارەکردنەوەی کارەکتەر، کە دەبێتە هۆی ئەوەی جیاوازیی لە نێوان کارەکتەرەکاندا نەمێنێت لە شێوازی ئامادەگیی و ڕۆڵیان لەناو ڕۆمانەکەدا.»

خاڵی گرنگ لە ڕۆماندا ئەوەیە، ڕۆماننووس ئەوەی بۆ دەستنیشان نەکراوە لە ڕۆمانەکەیدا چەند کارەکتەر بخوڵقێنێت و بخاتەگەڕ. ڕۆماننووس دەتوانێت بەپێی پێداویستیی ڕۆمانەکەی بە کەیفی خۆی کارەکتەر بخولقێنێت و بیخاتەگەڕ بە مەرجێک ئەو کارەکتەرانە جیاواز بن و بیروبۆچوون و شێوازی بیرکرنەوە و خوو و خدەیان جیاوازبێت، نەک کۆپی یەکتربن. ئەگەر بەم شێوەیە نەبن ئەوسا ژمارەیەک لەو کارەکتەرانە زیادن و پێویست نین.


مەسەلەیەکی دیکەش ئەوەیە لە ڕۆماندا کارەکتەری سەرەکی و کارەکتەری لاوەکی هەیە و هەر کارەکتەرێکیش سێ ڕەهەندی هەیە، یەکەم: ڕەهەندی فیزیکی. دووەم: ڕەهەندی کۆمەڵایەتی. سێیەم: ڕەهەندی دەروونیی.

**کارەکتەرەکانی ڕۆمانەکە و کارەکتەرسازی:**

دیارە لەم ڕۆمانەدا کۆمەڵێ کارەکتەری سەرەکی و لاوەکی هەن، وەکو مرۆڤ و دوو کارەکتەری ئاژەڵیشی تێدایە کە ورچەکە و پڵنگەکەن. واتە (فرزەند بەگ و پڵنگی تینوو)

کارەکتەرە سەرەکییەکان وەکو (عیسمەت ئۆکتای، تاریق ئاکانسو، عەلی ئیحسان، ئارسین ئەکانسو، ئیمران کارتاڵ، عەدنان عاریف، دکتۆر سینان، سینەم، هتد... )

* با لێرەدا وەکو نموونەیەک بپرسین جیاوازی نێوان هەردوو کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکە (تاریق ئەکانسو و عەلی ئیحسان)ی کوڕی چییە؟ هەردووکیان هەتا سەر ئێسقان دژی کوردن و کورد دەچەوسێننەوە، ئەگەرچی سەرەتای ڕەفتاری تاریق ئەکانسو سەبارەت بە




کورد نازانین، بەڵام عەلی ئیحسانی کوڕی لە تەمەنی حەوت ساڵییەوە بە تەعزیبی گیراوەکان و چەوسانەوەی کورد دەستپێدەکات، تاریق ئەکانسو هەتا کۆتایی تەمەنی بەردەوام دەبێت لە دژایەتی کورد و زمانی کوردی، کاتێ دەسەڵاتیشی نامێنێت سووکایەتی بە مردووەکان دەکات و گۆڕەکانیان هەڵدەداتەوە و نایەڵێت لە گۆڕەکانیشیاندا ئارام بگرن، گاڵتە بە ئێسک پروسکی مردووەکان دەکات. عەلی ئیحسانیش هەتا دەیکوژن بەردەوام دەبێت لە دژایەتی کورد و زمانی کوردی. لە ڕاستیدا ئەوە پێچەوانەی واقیعە کە کوڕ کۆپی باوکی بێت، چونکە هەر یەکەیان کوڕی ڕۆژگارێکن و ناکرێت کۆپی یەکتری بن. تاکە جیاوازی عەلی ئیحسان لەگەڵ باوکیدا ئەوەیە تارادەیەک بە دڵ باوەڕی بەو زوڵم و زۆرە نییە کە بەرامبەر کورد و زمانی کوردی دەکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا هەتا دەیکوژن بەردەوام دەبێت لەسەر زوڵم و زۆر لە کورد و زمانی کوردی.

کەواتە ئەم دوو کارەکتەرە کۆپی یەکترین. بێگومان گەلێ نموونەی دیکەش هەن کە کارەکتەرەکان کۆپی یەکترن، بەڵام پێم وایە ئەم نموونەیە بەسە.

* مەسەلەیەکی دی ئەوەیە ژمارەیەکی زۆر لە کارەکتەرەکان تووشی پەتای قسە دووبارەکردنەوە بوون. ئەمەش لە کاتێکدایە کە ئەو کەسانەی لە واقیعدا قسە زۆر دووبارە دەکەنەوە زۆر کەمن و ناکرێت لە ڕۆمانێکی وادا

ژمارەیەکی زۆر کارەکتەر قسە دووبارە بکەنەوە، دەنا دەبنە کۆپی یەکتری، با سەیری ئەم نموونانە بکەین:

**١- عیسمەت ئۆکتای:**

«بەڵام لە بری من دەبێت تانسۆی قەحبە ئەشکەنجە بدەن، تانسۆی قەحبە. ئەو منی تووشی ئەم نەخۆشییە کردووە.ل١٧٧»

> **کاتێ بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە لە زمانی ئەم ڕۆمانە ورد دەبیتەوە و دەبینیت دوای (دە) ڕۆمان نووسراوە و ڕۆماننووسەکەشی تەمەنی لە (شەست) ساڵ زیاترە، تەواو نائومێد دەبیت و ئومێدت بەوە نامێنێت ڕۆماننووس بتوانێت لە داهاتوودا بە زمانێکی بەهێز ڕۆمان بنووسێت**

«خێزانەکەم هیچ شتێک لەسەر من نازانن... هیچ شتێک... ل١٧٧»

**٢- دکتۆر تاریق:**

«بەڵێ فەیلەسوفێکی گەورەیە، من وەک باوکی ڕۆحی خۆم سەیردەکەم، بەڵام هەموو شتێکی نا... هەموو شتێکی نا ل١٨٩»

«سەیری ئەمانە بکەن، جوان سەیری ئەمانە بکەن. ئەمانە ئەو جنسەن کە لە داهاتووی نزیکدا بوونیان نامێنێت...ل١٨٣»

«زۆر باشە عەلی ئیحسان، زۆر باشە، ئەی تۆ ئارسین؟ پێم بڵێ لەمانە دەترسیت یاخود نا؟ ل١٨٤»

**٣- عەلی ئیحسان:**

«من کێم تا بە دڵم بێت یان بە دڵم نەبێت. من کێم؟ ل١٩٢»

«بەم پازدە بیست کەسە دەڵێیت هەموو؟ بەم پازدە بیست کەسە دەڵێیت هەموو؟ل١٩٤»

«پازدە بیست کەس بە کەم دەزانیت؟ بەشەر. پازدە بیست کەس بە کەم دەزانیت؟ ل١٩٤»

«ئەی ئەگەر زۆرتر بن، ئەی ئەگەر لەمە زۆرتر بن ل١٩٤ «

**٤- دکتۆر سینان:**

«پێم بڵێ تۆ لەگەڵمدایت یاخود نا؟ لەگەڵمدایت یاخود نا؟»

«سوپاس بۆ تۆ، سوپاس بۆ تۆ... گوێبگرە، وابڕوات توانیومانە کارێکی باش بکەین. ل٢٤٧ «

**٥- هەڤاڵ ئویز جان:**

«مەبەستت چییە یۆڵداش، مەبەستت چییە؟ دەبێت چی بکەین؟ ل٦٢٤»

**٦- ئارسین ئاکانسو:**

«دەبوو ئەو سێ ئەفسەرە پیرە بکوژم... دەبوو ئەو سێ ئەفسەرە پیرە بکوژم ل٦٣٧»

«لێیگەڕێ بڕوات... لێیگەڕێ بڕوات ل٦٦٩»

**٧- قەڵەوەکە هاوڕێی منداڵی ئارسین:**

«هاوڕێ ئیشێکی باشمان کرد، ئیشێکی باشمان کرد ل٦٦٧»

«هەتیو ئەو لایتەم بدەرێ، ئەو لایتەم بدەرێ ل٦٦٧»

**٨- فەیسەڵ:**

«بوەستن هاوڕێ، بوەستن، چایەک بخۆنەوە. ئارسین ئاکانسو سەیرکە، سەیرکە چیم بۆ هێناویت ل٦٦٧ «

**٩- پیاوێک لەوانەی عەلی ئیحسان دەکوژن:**

«تەواوە... تەواوە... وای خوای گەورە ئەوە هەمان خەندەیە، هەمان خەندەیە ل٦٨٥»

**١٠- والی:**

«زۆر باشە، زۆر باشە. گەر گۆڕەکەی لێرەدابێت ل٦٦٩»

«بیرۆکەیەکی باش نییە، بیرۆکەیەکی باش نییە ل٧٠١»

وەکو دەبینین (دە) کارەکتەر قسە دووبارە دەکەنەوە وەک ئەوەی تووشی پەتای دووبارەکردنەوە بووبن. ئیتر نازانم جیاوازی ئەم دە کارەکتەرە لە چیدایە کە هەموویان بەیەک شێوە قسە دەکەن و قسە دووبارە دەکەنەوە؟

**٤- چۆنییەتی هەڵسوڕاندنی کارەکتەر؟:**

دەبێت ڕۆماننووس ئەوەی باش لەیاد بێت، کارەکتەر سەربازی شەترەنج نییە بە کەیفی خۆی هەڵیسووڕێنێت و یاریی پێبکات، کەی ویستی بە کوشتی بدات، کەی ویستی بیکات بە وەزیر، یان هەر شتێکی دی، دەبێت حسابی ئەوە بکات ڕەفتاری ئەو کارەکتەرە کاری کردەیە، یان موستەحیل. دەبێت ڕۆماننووس دەرفەتی ئەوە بدات کارەکتەرەکە بە ویستی خۆی ڕەفتار بکات، نەک ڕۆماننووس ویستی خۆی بەسەردا بسەپێنێت. دەبێت حسابی ئەوە بکات ڕەفتاری ئەو کارەکتەرە چەندە لەگەڵ واقیعدا دێتەوە. بۆ نموونە ئاساییە ڕۆماننووس کارەکتەرێکی ئازای هەبێت

دەرەقەتی پێنج تا دە کەس بێت، بەڵام ئەوە دەبێتە فیلمی هیندی ئەگەر کارەکتەرێکی هەبێت دەرەقەتی سەد کەس بێت و ئەمە دەبێتە موستەحیل.

بۆ نموونە: سەیری شێوازی خۆکوشتنی تاریق ئاکانسو و شێوازی لەتوپەتکردنی بکەین بزانین لەگەڵ واقیعدا دێتەوە، یان دەبێتە موستەحیل؟

* تاریق ئاکانسو داوا لە عەلی ئیحسانی کوڕی دەکات بە درەختێکەوە شەتەکی بدات بۆ ئەوەی دڕندەکان بێن و بە زیندوویی، یان بە مردوویی لاشەکەی لەتوپەت بکەن. بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت هێشتا کورد وەکو دڕندە پەلاماری تورک دەدات «دەستم وەها توند شەتەک بدە، نەتوانم خۆم بکەمەوە ل٥٢٧» «دەمەوێت وێنەی لاشە هەلاهەلاکەم بگریت و پیشانی حاکمە تازەکانی ئەنکەرەی بدەیت، بۆ ئەوەی بزانن ئەم سەرزەمینە هێشتا ترسناکە، دەبێت لاشەکەم شاهیدی ئەوە بێت کە دڕندەکان ماون و دەشێت ڕۆژێک لە ڕۆژان بگەڕێنەوە و پەلامار بدەن. هەمان لاپەڕە»

ئیتر شێوازی خۆکوشتنی تاریق ئاکانسو، یان ڕاستتر کوشتنی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە لایەن عەلی ئیحسانی کوڕییەوە بە وردیی و درێژیی لە لاپەڕە ٥٢٧-٥٢٨ دا باسکراوە، بەڵام ئاخۆ پیاوێک هەیە خۆی بە قارەمان بزانێت نەخۆشیی دەروونییشی نەبێت و عاقڵ و ساغلەم بێت و بەو شێوەیە کۆتایی بە ژیانی خۆی بهێنێت؟ بۆچی ڕێگا براوە هەر دەبێت بەو شێوەیە کۆتایی بە ژیانی خۆی بهێنێت؟ ئەی کوڕ هەیە بەو شێوەیە فەرمانی باوکی جێبەجێ بکات؟ یان بەو شێوەیە دەستبەرداری باوکی بێت؟ بە مەرجێک ئەمیش ساغ و سەلیم بێت؟ ئەمە ئەو شتەیە پێی دەڵێن «مومکین موستەحیل نەک موستەحیل مومکین» بە قەولی ئەرستۆ. ئەمەیە کە ڕۆماننووس کارەکتەر دەکات بە سەربازی شەترەنج و خواست و ویستی خۆی بەسەردا دەسەپێنێت.

* ئێستا با بێینە سەر شێوازی لەتوپەتکردنی لاشەکەی تاریق ئاکانسو، شتی نامەعقول و موستەحیلی زیاتر دەبینین:

«لاشەکە وا هەڵوەشاو و لێکترازا و بوو پێدەچوو دەیان قەساب یاخود ئاژەڵی دڕ پێکەوە پەلاماریان دابێت و ئیشیان لە لەتوکوتکردنیدا کردبێت. لێکترازانی ئێسکەکان لە کاری گیانەوەری زۆر بەهێز دەچوو، ... وەک کۆمەڵێک پڵنگ، گورگ ... ل٥٤١»

هەرچەند بکەین ناتوانین ئەم دیمەنە بهێنینە پێش چاوی خۆمان، ئاخر بە خەونیش کاری کردە نییە، ئەم دیمەنە بهێنینە پێش چاوی خۆمان. ئەمە دیمەنێکی کۆمیدیش دەرناچێت؟ ئێستا با هەندێ پرسیار بکەین:

باشە نووسەر دەیان بە چەند تێگەیشتووە؟ دەیان یانی دە هەتا نەوەد و نۆ (١٠-٩٩) نەوەد و نۆ قەساب بێنین و پارەی باشیشیان بدەینێ و بڵێین لاشەی ئەم زەلامەمان بۆ لەتوکوت کەن بە شێتمان نازانن و گاڵتەیان بە عەقڵمان نایەت؟ باشە وا بەپارە ڕازیمان کردن و گوتیان باشە. مادەم نووسەر دەڵێت: «پێکەوە پەلاماریان دابێت» باشە چۆن ئیش بکەن؟ ئاخر چۆن جێگایان دەبێتەوە؟ چونکە نووسەر ڕێگە نادات بە سەرە ئیش بکەن؟ باشە ڕۆماننووس خوێنەر بەچی دەزانێت بە چواڕپێ؟ ئاخر ئەمە نەک هەر موستەحیلی موستەحیلە. گاڵتەکردنیشە بە عەقڵی خوێنەر. چونکە یەک قەساب بەسە بۆ ئەوەی بە دوو سەعات لاشەی یەک گامێشت بۆ لەتوپەت بکات، زۆر لەو پارچانەی لاشەی تاریق ئاکانسوش وردتر کە نووسەر باسیان دەکات.

مەسەلەیەکی سەیرتر کە هەرگیز ناتوانین بیهێنینە بەرچاوی خۆمان. شوکر نووسەر دڕندەکانی بۆ دیاری کردووین و تێکەڵی و پێکەڵییەکی لەوەشدا کردووە کە هەر خۆی سەری لێ دەردەکات. بەڵام من تەنیا باسی کۆمەڵە پڵنگ و گورگەکە دەکەم.

باشە ئەوا توانیمان بە زەبری پارە نەوەد و نۆ قەساب، یان کەمتر لەوەش کۆبکەینەوە، ئەی بە چی نەوەد و نۆ پڵنگ، یان گورگ، یان کەمتر لەو ژمارەیەش کۆبکەینەوە؟ ئاخر ڕەوە پڵنگ، یان گەلەگورگ خۆی بکوژێت ناگاتە بیست دانە. سروشتی خۆیان وایە و ناتوانین سروشتی ئاژەڵان دەسکاری بکەین، ئەوانەی نووسەریش باسیان دەکات ئازادن و لە باوەشی سروشتدان. لە باخچەی ئاژەڵانیش ئەو ژمارەیە پێکەوە کۆناکرێنەوە. کەواتە ئەمەشیان موستەحیلی موستەحیلە و زیادەڕەوییەکی ئەوەندە سەیرە مایەی پێکەنینە.

کورتەی قسە ئەوەیە نووسەر لە کارەکتەر و کارەکتەرسازیدا سەرکەوتوو نەبووە، بە کەیفی خۆی یاریی بە کارەکتەر دەکات. ویستی خۆی بەسەر کارەکتەرەکانیدا دەسەپێنێت و حساب بۆ خوێنەر ناکات.

**٥- درێژدادڕیی یان بە زۆر درێژکردنەوە:**

ئەگەرچی دەقی ڕۆمان ئەو دەرفەتە بە ڕۆماننووس دەدات وردەکاریی شتەکان باس بکات

**“ دەبێت ڕۆماننووس ئەوەی باش لەیاد بێت، کارەکتەر سەربازی شەترەنج نییە بە کەیفی خۆی هەڵی سووڕێنێت و یاریی پێبکات، کەی ویستی بە کوشتنی بدات، کەی ویستی بیکات بە وەزیر ”**

> ئەگەر بەم چاوەوە سەیری داگیرکردنی تاریکی بکەین، هەر زوو هەست بەوە دەکەین ئەم ڕۆمانە بە زۆر درێژکراوەتەوە و یەک دنیا شتی تێدا دووبارە کراوەتەوە کە پێویست نین

و بە وردی باسی ڕووداو و کارەکتەرەر و کەشوهەوای ڕۆمانەکەی بکات، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە ڕۆماننووس بە زۆر ڕۆمانەکەی درێژبکاتەوە و ببێتە هۆی بێزارکردنی خوێنەر و وای لێبکات بە خێرایی بەسەر لاپەڕەکانی ڕۆمانەکەدا باز بدات یان هەتا دەستی دەگرێت ڕۆمانەکە توورِ بدات. ئەگەر بەم چاوەوە سەیری داگیرکردنی تاریکی بکەین، هەر زوو هەست بەوە دەکەین ئەم ڕۆمانە بە زۆر درێژکراوەتەوە و یەک دنیا شتی تێدا دووبارە کراوەتەوە کە پێویست نین باری شانی ڕۆمانەکەیان قورس کردووە. ئەم ڕۆمانەی بە (٧٢١) لاپەڕە نووسراوە بە دڵنیاییەوە ئەگەر ئەو هەموو شتە زیادەی تێدا نەبوایە بە (٤٠٠)لاپەڕە دەنووسرا. دەتوانین سەدان نموونە بخەینە بەرچاوی خوێنەر بەڵام ئەمانە بەسن:

* لە هەندێ جێگادا دیوارەکانیان بنەگیر و ڕاگرتر کرد.ل٣٨

* چەپەکان لە هەموو تەرز و چەشنەیەک لە ماڵی ئەودا کۆدەبوونەوە. ل٤٤

* سەردانی بەرپرسانی ئاموزش و فێرکاریی کرد.ل٥٥

* وەک بڕیاری لێدابوو هەر دەستی بەقسەکردن کرد. ل٧١

* دەبێت ڕوحی ئیمپراتۆییەتی عوسمانی و تورکچێتی بکەین بەیەک ئاوێتەی تێکەڵا و پتەو .٧٣

* سەرەتای سەرەتا وەزیری تەندروستی خۆی یەکەم کەس بوو بیریکردەوە ل.٨٠

* ئەویش سەراسیمە و سەرسام مابوو.٨١

* ئەوانە لە ژێر لێوەوە سامییان بە فیشاڵچی و خۆدەرخەر و خۆنوێن ناودەنا.ل.٨٤

* ئەوە یەکەم جار بوو تاریق بە ڕوونی و ڕۆشنی لەگەڵ کوڕەکانیدا بدوێت.٩٩.

* پڕبوو لە تەمتومان و ناڕوونی.ل.١٣٥

* داوای لە جەوهەر و خێزانەکەی کرد یارمەتیبدەن و کۆمەکیبکەن.ل.٢٦٩

* لەگەڵ هەموو ئاگاداری و ورياکردنەوەیەکدا ئارسین و بڕیاریدا بمێنێتەوە.٢٧١.

* وەیش تاریق بۆ هێندە وەسواس و دوودڵێت.ل٢٨٢

* شێتخانەکە جێگایەکی لەبیرکراو و فەرامۆشکراوە. ل٥٧٤

* بتوانێت ڕوون و ڕۆشن بیر بکاتەوە.ل٥٨٣

*بەڵام غەمگین و ئەفسوردە قسەیدەکرد.ل.٦٠٨

* کێت هەیە بنسایەیەکت بداتێ و پەناو پەسێوێکت پیشانبدات.٦٤٦

* چاوانی ئارسین لەترس و واقوڕمان و حەپەسانا کرابوونەوە.ل.٦٦٦

**٦- لاوازیی زمان لە ڕۆمانەکەدا:**

بەڕاستی کاتێ بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە لە زمانی ئەم ڕۆمانە ورد دەبیتەوە و دەبینیت دوای (دە) ڕۆمان نووسراوە و ڕۆماننووسەکەشی تەمەنی لە (شەست) ساڵ زیاترە، تەواو نائومێد دەبیت و ئومێدت بەوە نامێنێت ڕۆماننووس بتوانێت لە داهاتوودا بە زمانێکی بەهێز ڕۆمان بنووسێت، کاتێ خوێنەر ڕۆمانەکەی دەخوێنێتەوە فێری زمانێکی ڕەوان بێت، چونکە ڕۆماننووس بە زمانێکی وەها لاواز ڕۆمانەکەی نووسیوە، هەندێ جار لە زمانی ڕۆژنامە و میدیای کوردی نەزانەکانیش خراپترە، هەڵەی وای کردووە، لەوە ناچێت هەر سەرنجی فەرهەنگی کوردیشی دابێت و هەر خۆی و زاکیرەی خۆی کردووە بە سەرچاوەی زمانی ڕۆمانەکەی با کۆمەڵێ نموونە بهێنینەوە:

**یەکەم: کوردی سەیر و بێمانا:**

* هەستیکرد زمانێکی تر لە ناویدا لە دایکدەبێت.ل٩ (نازانم یانی چی ناوەوەی مەبەستی کوێیەتی؟)

* ئەو کۆمۆنیستە نەفرەت لێکراوانەی دەیانەوێت تورکبوون لە شۆربای نیگایەکی کۆسمۆپۆلیتیدا بتوێننەوە.ل٣٥ (کەس نازانێ مانای چییە؟)

* هەڵکوتێتە نێوان قسەی ئەوانی دییەوە.ل٤٨ (گوایە مەبەستی خۆتێهەڵقورتاندنە، بەڵام هەڵکوتانەسەر قەت بۆ ئەم مەبەستە بەکار نایەت)

* من چۆن کوردی قسە دەکەم. ل٥٣ (دەیان جار ئەم ڕستەیەی ئاوا نووسیوە و قەت ناڵێ بە کوردی یان بە تورکی قسە دەکەم!!!)

* بەڵێ کوردی بوونی نییە... بەڵێ بوونی نییە. ل٦١ (ئەمە دووبارەکردنەوەی شێوازی تازە مۆدیلی ڕۆژنامەنووسی نەخوێندەوارە.)

* پیرێژنەکە پەڕییە نێوان قسەکان. ل٦٥ (من وای لێک دەدەمەوە پیرێژنەکە خۆی هەڵدابێ!!!)

* ئاوقای زیندانیشی دەکەن. ل٦٦ (دووکەس پەلاماری یەک دەدەن ئەوە ئاوقابوونە، نەک کەسێک بخەیتە زیندانەوە)

* مامۆستاکانی ناوچەکە بە هەموو جۆرە ڕاخورین و گاڵە و گیڤێک بترسێنێت.ل٧١. (یانی چی؟ هیچ لەم ڕستەیە تێنەگەیشتم.)

* دەبێت ئیشی وەرگێڕان بۆ وەزیر بکەیت.ل٨٢ (من بەمە دەڵێم کوردی ناو پاکەت!! ئاخر ئەمە ڕستەی ڕۆماننووسێکی بە ئەزموونە؟)

* ئەوەتەی هاتبوونە دیاربەکر، عەلی ئیحسان شەوی وا خۆشی نەبوو بوو.ل٨٥ (گوایە دەیەوێ بڵێ شەوی وا خۆشی بەخۆیەوە نەدیبوو!!)

* بەڵام وەها لە زنجیردا بەستبوویانەوە جوڵەی بۆ نەدەکرا.ل٨٦ (من وای لێک دەدەمەوە قەفەزەکەی زنجیر بێت نەک ئاسن، گوایە دەیەوێت بڵێت بە زنجیر بەستبوویانەوە!!)

* عەلی ئیحسان خەندەیەکی گرت و گووتی.ل٨٩ (دەیان جار ئەم خەندەی گرتەی دووبارە کردۆتەوە وەک ئەوەی خەندە ڕەسم بێت و بیگرێت!!)

* زرمەی تەلەفۆنەکە ڕاپێڵەکاند.ل١٠١ (تەلەفۆن و زرمە؟ زرمە بۆ شتێکی قورسە لە شوێنێکی بەرز بکەوێتە خوارەوە، یان کەسێک لەپڕ لە کەسێک بدات، دەڵێت زرمەم لێهەڵساند، هەرگیز بۆ دەنگ نابێت)

* لە ئامێرێکی نیشاندانی فیلمەوە سەیری فیلمی «شارلۆک هۆڵمز لە نیویۆرک»ی ڕۆجەر مۆری دەکرد.ل١٠٣ (خوایە دەبێ ئامێرەکە چی بێت؟ خۆێنەر دەبێت فاڵی بۆ بگرێتەوە و بزانێت سینەمایە؟ تەلەفزیۆنە؟ ڤیدیۆیە؟)

* هیوادارم بتوانم بە ئەرکەکانی خۆم هەستم.ل١١١. (ئەمە عەرەبییە کە دەڵێت- اقوم بواجبی!!)

* لە ئەسانسۆرێکی گەورەدا بردی بۆ قاتی دوو.ل١١١ (من وای لێک دەدەمەوە ئەسانسۆرەکە قەفەز بێت، یان کارتۆن بێت. پاشان ئەسانسۆری گەورە یانی چی؟)

* هەم خۆی لە بۆنی خۆش هەڵدەکێشا و ...ل١١٧ (من وای لێک دەدەمەوە بۆنە خۆشەکەی کردبێتەوە حەوزێکەوە و مەلەی تیاکردبێت.)

* خۆشبەختییە شکارێکی وا لە نسیبتان بێت.ل١٢٣ (گوایە دەیەوێ بڵێ بە نسیبتان بێت!!)

* قەلەباچکەیەک بە زمانی قەلەباچکەکان دەبێت قەلەباچکەکان تێبگەیەنیت، ئیدی نابێت قەلەباچکەکان بە زمانی قەلەباچکەکان قسە بکەن.ل٢٠٥ (پێنج جار وشەی قەلەباچکە هاتووە بەبێ ئەوەی جوملەیەکی موفید بدات بە دەستەوە. ئەمە زمانی ڕۆماننووسێکی بە ئەزموونە!!)

* لە دەرپێ و فانیلەیەکدا بێدەنگ دادەنیشت و ل٢١٧ (گوایە دەیەوێت بڵێت بە تویێ دەرپێ و فانیلەیەک دادەنیشت!)

* کچەکە بە زیاد لە بیست وەشانی خەنجەر لە شوێنی جیا جیای جەستەیدا پێکرابوو. ل٢٢٣ (گوایە دەیەوێت بڵێت کچەکە زیاتر لە بیست خەنجەری لێدرابوو. پێکران بۆ گوللە دەبێت نەک بۆ خەنجەر)

**کاتێک ئەم ڕستانە دەخوێنیتەوە تووشی سەرسوڕمان دەبیت. پێش هەموو شتێک ئایا مرۆڤ بەدەست خۆیەتی بیر لەچی بکاتەوە و بیر لەچی نەکاتەوە؟**

* یەکەم شت کردی بە دەنگێکی زۆر بەرز دایە قاقای پێکەنین. ل١٤٢ (بێگومان قاقای پێکەنین بە دەنگێکی زۆر بەرزە، ئیتر چ پێویست دەکات بڵێت بە دەنگێکی زۆر بەرز؟)

* خۆیان لە جلکی ڕەش هەڵکێشابوو.ل١٨٨ (وای وێنا دەکەم جلوبەرگەکە قوڕەڕەش بێت!)

* سمێڵێکی بابری ڕەشی هەبوو.ل٢٠١ (یان من کوردی نازانم یان شتی وام نەبیستووە، سمێڵ بابڕ یانی سمێڵ زل، ئیتر بەو شێوازە نەهاتووە)

* ئەو ڕۆژە سێ برا نێرینەکەی سەلمایان لە گوندەوە ڕاپێچی زیندانی دیار بەکر کرد. ل٢٢٣ (نازانم چی لەسەر ئەم ڕستەیە بڵێم؟ یانی چی سێ برا نێرینەکەی؟ دەبێت برای مێینەش هەبێت؟ ئاخر منالی یەکی سەرەتاییش دەزانێت برا نێرینەیە!!)

* وەک چۆن سەگ گووی خۆی دەشارێتەوە ئاوا بیشارێتەوە. ل٢٢٧ (پشیلە گووی خۆی دەشارێتەوە، یان سەگ؟ خاک

بەسەر خوێنەری داماو؟)

* لە چاکەت و پانتۆڵێکی ڕەشدا لە پاڵییەوە وەک بیر لە شیکاری پرسیارێکی حیساب بکات دەستی خستبووە ژێر چەناگەی.ل٢٣٢ (گوایە دەیەوێت بڵێت چاکەت و پانتۆڵێکی ڕەشی لەبەردا بوو. پاشان-بکاتەوە-نەک بکات.)

* بەڵام هانم هەمیشە فنجانە قاوەکەی توند دەگرت و کورت چاوی دەنوقاند و بە دەنگە ناسک و ژنانەکەی دەیگوت. ل٢٣٥ (ئەمیش ڕستەیەکی سەقەت و لاوازە. کورت چاوی دەنوقاند گوایە دەیەوێ بڵێت کەمێک چاوی دەنووقاند!! بە دەنگە ناسک و ژنانەکەی!! ئێ بێگومان دەنگی ژنانەیە، دەتەوێ دەنگی ناسک بێت و پیاوانە بێت!!)

* ژنێکیان هێنا تورکی باش دەزانی ... پێنج دێڕ دوای ئەمە دەڵێت: کیژەکە دیسان هەر بە کوردی وەڵامیدەدایەوە. ل٢٥٧ (ئێستا نەمانزانی ژن بوو یان کچ؟؟)

* دەبێت کوڕەکەی پەنای بردبێتە بەر ماڵی ئەم ئەسپفرۆشە و لەوێ کۆمەک و داڵدەی وەرگرتبێت.ل٢٧٠ (ئەم ڕستەیە دوو کردار وەردەگرێت و بەم شێوەیە کورت ناکرێتەوە و ئاوای لێدێت: لەوێ داڵدەیان دابێت و کۆمەکیان کردبێت)

* خواردنی بکات بە دەمەوە و فرمێسکەکانی بۆ وشکبکاتەوە. ل٢٧١ (دەبێت فرمێسکەکانی بۆ بسرێت، دەنا ئەگەر بیەوێت فرمێسکەکانی بۆ وشک بکاتەوە دەبێت -مجفە- بەکاربێنێت)

* ڕۆژی دوایی دکتۆر ئاکانسۆ و بوکەکەی چوون بۆ یەکێک لە دوورگەکانی نزیک ئەستەنبوڵ و دوو هەفتە لەوێ مانەوە. ل٢٨١ (بە ڕستەکانی پێشەوەدا دەزانین لەگەڵ ژنەکەیدا چووە بۆ ئەستەنبوڵ. بەڵام ئەم دەڵێ بووکەکەی دیارە بووکەکەی دەبێت ژنی کوڕەکەی بێت.)

* زەکی ڕەزا پاڵتۆیەکی ئەستووری درێژ، کڵێتەیەکی فەرووی زل، ملپێچێکی خوری ئەستووری لەبەردابوو،ل٤٢٩ (پێشان باسی ئەوەم کرد چۆن درێژدادڕیی دەکات، کەچی لێرەدا دەیەوێ هەموو شتێ کورت بکاتەوە و دیمەنێکی کۆمیدی نیشان دەدات و لە جیاتی سێ کردار یەک کردار بەکار دێنێت. ڕستەکە وای لێ دێت: زەکی ڕەزا پاڵتویەکی درێژی لەبەردابوو، کڵێتەیەکی فەرووی زلی کردبووە سەری یان لەسەردا بوو، ملپێچێکی خوری ئەستووری کردبوو ملی یان لە ملدا بوو.)

* پاسەوانانی بەر دەرگا لە هەموو شوێنێک کێشەیەکی شەخسییان لەگەڵ مندا هەیە. پشکنینێکی وردم بۆ دەکەن... فەرمانی مەئمورییەتییەکەیان سەیر کرد و پشکنینان بۆ کردم. ل٤٣١ (بەم شێوەیە خوێنەری داماو فێری کوردی دەکات. گوایە ئەمە مەبەستی تەفتیشە دەبێ بڵێت بە وردی دەمپشکنن کەچی وا دەکەوێتەوە کە فەحصی بکەن، ئەمەش ئیشی دکتۆرە نەک پاسەوان!!)

بۆ ئەوەی نووسینەکە زۆر درێژ نەبێت وازم لەو نموونانەی (٣٠٠) لاپەڕەی کۆتایی هێنا، کە دیاریشم کردبوون، خوێنەر ئەگەر کەمێک ورد بێت دەیان ڕستەی دیکەی سەیر و بێماناتر دەدۆزێتەوە.

**دووەم: زمان و پەرەگرافی ڕۆژنامە:**

نووسەر لە هەندێ شوێندا ئەوەندە پەرەگرافی لاوازی نووسیوە دەڵێی ڕۆژنامەنووسێکی تازەکارە و هیچ لە زمانی کوردی نازانێت. بۆیە من ئەم پەرەگرافانە بە زمان و پەرەگرافی ڕۆژنامە ناو دەبەم کە ئەوەندە سەقەت و لاوازن مرۆڤ تووشی سەرسوڕمان دەبێت نووسەرێک دوای (١٠) ڕۆمان بەو شێوە لاواز و سەقەتە بنووسێت. با چەند نموونەیەک بهێنینەوە:

«دوای گەیشتنی تاریق ئاکانسو بە ناوچەی دیار بەکر بە ماوەیەک، ئیدی هێدی هێدی دەستیکرد بە چالاکی گەورە و ئەنجامدانی کۆبوونەوەی فراوان. یەکەم کۆبوونەوەیەک کە ئەنجامیدا لەگەڵ بەرپرسانی بەشی فێرکردن و پەروەردە بوو. کۆبوونەوەکەیان لە هەوایەکی کراوەدا ئەنجامدا ل٦٩»

لە چوار دێڕدا سێ جار وشەی (ئەنجامدا)ی بەکارهێناوە کە

> **بە زمانێکی وەها لاواز ڕۆمانەکەی نووسیوە، هەندێ جار لە زمانی ڕۆژنامە و میدیای کوردی نەزانەکانیش خراپترە**

وشەیەکی نەشیاو و زیادە و لە زمانی فارسییەوە پەڕیوەتەوە ناو زمانی کوردی و ڕۆژنامەنووسی نەشارەزا زۆر بەکاریدەهێنێت، زۆرجار ئەم ئەنجامدایە لابەریت هیچ لە ڕستەکە ناگۆڕێت. ئێستا ئەنجامدای یەکەم و سێیەم لابەرە بزانە چی دەگۆڕێت؟ ئاخر ڕۆماننووسێکی بە ئەزموون چۆن لاسایی ڕۆژنامەنووسە تازەکارەکان دەکاتەوە؟

«سەربوردی هەڵهاتنی، تێکەڵبوونی بە کوردەکان، ڕزگارکردنیان بۆ دەستنووسەکان، سەردانی پڵنگی تینوو، خەوتنی لەگەڵ جەواهیری گۆرانیبێژدا، ئەو کتێبانەی لە ئەڵقەی کتێب خوێندنەوەکەدا ڕانانی بۆ کردبوون، ل٤٨١»

«لەو ساڵانەدا تاریق ئاکانسو بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدابوو بگەڕێتەوە بۆ ڕیزی پێشەوەی سیاسەت ل٤٨١»

«ئەوانەشی بە ڕێگاوە بوون پاڵتۆی ئەستوور و کلێتەی زل و بەردەماغی ئەستووریان پۆشیبوو... پێنج کەس بەرەو رووی هاتن. پێنج کەس، هەر پێنجیان تا سەرما دەمولووتیان نەتەزێنێت بەردەماغیان بەستبوو، کلێتەی خوریی ڕەشیان لەسەریان چەسپاندبوو، هەر یەکەیان چاکەت یان پاڵتۆیەکی ئەستووری پۆشیبوو.ل٤٩٠»

«ئەو دیوارەی باوکی بەرزیکردبووەوە تەنیا لەسەری خۆیدا بوونی هەبوو، دیواری وا لەسەر ورچەکەدا بوونی نەبوو. ل٥٢٦»

«هەردووکمان لێدەگەڕاین ئەوانیتر کاری کوشتنەکەمان بۆ ئەنجامبدەن. ل٥٦٤»

«بەرپرسی دەیان کاری کوشتن بوو.ل٥٩١»

ئێستا دەبوو یەکێک یاری بە ژیانی خۆی بکات و هەوڵ بدات بچێتە دەرێ و ڕیزێک یان دووان ئاگر بدات.ل٥٩٨»

«دەمودەست هەستی بە گورزێکی بەهێزکرد لەسەر دەموچاوی.ل٥٩٩»

«سۆزی بۆ سەرنشینانی شێتخانەکە پیشان نەدابوو. ل٦٠٣»

«یولداش وا قسە مەکە وەک فیشەک وەشێنێکی شارەزا بیت. ل٦٣٣»

«بۆ شەڕێکی وەها بە جۆرێک چەکرێژ نەبوون دڵخۆشکەر بێت. ل٦٦٢»

«هەموو لەشی جێ فیشەک بوو.ل٦٦٦»

«بەڵام فیشەکەکە لە خەندەکانی خێراتر بوون...ل٦٧٠»

نامەوێ کۆمێنت لەسەر ئەو نموونانەی سەرەوە بنووسم، لێیان دەگەڕێم بۆ خوێنەر خۆی سەرنجی ئەو ڕستە لاواز و سەقەتانە بدات. تەنیا لەسەر ئەم دوو ڕستەیەی کۆتایی قسە دەکەم. دەپرسم نووسەرێک خاوەنی دە ڕۆمان بێت، مەعقولە جیاوازی لە نێوان فیشەک و گوللەدا نەکات؟ فیشەک بە قەوان و گوللەکە دەگوترێت پێکەوە. ئەوە سەرەتاییترین زانیارییە و ئەوەندە بەسە سەیری دیمەنی کوشتنی فیلمێکت کردبێت بۆ ئەوەی بزانیت فیشەک لە دوو بەش پێک دێت قەوانەکەی و گوللەکە. هیچ چەکێک نییە بە کاملی فیشەکەکەی لێدەرچێت و لە نیشانە بدات، هەموو چەکێک قەوانەکەی فڕێدەداتە لاوە و گوللەکەی دەردەچێت. ئیتر یانی چی هەموو گیانی جێ فیشەک بوو؟ فیشەکەکە لە خەندەکانی خێراتربوون؟

**٧- بەکارهێنانی وشەی فارسی وەکو کوردی:**

تێناگەم بۆچی نووسەری ڕۆمانەکە چەندان وشەی فارسی لەناو دەقەکەیدا بەکارهێناوە و بە ڕێنووسی کوردی نووسیونی. بەشێوەیەک ئەو وشانەی داناوە وەک ئەوەی کوردی بن. بێگومان ئەوانەی زمانی فارسی نازانن تەقەی سەریان دێت و مانای ئەو وشانە نازانن، ئەوانەشی فارسی دەزانن تێدەگەن ئەو وشانە شیاو نین و هەندێ جاریش مانای پێچەوانەیان هەیە. پێم وایە ئەم چەند وشەیە وەکو نموونە بەسن:

❊ سێبەری دوو پیاوی لەندەهوور-ل١٨٨ لەندەهوور-ل٣٢١ فارسییەکەی (لندهور-شخص بلند قد و قوی هیکل. سەرچاوە: واژەیاب).

❊ تۆ پەیمانم دەدەیتێ کۆمەکم بکەیت؟ ل١٩٩: فارسییەکەی (کمک-استعانت-اعانت- امداد- حامی. سەرچاوە: واژەیاب).

❊ لەگەڵ ڕووسپییەکدا خەریکی فیسق و عەیاشییە ل٢٦٤ فارسییەکەی (روسپی- زن بدکار- بدکارە- فاحشە- زانیە. سەرچاوە: فرهنگ عمید). (لەڕاستیدا ئەم وشەیە لە کوردیدا مانایەکی تەواو پێچەوانەی هەیە و لە فارسیدا بە مانای سۆزانی دێت، بەڵام لە کوردیدا بە ژنی بە داوێنپاک دەگوترێت- لە کوردیدا وەکو دوعای خێر بۆ ژنێک کە ئیشێکی باشی کردبێت دەگوترێت- ڕووسپی بیت، هەروەکو دەشگوترێت ڕووسوور بیت)

❊ هەندێک دارووی خستە سەرمێزەکە ل٣٧٧. فارسییەکەی (دارو-دوا- درمان-علاج. واژەیاب).

**"ئایا ئەم ڕۆمانە بۆ نموونە: باشتر لە ڕۆمانی (ئاغاکانی ئاقچەساز) ی یەشار کەمال باسی بە قوربانیبوونی کورد دەکات؟"**

# تێگەیشتنم بۆ (ڕاستییەکی ڕەها)ی (حەمە عەباس)ی شاعیر

ڕەزا سەید گوڵ
بەرزنجی



لە ژمارە (٢)ی گۆڤاری (دیوان)دا چەند شیعرێکی (حەمە عەباس)ی شاعیر لەژێر ناوونیشانی (ڕاستییەکی ڕەها)دا لە لاپەڕەکانی ٦٤-٦٥ بڵاوکرابۆوە، کە هیچیان مێژووی نووسینیان دیار نییە، دوای خوێندنەوەی، بەجارێک لێی تێر نەبووم، وایکرد سێ چوار جاران پێیدا بچمەوە و بیانخوێنمەوە، پاش ماوەیەک دیسان گەڕامەوە سەریان و چەند جارێکی دیکە دەور و خوێندنەوەم بۆکردنەوە، شیعرەکان بریتی بوون: (ڕاستییەکی ڕەها، شوێنێک بۆ مردن، بارێکی قورس، قەڵەمێکی دار، شتیکی دیکە، منم باڵندە باڵشکاوەکە) شەش شیعرن هەڵوەستەیەکیان پێکردم و کاریگەرییەکی تەواویان لەسەر هەست و دەروونم دانا، بووە مایەی ئەم نووسینەش:

**١- (ڕاستییەکی ڕەها)**

**خەون دەتریقێتەوە**

**ژیان لەجاران ڕەشتر دەچێتەوە**

**ڕەش ڕەنگی مردن نیە**

**دڵنیام ڕەش ڕەنگی مردن نیە**

**دەکرێ مردن جوانتر بێ**

**لە ڕەش**

**سوور**

**سپی**

**هەموو ڕەنگەکانی دی**

**"شاعیر پەی بە نایەکسانی و ناعەدالەتیی خوا بوودەڵەکانی سەر زەوی بردووە"**

شاعیر ژیان بە خەون دەچوێنێ و خەونیش چەند چرکەیەکە و کۆتایی دێت، ژیانیش لە خەون دەچێت و کۆتایی دێت، ئەم خەونەش درێژ و کورتی و مامناوەندیشی تێدەکەوێت، ژیان ئەگەرچی خۆشی و تریقانەوەی هەیە، جاری واش دەبێت وەک خەونێکی جڕناوفڕنای لێدێت، پڕ دەردەسەری و خەم دەبێت، دەخوازیت زوو ببڕێتەوەو کۆتایی بێت.

لە کوردەواری و لە هەموو کۆمەڵگەی دنیاشدا ڕەنگی ڕەش هێما و نیشانەی خەم و حوزنە، بە تایبەتیش لە کارەسات و مردندا، لە کارەسات و کۆستکەوتندا جلوبەرگی ڕەش دەپۆشرێت، یان بە لایەنی کەم بۆینباخی ڕەش دەبەسترێت.

کەچی شاعیر کە دەڵێت: (ژیان لە جاران ڕەشتر دەچێتەوە) ئەو ڕەنگە بە ڕەشیەکەی خۆی نابینێت و لە ناوەخنی ڕەنگەکەدا ڕەنگێکی دیکە دەبینێت و گەشبینییەک دروست دەکات، ڕەنگێکی دیکە لە ئاوێزانی ڕەشیەکەدا دەبینێت، کە لای ئەو ڕەنگی ڕەش هێمای مردن و خەم و دڵتوندی دەگەیەنێ، مردن لای ئەو لە ڕەنگی ڕەش و سوور و سپی و هەموو ڕەنگەکانیتر جوانترە، دەبێ بپرسین بۆ؟ لەبەرئەوەی مردن یەکسانیخوازییەکی تێدایەو گەورەو بچووک و پاشا و گەدا ناناسێت، جیاوازی لەنێوان هیچ کەسێکدا ناکات، عەدالەت و ڕاستیەکە هەر لای مردن ماوە، ئەوانەیش کە نایەکسانییان بۆ خزمەتکردنی خۆیان پاوان کردووە، قڕقڕتۆکی ئەوانیش دەگرێت و بێ ئەملا و ئەولاکردن چرکەیەکیش مەودایان نادات. ئەوەتا دەڵێت:

**مردن جوانترین ڕەنگی هەیە**

**تەنها مردن ڕاستییەکی ڕەهایە**

**تەنها مردن یەکسانیخوازێکی بێ ئەملا و ئەولایە**

**تەنانەت**

**جیاوازی لە نێوان**

**مرۆڤ و**

**پشیلە و**

**کەر و**

**سەگ و**

**کەلا و گوڵیش ناکات**

مردن کە دەستی بە پاشا و گەدا دەگات، هەر مردنە بە هەموو کەس و شوێنێک دەگات، با لە قەڵای توندوتۆڵ و قایمیشدابن (ولو کنتم في بروج مشدة) هەر لەکن ئەو هەقە ڕەق و تەق و تاڵە، ئەو یەکسانیخوازی و بە یەکچاو تەماشاکردنە ماوە، خۆ شاعیر لە ختوخۆڕاییش هانا بۆ مردن نابات، ئەو تووشی بێئومێدی هاتووە، کەسیک

شک نابات بێت و شۆڕشێک دژی ئەو نایەکسانییە بەرپا بکات، بۆیە لە بێکەسیان هانای بردۆتە بەر مردن و لە ئان وساتی بێئومێدیەکەیدا ئەو لەهەموو ڕەنگەکان جوانتری دەبینێت.

هەر (ئەو)ە جیاوازی لەنێوان پشیلە و کەر و سەگ و گەڵا و گوڵیشدا ناکات. شاعیر پەی بە نایەکسانی و ناعەدالەتیی خوا بوودەڵەکانی سەر زەوی بردووە، ئەوانن بوونەتە هۆی تێکەڵکردنی هەموو ڕەنگەکان و ناشیرین کردنیشیان، جا ڕەنگە ڕەشەکە کە لای زۆران هێمای دڵتوندی و خەمە، لە دژی ئەو بوودەڵانە ناچارە شاعیر جوانتر ببینێ و یان بە واتایەکی تر ڕەنگە ڕەشەکە بە ڕەنگێکی دی کە تەسکینی بە دڵ و دەروونی ئەو دەدات، چونکە دەزانێت ئێستا کەسێک شک نابات جگە لەمردن، یەکسانی بڵاوبکاتەوە.

دەزانێت بۆ ئێستای هەر مردن دەسەڵاتی یەکسانیی هەیە، خۆ مردنیش ڕەشبوونەوەیەکی یەکجارەکییە لەسەر زەویدا، بەڵام پشیی بەوە خۆشە کە ئاگاداری هەمووانە، هێز و دەسەڵاتیکە بەهەموو شوێن و قوژبن و کەس و زی ڕوحێک دەگات، شەرم لەهیچ هێز و کەسێک ناکات، چونکە بۆخۆی هێز و ڕاستییەکی ڕەهایە و هیچ بەربەستێک ڕێی لێ ناگرێت. شاعیر پێمان دەڵێ و دڵی خۆی و ئێمەش بەوە دەداتەوە، ئەو بوودەڵانەی هەر خۆیان دەبینن، ئەوانەی چاوی یەکسانییان کوێر بووە، مێشکیان کولبووە، مردن لە دەرگای ئەوانیش دەدات، ئەوەتا دەڵێت:

**تەنها مردن**



# راستیەکی ڕەها

راستییەکی ڕەها

خەون دەتریقێتەوە
ژیان لە جاران ڕەشتر دەچێتەوە
ڕەش ڕەنگی مردن نییە
دڵنیام ڕەش ڕەنگی مردن نییە
دەکرێ مردن جوانتر بێ
لە ڕەش
سوور
سپی
هەموو ڕەنگەکانی دی
مردن جوانترین ڕەنگی هەیە
تەنها مردن ڕاستییەکی ڕەهایە
تەنها مردن یەکسانیخوازێکی بێ
ئەملاو ئەولایە
تەنانەت
جیاوازی لە نێوان
مرۆڤ و
پشیلەو
کەر و
سەگ و
گەڵاو گوڵیش ناکات
تەنها مردن ئاگای لە هەموومانە
لە دەرگای هەموومان دەدات
خەم لەپیری و
ئازاری بێکۆتاییمان دەخوات
تەنها مردن
شەرم لە خوا بوودەڵەکانی سەر
زەوی ناکات
مردن...

●●●●●

شوێنێک بۆ مردن

ڕووبارێک دەڕوا
خوڕڕەی دێ و
دەبێتە زێ و
لەگەڵ خۆی نامبا
ئەو نازانێ من ماسیم
هەورێک دێ و
ناباریێ و
پێم دەڵێ
ئەم چەترەت بۆ بە دەستەوە
گرتووە
نازانێ من
بە ڕێی ماڵی هەتاودا هاتوچۆ
دەکەم
کەسێک دێ و
سەرنجم دەدزێ و
بێ سڵاو و خواحافیزی
بزر دەبێ
کەسێک نایێ و
کەسێک هاتووەو
کەسێک مردووەو
کەسێک گریانی دەڵێ و
کەسێک بە تەنها
دارەبازەیەکی پەشان داداوەو
دەیەوێ خۆی لە شوێنێک بنێژێ
کەسێک هەیە
شوێنێک نادۆزێتەوە
تێیدا بمرێ

●●●●●

بارێکی قورس

ڕۆژێک مردم
هێندەی نەبرد زیندوو بوومەوە
هێندەی نەبرد
لە زیندووبوونەوە پەژیوان
بوومەوە

حەمە عەباس

64 دیوان ژمارە (٢) تەمموزی ٢٠٢١

**شەرم لە خوا بوودەڵەکانی سەر زەوی ناکات**

**مردن...**

**٢- شوێنێک بۆ مردن**

**ڕووبارێک دەڕوا**

**خوڕڕەی دێ و**

**دەبێتە زێ و**

**لەگەڵ خۆی نامبا**

**ئەو نازانێ من ماسیم**

لە دەستپێک و ناوەخنی شیعرەکەدا، شاعیر ژیان و تەنگوچەڵەمەی ژیانی خۆی بە ڕووبارێک دەچوێنێ، ڕووبارێکی بێ ئامان، ڕووبارێک خوڕڕەی دێت،

> **خەمی شاعیر لەوە دایە کە کەسێک دەبینێت مردنی خۆی بە شان داداوە، ئەوە خەم و کەسەری میللەتەکەیەتی بە شانی خۆی داداوە**

دیارە ڕووبار کە خوڕڕەی کرد لافاوی هەڵساندووە، تووڕە و بێبەزەییە، لەنێو ژیان و گوزەرانێکی سەختدا دەهەژێتەوە کە پڕ لە هاژە و هووژە، ڕووبار چۆن تووڕە و توند دێت و دەیکاتە خوڕڕە و هاژەو دار و بەرد ڕادەماڵێت، شاعیر لەنێو گێژاوی ژیان و گوزەرانکردن و تەوژمی ئاڵۆز و سەختی دەورووبەری غاراوە و بێ (منەت)یشە لە گەف و توندوتیژی و سەختی و نالەباریی ژیان، لەدەور و جەوری زەماندا ئەویش ماسییەکە وەک ئەو ماسیەی کە زێ و ڕووبار هەڵسا و هاژە و هووژ و قۆنگرە و شەپۆل دەکات بێ منەتە و لێی ناترسێ و بەرگە دەگرێت و لەگەڵی دەڕوات، ئەویش لەگەڵ کەشوهەوای ژیان خۆی ڕاهێناوە و غاراوە و بەرگەی شەپۆلەکان و نەهامەتییەکان و کەندوکۆسپەکانی ژیانی گرتووە و خۆڕاگرە و تەڕ نابێت.

لەلایەکی دیکە هەوری بێ باران گاڵتە و قەشمەری بە شاعیر دەکات و دەڵێت چەترت بۆ هەڵگرتووە؟ خۆ من باران و فەرم پێوە نییە، فەڕ و بەرەکەتم لێتان بڕیوە، لێرەدا دیسان شاعیر بێ منەتە، لە هەوریش بێ منەتە و لەو تارماییەش بێ منەتە و ئەویش بەرد لە جێی بەرد دەداتەوە و هەر بە گاڵتەپێکردنەوە دەڵێ من (بەرێی ماڵی هەتاودا دێم و دەچم) بۆ خۆپاراستنە لە تیشکی خۆر نەک تەڕبوون.

شاعیر دەبێ لە ئێش و ئازارەکانی خۆیەوە هەست بە ئێش و دەردی کەسانی دەورووبەری بکات و بە پێچەوانەشەوە، حەمە عەباس لەم پارچە شیعرەیدا، چاوی زوومی کامیرایە و هەناویشی هەگبەی هەڵگرتنی خەمانە و کەسەکان بە نزیک و دوورییانەوە دەیانبینێت و دەیانقۆستەوە و دەڵێت:

**کەسێک دێ و**

**سەرنجم دەدزێ و**

**بێ سڵاو و خواحافیزی**

**بزر دەبێ**

**کەسێک نایێ و**

**کەسێک هاتووە و**

**کەسێک مردووە و**

**کەسێک گۆرانی دەڵێ و ..**

دنیا کاروانسەرایە، دنیای شاعیریش شارەکەی و کۆمەڵگەکەیەتی، کە لەشێوەی بازاڕێکی فراوانە و چێشتی مجێورە و هەموو کەس و بابەتگەلێکی تێئاخنراوە، کەسەکان بەهەموو ڕوواڵەتەکانیانەوە دەبینێ، سەرنجیان دەداتێ و لێیان حاڵیشە، ئەوەی هاتووە و ئەوەی نەهاتووە و ئەوەی نایەت و ئەوەیش کە هاتووە و بەهەر هۆیەکەوە بێت بزر بووە، مردوو و زیندووەکانی دیتوە و گۆرانییەکانیشی بیستوون.

بەڵام خەمی شاعیر لەوە دایە کە کەسێک دەبینێت مردنی خۆی بە شان داداوە، ئەوە خەم و کەسەری میللەتەکەیەتی بە شانی خۆی داداوە، لە حەسرەت دەسەڵات بەدەستەکان کە خۆشیان لەخەڵک زەفت کردووە و هەموو شتێکیان بۆخۆیان پاوان کردووە، ئەم شوێن و ئەو شوێن دەکات، ئەوان دەڵێن ئەوە هی خۆمانە و ئەوەی دەست بۆ ئەمەش ببات وای لەحاڵێ، شاعیر چاوەڕێی شتێکە، کە لەم ئان و ساتەشدا ئەمەی لەکن مەحاڵە، چونکە (شوێنێک نادۆزێتەوە) کە فریادرەسێک بێ و کەسەکە لەو میحنەتە ڕزگار بکات، لێرە ئەگەرچی کەسەکە (تاک)ە بەڵام شاعیر مەبەستی گەل و کۆمەڵگەکەیەتی، ئەو فریادرەسەی بۆ پەیدا بێت و لەو بێ شوێنیە و لەو پاوانکارییە قوتاریان بکات، بۆیە دەڵێت:

**شوێنێک نادۆزێتەوە**

**تێیدا بمرێت**

جاری بێ هیوایە لەوەی کەسێک پەیدابێت و خەمەکانی بۆ لە گۆڕ نێت.

٣- بارێکی قورس

لەناو کوردا ئەو قسە زۆر باوە و زۆر دەگوترێ و دەگوترێتەوە (ڕۆژێ هەزار جاران دەمرم و دەژییمەوە) شاعیریش تاکێکی کوردە و لەو ڕۆژان و لەو هەزار جارانەدا ڕۆژێک مرد، ئەو ڕۆژەش لەو ڕۆژانە بوو کە حەزی بە مردن کرد، چونکە دەرەقەتی بوودەڵەکان نەهاتووە، ئەوجا لە حەژمەت ناگوزووری میللەتەکەی هیچی بۆ ناکرێت، وەک دەستی کەلەبچە کرابێت ناچارە هانا بۆ وشە ببات، چەکی شاعیر وشەکەیەتی، کە دەڵێت: ڕۆژێک مردم، مردنەکەی مەجازییە، لەنێو زیندوویەتی و بێتواناییەکەی و بێدەسەڵاتیدا هەست بە مردن دەکات، کۆستەکەی ئەوەندە لەپێش گرانە و دەروەستیشی نایە، بۆیە بۆی مردووە، ئەگینا مردن یەک جارە و زیندووبوونەوەش لەو دنیا هەر یەک جارە، هەمووی لەدەست بێهیوایی بوودەڵەکان

که ڕوو لەچاکە و خۆگۆڕین نین، ڕۆژانە دەمرێت و زیندوو دەبێتەوە، کە زیندووش دەبێتەوە لەزیندووبوونەوەکە پەژیوانە، کە زیندوو دەبێتەوە ئومێدی چاکبوون و گۆڕین دەکات، کە نامراد دەبێت دەمرێتەوە بۆیە دەڵێت:

**ڕۆژێک مردم**

**هێندەی نەبرد زیندوو بوومەوە**

**هێندەی نەبرد**

**لە زیندووبوونەوە پەژیوان بوومەوە**

تروسکە هیوایەکی بە داهاتوو هەیە و گۆرانی بۆ دەڵێت، هیوا و ئومێدێکی بە داهاتووەوە گرێداوە، کە ئەوەشی بۆ نەهاتەدی، بە سەردوولکە و خەم و خەفەت گۆڕا، هانای بۆ دەسەڵاتی ئاسمان برد، کە ئەویش بە درەنگ کەوت، ناچار بۆ خۆخافڵاندن و لەبیرکردن کەوتە مەینۆشین، تا ماوەیەک بکەوێتە بێئاگاییەوە، بەڵکو لەگەڵ بەئاگاهاتنەوەکەی دنیا بەدڵی ئەو گۆڕابێت!

شاعیر نغرۆی بێئومێدییەکی تەواو بووە، ئەوەی دەیەوێت بۆی نایەتە دی و ئارەزووی پووچ دەکات، بۆیە هەموو ڕۆژێ بۆی دەمرێت و دەژیێتەوە، چونکە ئەوەندە باری نائومێدیی قورس بووە، دایهێناوە و بۆی هەڵناگیرێ:

**باری قورسی**

**ئەم هەموو زیندووبوونەوەیەم**

**پێ هەڵناگیرێ**

هەر سێ شیعری (ڕاستییەکی ڕەها) و (شوێنێک بۆ مردن) و (بارێکی قورس) تەواوکەری یەکدین، مەبەستەکانیان لێک نزیکن، یان هەر سێ شیعرەکە یەک خەم، یەک مەبەست، یان نزیکیەک لە واتا و مەبەستەکەیاندا دەبینرێت، گەرچی مێژووی نووسینیان لەسەر دیار نەکراوە، بەڵام لە ناوەخنی شیعرەکاندا جەور و ستەم و نەهامەتی ئەم ساڵانەی دوایی کە شاعیر خۆی و میللەتەکەی خۆی تێیکەوتووە، هەژاندوویەتی و ژانی پێکردووە، بۆیە پێموایە مێژووی نووسینیان لەو چەند ساڵانەی دوایی دابێت.

**٤- قەڵەمێکی دار**

دەست و پەنجەکانی حەمە عەباسی شاعیر و زۆربەی ئەوانەیش کە فێری ئەلفوبێی نووسین بوون، لە قەڵەمی دارەوە دەستی پێکردووە و ڕاهاتووە:

**قەڵەمێکی دار**

**کە هی سەردەمی منداڵیمە**

**تەمەنم دەنووسێتەوە**

**قەڵەمێکی دار**

**گەڵا.. گەڵا**

**دارو درەختی هەبوونم ڕووت دەکاتەوە**

شاعیر بە بەژن و باڵای قەڵەمە دارەکەی سەردەمی منداڵیدا هەڵدەڵێت و ستایشی دەکات، کە بوێرانە ڕووداوگەلی ژیانی سەردەمی منداڵی ئازادانە و سەربەستانە دەنووسێتەوە، چۆن نووسینەوەیەک، چونکە نووسینەوەکە پەیوەستە بە ژیانی خۆیەوە سانسۆری نییە، پایز چۆن گەڵای دار دادەماڵێ و ڕووتی دەکاتەوە، قەڵەمە دارەکەش پەڕ بە پەڕی ژیانی هەڵداوەتەوە و ڕووداوگەلی تەمەنی بە خۆشی و ناخۆشییەوە، بە شیرین و تاڵییەوە، بە سارد و گەرمییەوە، چونکە مۆرکی ژیانی خۆیەتی و پەیوەستە بە خۆیەوە، ئازادانە هەرچی لەمێشک و هەناویدا پەپکەی کردووە هەمووی هەڵێنجاوە و خستوویەتیە سەر کاغەز.

بەڵام؟!

شاعیر لەم ڕێچکەیەدا لەگەڵ قەڵەمە دارەکە ڕێی بۆ قسەیەک و مەبەستێکی گەورە، زۆر گەورە کە لە هەناویدا پەنگی خواردۆتەوە خۆشکردووە، چونکە گەلێجار ئەوانەی لەنووکی قەڵەم ترساون،

شاعیر لەم ڕێچکەیەدا لەگەڵ قەڵەمە دارەکە ڕێی بۆ قسەیەک و مەبەستێکی گەورە، زۆر گەورە کە لە هەناویدا پەنگی خواردۆتەوە خۆشکردووە، چونکە گەلێجار ئەوانەی لەنووکی قەڵەم ترساون، شکاندوویانە، قورگیان گرتووە، ئازادیی نووسینیان لێ زەفت کراوە

شکاندوویانە، قورگیان گرتووە، ئازادیی نووسینیان لێ زەفت کراوە، ناپلیۆن گوتوویەتی: (ئەوەندەی لە قەڵەم ترساوم، لە تۆپ نەترساوم) دیارە قەڵەمیش چەکی نووسەرانی ڕاستەقینەیە بۆ گوتنی ڕاستی و هەقیقەت، نەک بۆ چەواشە کردن، بۆیە ئاوا لە قەڵەمە دارەکە دەخوازێت:

**قەڵەمێکی دار**

**نازانم بۆ**

**نامکاتە ساقۆ**

**بۆقەڵەمێکیتر**

داوا لـە قـەڵـەمـە دارەکـــەی ســـەردەمـی مـنـداڵـی دەکـات، منداڵیش بە قەڵەم هەموو هێما و وێـنـەیـەک بـێ سـڵـکـردنـەوە دەکێشێت ، وەک گەوران شتان لێک نادەنەوە، نازانم بۆ نامکاتە قەڵەمێکی هـەقـخـواز، داڵـدە و پەناگەیەکی قایم، توند، هێزێکی ســوپــەرمــانــی و تــوانــایــەک سڵکردنەوە نەزانێت لە بەرانبەر مۆتەکەکان، ئـەوانـەی نووکی قـەڵـەم دەشـکـێـنـن، هـەلـێـکـم بـۆ بڕەخسێنێ، دەبێ شاعیر ئەم داوایەی بۆ چ بێت؟! دەبا بزانین:

**شاعیر بێ منەتە، لە هەوریش بێ منەتە و لەو تارمایییەش بێ منەتە و ئەویش بەرد لە جێی بەرد دەداتەوە و هەر بە گاڵتەپێکردنەوە دەڵێ من (بەڕێی ماڵی هەتاودا دێم و دەچم) بۆ خۆپاراستنە لە تیشکی خۆر نەک تەڕبوون**

**تا**

**دڵۆپ .. دڵۆپ**

**ئـــەو ڕووبــــــارە خـویـنـانـە بنووسمەوە**

**کە لەپێناوی عەشقدا دەڕژێن**

**پارچە .. پارچە**

**چیرۆکی ئەو نانانە بگێڕمەوە**

**کە ناگەنە دەمی برسییەکانی دنیا**

دیـــارە شـاعـیـر ئـــەم چـەتـر و پەنا و هێز و قـودرەتـەی بۆ ئـەوەیـە تـا چیرۆکی یـەک بە یـەکـی ڕووداوە خوێناوییە بـاسـنـەکـراوەکـان، زوڵـــم و جـــەورە پـشـتـگـوێـخـراوەکـان و چـــاو لـێـنـووقـێـنـدراوەکـان، ئـەو زوڵمانەی لە زوڵـمـەت و تاریکیدا کراون بنووسێتەوە و ئاشکرایان بکات، چیرۆکێکیش لـێـرە و لـــەوێ لـەدەسـت ئـەو کـەسـانـەی نـان و نـمـەکـیان لەبیرکردووە و نمەک حەرام دەرچـــــوون، ئـــەو نـانـەی کە لەدەست ئەواندایە و نایەڵن بە دەمی برسیەکانی خۆمان و دنیا بگەن بنووسێتەوە.

**٥- شتێکی دیکە**

شیعری (شتێکی دیکـە) بە بـەراورد لەگەڵ شیعرەکانی دیکەی کە قسەمان لەسەر کرد هەر بە ڕاستی شتێکی دیکەیە، لـە سـەرەتـای شیعرەکـەدا نـــەرم ونـیـانـی و بـەهـرە و دەسـتـڕەنـگـیـنـی مـرۆڤـمـان پیشان دەدات و بەهرەکەی شیدەکاتەوە، کە تواناکانیان، یان بەهرە و قودرەتەکانیان لـەمـرۆڤـی ئاساییدا تێپەڕی کـــــــــردووە، مـەبـەسـتـێـتـی ناڕاستەوخۆ پێمان بڵێ ئەمانە فـریـشـتـەن، فـریـشـتـەی سـەر زەوین، بەهرەمەندن، دەسەڵاتی ئاسمان قودرەتی داونـەتێ تا سەردوولکەکانی ژیـان لەڕێی شمشاڵ و نای و زوڕنا و دەف و دووزەلەوە بگۆڕن بە وشەی جوان، عیشق، هـەوا و نـەوا و ئاواز و گۆرانیی خۆش، بەهۆی ئامێرە مـردووەکـان دەنـگ و چریکەی زیندوو بە گوێچکەدا دەدەن و بەرگێکی نوێ بە قەد و باڵای ژیاندا دەکەن.

**مرۆڤ نین ئەوانەی**

**فوو لە قامیشێکی مردوو دەکەن**

**و**

**بە دەنگێکی زیندوو مەستمان دەکەن**

**نا، ئەوانە مرۆڤ نین**

**مرۆڤ نین ئەوانەی**

**سنگیان پڕ دەکەن لە وشە و**

**بە چێژ و**

**جوانی و**

**ئەڤین**

**بسمیلی دەکەن و**

**بەگۆرانی بۆمان هەڵدەڕێژن**

**نا، ئەوانە مرۆڤ نین**

لەکن شاعیر ئەوانەی فوو لە قامیش دەکـەن مرۆڤی ئاسایی نین، چونکە ئەوان لە مردوودا ڕوح دروســتــدەکــەن، شتێکی زیندوو دەخوڵقێنن، پلەی ئەوان لـەهـی مـرۆڤـی تـێـپـەڕانـدووە، ئەوانەیش لەمرۆڤ هەورازتر و باشتر و بە ویژدانتر بن، دەبێ یان پیاوچاک بن، یان فریشتەی سەرزەوی، ئەوانن خەو خۆش دەکـەن و خـــەوزڕان ناهێڵن، چونکە بە دەنگ وئاوازەکانیانەوە ئێش و ئازارەکان، ئاخ و ئۆف لەبیردەبەنەوە.

شـاعـیـر لـەدەسـت هـێـندێ کە ڕوخسار و دیزاینیان لە مرۆڤان دەچــن تــووشــی نـائـومـێـدی و بیهیوایی بووە، داد وبێدادیەتی لە دەستیان:

**مرۆڤ دەبێ**

**هەمیشە خەنجەری تیژ و**

**تفەنگی سوار بێ**

**مرۆڤ دەبێ**

**هەمیشە مووی گڤ و**

**ویژدانی شل و**

**ڕووی لە وانەکانی جەنگەڵ و**

**پشتی لە چراکانی شار بێ**

**مرۆڤ نابێ**

**بۆ ئەوانی دیکە یار بێ**

**مرۆڤ...**

خوێنەر لەم کۆپلەیەدا تێدەگات کە ئەوسیفەتانەی شاعیر داویەتە پاڵ مرۆڤ سیفەتی گورگە نەک مرۆڤ، مرۆڤێک لە یاسا و دەستوور لایدابێت مرۆڤ نییە ، گورگە لەبەرگی مرۆڤدا.

بە مەبەست و ئەنقەست مرۆڤی شەڕانی و بێ ویژدان و توند و تووڕە و تفەنگ سوار و خەنجەر لە کالان هەڵکێشراو، ئەوانەی بۆ قازانجی خۆیان پشتیان لە شارستانییەت و یاسا کردووە و هەر بە ڕەبەی قەرەتەپە دەپێون و هێشتان عەقڵ و دەستووری جەنگەڵ کەپکەی لەنێو کەللە سەریان کردووە و لە تاریکستان دەژین بە مرۆڤیان دەزانێ، یانی ڕاستەوخۆ و ناراستەوخۆ پێمان دەڵێ: ئەمانە مرۆڤ نین. ئەوانەی ژیان دەکەنە عیشق و ئەڤین و گۆرانی، ئەوانن مرۆڤ.

**٦- منم باڵندەی باڵشکاو**

شاعیر لەم شیعرەدا دەمی دووراوە و دەسەڵاتی گوتنی زەفت کراوە و ناتوانێ دەمی گۆرانی گوتن بۆ نیشتمان بکاتەوە، دیارە مردنیان پێنیشان داوە و بەتا ڕازی بووە، خۆی بە فرندەیەک دەچوێنێ فڕینی بیرچووبێتەوە، لەبیرچوونەوەی فڕینیش لە ختوخۆڕاییەوە نایەت، یان باڵی شکاوە، یان ئەوەتا بێ خۆراکی هێزی لێ بڕیوە و باڵەکانی توانای بەرزکردنەوەی کەلەشی نەماوە، یاخود ئەوەندەیان لەنێو قەفەزێکی تەسک و تریسکدا هێشتۆتەوە، فڕینی لێ تێکچووە و لەبیریچۆتەوە.

مەبەست ئەوەیە چاوی لێ زەق کراوەتەوە، سڕیان کردووە، ئازادی لێ زەفت کراوە و ناتوانێ بە نیشتمانیدا هەڵبڵێت بۆیە دەڵێت:

**وەک باڵندەیەک فڕینی بیرچووبێتەوە**

**ناتوانم زارهەڵبێنم و**

**گۆرانییەک بۆتۆ بڵێم**

**ئەی نیشتیمان**

**چەند سەختە نەگوتنی گۆرانی؟**

پرسی بێتوانایی و مەیسەرنەبوونی خواستی دەکاتە باڵندەیەکی باڵشکاو، چونکە ئەوەی حاڵ و گوزەرانی شکستی هێنابێت و گڵۆپی سووری بۆ داگیرسابێت، ئەو هەست بە دەرد و ژانی بەرامبەری دەکات، قسەیەک هەیە باوە: ئەوەی گوللەی پێکەوتبێت، ئەو ئازاری گوللە دەزانێت، زگ برسیش لە دەردی برسێتی هەژار و نەداران دەزانێت و تێدەگات.

شاعیر دەردی بێتوانایی و دەسەڵات زەفت کراویەکەی بە باڵندەیەکی باڵشکاو دەزانێت کە لە ڕەو و کۆمەڵی خۆی دایدەبڕێت، ئاخۆ گەر زمانی گوتنی ببوایە دەبوو چتۆ خەمی دابڕانی خۆی بگێڕابوایەوە.

شاعیر زمانی بەستراوە، یان بەهەر هۆیەک بێت سڕ کراوە، دەنگ هەڵبڕین و گۆرانی گوتنی لێ قەدەغە و بڤەیە، یان زمانی لە گوتنی ڕاستی و هەقیقەت کەوتووە، لەبەر هەندێ دەگەڕێ و پرسیار لەخۆی دەکات: بڵێی کەسێکم دەستکەوێت زمانە لەگۆکەوتووەکەی بدەمێ، ئەوکەسەش دەبێ ئازا و جەربەزە و چاونەترس بێت، هەر هیچ نەبێ ئەوسا دەبن بە دووان، دووانەکەش لە یەکێک بە توانا و بەهێزترن، تا پڕ بە گەروویان گۆرانی بچڕن:

**ئەم پرسیارە**

**تەنها لە باڵندەیەکی باڵشکاو دەکرێ**

**ئێستا من ئەو باڵندەیەم و**

**ئەم پرسیارە لەخۆم دەکەم**

**زمانی خۆم بدەم بە کێ**

**گۆرانیەکی پێ بچڕێ**

شاعیر بە زگماک فێری دەنگ هەڵبڕینە، سینە و گەرووی پڕن لە وشە و گۆرانی بۆ نیشتمان، دەیەوێ وانەی ڕاستی و ڕەها دابدات، بەڵام ئەو گۆرانیەی کە خواستیتی قەتیس ماوە، ئەو ئاوات و مەبەستەی دەیەوێت بۆی ناگەیەندرێ، یان ئەو دەنگ و هاوارەی دەیەوێت بیگەیەنێت لە گەرووی عاسێ دەبێت، پەیڤەکان وشک هەڵدەگەڕێن و بۆی نایێ و ناگوترێ، لەم بارەشدا شاعیر دەست بەخۆیدا شۆڕ ناکاتەوە و دەستەپاچە ناوەستێت، بەڵکو بەدوای فریادڕەسێکەوەیە، بەدوای کەسێکەوەیە کە بەم تاقیکردنەوانەدا ڕەتبووبێت و فێری فڕین بووبێتەوە و ئەویش فێری فڕین بکاتەوە و ئیفلیجیی زمانی چاک بکاتەوە و بە دەنگ و قورگی خۆی گۆرانی بچڕێ! ئەوەتا لە کۆتاییدا دەڵێت:

بەس جارێتر ببمە هەورێک و

نمەیەک گۆرانیم لێ بباری

هەندێک گۆرانی وەک هەنجیر وشک دەکەمەوە

هەڵیاندەگرم بۆ کاتێکی وەک ئێستا

لە کۆتاییدا دەڵێم دەستخۆش حەمە عەباسی شاعیر بۆ خۆت و وشە و ناوەڕۆکی شیعرەکان.

**"شاعیریش تاکێکی کوردە و لەو ڕۆژان و لەو هەزار جارانەدا ڕۆژێک مرد، ئەو ڕۆژەش لەو ڕۆژانە بوو کە حەزی بە مردن کرد، چونکە دەرەقەتی بوودەڵەکان نەهاتووە"**

# هەلاتگەرییا فەقێ تەیران



محسن عەبدولرەحمان - دهۆک

فەقییێ تەیران و گەوهەرا پەیڤێ

سەرکردەیێن کورد چاوا دەم نینە دا ب پەیڤەکێ/ سەرخۆبوون/ بکەنە چوارریانا مللەت لێ بگەهتە هەڤ، بەلکو ئۆمێدا دەولەتێ کرینە خەون، و خەون ئاشۆپەیە!

وەسا مەلاییێن کورد دەم نەبوویە ب پەیڤەکێ /نەتەوەبوون/ دینی بکەنە دەرگەهێ سەربەستی و ژیانەک سەرفراز بۆ مللەتی و دین باوەرەک غەیبییە!

ئەوان ب گۆتارێن هشک تنێ ئاماژکرینە تاریستانا گورێ و دویڤەلانکییا هزری و کلتوری بۆ داگیرکەرێن هەڤباوەر!!

نەپشتراستم.. ئەوان ژ نەزانین یان ژی بەدبەختی یا مە؛ نەبهیستبوو کو یا هاتییە نڤیسین: نە ب نانی ب تنێ مرۆڤ دژیت، لێ ب هەر پەیڤەکا ژ دەڤێ خودێ دەردکەڤیت .

رێیەرێن دین و دونیایی مخابن نەشیانە، گیایێ کەسک بکەنە شیرێ سپی!! ئانکو نەگەهشتن گەوهەرا هەلاتگەریێ! کو هەلاتگەری ناڤەندا چوارریانێ یە و ئەو گەوهەرا پەیڤێ یە.

د زمانێ گریکی دا بۆ دەربرینێ ژ (پەیڤێ – بێژەیێ) دوو پەیڤێن جیاواز هەنە: ئێک ژ وان (لوگوس) یا کو پەیڤا (لغە) یا ئەرەبی ژێ هاتییە وەرگرتن، چنکو د ئەرەبیێ دا بۆ (لغە، لسان) ئانکو بۆ (زمان و ئەزمان) پەیڤا (لسان) هەبوو، و یا دی (ریما) یە. جیهان ب رێکا پەیڤا لوگوس (ل دەستپێکێ پەیڤ بوو) هاتیە ئافراندن. هندی لوگوسە ئەو پەیڤا خودێ یا گشتییە، و ئەو ژ سفرا ئافراندن تا دیتنێ درێژدبیت، هەروەسا د قورئانێ ژی دا(اقراو)ە.

ئەگەر لوگوسێ ژ u quraan avista سفرا ئافراندنێ تا دیتنێ ب خوینی، دێ هەمی پێزانینان ل دور خودێ و کارێن وی وەرگری، لێ ب ڤێ خواندنێ نەشێی باوەریێ وەربگری، دێ زانیاری و تێگەهشتنێ ل دور خودێ وەرگری، لێ باوەریێ وەرناگری، بۆ وەرگرتنا باوەریێ مرۆڤێ پێدڤی ب (ریما) یێ هەیە/ ( قالت الاعراب امنا قل لم تومنوا ولكن قولوا اسلمنا ولما يدخل الايمان قلوبكم.)

دزانین کو ئامرازێ باوەری پێ دهێتە وەرگرتن، ئەو پترە ژ خواندنەکا رووت بۆ پەیڤا خودێ: (ئانکو باوەری ب بهیستنێ یە، و بهیستن ب پەیڤا خودێ یە) . د ڤێ ئایەتا پیرۆز دا پەیڤا بکارهاتی بۆ دەربرینێ ژ پەیڤا خودێ (ریما) یە، نە (لوگوس)ە، ب گۆهداریا ریما نە لوگوسێ /پەند – حکمە/ باوەری دهێت. (يوتى الحكمه من يشاو ومن يوتى الحكمه فقد أوتى خيرا كثيرا وما يذكر الا اولوا الالباب) ، (و شددنا ملكه واتيناه الحكمه و فصل الخطاب)

پەند؛ ئانکو (حکمە، ریما) هەر هەمان مەبەست و ئارمانجا بەرزەیە یا زەمبیلفرۆشی و بودایی تەلار و دەستهەلات هێلاین و ل دویڤ گەریاین.

د فەرهەنگا خۆ یا گریکی دا د. ئەیرنسید دبێژیت هندی (لوگوس)ە، ئەو پەیڤا خۆدێیە یا هاتیە گۆتن، و هندی (ریما) یە ئەو پەیڤا خۆدێیە یا نەهاتیە گۆتن!! و گەلەک ژ شرۆڤەکاران پێناسەیەک داینە ریمایێ کو ئەو: بکارئینانا گیانێ پیرۆزە د باوەریەکا تایبەت ل دور بابەتەکێ تایبەت بدەت کەسەکی. و پێناسەیا من بۆ ئەوە کو (ریما) پەیڤەکا دەستنیشانکریە بۆ کەسەکێ تایبەت د کاودانەک تایبەت دا. (يا ادم انبئهم باسمائهم) ،(اذهب الى فرعون انه طغى) ، (يا يحيى خذ الكتاب بقوه) ، (قم فأنذر و ربك فكبر) ، ئەڤ (اذهب، يا يحيى، قم) هەما فرمانا نموونەیا ب رێڤەچوونا پاتروسی ل سەر ئاڤێ ژبەر باوەریا وی

ب (ریما) یێ یە، پاتروسی ئەو باوەری بەری هینگێ هەبوو، چنکو وی باوەری ئینا ب راستیا کو خودێ دشێت وێ بکەت، ئەوی ئەو باوەری بەری هینگێ هەبوو، لێ وی داخواز ژ عیسای پێخەمبەری کر کو پەیڤەک تایبەت ب ڤی هەلویستی بدەتێ: ئەی خۆدان ئەگەر تو ئەو بی، فرمانێ ل من بکە دا بهێمە لایێ تە، عیسای بەرسڤدا و گۆتێ: (وەرە).

پەیڤا عیسای بۆ پاتروسی نە(لوگوس) بەلکو (ریما) بوو، پەیڤەکا دەستنیشانکری / وەرە/ بۆ کەسەکێ دیارکری / پاتروس/ د کاودانەک تایبەت دا / ب رێڤەچوون ل سەر ئاڤێ/.

هندی (ریما)یە باوەرییێ ددەت، (باوەری ب بهیستنێ، بهیستنا پەیڤا خودێ یە). پاتروس ل سەر ئاڤێ ب رێڤەنەچوو ژ ئەنجامێ باوەریا خۆ ب راستیا گشتی ل دور خودێ، لێ وی (ریما) یا تایبەت ب خۆڤە هەبوو، ئەوا باوەریا پێدڤی دایێ.

"ئەڤە سەردەمەکێ هەر بلەزە، خەلک بلەز دهێتە دێرێ ، گۆهداریا گۆتارەکا کورت دکەن و دچن، بێی دەمەکێ پێدڤی هەمبەر خودێ ببورینن، (لوگوس)ێ ب دەستڤەدئینن، لێ (ریما) یێ وەرناگرن، لەورا د دیتنا پرچۆییێن خودێ دا دادکەڤن و دەست ب گۆمانکرنێ د شیانێن وی دا دکەن.

یا دروست ئەوە خەلک بهێنە دێرێ و گۆهداریا گۆتارێ بکەن و هەمبەر خودێ چاڤەرێبن، لێ ئەو ڤێ ناکەن و (ریما) یێ ژ خودێ وەرناگرن، ژبەر هندێ ئەو باوەریا گۆنجای یا تایبەت ب کاودانێن وان یێن کەسوکیڤە وەرناگرن؟ زانینا وان ب پەرتووکێ زێدەدبیت و ئاریشەیێن وان دگەلدا زێدەدبن!! و سەرباری زانیارییێن پەرتووکێ چ د ژیانا کرداری دا روونادەت، ڤێچا دەست ب پاشکەزبوونێ دکەن و باوەریا خۆ ژ دەستددەن" .

ئاریشەیەکا دی د ڤی چەرخێ مە دا هەیە، ئەوژی قەشە ب بابەتێن جۆداڤە دمژویلن، قەشە دەرگەهڤانێن دێرێ نە و خزنەدارن و قونتەرچینە و سەرپەرشتێن خزمەتانە!! رەنجا وان ل سەر گەلەک سەمتان پارڤەدبیت، و رۆژا شەمبی ب دروستی دوەستیای و کەرخینە، لەورا ل هندەک (لوگوس)ێ دگەڕن دابکەن گۆتار و بێژن!! دەم نینە کو ل هەمبەر خودێ راوەستن، دەم نینە دا گیایێ کەسک بکەنە شیرێ سپی!! ئەو گیایێ کەسک ددەن خەلکی خۆ!! ئانکو پەیڤێن خودێ یێن ب ترزی، وەکو دانێ خاڤێ نە کەلاندیێ بێ خوێ و روون پێ ددەنە خوارن، ل وێدەرێ نیڤشکێ پەیڤێ یێ بێ سەختە و قوبیا نینە و ئەڤە شاشییەک مەزنە، هەکە ئەڤە حالێ قەشەیێن فەلا بیت، ئەرێ ما حالێ مەلا و بانگخوازێن موسلمان خرابترنینە؟ و مەلایێن کورد یێن نەریت و کلتورێ ئەرەبان ب ناڤێ موسلمانەتیێ بەلاڤدکەن رەوشا وان نەکمباخترە، بییێ ل بەرچاڤوەرگرتنا جوداهییێن کلتوری و ژینگەهی یێن خودێ کورد پێ تایبەتمەندکرین، هەما هەر چننە! گۆتارێن وان ژ حەلال و حەرامی و بەلاڤکرنا حورییان و ترساندن ژ داخکرن ب ئاگرێ دۆژەهێ وەک پەیڤێن رووت دەرباسە ژیانێ بن!؟

گیانێ هەلاتگەریێ (ئیشراقی) هەمان (پەند، ریما)یە، ئەڤ رێمایە ب شێوەیەکێ دی هەمان/هەلاتگەرییا سوفییانە/، بەلکو هەلاتگەری ئەو ئامانێ هەردوویان ڤەدگریتە، چنکو رێنماییێن زەرەدەشتی شەنگستێ فەلسەفەیا گریکی بوو، و هەلاتگەری ئەو پەندڤانییە یە ئەوا (یا نار کونی بردا و سلاما علی ابراهیم) ، هەروەسا هەر سێ موغێن زەرەدشتی ل دویڤ ستێرا بوونێ را برینە بەیتولەحم.

خویندکارەکێ کورد ژ ماموستایێ خۆ یێ مسری پرسی: هوون خودانێن

> ❝ ئانکو دلداری دەستهەلاتەک رهایە، هەمی دین و باوەران د ناڤخۆدا دبشێڤیت و دحەلینیت ❞





هۆشەنگ شێخ محەمەد

شارستانییەتا دێرینا فیرعەونان؛ هەوە زمانێ خۆ یێ جودا هەبوو، چ لێهات؟

ماموستای ب کەسەر لێ نێری و ب تالی بەرسڤدا: ژناڤچوو! چنکو مە ئەوێن وەکو جزیری و خانی و باتەیی و تەیرانی یێن داستان و بەیتان ب زمانێ مە ڤەهینن نەبوون!

**هەلاتگەری و کلتوور:**

تومارنامەیا گەلە؛ ئەو پشکەکا مەزن و گرنگ ژ زمان و مێژوویا گەل هەمبێزدکەت، لەورا ئەوێ بڤێت وێ گرنگییا کلتوور کوردی بنیاسیت، پیدڤییە نقوومی کووراتییێ ببیت، چنکو مراری ل کووراتییێ و کەف ل کنارێ دەریایی دایە، راستە مراری بۆ خەملاندنا گەردەنێن شازادە و خاتوینانە، لێ هەر قەرج و زێرینگر دسمن! مراری ژ دەریا زمانێ کوردینە، لڤێرە نقومڤان فەقی یە و زێرینگر هۆشەنگە.

> **ئەوێ بڤێت وێ گرنگییا کلتوور کوردی بنیاسیت، پیدڤییە نقوومی کووراتییێ ببیت، چنکو مراری ل کووراتییێ و کەف ل کنارێ دەریایی دایە**

مراری یا نها ل دور دپەیڤین ڤەڕێژا هزرا سوفی و هەلاتگەرێ کورد فەقییێ تەیرانە، ئەوێ د پەسن و سالۆخەتدانا وێ دا میرێ هۆزانڤانێن کورد خانیێ مەزن کەرەمکری:

من دی عەلەما کەلامێ مەوزوون
عالی بکرا ل بانی گەردوون
پێ حەی بکرا عەلی حەریری
کەیفەک وا بدا فەقییێ تەیران
حەتا ب ئەبەد بمایە حەیران

د ڤێ گەشتا ناوازە دا نڤیسەرێ هێژا (هۆشەنگ شێخ محەمەد) د ڤەکۆلینا خۆ یا هەلاتگەری دا، یا ب ناڤێ (ئیشراقا فەقییێ تەیران) مە خواندەڤانان ب گەمیا فەقییێ تەیران دویر دبەت، دبەتە دەریا سوفیگەری و جیهانا هەلاتگەریێ، دا مە ڤەگەڕینیت گیان د مەست و دەست دپڕ.

فەقی هۆزانڤانێ داستان و ئەڤسانەیێن کوردی، ئەو شاعرە یێ ژبەر بەیتێن وی یێن خۆش بۆ بهیستنێ و ب ساناهی بۆ ژبەرکرنێ، وەکو بەیتێن (شێخێ سەنعانێ، هەسپێ رەش، زەمبیلفرۆش، بەرسیسێ عابد، دمدم، دلو رابە، ئاڤ و ئاڤ) ب شاعری مللی هاتییە نیاسین، د ڤێ گەشتێ دا دێ ل گەل فەقی و بەیتا ناڤدار (ئاڤ و ئاڤ) دا بین، هۆشەنگ د خواندنا خۆ یا هەلاتگەری دا بۆ ڤێ بەیتێ، تێگەهەک دێ ددەتە مە خواندەڤانان، ئەڤ شعرا ڤەهاندنا وێ ب شێوەیێ بەیت هاریکاربوویە، کو ب ساناهی ژبەرکرنا وێ و د ناڤ جڤاکێ کوردی دا زویتر بەلاڤببیت، هەروەسا ناوازەیا بابەتێ وێ کو هەڤپەیڤینە د ناڤبەرا مرۆڤی و ئاڤێ دا، لەورا گەلەک ل ناڤ مللەتێ کورد جهێ خۆ گرت.

**بەیت:**

تا نها هندەک دبێژن (بەیت) پەیڤەکا بنەرەت ئەرەبییە، ژ پەیڤا (بیت شعری) ئانکو مالکا شعری هاتییە، درکاندنا پەیڤێ وەک هەڤە، لێ رامان و ناڤەرۆک جودایە، بەیت یا عەرەبی ئانکو مالکا شعرێ و بەیت یا کوردی چیرۆکەک شعرییە کو سالۆخەتێن خۆ هەنە، تاکو ئەو یا نێزیکی داستانێ یە، (بەیت ب قەبارە زۆر درێژنییە، زمانی مللییە و رستەی ساکارە زرۆبەی خەلک تێیدەگا، کێشی خۆمالی یە و قافیەی رەنگا و رەنگە و ل سەر بنجی بەند (کوپلە) دادەمەزرێ، بۆ مەبەستی گۆرانی وتن دانراوە.)

چەندین کەسان شعرێن فەقی چاپکرینە و هندەکا ڤەکۆلین ل دور کرینە، وەکو (سادق بەهائەدین ئامێدی، د. مارف خزنەدار، سەعید دێرەشی). لێ بۆ ئێکەم جارە ڤەکۆلینەک هەلاتگەری (دیتنەک کوردی) نەخواندنەک ب (دیتنەک مەلایی) ل سەر شعرێن فەقی دخوینم.

ڤەکۆلین ب پێشەکیەکێ ل دور جهێ بوونێ و ژیارا فەقییێ تەیران و ددویڤدا پتر ل سەر نازناڤێ (فەقییێ تەیران) رۆهنکرنێ ددەت، وەکو (فەقێ گەرۆک، فەقێ هێشەتێ، فەقێ مکسێ)، دیسان هەڤبەرکرنێ د ناڤبەرا زاراڤێ (فەقی) یا کوردی و (فقیە) یا عەرەبی دا دکەت، ئەوژی فەقی فێرخوازە (خویندکارە ل مزکەفتێ) و فەقیە (تێگەهشتی و زانا) یە، لەورا ب دیتنا من پەیڤا (فەقی) ئەگەر ژ بنیاتەک ئەرەبی ژی بیت، رامان و ڤۆنوتیکا وێ هاتیە گۆهارتن و وەکو (بەیت) بوویە پەیڤەک کوردی یا خودان رامانەک چارچۆڤەکری، وەکو سایمونێ ئەرمەنی ئەوێ ل سالا ١٩٢٠ێ ل گەل ئینگلیزی هاتیە بەغدا و ئێکەم نانپێژییا ژ جورەک نوی ڤەکری، و خەلکێ ل سەر ناڤێ سایمونی ئەو نان ب (سەمونە) ناڤکر، لێ سەمون نە ناڤەکێ ئەرمەنی یان ئینگلیزییە و دبیت هەر رامانا وێ نەزانن، یا نها بابەتێ ڤەکۆلینێ کو بەیتا ب ناڤێ (ئاڤ و ئاڤ)ە.

**ناڤەرۆک:**

ب راڤەکرنا نیشان، ئاماژە و هیمایان هۆشەنگ د گەل فەقی مە دبەتە جیهانا سوفیاتی و هەلاتگەریێ و رۆناهیێ بەرددەتە سەر گۆژی و قولاچکێن مژەوی و تاری، خواندنەک نوی ددەتە نیشان و هێما و ئاماژەیان، نڤیسەری کار ل سەر بەیتێ ب زاراڤێ هەلاتگەری ب زمانێ کوردی کرییە، کو بەری نها هەر ب ئەرەبی و ب تێگەهەک دینی بوون.

ئەڤ تێگەهێ نوی بۆ خواندنا دەقێن کلاسیک بیرا مە ل ژەنیارێ ناڤدار (موزارت) ی دئینیت، کو تا سەردەمێ وی نۆتێن مۆزیکێ ب زمانێ لاتینی

بـوون، لـێ ئـەوی ب دانـان و ژەنینا ئێکەم سیمفونی ب زمانێ ئەلمانی شیا ئـەوێ بازنـەیێ بشکێنیت.

هۆشەنگ ژی ب ڤێ ڤەکۆلینێ ب دارشتنا زاراڤێن کـوردی، قورخکرنا زمانێ ئـەرەبی بۆ زاراڤێن سوفیگەری شکاند، هەر چەندە هێش دەستپێکە.

هـندی مـە بهیستییە فەقییێ تـەیران هەلبەستڤانەک مللییە، لێ ل ڤێرە ڤەکۆلەر دەمێ بەیتا (ئاڤ و ئاڤ) دهەلشکێڤیت، مە دبەتە ئـەوێ کویراتیا مـراری و گۆهماسی د بنی دا، هـەر ژ ناڤونیشانێ بەیتێ (ئاڤ و ئاڤ) خواندەڤای رادکێشتە جیهانا فەلسەفەیێ، ئـەوژی هەڤکێشا (بوونێ) ب رێکا (دلداریێ) یە، ئانکو کوردان ئاڤەدانی و ئاڤاهی ژ ژێدەرێ وی (ئاڤ) وەرگرتییە، کو هەمان هزرا (تالسی – ٥٤٨ پ. ز) دامەزرێنەرێ خواندنگەها سرۆشت یا فەلسەفی یە.

فەقی هەر ژ دەستپێکێ کومەکا پرسیارێن فەلسەفی ب کراسەک سوفیگەری دئازرینیت:

پرسا فەقی بێ جە نەبوو
لەورا د قورئانێ دا هەبوو
عەرشێ خودێ ل سەر تەبوو
ئاڤێ گەلو بیرا تە تێ

فەقی ئاڤێ وەکو هێزەکا گیانی یا تـژی وزە و ئێـک ژ چـوار رەگـەزێـن مـرۆڤ و گـەردوون ژێ هاتیە ئافراندن (ئاڤ، ئاخ، با، ئاگر) بکاردئینیت.

**فەقی و فەلسەفە:**

(ئاڤ و ئاڤ) ل پەی هەلاتگەریا فەقییێ تەیران ئانکو دوو ئاڤە، ئاڤا ئێکێ نە ئاڤا دوویێ یە، چنکو ئاڤ دلڤینەک بەردەوامدایە، ئانکو سرۆشت ب هێزا دلداریێ دلڤیت و بـەردەوام خۆ نوی دکەتەڤە، ئەڤە ئـەوە یا نڤیسەر دبێژیتێ سـەرڕێژبـوون (فـیض)، ئـەوا د فەلسەفەیا سرۆشتی یا گریکی دا (هەر تشتێ هەیە د گوهۆرینێ دا یە) یان (نەشێی دوو جاران پێن خۆ بکەیە د رووبارەکی دا) ئانکو رووبار هەر ئەوە، لێ ئاڤ نە ئەو ئاڤە، چنکو دلۆپێن ئاڤێ هاتینە کوهۆرین، و ئێک دلۆپا ئاڤێ دوو جاران ب ئێک رویبار دا ناچیت، ئاڤ و ئاڤ یا فەقی ژی هەر هەمان تێگەە و رامانە. فەقی سوفییانە هـەمان تشتێ فەیلەسوفێن گریکی گۆتی؛ ب گیانەک کوردی و کراسەک دینی ل بەرکری گۆتییە، ئەڤە دهێتە وێ رامانێ کو فەقی ب فەلسەفە و زانـیـاری و زانـسـتێـن وی سـەردەمی یێ ئاگەهداربوویە، تـاکو فـەقی لـێدان دلـێ خۆ یا بێ راوەستیان ب ئاڤا ب پێل و کەف و بـەردەوام دلڤینێ دا دشوبهینیت، و ددەتە خۆیاکرن کو دەم و جە نامینن، ژیان و جیهان و بـاوەری دکـەڤـنـە د بازنەیا دلداریێ دا، کو ب دیتنا فـەقی تـاکە بـازنـەیـە پەندڤانی تێدا پـەیدادبیت، ئـەڤ دلـداریـا بۆ خـودی و ب دوو شێوە و رەنـگـانـە، ئـەوا راسـتـەوخـۆ و ب ڤێیانا خـودێ دکەڤیتە دلێ مرۆڤی دا، یان ب رێکا دلداریا مرۆڤەکی دی و پتریا جاران ئەو مرۆڤ کچەک دبیت، مینا شێخێ سەنعانێ کو دلداریا وی بۆ کچە گاورا ئەرمەنی، راکرنا سنۆرانە د ناڤبەرا دلدار و دلبەرێ دا، ل ڤێرە ژی دیدارا (سەرتەم)ا کچا گاوری ئێکبوونا دلدار و دلبەرێ یە،

ئەو پیرەمێرێ کال بووی
نێزیکی هەشتێ سال بووی
ژ عەشقا کچێ بەدحال بووی
دەرحەق بدەین لەومەتێ

ئانکو دلـداری دەسـتـهـەلاتـەک رهایە، هەمی دین و باوەران د ناڤخۆدا دبشێڤیت و دحەلینیت، د بەیتا شێخێ سەنعانی دا ئەڤ دیمەنێ فانتازیێ هەمەچەشنە، دەمـێ شێخێ دلـدار خۆدانێ تەکیا و پێنچسەد مریدان، خۆدان کەرامەت و پلە و پایەیا دینی و کومەلایەتی د ناڤ جڤاک دا، و د نـاڤ دەستهەلاتێ دا خۆدان رێز و پەیڤا وی یا ب سەنگ و بهیستی:

شێخەک هەبوو سەنعانییان
سەرداریێ پێنچسەد سوفییان
چوو بوو مەقامێ ئەولییان
دائم د زکر و تاعەتێ

لێ دەمـێ (سـەرتـەرم) یا شۆخ و شەنگ دبینیت، هینگێ شێخ دەست ژ تەکیا و مریدان و تا دینێ خۆ بـەرددەت، و بـەرەڤ وارێ دلبەرا خۆ تەنگەزاردبیت، دا کوست و زیننارێ ل پشت خۆ گرێدەت و ببیتە شڤانێ بەرازان!

شێخ ل خوە ناکەت ستارە
ئاشکرا خەون گۆتە یارە
ئاە ژ دەست دۆهتا کوفارە
برم دینێ شرکەتێ

شێـخی گـۆت: بـــەوەی کـەم کردگارە
نامەوی دین و رەفتارە
لادەچم لە سەر ئەو ئاکارە
لە پشت دەبەستم زننارە
سەپارەت بە چاوی یارە

شێخێ بـاوەرداریێ ب رنـدی و جوانیا کچا گاور هند داخباردبیت، کـو د دیـتـنـا وی دا تۆخیبێن جوانیا دونیایێ دەربازکرییە، ئەو خودان جوانییەک ئاشۆپی و فانتازییە، هەلبەت ئەو جوانی د دیتنا کەسێن دی دا وەسا نینە، لێ شێخی وەسـا دیتییە، هەر ئەڤەیە جوداهییا دیتن و نیاسینا مە دا بۆ جوانیێ:

خیالو وەها بەلاوە
زولفی وەک ئاورمیشی خاوە
تاق و جۆت وەهای رۆناوە

دەمـــێ ئـامـان پـڕبـوو دێ دسـەرداچـیـت، هـوسـا دەمـێ پەندڤانییا هـەلاتگـەری ل جەم فەقی گەهشتی، و ئەو گەهشتییە پلـەیێـن بلـندێـن سوفیگـەریێ سەرڕێژبوو، چاوا دگـەل ئاڤێ پەیڤی و پڕسی، وەسا ئاڤێ ب کوردی بەرسڤا وی دا:

کەهنی دزێن جۆ ژێ دچن

> شێخێ باوەرداریێ ب رندی و جوانیا کچا گاور هند داخباردبیت، کو د دیتنا وی دا تۆخیبێن جوانیا دونیایێ دەربازکرییە، ئەو خودان جوانییەک ئاشۆپی و فانتازییە

هندی خودێ دان ئینس و جن
قەت کەس نەکر ئەڤ پڕس ژ من
نە ئەنبییائێ ئوممەتێ

ل ڤێرە پڕسا پێخەمبەراتییێ جهێ لێ راوەستیان و تێهزرینێ یە، ئەرێ نەپڕسکرنا (ئەنبییائێ ئوممەتێ) ئانکو ئەو پڕس فەقی وێرەکی دایە خۆ و ئەو پڕس کریە ئەوا پێخەمبەران نەکری!؟ ئەڤە مە ڤەدگەڕینیت پرسا میراتگرییا زنجیرە مالباتییا پێخەمبەراتییێ، کو دبینین هەمی پێخەمبەر ژ دوندەها برهیمینە، تاکو ب بابێ پێخەمبەران هاتیە ناڤکرن، ئەرێ بەرهۆشە ئەڤ رێزلێنانە (سرۆش) بۆ مالباتەکێ یا تیخ کری بیت و چەند یا رەوایە؟

لێ پڕسا فەقی نە ژ سرۆشی بوویە، وەسا دیارە پەیاما پیرۆز (سرۆش) کو ژ لایێ خودێ بۆ چەند مرۆڤان هاتییە، ئەڤ سرۆش (عەقل)ە، ئانکو ب حەزگرنا خودی ئەو پێخەمبەر خودان عەقل و پارێزبەندی بوون؛ و ژ هندەک سەرپێچییا د پاراستی بوون ( وهم بها لولا ان جاوه برهان ربه) ( قال لقد ظلمک بسوال نعجتک الی نعاجه وظن داود انا فتناه فاستغفر ربه و خر راکعا و اناب) :

پێخەمبەران عەقل هەبوون

قەت هەوجەی پرسان نەبوون

مەکسی دبێ ئاڤێ وەبوون

وان دەست گەهابوو سوحبەتێ

ئانکو ناسیاری و زانیارییا پێخەمبەران هەما ئەو عەقلە یێ خودێ پێ بەخشی و ب رێکا هایدانا سرۆشی وەرگرتیە (وما ینگق عن الهوی) ئانکو پەیڤێن و بیاڤێ هزرکرن و کارێ وان سنۆردارن، پێشبەری پڕسا ئەم د ئاراستەکرینە(مسیر) یا هەلبژاردکرینە(مخیر) دبین، ل هەمبەر نموونەیا پڕسکرنا خانییێ مەزن ژ خودێ، ئەوا دگەهیتەراددەریا گازندێ (ئیبلیسێ فەقیرێ بێ چینایەت، هندی تە هەبوو د گەل عینایەت) و رادەستبوونا رها یا برەهیم پێخەمبەری هەمبەر خەونێ کو کوڕێ خۆ سەرژێبکەت!

دیسان ئەو پڕسا فەقێ تەیران ژ ئاڤێ کری کو پێخەمبەران نەکری: (پێخەمبەران عەقل هەبوون، قەت هەوجەی پرسان نەبوون)!

لێ سوفیگەریا هەلاتگەری بەرهەمێ عەقلێ وەرگرتییێ مرۆڤییە ژ هزر و سەربۆر و تێهزرینێ د تشتی دا یە، ئانکو پێخەمبەر (پەیامبەرە) و ئەو دبیتە ڤەگۆهیز (ناقل) (ان هو الا وحی یوحی) (واوحی ربک الی النحل ان اتخذی من الجبال بیوتا و من الشجر مما یعرشون فاسلکی سبل ربک ذللا..) ، هەنگ ژ وی لڤینا رێکخستی و کارێ هوور ب ئەندازەک داهێنەرانە پتر نزانیت و نەشێت بکەت، ژ ئەوا زکماکانە بۆ هاتییە دەستنیشانکرن ژ لایێ ئافرێنەری ڤە، ئانکو ئەو ب سرۆشتێ خۆ و زکماکی د بازنەیەکا سنوردارا زڤرۆکا ژیانێ دا لڤیت، لەورا شاهنشینا هەنکێ نەشیایە گوهۆرینێ بکەت و پێشبکەڤیت! پێخەمبەراتی ژی ب رێنماییێن سرۆشی چارچۆڤەکرییە، لێ سوفیگەریا هەلاتگەری عەقلێ هزرکەرە، ب شێوەیەکێ رۆهنتر ئەو عەقلێ هزرمەندێ داهێنەرە، پڕسێن قەدەغەدکەت و گڤاندێن پیرۆز دبەزینیت:

خەلکێ خودێ عاقل کری
هەم عارف و کامل کری
نورەک ددلدا هەلکری
ئەسلێ قسان رێ دبەتێ

**فەقی و سوڤیگەری:**

هۆشەنگ ژی د ڤێ نڤیسینێ دا بەرێ مە ددەتە جیهانا هزر و سوفیگەرییا فەقیێ تەیران، ئەوژی ژبەر هەلبژاردنا فەقی بۆ پێکهاتەیێ ئاڤێ، مینا ئامرازەک بۆ دەربڕینێ ژ هزرا خۆ، دەمێ کریە هێمایەک هەلاتگەری بۆ بوون و پەیدابوونێ، هەروەسا تیورا سەررێژبوونا هەلاتگەری د فەلسەفەیا رۆژهەلاتی و ئیسلامی دا، چنکو ئاڤ نەتنێ پێکهاتەکە د سرۆشتی دا، بەلکو (ئاڤ بوون و پەیدابوون و بەردەوامیا بوونێ و سەررێژبوونا بوونێ تێدایە) ئاڤ ل دەڤ فەقی هەلگرا هێزا ژیان و بوونێ یە، لەورا هەما پڕسیار ژ ئاڤێ دکەت:

ژ عەشقا کێ هەر تێی و تێی
هەتا کەنگی هەر بێی و بێی
بۆ من بێژە حەیرانێ کێی
دا بزانم قسەتێ

چاوا ئاڤ ل دەڤ فەقی هەلگرا هێزا هەبوونێ یە، وەسا دل ژی هەلگرێ هێزا مرۆڤبوون و زێندیبوونێ یە:

تاعەت دکی بێ پا و دەڤ
چەندی دکی چوونا ل هەڤ
دەنگێ تە تێ ب رۆژ و شەڤ
زکری دکی ب حالەتی

**دلداری و پەندناسی:**

ل دەڤ فەقی هێزا دلدارییێ و ڤیانێ د ناڤ ئاڤا رووباری دا، هەر ئەو هێزە یا وەسادکەت سرۆشت بلڤیت و خۆ نوی بکەتەڤە، هەڤپەیڤینا فەقی دگەل ئاڤێ رەنگڤەدانا راستیا دلدارییێ د دلێ فەقی و ئاڤێ دا یە، ژ وان پەیڤ و دەستەواژەیان هەر دووان بەرەڤ ئێک راستی و ئاراستە دبەن، کو فەقی ب پەسەنکرنا ئاڤێ پەیاما خۆ دگەهینیت و دەربڕینی ژ هەست و باوەر و شیانێن خۆیێن مرۆڤینی (دلداری) و هەم هزرێن خۆیێن فەلسەفی و سوفیگەری (پەندڤانی – هەلاتگەری) دکەت، ئەوژی ئارمانجا هەر دوویانە، ئانکو گەهشتنا راستی و

پەندڤانییێ:
شەڤان و رۆژان بێ خەوی
ژ محبەتا کێ د تەوی
شەڤتاری یان قەت نا حەوی
تو ژ ئەمرێ کێ ڤلز کەتێ

**بەیتناسی:**

ئەڤ چیرۆکا شعری یا د ناڤ کـــوردان دا بـــەربـــەلاڤ و ب گشتی کورد حەز ژێدکەن، کو ب (بـەیت) دهێتە نیاسین، ئەو زانین و نیاسینا مللی یا رەسەن و بـنـەرەتـداری، رهـێـن وێ د ناڤ گیانێ مللەتی دا کویر خۆ داهێلاینە و سەرنشیڤ بووینە، ئەو هۆنەرێ رەسـەن و بلندە، سەرۆکانیەکا زەلالە بۆ کومەکا بهایێن رەوشتی و ناسینێ، ب رێکا ڤەکۆلین ل بەیتان لایەنێن زمـان و مێژوویی ڤەدژیتەڤە، بەیت هێزەکا هونەری و وزەیا گیانی و رەوشـتـی ب کراسک پیرۆز ددەتـە فەرهەنگا مـە یا نەتەوەیی!

نڤیسەر ل داویـێ دگەهیتە وێ بـاوەریـێ کـو سـوفـیـگـەرایـی، فەلسەفە، میترایی، زەرەدەشتی، ئـێـزدیـاتـی، مـانـی.. ئۆلـزایـێـن هەلاتگەرینە، هزرێن خەلکی و مللی بووینە، ئەو ل لایێ تەبایا خـەلـکـی نـە د سـەیـر و نـامـۆ؛ بەلکو دکەهی بوونە، بێئاگەە د نـەریت و سـەردەری و کـارێ وان یێ رۆژانـە رەنگڤەددەت / بەستنا پشتا بووکێ ب کەمەرا کـوسـت/ سـویـنـد ب ئـاگـری و رۆژێ/ پیرۆزکرنا چوارشەمبێ/ رێزگرتن و پاراستنا سرۆشتی/ چێتراندنا تۆخمێ مێ ژ گیانداران وەکو ژێدەرێ بوونێ و حرامکرنا کوشتن و نێچیرکرنا وان هندی شیانێن ئـاڤـزبـوونـێ هـەبـن/ ، لــەورا خـەلـک شـیـایـە ل سـەر بنگەهێ فەلسەفەیا رۆژهەلاتی و گریکی ژیان و هزر و عەقلێ خۆ رێکبێخیت، و فەقیێ تەیران د بەیتا (ئاڤ و ئاڤ) دا، بەیتەکا فۆلکلۆری ب دیتنەکا هەلاتگەری دارشتییە، ل سەر بنەمایێ تیورا سـەررێـژبـوونـێ ب گەهیکرنا سرۆشتی و پەیدابوون ژ چوار رەگـەزێـن د زەرەدەشـتـیـێ دا دپـیـرۆز (ئـاڤ، ئـاخ، بـا، ئاگر) بەیت ئاڤاکرییە، هوسا دەق ب نیشان و هێمایێن سوفیگەری و تێگەهشتنەک کوردانە بۆ بوون، راستی، زانین، ناسین، خودێ و پەیدابوونا دلداری و راستیێ بەیتا (ئاڤ و ئاڤ) پێشکێشی مە کریە.

خیڤەتا عالەم د ناڤێ
ژبەرەکەتا فەیز و گۆلاڤێ
من تەمەننا کر ژ ئاڤێ
ژ مەعنییا حەقیقەتێ

**داســتــان و بــەیـتـا دیـنـی و سوفیگەری:**

بیروباوەر دگەل بیرکرنا مرۆڤی ل دور بـوون و مـرن و پشتی مرنێ پەیدابوویە، ئەوێن پالدای ل دویڤ گەردوون و زیندەوەران بگەڕیت، خوداوەند و پەرستییان دروست و دیاربکەت، ئەڤە د ناڤ دێرینە دەقێن نڤیسی دا دیارە، وەکو دەقێن ئیلامی، سومەری، مـیـسـری، گـریـکـی، رومـانـی، هـنـدی.. کو رۆلـێ خـوداوەنـدان د بەرگێ مرۆڤان دا بوو، ئەڤان بـیـروبـاوەران گـەشـەکـر تاکو شێواز و رێکەک جودا ب ناڤێ وێژەیا دینی دروستکری، ئەوێ ب ئـەدەبـێ سوفیگەری هاتییە نیاسین، کو ب بلندی و جوانیێ ناڤداربوویە، ئەوێن پتریا جاران پەنا برییە بەر هێمایان وەکو(ئیبن عەرەبی، ئیبن ئەلفارز..) و ئەوێن ب فارسی نڤیسین (جەلالەدینێ رومـی، جامی، نـیـزامـی..) و د ناڤ کوردان دا (مەلایێ جزیری، ئەحمەدێ خانی، فەقیێ تەیران..) هەری ناڤداربوونە، لێکچوونەکا سەرسۆرهێنەر د ناڤبەرێ دا دهێتە دیتن .

ئـەڤ بـیـروبـاوەرە چـوونـە د ناڤ ژیانا ئاسایی یا خەلکی دا، تاکو بووینە پشکەک گرنگ ژ زانست و کەلەپوور و فۆلکلۆرێ مرۆڤینیێ ب شێوەیێن جـودا، ژبـەر هندێ رەنگدانەڤەیا وێ ل سـەر بـەرهـەمـێ وێـژەیـی و هونەری هەبوویە (هەمیشە دەق لەناو ئەو کەشە رۆشەنبیرییە گشتییە دا لە دایک دەبیت، کە نـووسـەر تـێـدا ژیــاوە، لـەبـەر ئەوەی کلتوری ئایینی بەشێکی گرنگ لـەو کەشە پێکدەهێنێ، بـوویـە زۆر ئـاسـایـیـە کلتور ببێتە سەرچاوەیەکی گرنگ لە پرۆسەی داهێنانی دەقدا.)

و چـنـکـو پـشـکـەک مـــەزن ژ جڤاکێ کـوردی موسلمانبوو، لـەورا دەقـێ وێژەیی ب فۆرما سوفیگەری گەشەکر، د بەرامبەر دا یا هونەری نەتنێ دجهدا ما، بەلکو ئەوا هەی تا شینوار ژی ل ژێر تێگەهی حەرامکرنێ ب ناڤێ وێنە و بتان هاتە تێکدان و ژناڤبرن، ئەڤە ڤەدەدگەڕیت کو کورد ل دێرە زەمان دا خودان بـیـروبـاوەرێـن دینی یێن جودا بـوون، وەکـو میترایی، ئێزدی، زەرەدەشــتــی، مــانــی... تـاکـو دینێن براهیمی هاتین، لێ بهاتنا دینێن نوی دینێن کەڤن نەهاتنە ژنـاڤـبـرن، بـەلـکـو کـراسـەکـێ جۆهی، فەلەیینی، موسلمانەتی ل بەرخۆکر، ئەڤێ د داستان بەیتان دا رەنـگـڤـەدا، هێمن موکریانی دەربـارەی بەیتا زەمبیلفرۆشی گۆتییە: ( چیرۆکەکا سوفیانەیا ئێکجار کەڤنە) ، و د بەیتا شێخێ سـەنـعـانـی دا فـەقـیـێ تـەیـران خوداناسیی تێکەلی دلـداری و ئەڤینییا پاک دکەت، دا ل داویێ بیروباوەرا دینی ب سەر هەست و سۆزێ دا زالبکەت:

شێخ دەیگۆت" بەوەی کەم کردە گارە
نامەوی دین و رەفتارە
لادەچم لە سەر ئەو ئاکارە
لە پشت دەبەستم زەننارە
سەبارەت بە چاوی یارە

هەر چەندە ل دەستپێکێ دلداری

**"ل داوییا ڤەکۆلینێ هۆشەنگ شێخ محەمەد بۆ خواندەڤانی دیاردکەت، کو (ئاڤ و ئاڤ) بەیتەکا کوردییا ل ئاستەک هۆنەری و زانیارێ بلندە"**

> ب راڤەکرنا نیشان، ئاماژە و هیمایان هۆشەنگ د گەل فەقی مە دبەتە جیهانا سوفیاتی و هەلاتگەریێ و رۆناهیێ بەرددەتە سەر گۆژی و قولاچکێن مژەوی و تاری، خواندنەک نوی ددەتە نیشان و هێما و ئاماژەیان

وەسا ل شێخی دکەت، کو دەستبەردای دینێ خۆ ببیت، لێ دا کێشە چارەسەرببیت، و ب ئەنجامەک خۆش بەیت بداوی بهێت، پەنا بۆ هێزا غەیبی دهێتەبرن، ئەو دەمێ مرید ژ ڤەگەڕیانا شێخی بۆ سەر هشێن خۆ، لێڤەبوونا وی ژ دەستبەردانا دینێ خۆ، مرید دچنە کنارێ دەریایی و لاڤەیان ژ خودێ دکەن، شێخ لاڤەیێن وان دبهیسیت و هشێن وی دهێنە سەری، لەورا خودێ ژبەر موکمە باوەری و پاکە دلداریا وی دلێ دلبەرا وی، سەرتەمێ ژی بۆ دینێ موسلمانەتیێ نەرمدکەت، کو شێخ و دینێ خۆ دکەڤنە دلێ وێ:

یا خودایێ شێخێ سەنعانی
کیژ چیدیکەی نەزانی
رووی کرد لە دەرگای سەبحانی
گۆتی مەدەد یا خودای سەنعانی

هەردوو دلدار و دلبەر وەک موسلمان پێک شاددبن و غەوس وان لێک مارەدکەت.

نیاسینا ڤەگۆهاستی (نقل) یا هەمی باوەردارانە، نیاسینا تیوری یا فەیلەسوف و زانایانە، لێ نیاسینا سوفییان ب رەوانی (دل) ی یە، ئانکو سوف ب دلی خۆ خودێ دبینن، چنکو وان باوەری ب جیهانا رەوانی هەیە. ئەو جیهانا گیانی یا ب رێکا هەلاتگەریێ دەردکەڤیت، کو بەرجەستەبوونا دیاربوونا راستییا خودینیێ د بلندترین رامان دا یە، ئەوا سوفی ب رێکا بزاڤ و راهێنانێ دگەهیتێ، لەورا ل جەم سوفییان خودێ ب هەلاتگەری و هایدانێ دهێتە نیاسین، لەورا گۆتنە ( ل خۆ بنێرە، دێ خودێ بینی) چنکو د باوەریا وان دا شاهنشینا خودێ نە زەمین و ئەسمان و جهن، بەلکو گیانێ مرۆڤی یە، ئانکو ئەوێ خۆ نیاسی ئەوی خودێ نیاسی، هەلاتگەری رەوانە و رەوان ئەو جهە یێ زانینا زانای ڤەدرژیتێ، ئانکو رەوان ئەو ئامانە یێ زانینا زانای دهەلگریت، ب شێوەیەک دی دل ئەو خۆدیکە یا یا هەمی سالۆخەتێن خودێ تێدا رەنگڤەددەت، ڤێچا وەسا ئەگەر ژەنگێ ئەو خۆدیک گرت، ئێدی وێنەیان رەنگڤەنادەت، گیان ژی هەروەسایی، ئەڤی سوفی دبێژنێ بینین (بەسیرەت) یان چاڤێ سێیەم، رەهەندا چوارێ، هەستێ شەشێ، کو ئبن سینا دبێژتێ هشێ پیرۆز (العقل المقدس) کو تایبەتە ب پێخەمبەر و چاکانڤە، کو د رێیا وی هشی دا سرۆشی خودێ وەردرگرن، هەر وەسا دبێژنێ خۆزانی، پێشدیتن ئانکو (حدس) یا رەوانێن پاک و بێگەرد.

ئانکو پیخەمبەراتی هشەک پیرۆزە و خودێ ب هندەک کەسێن تایبەت و بژاردە دبەخشیت، لێ ل جەم سوفی و چاکانە بۆ ب دەستڤەئینانا وی هشی بزاڤ و راهێنان دهێنەکرن، خودێ ب رەنگەکی دێ زانینێ کەتە د ناڤ دلێ وان دا، ل ڤێرە ژی دل ب رامانا ناڤ و رەوانە؛ نە پەمپا خوینێ یە، بەلکو وەکو دەزگەهەکێ ناسینێ یە، زانین و نیاسینێ پێ دبینیت و راسی بۆ ئاشکرادبیت، وەکو فەقی دبێژیت:

خەلقێ خودێ عەقل کرن
هەم عاریف و کەمال کرن
نورەک د دلدا هەلکرن
ئەسلێ قسا وی پێ کەتێ

ئەڤە مە دبەتە بابەتێ رابەراتی – رێبەرناسیێ، زانایە کو پێدڤییە سوفی د وەغەرا و رێڤینگییا خۆ دا رێبەر، شێخ وەکو رێنیشاندەر هەبیت، ل ڤێرە فەقی ژ وی قۆناخا بریکارییا مرۆڤان دەربازدبیتە پەیوەندییا ئێکسەر، ئەو ژی ئاڤە!

ئاڤ ئێک ژ چوار پێکهاتێن سەرەکییێن سرۆشتی و ئاڤراندنا ئادەمینە (ئاڤ، ئاخ، با، ئاگر)، ئانکو راستەوخۆ گرێدانا مرۆڤی ب سرۆشتیڤە، ب رێکا ئاڤێ (وجعلنا من الماء کل شی حی)، ئاڤ ئەو سالۆخەتدانا بوونێ یە یا زمان نەشێت دەرببڕیت، ئەو پەیڤینا د ناڤبەرا فەقی و ئاڤێ دا ژ هێما و نیشان و ئاماژەیێن خوداییـنە، بۆ پێکڤە گرێدانەک دیار و نەدیار (زاهیر و باتن)، کو زمانە تایبەت و پیرۆز پەیدادکەت:

بێ فەم و قیل و قال ببێژ
هێدی ب لەفزێ حال ببێژ
بەر(میم و حێ و دال) ببێژ
شەرح و بەیانا کاغەتێ

فەقی ئاڤ کرە پیرێ و رێبەرێ خۆ بۆ وەرگرتنا پەند و زانینێ ، لڤێرە ئاڤ هەلگرا ئاماژەیانە:

ئاڤێ جەواب دا بێ سوخەن
ئەزمان نەبوو، ب حال گۆتە من
رەمزێن د پادشاهێ مەزن
سوبحان ژ وێ سەلتەنەتێ

ل داوییا ڤەکۆلینێ هۆشەنگ شێخ محەمەد بۆ خواندەڤانی دیاردکەت، کو (ئاڤ و ئاڤ) بەیتەکا کوردییا ل ئاستەک هۆنەری و زانیاریێ بلندە، دشێت بەردەوام هۆنەرەکێ کوردیێ رەسەن و خۆدان کومەکا بهایێن رەوشتی پێشکێشی فەرهەنگا مە بکەت، دگەل ب ورینا دەمی واتایێن نوی بدەت مە، ئەو وزە و شیانێن د ناڤخۆدا هەلگرتی ب رێکا زمانەک زیندی، بەردەوام ببەخشیتەڤە، بەیتێن کوردی دشێن هێزەکا هۆنەری و رەوشتی ب رەنگێ نهێنییەک پیرۆز بدەن مە.

فەقی بەیتەکا فۆلکۆلوری ب دیتنەک هەلاتگەری دارشتییەڤە، تێدا خۆ وەک فەیلەسوف و سوفییەک خوداناس ب تەرزەک تایبەت ددەتەنیاسین.

# دەق

- **پاسوێردی ژیان**

گۆران سەباح

- **ژنێکی پڕ پڕ لە درۆم**

چنوور نامق

- **دڵت لام نەبێ**

هەریار جەمیل ڕەنجبەر

- **تنێ ئەز و چانتا خوە دێ سەفەرێ کەین!**

ڤین عارف

# پاسوێردی ژیان ***



گۆران سەباح

پاسوێردی سەرسام «ژیانی پاک» ئەم کۆدانەی هەبوو: قەت مەکوژە، زینا مەکە، مەخۆوە، خیانەت مەکە، لەسەرووی هەمووشیانەوە، هەردەم ڕاستگۆبە.
لە ٢٠٠٥ لە هەولێر لەبەردەمی دادوەر ئەم پاسوێردەی لەنێو دڵی دانا دوای ئەوەی گرێبەستی هاوسەرگیری لەگەڵ ئاوات واژۆ کرد.
پێش ئەوەی بچنە دادگە، دەست لەناو دەست لە پارێزگەی هەولێر هاتنە دەرەوە، پێدەکەنین بەوەی لەوێ ڕووی دا.
لەناو پارێزگە، بۆ واژۆیەکی ئەفسەرێک سەعاتێک لەبەردەمی ژوورەکەی چاوەڕێیان کرد. پۆلیسێک لێیان نێزیک بۆوە، دەستی لەسەر دەمانچەکەی دانابوو، دەتگوت مەدالیەیە بە لاقونێکیدا شۆڕ بووەتەوە، پێی گوتن، «ئێرە قەحپەخانە نییە، دەستت لەسەر شانی لابە»
سەرسام بۆ خۆی ئیمانی لە چاوەڕێکردنەکە و گەرماکە نەما بوو، دوو هەنگاو لە پۆلیسەکە چووە پێشێ و گوتی: «یەکەم، هیچ پەیوەندی بەتو نییە. دووەم، جوان نییە لۆ پۆلیسێک ئەم وشە بەکار بینی لەپێش ئافرەتێک»
پۆلیسەکە تەریق نەبۆوە، بزەیەکی کرد. پیاوی ئەوە بوو لەم جۆرە دەرفەتانەدا دەسەڵاتی خۆی بجەربێنێت «خۆ ئەمە گەواد نینە کاکە، لەبەر چاوی من یەکترتان ماچ دەکرد»
بوختانەکە بەرچاوی سەرسامی تاریک کرد «وکی سەی درۆی دەکەی. با واش بێ، هیچ پەیوەندی بەتو نییە. ئەمە ژن و مێردین.»
ئەفسەرێکی ورگەستور لە ژوورەکەی هاتە دەرێ و گوتییە پۆلیس و سەرسام ئەو هەرایەیان لە چییە. سەرسام بۆی ڕوون کردەوە ئەوان چاوەڕێی وی دەکەن و پۆلیسەکەش شەڕیان پێ دەفرۆشێت. ئەفسەرەکە لە پۆلیسەکەی خوڕییەوە و ئەویش وەک ڕێوی کلکی لە پاشەڵی نا و کشاوە. پاشان ئەفسەرەکە فەرمووی ژوورەکەی لێ کردن و ئیشەکەی ڕواند.

***

دادگەی هەولێر، بینایەکی کۆنی بێزراو، کەوتبووە نێوان دەرگەی ڕۆژئاوای قەڵا و هوتێل هەولێر. سەرسام بەنابەدڵی تەلەفۆنەکەی لە پرسگە دانا. پۆلیس بە جگەرەی لا لێویەوە، تەفتیشێکی سەرپێی کرد. ئاواتیش چووە لای پرسگەی ئافرەتان، ژوورێکی بچووک، بۆنی سەگی تۆپیوی لێ دەهات.
لە نهۆمی دووەم، لەبەردەمی ژووری ٢٢١، هۆردووکیان چوونە کۆتایی سرەکە. چاوەڕێکردنەکە برستی لێ بڕین. «هەموو دنیا بە لایەک، ئەتووش بە لایەک، ئەم چاوەڕێکردن و ناخۆشییانە هیچ نین، هەر تێدەپەڕن» سەرسام دەستی ئاواتی ماچ کرد و وای پێ گوت.
لە سرە درێژەکەدا، سەرسام تەماشای کەپلەکانی پێش خۆیانی دەکرد. مکیاژی ئافرەتەکان، کە هەموویان حیجاب بوون، شل ببۆوە. پیاوەکانیش لەنێو قاتە ڕەشەکانیاندا ئارەقەی ڕەش و شینیان کردبوو.
«لەو کەپڵانە تێناگەم» بە سەبری بە ئاواتی گوت: «تەماشای چارەیان بکە، لۆ ئەوەندە ماتن؟ لەو ڕۆژە خۆشەی دەبی هەر هیچ نەبی دەویان بە خەندە بی»
«ئەی ئەو جلە گەرمانە؟» ئاوات هاوڕای بوو «سەیر کە، هەر ئافرەتە و برایەکی لەگەڵ خۆی هێناوە، وەک حەرەس شەخسی. ئەی ئەوە نییە مێردی خۆیانیان لەگەڵدایە؟»
سەرسام لەنێو پانتۆڵێکی ڕەساسی ئاچوغ و تیشێرتێکی نارنجی، ئاواتیش، پانتۆڵێکی سپی و تیشێرتێکی فستقی، بووبوونە موگناتیس و بە چاوی پیاوانی نێو سرەکەدا نووسابوون.
دوای دوو سەعات، فایلیان لەبەردەمی دادوەرێکی پیری کەچەڵ دانا. هێڕ هێڕ، بۆنی ڤۆدکای لێ دەهات.

***

لە سفرەوە دەستیان پێ کرد. سەرسام ڕۆژنامەوانێکی فریلانس و ئاواتیش بەرنامەیەکی تەرفیهی هەبوو لە کەناڵێک. بۆ پێشەکیی خانوو و ترۆمبێل پارەیان قەرز کرد و مانگانە دەیان داوە.
بڕیاریان دا جارێ منداڵیان نەبێت، هەر هیچ نەبێ، سێ ساڵی یەکەم تا تام لە ژیانیان بکەن. بەس خەڵک بێزاری دەکردن بەم قسە و پرسیارانە: منداڵتان هەیە؟ بۆ نا؟ ئێستە نەتانبێت، دواتر نەزۆک دەبن؛ ژیان بە منداڵانەوە خۆشە؛ هەر منداڵێک ڕسقی لەگەڵ خۆیدایە.
دوای ساڵێک، دێبابی هۆردوو لا تەنگاو بوون. پێشنیازیان کرد بچنە لای دکتۆر. هێندەی نەبرد دەنگۆی نەزۆکی ئاوات بڵاو بۆوە. خەڵک دەیانگوت ئاوات منداڵی نابێت. باوکی سەرسام بەبن گوێی دادا ژنی دووەم بێنێت بۆ منداڵ. دایکی ئاوات دڵی هەر ئەوەتە شەق نەدەبوو لە حەژمەتان.
«دەبێ بەهێز بین و گوێ بە تەداخولاتی ئەملا و ئەولا نەدەین» ئاوات بە سەرسامی گوت: «بەس ئەوەندە ماوە بپرسن هەفتەی چەند جار گان دەکەین»

سەرسام سەری لەقاند و پاشان دەستی ماچ کرد.
لە یەکەم ساڵیادی هاوسەرگیرییاندا، لە لای وێنەگرێک هەندێ وێنەیان بە جلی کوردییەوە گرت. ئاوات کراسێکی ڕەش و کەوایەکی زەرد، سەرسام کورتەک و شەرواڵێکی سەوزباو. پاشان چوونە چێشتخانەیەک بۆ نانی ئێوارە.
«کاتی هاتییە»
«هی چی بە ساقە؟» ئاوات پرسی.
«منداڵ»
ئاوات بزەیەکی کرد «ناکا بتەوێ پەیمانەکەمان بشکێنی؟ گوتم: گوێ بە خەڵک مەدە.»
«نا، مەسەلە خەڵک نییە، ئەمنم. ئەمن منداڵم دەوێ»
ئەو شەوە گەمارۆی سەر مەنعی خاریجیان لادا. ئاواتیش حەزی دەکرد لە ژێر فشاری خەڵک دەربازی بێت.

***

لە زەردەپەڕێکی ساردی ڕۆژێکی پاییزدا، چەند خولەکێک پێش ئاوابوونی خۆر، ئاوات بە پەلە چووە سەر مەغسەل و ڕشایەوە. سەرسام بەپەلە گەیاندییە عیادەیەک. میوانەکانیان بەجێ هێشت. سێ ئامۆزای ئاوات هاتبوونە ماڵیان. پێش ئەوەی ئاوات تێکچێت، پێی گوتبوو: «شانست هەیە. بۆ خۆت کوڕێکی چاکت دەست کەوتووە»
«پیرۆزە» دوای سەیرکردنی پشکنینەکان، دکتۆر مزگێنی پێیان دا. ئاوات سوور هەڵگەڕا و سەرسامیش دەمی وێک نەدەکەوتەوە. لەم ساتەدا، هۆردووکیان شاگەشکە و شاناز بوون.
ئاوات لەو جۆرە ئافرەتانە بوو زۆر تێکدەچوو بە سکپڕی. نەیتوانی لە کارەکەی بەردەوام بێت. نۆ مانگان سەرسام خزمەتی کرد لە ماڵەوە. سۆز و لاواندنەوەی سەرسام بووبووە بنێشتە خۆشکەی سەر زاری خەڵک. چۆن هەموو دەمێ ئاگای لێیەتی و هەرچی بیەوێت ناڵێ نا. دەرودراوسێ سەرسام بووبوون بە سەرسام. دایکی ئاوات پێشنیازی کرد دوو مەڕ بکەنە قوربانی تا لە چاوی پیس بەدوور بن.
مەدح و سەنای سەرسام لەلایەن خەڵکی چەندان مانگی خایاند.
«هەر بەڕاست ئەم خەڵکە بۆ واز ناهێنن لەو مەدحکردنەی تۆ؟» شەوێکیان لەسەرجێ ئاوات لە سەرسامی پرسی. «شانازیت پێوە دەکەم، بەس سیحری ئەم سەرسامبوونەی خەڵک بەتۆوە چییە؟»
سەرسام سکە پێنج مانگییەکەی ماچ کرد و گوتی: «لەبەر پاسوێردی ژیانمە»
سەرسام پاسوێردەکەی بۆ ئاشکرا کرد. ئاوات ماچی لا ڕوومەتی کرد و پرسی بۆچی تا ئێستە ئەم پاسوێردەی لێی شاردووەتەوە. بۆیە پێی دەڵێن پاسوێرد، سەرسام گوتی: نابێ کەس بیزانێ.
شەوێکیان سەعات سێی شەو ئاوات چووە سەر ئاو و کیسە ئاوی تەقی.
«دیارە یەکەم مندارتانە؟» لە نەخۆشخانە، یەک لە سیستەرەکان لە سەرسامی پرسی.
دەموچاوی ئاگری لێ دەباری، سەرسام پێی گوت هۆشی لای ئیشەکەی بێت.
«بەدی ئەوە یەکەم مندارتانە، لۆیە هەندە تەنگاوی» سیستەرەکە گوتی: «هەندە گێ مەدێ، ئینشالا سەلامەت دەبی» بۆنی قاوشەکان و ژوورەکە نەک سەرسام، کەریشیان دەتۆپاند. دکتۆری هێشکگر لەوێ نەبوو. سیستەرەکان لەبەر حریتە حریت ئاگایان لە ئاوات بڕا بوو.
سەرسام بڕیاری دا ئاوات بباتە نەخۆشخانەیەکی تایبەت.
ئاوات پێی گران بوو، گوتی: ئەم تایبەتانە خەڵک دەبڕێننەوە.
«تەندروستی تۆ هەموو دنیای دەێنی» سەرسام دڵی داوە.
کاتێ دایکی سەرسام زانی چی ڕووی داوە لە نەخۆشخانە حکوومییەکە، پێی گوت» دەویانت چەور کردبا، هەموو ئیشەکیان لۆ دەکردی»

***

بەئیشی فریلانس پێڕانەدەگیشت. دوای شەش مانگ، سەرسام لە کەناڵێکی تەلەفزیۆن بووە دایمی، موچەکەی باش بوو. هێندەی نەبرد لەگەڵ گروپێک ناردیانە هۆڵەندا بۆ ڕاهێنانی ڕۆژنامەوانی. دڵداری کوڕیان ئەو کاتە هەشت مانگان بوو. ئاوات ڕێی دا. هەردەم گاڵتەی بەو ژنانە دەهات کە ڕێیان بە مێردیان نەدەدا لەپێستی خۆیان بجووڵێنەوە. سەرسامی دڵنیا کردەوە ئەوان هیچ گرفتیان نابێت.
کەسوکاری هۆردوو لا ناقایل بوون، بەڵام گوێیان بەم قسانەیان نەدان: چۆن ژنێکی گەنج و جوان و منداڵێکی بچووک بە تەنیا جێ دەهێڵی؟ بۆ لەگەڵ خۆتیان نابەی؟ چ ژنێک ئەوە قەبوڵ دەکات مێردەکەی لە هۆڵەندا کیرم کیرم بسووڕێتەوە؟ دیارە ئاوات نازانێت لەوێ ژن و پیاو لەناو جادەی سواری یەک دەبن؟
بێ ئاگا لە پاسوێردی سەرسام، دەر و دراوسێ گرەویان دەکرد کە هەر مانگی یەکەم سەرسام خیانەتی لێ دەکات.
شەوێ، ئاوات بردییە فڕۆکەخانە، ماچی کرد و ماڵئاوایی لێ کرد. یەک فرمێسکیشی نەڕشت. بۆ ماوەی دوو مانگ، هەموو شەوێ لە (ئەمستردام)ڕا بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵ دەکردن.
دوای تەواوبوونی خولەکە و گەڕانەوەی بۆ هەولێر، سەرسام

کرا بە بەڕێوەبەری ژووری هەواڵ. مووچەکەی سێ ئەوەندە زیاد کرا و ترومبێلێکی ئاخر مۆدیلیشی پێ درا. ئاوات زانی ڕێپێدانی سەرسام بۆ هۆڵەندا بەلاش نەبوو.
سەری بە مێردەکەی بەرز بوو. هاوڕێیانی لەکار دڵخۆش بوون بە لێهاتوویی سەرسام. بەڵام سەرسام لە ناخەوە جێی پێ جێ نەبوو.
ئەوانەی لەگەڵ ئەو چووبوون بۆ هۆڵەندا، بە ژن و بێ ژن، داستانەکانی خۆیان بە شانازییەوە بۆ هاوڕێکانیان دەگێڕایەوە. شەوانە لەوێ چییان کردووە. سەرسام هەستی دەکرد، تاوانی ئەو لە هیی ئەوان گەورەترە.
***
دوای ماوەیەک، کەناڵەکەی سەرسام بووە باشترین کەناڵی هەواڵ. ئاهەنگێکیان بۆ ئەوە ساز کرد. نووسیار و پەیامنێران کۆ بوونەوە و پێکی ڤۆدکا و جن و وێسکیان بە خۆشی سەرکەوتنەکەیان نۆش کرد.
سەرسامیش، درەنگی شەو بە سەرخۆشی لە دەرگەی دا. کاتێ ئاوات دەرگەکەی کردەوە، نەیناسییەوە. بووبووە عارەبانە، سەرسام بە لاکەلاک چووە حەمام و ڕشایەوە. ئاوات باوەڕی نەدەکرد ئەوە سەرسامەکەیەتی. بۆنی مەشرووب، بۆنی ڕشانەوە و خەفەتی سەرسام وایان لە ئاوات کرد هێڵنجی بێتێ.
لە حەمامەکە، دوای ڕشانەوە، سەرسام کەوتە سەر زەوی. ئاوات دووشەکەی کردەوە. سەرسام ورتەیەکی لێوە هات، دەیگوت، «ئای باران، ئای باران»
ئاوات چی تر نەیتوانی فرمێسکەکانی دیل بکات.
دوای چەند خولەکێک لە ژێر ئاوە ساردەکە سەرسام تۆزێک ئایەخ بوو. ئاوات جلەکانی داکەند و خستییە سەر چیچکان و هەندێ سابونی لە لەش و دەموچاوی دا. سکی پڕی قسە بوو بەڵام لە سوێی مێردەکەی هیچی پێ گۆ نەدەکرا. خاولییەکەی تێوەرپێچاو و بردییە سەرجێ.
ئاوات چۆوە حەمامەکە و یەک بەخۆی قیژاندی. قیژەکە هەناوی تۆزێک هێور کردەوە. لەبەردەم دووشەکە بیری بۆ ئەوە چوو کە لە هۆڵەندا فێری خواردنەوە بووە. دەبێ چی دی کردبێ؟
ڕۆژی پاشتر، سەرسام بە تۆپ و تەیارە قیت نەدەبۆوە. ئاوات چەندان شەقی لە ڕوومەتی دا هەتا لە خەوێی هەستاند.
سەرسامێکی تر بوو. سەرسامی ئاوات سبەینان سەعات پێنج لەخەو هەڵدەستا، نوێژی بە جەماعەت دەکرد لە مزگەوت، کە دەهاتەوە نانی ئامادە دەکرد، ئەوجا ئاوات و دڵداری هەڵدەستاند.
چاوەکانی هەرپڕوشکاند، هەستی دەکرد یەک شاخ لەسەر شانیەتی. سەریشی قورس قورس. نە «بەیانی باش» نە گۆرانیگوتن، نە لاواندنەوەی ئاوات، هیچ، بەزۆری خۆی گەیاندە حەمامەکە. لە ژێر دووشەکە، هەستی تاوان و پەشیمانی هێرشیان بۆ هێنا. هیچی پێ نەما، گریان نەبێ.
تووڕەیی هەناوی ئاواتی دەهەژاند. چاوەکانی بووبوونە گۆمی خوێن. خاولی بۆ نەبرد، ماچی نەکرد، هەر بەلاشیدا نەچوو. بەکرێ سفرەی داخست بۆ نانی بەیانی. لە ڕکی سەرسام هێلکەی وەک جاران نەکوڵاند، لە ڕۆنی کرد، وەک جاران تەحین و دۆشاوی تێکەڵ نەکرد، بە جیا داینا، وەک جاران زەیتونی بۆ دانەنا. نانەکەشی هێندە تەڕ کرد، سەرسام پێی نەخورێ، حەزی لە نانی نەرم نەبوو.
لەسەر سفرەکە دانیشت. دەستی کرد بە قسەی خۆش و گاڵتە. «چۆنی گوڵەکەم» ئاوات چیدی خۆی پێ نەگیرا و دەمی لێ بۆوە «وا تەسەڕوف دەکەی دوێنێ شەو هیچ نەبووبێ. ئەزانی دوێنێ پیاوێکی بێ پاسوێردم بینی» سەرسام زەردەخەنەی نەما، وشک هەڵگەڕا. دەتگوت سیمی قاپان لەناو دەمیەتی.
ئاوات بەردەوام بوو «خوا ئەزانێ چی دیکەت کردووە لە هۆڵەندا»
هەرچی لە دڵیدا بوو پێی گوت.
ئەو دەمەی ئاوات قسەی دەکرد، سەرسام بیری هەر لە هۆڵەندا بوو، هێندەی خەمی بەوێ دەخوارد، هێندە دوێنێ شەوی لا گرنگ نەبوو.
هاوسەرەکەی لەپڕ لە قسەکردن وەستا. تەنیا دەنگی دوو شت دەهات: جریوەی چۆلەکە و هەنسکی ئاوات.
سەری داخست، گریانی قوت دایەوە و دەنگی هەڵێنا «شتەکە ئەوهاش نییە وا گەورەت کردییە» ئاوات یەکسەر نەڕاندی بەسەریدا. کوڕەکەیان هەستا لەخەو و دەستی کرد بە گریان. ئاوات خێرا فرمێسکەکانی خۆی سڕی و چوو منداڵەکەی هێنایە لای خۆی. بۆ یەکەم جار بەبێ دەنگی نانیان خوارد. بۆ یەکەم جار سەرسام یاری لەگەڵ دڵداردا نەکرد و ڕۆیشت.
بۆ ماوەی دوو هەفتە تەنیا ئەو کاتانە قسەیان لەگەڵ یەکدا دەکرد کە دڵدار لایان با. لەبەردەمی خەڵکیش دوو ئەکتەری باش بوون، کەس هەستی بەوە نەدەکرد درز کەوتووەتە نێوانیان. سەرسام بە دەیان جار داوای لێبوردنی کرد. ئاواتیش بیری کردەوە سەرسام شایەنی هەلێکی دیکەیە «بەو مەرجەی دەتبورم بەلای مەشرووبدا نەچی جارێکی دی» بەڵێنی پێ دا.
***
چوار ساڵ دوای بەڵێنەکە،

ئێوارەیەک، خۆر مەستانە ڕەنگەکانی ئاسمانی تێکەڵ کردبوو، ژانێکی لەناکاو ئاواتی خست. سەرسام هێشتا چاکەتەکەی دانەکەندبوو، بەپەلە گەیاندییە لای دکتۆر.

تاریکی ڕەنگەکانی ئاسمانی داپۆشی. لە شەقامی پزیشکان سەرسام سەری بە عەمودێک کردبوو، خنکابوو لەنێو بیرەکانی. سەرکۆنەی خۆی دەکرد، ویژدانی ئازاری دەدا. بیری لە کاردانەوەی ئاوات دەکردەوە، بێو بیزانیبا ئەو بە نهێنی دەخواتەوە. کاتێ ئاوات دەستی لەسەر شانی دانا، سەرسام یەک بەخۆی لە خۆی هەڵدا. سیمای ئاوات باش نەبوو. سەرسام پرسی «چ بوو، فەحسەکان باش بوون؟» نەیزانی بڵێ چی. بێدەنگی چەند چرکەیەکی لێک دوور کردنەوە، پاشان بە دەنگێکی نووساو گوتی: «دووگیانم» دڵی خێرا لێی دا، چاوەڕێی کاردانەوەی سەرسامی دەکرد. خۆ پلانی منداڵی دووەمیان نەبوو.

سەرسام چاوەکانی داخست، دەستەکانی خستە پشت سەری، ویستی لەو بازارە جەنجاڵەدا یەک بەخۆی هاوار بکات، بەس خۆی خواردەوە. پشتی تێ کرد، بە هەنجەت بوو بکەوێتە سەر یەکێک بە کۆڵەمستان. شوفێرێک هۆڕنێکی لێ دا، هیی لۆری بەستا بوو. سەرسام پێیدا تەقییەوە، هەزار جوێن بە فلسەکی. ئاوات حەپەسا، ئەوە قەت سەرسام نەبوو بەم شێوەیە جوێن بدات. دوای ئەوەی وەک دەبدەبە فش بۆوە، بە ئاواتی گوت: «با بڕۆین»

دوو مەتر لەپێش ئاوات دەڕۆیشت. بۆ جاری یەکەم بوو لەتەک یەکدا نەڕۆن. تاقەتی دوو منداڵی نەبوو، پێی وابوو دڵدار سەروزیادیان بوو.

لەنێو ترومبێل پێی گوت لای کەس باسی نەکات. ئاوات گوتی: کە سکی گەورە بێت ناتوانێت بیشارێتەوە. بە تۆنێکی دوژمنکارانە پێی گوت: بەیانی قسە لەگەڵ دکتۆرێک دەکات بۆ لەباربردنی. ئاوات بەمە داڕما، بەس بێدەنگی هەڵبژارد.

ڕێ هێندە قەرەباڵغ بوو نیو سەعاتیان پێ چوو تا گەیشتنەوە ماڵی خەسووی. لەم ماوەیە یەک قسەشیان نەکرد. ئاوات بە دایکی گوت لە عیادە بوون بۆ پشکنینێکی ئاسایی. سەرسام مڕومۆچ بوو، نانی نەخوارد، قسەی نەدەکرد. هێندەی نەبرد، سەرسام دەستی کوڕەکەی گرت و ڕۆیشت، ئاوات بەدوایدا چوو. دایکی زانی پشکنینێکی ئاسایی نەبووە.

ڕۆژی پاشتر سەرسام تەلەفۆنی بۆ هاوڕێیەکی کرد سەیدەلیەی هەبوو. لێی پرسی هیچ دکتۆرێک پێ نازانێت بۆ لەباربردن. برادەرەکەی گوتی: دکتۆر ناوێرن بیکەن، ئەگەر تازەیە ئەو دەتوانێت هەندێ حەبی لەباربردنی بداتێ. دوای تەواوبوونی دەوامی چووە لای هاوڕێکەی و حەبەکانی هێنا. تا گەیشتەوە ماڵ ویژدانی ئازاری دەدا: ئەم منداڵە تاوانی چییە، وا دەیەوێت لەناوی بەرێت؟

لە ماڵەوە، ڕێنماییەکانی بە ئاوات گوت، گوتی: سبەی دەیانخوات بەس سەرسام سوور بوو لەسەر ئەوەی هەر ئێستە چوار حەبی یەکەم بخوات و پێش خەوتنیش چواری دی و بەیانی زووش چواری دیکە. سبەی نیوەڕۆ دەستی بە ژان کرد و پارچە خوێنی فڕێ دا. سەرسام بەپەلە گەیاندییە نەخۆشخانەیەکی تایبەت. بە دکتۆرەکانی گوت: ژنەکەی دووگیانە و لەسەر قاندرمە بەربووەتەوە. پێشەکی پارەکەی دا و کورتاجیان بۆ کرد.

لەنێو ترومبێلەکە ئاوات نەیدەتوانی فرمێسکەکانی سەرکوت بکات. هەنسکەکانی دڵی سەرسامیان پڕ کرد. بۆ چەندان مانگ وشەی «قەتل» لەسەر زاری سەرسام بوو. ئەمانە ڕۆژانە ئازاریان دەدا: ناڕاستگۆیی، کوشتنی منداڵەکەیان، خواردنەوە. ئەمە وای لێ کرد زێتر پەنا بەرێتە بەر مەشروب.

***

بە دەیان سیڤی لەبەر دەست بوو تا سکرتێرێک بۆ خۆی هەڵبژێرێت لە کارەکەی. ئێستە کەسی دووەم بوو لە کەناڵەکە و لەبەر زۆریی کار پێویستی بە سکرتێرێک بوو. بەخێرایی پێیاندا چۆوە و سیڤی ئافرەتێکی هەڵبژارد، تێلی بۆ کرد بێت بۆ دیمانە. دووشەم سەعات (١٠).

سێ خولەک پێش ئەو کاتە ئافرەتەکە هات. پێڵاوی بن بەرزی تریقوهۆڕی بوو. چاکەتێکی ماڕۆنی. تەنوڕەیەکی ڕەش تا سەر ئەژنۆ. قژی درێژ تا سەر کلێنجەی بەردا بۆوە. تۆقەیەکی لەگەڵ سەرسام کرد و بەرانبەری، پێ لەسەر پێ، دانیشت. سەرسام بیست خولەکی بۆ دیمانەکە دانابوو. دوو سەعاتی خایاند. قسە قسەی ڕاکێشا. بزاوت و زیرەک بوو، خێرا نۆتەکانی سەرسامی دیتەوە. ئیتر بە کەیفی خۆی دەیژەنین.

وەرگیرا.

ئەم چەند ڕۆژە زۆر سەرقاڵ بوو، ڕووماڵی شەڕی سونە و شیعەیان دەکرد لە عێراق. سەرقاڵی بە هاوسەرگیرییەکەیانی وەدا، هەر ڕۆژەی بستێک لێک دوور دەکەوتنەوە.

ئۆفیشی وەرنەگرت، هەینی لە ئۆفیس خەوت، ئەویشی لا مایەوە.

# ژنێکی پڕپڕ لە درۆم



لەرۆژێکی وەک  ئەمڕۆدا
پێش هەزار ساڵ
چیتر
نەمتوانی گوڵەکان ئاودەم
بومە ئینجانەی چوار تەمەن بۆ ژاکانیان
لێوم بۆ هەر بادەیەک برد هەر گاڵتەجاڕ بوو وەرزی
دڵ
شەکرە زەقنەبوتە لێوم کە ناتوانم
تامی ماچەکان بکەم و
نزای ئەوین بمباتەوە بۆ کۆشی خۆی
ئەی بۆ بمبا؟
کە نەمتوانی ببم بەژنێکی زانا لە واڵاکردنی
دەرگاکان بێ تەقەتەق
کە نەزانبووم لە ئاودێریی شتڵەکانی تامەزرۆیی
لەهەڵدانی ریزە ماچەکان لە بادا...
ئێستا خۆم ئەتوانم بڵێم
لەشاری دڵ فاشیلترین ژنی ئەم مێژووە
سەرسپییەم،
هیچ
کتێبێکی عەشق  نەما پیاسەی بێ مەیلیی تیانەکەم
بەبێ ئەوەی توانام هەبێ نۆتە سورەکانی ئەوین
وەرگێڕمە سەر زمانەکانی  پەپولە
بەبێ ئەوەی  بوێریکەم چەپکە گوڵێک بدەمە دەستی
یارەوە
هەزار ساڵە لە قوتابخانەکانی ئەوین لە پۆلێکم
لەدایکمەوە بۆم ماوە
ترس
خورپە
پێنەکەنین
هەزار ساڵە فێری تەقوی و تاعەت ئەکرێم،
ژنێکی نەوێری بەر باران چۆن ئەتوانێ پەڵە بدا؟
چۆن ئەتوانێ بەتەماشا هاتوچۆی هەورەکان راگرێ؟
چۆن ئەوێرێ ئەستێرەکان بگرێت بەدەستەکانیەوە؟
چۆن ئەتوانێ شەپۆلەکان بەگیر بێنێ؟
زەنگ
دەنگ
هێڵی سوور و
فرمانەکان
مەکە و
مەڕۆ
هەزار ساڵە شێتم ئەکا
هەزار ساڵە گریان ژیرم ئەکاتەوە و بەخۆی ئەگری
ژنێکی پڕپڕ لە درۆم
لە نمایشی هەتاییدا وا وشک ئەبم
هەزار ساڵە پێکی ترساو هەڵئەدەم و لە پۆلی ئەوین قوتابیم
بەبێ ئەوەی چەپکە گوڵێک بدەمە دەستی یارەوە
بەبێ ئەوەی بوێریکەم
وشەی عەشق وەرگێڕمە سەر زمانەکانی باڵندە
بەبێ ئەوەی توانام هەبێ
ماچێک لە بادا هەڵبدەم......



چنوور نامق



# دڵت لام نەبێ



هەریار جەمیل رەنجبەر

دڵت لام نەبێ
تەنیا نیم؟
لە خەیاڵ و
غەریبیدا...!
نیشتمانێکی
بێ وێنە و ئاوەدانم
دان پیاناوە....
دڵت لام نەبێ
غەمبار نیم؟
لەتەراتێنی پەیڤین و
بێدەنگیدا...!
هەرایەکی رەوام
راهێناو...
دڵت لام نەبێ
ئەوەندە لێت
دوور نیم...!
لە بەینی هەڵدێری
دوێنێ و
مەدارە کورتەکانی
تەمەن....!
نەژادی خۆرەتاو و
رێگای نزیکی
کۆچێکی بێ وادەم
داهێناوە....

# تنێ ئەز و چانتا خوە دێ سەفەرێ کەین!



ڤین عارف

گاڤا هزرێن من سار دبن
چاڤێن گومانێ ب رح د کەڤن و دلەرزن
گاڤا دەنگێ دیتنا تە د ناڤ گوهێن مندا
زال دبیت
وێنەیێ خەریبیێ وەک میلێن دەمژمێران
دناڤ هەستێن مندا تک تکێ دکەن و
هار دبن
ل وی چاخی، تنێ ڤەگەریان چارەیە!
جاران.. ل سەر وێ جاددا هە
بیرهاتن رێز ب رێز
خوە ل سەر دهەلاڤێتن
جاران.. ل سەر وێ جاددا هە
ئەزا پڕی خەریبی و ئۆمێد
ل بەرامبەر پەیکەرەکێ گرنژینێ
راوەستیایی
مە تژی گرنژین د گۆتن و ڤەدخواندن
ل زستانان.. بارانێ هاتنا خوە د کرە ئاواز
ژبۆ چوونێ
جار ئاوازەکا مت هەستێن من نازک دکرن
جار ژی ئاوازەکا دژوار
هەستێن من رویس و ئاڵۆز دکرن
ل هاڤینان.. ل دەمێ ڤەگەریانێ
گەرما رۆژێ و تاریکەورکێن بنەفشۆک
دلێ من گەرم دکر و کەنیا من گەش دکر
دناڤ ڤێ گۆما پڕ ژ هەورێن خەریبیێ و
بۆشایی یێن دووربوونێدا
حەزێن من حەز دکەن
بەرەڤ سەفەرەکێڤە بچن
سەفەرەکا ئازاد بۆ ئازادیێ
کو تەڤ رەنگان
د هیڤی و ئۆمێدێن خوە وەرکەم و
د چانتەکێدا راکەم
لێ نزانم.. ل دویف پێنگاڤێن بای بچم
یان.. بەرەڤ پێنگاڤێن ئاڤێ
نەخێر!...
نە بەرەڤ وێ و نە بەرەڤ واهە
دێ چانتا خوە هەلگرم و
بەرەڤ پێنگاڤێن حەز و ڤیانێ چین
تنێ ئەز و چانتا خوە دێ سەفەرێ کەین!



# ڕۆشنبیریی گشتیی

- **کاتێک بەهایەک بۆ فیکر و فەلسەفە نامێنێ**

سمکۆ عەبدولکەریم



# کاتێک بەهایەک بۆ فیکر و فەلسەفە نامێنێ

**سمکۆ عەبدولکەریم**

سەدو بیست و پێنج ساڵ بەر لە ئەمرۆ نووسەر و بیرمەندی هەڵکەوتوی فەرەنسایی (گۆستاڤ لۆبۆن) لە ساڵی ١٨٩٥ (سایکۆلۆژیای جەماوەر) کتێبە هەرە بەناوبانگەکەی نووسی و ڕایگەیاند سەدەی داهاتوو سەدەی هەڵکشان و هاتنە میدانی جەماوەرە.

جەماوەر لە گۆڕانکارییەکاندا ڕۆڵی گەورە دەگێڕێ، لە خراپ بۆ باش، بە پێچەوانەشەوە. ئەمەش بەو مانایە نا، کە پێشووتر جەماوەر ڕۆڵی گەورەی نەبووە، ئەوە تەنیا بەو مانایەی کە لە ڕابردوودا ڕۆڵی جەماوەر هەرگیز بەو قەبارەیە نەبووە کە دواتر دەردەکەوێت.

ئەگەرچی دواتر لەو چوارچێوەیەدا کتێبی دیکەش نووسران و بیرمەندانیش قسەیان تێدا کرد وەک: جان بۆردیار لە کتێبی لە سایەی زۆرینەی بێدەنگدا. هەروەها مرۆڤی جەماوەر لە لایەن پۆل ئەدیلمان، دیارترینیشیان (سێرج مۆسکۆڤیچی) کتێبەکەی بەناوی (سەردەمی جەماوەر) ئەمە جگە لە جێپەنجەی فرۆید لەم ڕووەوە.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا تائێستا نەتوانراوە تێزەکانی گۆستاڤ لۆبۆن لەو بارەیەوە تێپەڕێنرێ، بۆیە تا ئەم ساتەش ئەو کتێبەی لۆبۆن بە کتێبە هەرە باشەکان دادەنرێ، بە مەرجێک هەروەک مامۆستایەکی دیاری فەرەنسایی وێڕای تێبینی زۆری لەسەر ئەو کتێبە بەڵام دەڵێ: (پێویستە ئەو کتێبە بە گیانێکی ڕەخنەگرانە بخوێنرێتەوە، بەڵام بخوێنرێتەوە).

ئەگەر باوەڕمان بەوە هێنا کە جەماوەر هەر جەماوەرە لە هەر کوێیەک بێت، بەو مانایەی کە ناکرێ جیاوازی لەنێوان جەماوەری لاتینی و جەماوەری ئەنگلۆساکسۆنی و جەماوەری ئیسلامی، یان عەرەبیدا بکەین، وەک هاشم ساڵح لە پێشەکی کتێبی سایکۆلۆژیای جەماوەردا کە هەر خۆشی لە فەرەنسییەوە کردویەتی بە عەرەبی ئاماژەی بۆ کردوە، ئەوە باشتر لەوە تێدەگەین کە دۆخەکە لێرە و لەوێ هەمان دۆخە، لامان سەیر نابێت کاتێک ئەردۆگان، یان پێشتر سەدام حسین، یان هەر سەرکردەیەکی دیکەی ئیسلامی، لێرە لە جیهانی ئیسلامیدا دەبینین قوڕئان بەڕووی جەماوەردا بەرز دەکەنەوە، هەروەک دۆناڵد ترامپ- یش بەهامان شێوە ئێنجیل بەرز دەکاتەوە و جوولەکەیەکیش تەورات.

ئەمەش تەنیا بۆ جۆشدان و ئاراستەکردنی جەماوەرە بەو ئاراستەیەی کە خۆیان دەیانەوێ، بەبێ ئەوەی لە جەوهەردا بۆ خۆیان یەک مسقال باوەڕیان بەو کتێبە پیرۆزانە هەبێ کە بەرزیان کردۆتەوە.

گەڕانەوە بۆ قورئان و ئینجیل و تەوڕات ئەوپەڕی ئیفلاسی سیاسی و فیکری و ئابوری و کۆمەڵایەتییە. بەتاڵکردنەوەی ئەو وەهمەیە کە دەیان ساڵە بەناوی پێشکەوتن و تەکنەلۆژیا و یەکسانی و مافی مرۆڤ و دادپەروەری و دیموکراسییەوە هەر لایەنە و لە شوێنی خۆییەوە جەماوەریان پێ هەڵخەلەتاندوە .

> **گەڕانەوە بۆ قورئان و ئینجیل و تەوڕات ئەوپەڕی ئیفلاسی سیاسی و فیکری و ئابوری و کۆمەڵایەتییە**

ئەو جەماوەرەی ئێستا بەتەواوی هاتوونەتە سەر تەختەی شانۆی سیاسی و خەریکە هەموو شتێک لەگەڵ خۆیاندا لوول دەدەن.

ئەو جەماوەرەی بەهایەک بۆ فیکر و فەلسەفە ناهێڵێتەوە، نەک هەر تاکی دەستەبژێر، سەرکردە سیاسییە بە هێزەکانیش، ئەگەر بیانەوێ بمێننەوە و درێژە بە تەمەنی سیاسیان بدەن، دەبێ دوای هەوای جەماوەر بکەون.

دونیای لیبرالیزم، بەوانەشەوە کە دوایی ئەو هەوایە کەوتبوون، شاگەشکە بوون، کاتێک بینیان وا بە بەرچاویانەوە دیواری سوشیالیزم دەڕوخێ، ئێمەش بێبەری نەبووین

لەو خۆشباوەڕییە، کاتێک لەسەرەتای نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوو بە تامەزرۆییەوە ئەو وتارانەمان دەخوێندەوە کە پڕ بوون لەو دەستەواژە و زانیاریانەی ئاماژە بوون بۆ باڵادەستی لیبرالیزم و کۆتایی سۆشیالیزم.

کەیف خۆشی لیبراڵەکان بە شێوەیەک لە شێوەکان لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو، کە ئیدی بەهۆی ئەو پێشکەوتنە خێرایەی لە بواری تەکنەلۆژیاوە بەدەست هاتووە، ئیدی لیبراخوازەکان کە خۆیان لە جیهانی سەرمایەداریدا دەبینیەوە، ئەو جیهانەی بریتی بوو لە کارگە پیشەسازییەکان، ئەو کارگانەش خۆیان لەدەستی کاری حەشامەتی بەرفراوانی کرێکاراندا دەبینییەوە، ئەو کرێکارانەی بە درێژایی خەباتی سۆشیالیزمەکان چەکێکی کاریگەری دەستی ئەوان بوون، ئیدی لێرە بەدواوە کرێکارەکان، دوای گەشەکردنی تەکنەلۆژیا، ئەو چەکە کاریگەرە نەمان، ئەگەر تا ئەو دەم کارگەیەک بە هەزاران کرێکار بەڕێوە بردرابێ، لەمەودوا ئەو کارگانە پێویستیان بەو ژمارە زۆرەی کرێکار نەما، ئەمە بۆ کەرتی کشتوکاڵیش هەروا بوو، کە جووتیارانیش لەو سەردەمەدا هیچیان لە کرێکارانی دەست و بازو کەمتر نەبوو (با هەمەموو جوتیار و پاڵە و ڕەنجدەران).

لەو سەردەمدا نارەزایەتی و مانگرتنی کرێکاران تەوقێکی کوشندە بوو لە گەردنی سەرمایەداری.

سەردەم سەردەمی خۆپێشاندانی ئەوان بوو لەبەرامبەر ئەو بێدادی و جەوروستەمەی لە بەرامبەریاندا دەکرا.

بۆیە کاتیک ئەو چیرۆکەش کۆتایی هات دونیا بەرەو ئەو ئاراستەیە هەنگاوی نا، کە ئێستا جارێکی دیکە هەموومانی خستۆتەوە بەردەم بیرکردنەوەیەکی نوێ، بیرکردنەوەیەک کە جەماوەر ئاراستەکانی دیاری دەکات، بەڵام چ جۆرە جەماوەرێک؟

ئەو جەماوەرەی بە ڕوحێکی هەڵچوو، کە کۆڵەکەکانی لەسەر باوەڕ و ئیمانێکی بەهێز داکوتاوە، کە زۆر قووڵترە لەوەی دەستی بیرکردنەوەی ئەقڵانی و لۆژیکیان بگاتێ.

دوای ئەوەی دەسەڵات ڕۆژ بەڕۆژ بێمتمانییەکەی لە لایەن جەماوەرەوە زیاتر دەبێت، دوای ئەوەی جەماوەر باشتر و ڕوونتر ڕاستییەکانی بۆ دەردەکەوێت، بە تایبەتی بەهۆی ئەو تەکنەلۆژیایەی ئێستا لەبەردەستە، دەبینین ئەو جەماوەرە چۆن لە یەک کاتدا پەلاماری هەموو شتێک دەدات.

چۆن دەبینێ دەیان دەیەیە ئەو هەموو هیوایەیان لە مێشک ئاخنیوە و ئەو بەهەشتەی لە پەرتووکە پیرۆزەکاندا ئاماژەیان بۆ کراوە، ئەمانە بەڵێنیان پێدابوون لەسەر زەوی و لەم دونیایەدا، نەک لەو دونیا بۆیان بەدەست بێنن. کەچی ئێستا بەچاوی خۆیان دەبینن جیهانی ئەو دەمی سەردەمی فیکر و فەلسەفە و ئایدۆلۆژیا و خەونە ڕەنگاو ڕەنگەکانیان چۆن چۆنی ڕۆژ دوای ڕۆژ لە جیهانی پووچگەرایی نزیک دەبێتەوە.

لێرەوە (دەبینی ئەوەی دوێنێ جەماوەر دەیپەرست، ئەمڕۆ دەیسووتێنێت، جگە لەوەی جەماوەر گۆڕینی بۆچوونەکانی بەلاوە وەک گۆڕینی کراسەکەی وایە).

ئەمە لە کاتێکدا گۆڕانکارییەکی گەورە بەسەر، هەم ژمارە و هەم بۆچوونەکانی جەماوەردا هاتووە، ئێستا سەردەمی بەڕاستی ترسانە لە جەماوەر.

لێرە، لە هەرێمی کوردستان دەبینین دەسەڵات چۆن لە

**“ لامان سەیر نابێت کاتێک ئەردۆگان، یان پێشتر سەدام حسین، یان هەر سەرکردەیەکی دیکەی ئیسلامی، لێرە لە جیهانی ئیسلامیدا دەبینین قورئان بەڕووی جەماوەردا بەرز دەکەنەوە، هەروەک دۆناڵد ترامپ- یش بەهامان شێوە ئینجیل بەرز دەکاتەوە و جولەکەیەکیش تەورات ”**

**ئەم تێکشکانە وەک هیچ کام لە تێکشکانەکانی ڕابردوو نابێ، تێکشکانەکانی ئەودەم دوژمنەکانمان بەسەریان دەهێنایین، بەڵام ئەم تێکشکانەمان، تێکشکانێکە خۆمان بەسەرخۆمانی دەهێنین**

**ئەوانەی دوێنێ سوێندیان بە نیشتمان و سەری شەهیدان دەخوارد، ئەمرۆ یەک دەنگ، ماغوت گوتەنی دەڵێن: (هیچ شتێک بەو زەویەم نابەستێتەوە، پێڵاوەکانم نەبێ)**

هاتنە سەرشەقامی چەند سەد کەسێک قەیسەری لێدەبێتە کونە مشک، لە خۆپیشاندانەکانی ئەمریکا و ئەوروپاش، جەماوەر چۆن ئەو پەیکەرانەی سەدان ساڵە بەبەرچاویانەوەیە، ئێستا دەیانهێنە خوار و بە ئاوییاندا دەدەن.

وەک هاشم ساڵح دەڵێ: (گەورەترین هەڵەی سەرکردەی سیاسی ئەوەیە هەوڵ بدات بە شێوازی ئەقڵانی جەماوەر رازی بکات)

بەو مانایەی (ئەو شێوازە تەنها ئاراستەی ئەقڵی تاکەکان دەکرێت، جەماوەر تەنها باوەڕ بە وێنەی ئیحائی و دروشمە حەماسییەکان و ئەو داخوازیانە دەکات کە لەسەرەوە فەرز دەکرێن).

بۆیە لێرە و لەوێ دەبینین سیاسییەکان کاتێک ڕووبەڕووی جەماوەر دەبنەوە بێقەید و شەرت دان بەهەموو شتێکی جەماوەر دادەنێن و داخوازییەکانیان بەڕەوا دەزانن، ئەگەرچی لە ناخیاندا بۆچوون و قسەی دیکەیان هەیە و تۆسقاڵێک باوەڕیان بەو قسانەیان نییە کە لەو کاتەدا بەرامبەر بە جەماوەری خرۆشاودا دەیکەن.

ئەمەش لەیەک کاتدا، هەم ترسە لە حەشامەتی جەماوەر، هەم فێڵە لێیان.

ئەم ترسە وادەکات نەتوانن تاسەر گوێ لە جەماوەر نەگرن، هەرکاتێک ویستیان بەهێز ڕووبەڕویان ببنەوە. ئەوانەی باشتر لە حەقیقەتی جەماوەر دەگەن باشتر هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا دەکەن، لەم دوایاندا ئەم ڕاستییە لە هەرێمی کوردستان ڕوونتر دەرکەوتووە، دەسەڵات دەستوبردانەتر بەدەنگ دەنگی جەماوەرە دەچێت.

وەک چۆن لە خۆپیشاندانەکانی ئەمریکا و ئەوروپاش دەبینین لە زۆر شوێن و حاڵەتدا ئەو هێزانەی بۆ کۆنترۆلکردنی خۆپیشاندانەکان دەنێردرێنە سەر شەقامەکان نەرمونیانانە هەڵسوکەوت لەگەڵ خۆپیشاندەراندا دەکەن، زۆرجار دەبنە بەشێک لەوان، یان بۆ دامرکاندنەوەی ڕقوقینی پەنگ خواردوویان، بە چەک و تیفاقەوە لە بەردەمیاندا بە چۆک دادێن و سەریان بۆ دادەنوێنن.

بە بەراورد بە چەند دەیەی ڕابردوو، ئەگەر دیقەت بدەین، ئێستا دەسەڵاتەکان کەمتر پەنا دەبەنە بەر توندوتیژی بۆ دامرکاندنەوەی ڕقی خۆپیشاندەران، تەنیا لەو شوێنانە نەبێ، کە هێشتا وەک خۆی لەو ڕاستییە حاشا هەڵنەگرە تێنەگەیشتوون.

ئەمەش ئەو ڕاستییە زیاتر بەرجەستە دەکات کە ڕۆژ دوای ڕۆژ لە سەردەمی دەسەڵاتی جەماوەر نزیکتر دەبینەوە.

ڕاستکردنەوەی هەیبەت و شکۆی میللەتێک، بەو چەند سەرە قەڵەمانە نابێت، کە هەندێ لە نووسەران لێرە و لەوێ دەینووسن، چونکە ئەوانەی لەناخدا تێکشکاون ئەو لەشکرە پان و بەرینەیە، کە زەحمەتە بەو وردە نووسینە بێ گیانانە بهێنرێنەوە سەر ڕێ، ڕێیەک کە نە لێمان ونکراوە، نە لێمان ونبووە، بەڵکو بەو پەڕی ئاگایەوە بڕیارمانداوە چیتر بەو ڕێگایەدا نەڕۆین کە نەیگەیاندینە نیشتمان، ئەوانەی دوێنێ سوێندیان بە نیشتمان و سەری شەهیدان دەخوارد، ئەمرۆ یەک دەنگ، ماغوت گوتەنی دەڵێن: (هیچ شتێک بەو زەویەم نابەستێتەوە، پێڵاوەکانم نەبێ).

بۆیە ئەم تێکشکانە وەک هیچ کام لە تێکشکانەکانی ڕابردوو نابێ، تێکشکانەکانی ئەودەم دوژمنەکانمان بەسەریان دەهێناین، بەڵام ئەم تێکشکانەمان، تێکشکانێکە خۆمان بەسەرخۆمانی دەهێنین. بەو پێیەش کە تایبەتمەندی کەسەکان هەرگیز جێگیر نییە، ئاساییە بینەری ئەوە بین چۆن ئەوەی لە ڕابردوودا بە خوێن بەدەستمان هێناوە، ئێستا بە چەپڵە لەدەستی بدەین. سروشتی جەماوەر وایە (هەر کاتێک بونیاد و پەیکەری بزووتنەوەیەک بگاتە دۆخی داڕزان و ژەنگهەڵێنان، جەماوەرەکان فرمانی ڕووخانی ئەنجام دەدەن، ڕۆڵی زەرورەتی خۆیان بەدیار دەخەن. لەوەها دۆخێکدا توانا و هێزی کوێرانەی جەماوەرەکان بەشێوەیەکی کتوپڕ لەیەک دەمدا دەبێتە تاکە فەلسەفەی مێژوو). ئەمە قسەی من نییە قسەی گۆستاف لۆبۆنە.

# دیدار

# یاقووب خزری

**یاقووب خزری**
**لە دایک بووی ٦ی ئابی ١٩٨١- مەهاباد**
**نووسەر و ڕەخنەگری ڕەوانناسیی ئەدەبی**
**ساڵی ١٩٩٩ دەستی بە نووسین کردووە، ساڵی ٢٠٠٣ لە زانکۆ گۆڤاری (ڕسکان) ی دەرکردووە. خاوەنی مەدرەکی کارناسی باڵا (ماستەر)ی ڕەوانناسییە.**
**لە ساڵی (٢٠٠٠)وە تا کۆتا ساتەکانی ئەنجومەن لە ساڵی (٢٠١٢) ئەندامی ئەنجومەنی ئەدەبیی مەهاباد بووە.**
**لە (٢٠٠٥-٢٠٠٧) ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی ئەنجومەنی ئەدەبیانی مەهاباد بووە.**
**دووساڵ ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی بنکەی فەرهەنگی هونەری موکریانی مەهاباد بووە.**
**ئەندامی لیژنەی زانستیی ڕەوانناسی و ئەدەبیاتە لە ئەنجومەنی ڕەوانناسانی ئێران، هاوکات ئەندامی ئەنجومەنی ڕەوانناسیی کۆمەڵایەتی ئێرانە.**
**ساڵانی (٢٠١١ تا ٢٠١٣) ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (بەرهەم) بووە.**
**لە ساڵی (١٩٩٨)ەوە تاکوو ئێستا خەریکی کارکردنە لەسەر ژانرێکی تایبەت بە ڕەخنە بەنێوی (ڕەخنەی ڕەوانناسانەی دەقی ئەدەبی)**
**کتێبێکی لە چوارچێوەی کاری ڕەوانناسی و ئەدەبی منداڵاندا بڵاوکردووەتەوە، ئێستاش کتێبێکی دیکەی لەچوارچێوەی ڕەخنەی ڕەوانناسانەی دەقی ئەدەبی کوردی، کە بە شێوەی کۆمەڵە وتاری زانستییە ئامادەی چاپە.**
**جیا لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی کوردستان وەکوو (ڕسکان، سیروان، ڕامان، بیروهزر، مانگنامەی مەهاباد) لە چەندین کۆنگرەی بەنێوبانگی ئێران و کوردستاندا بەشداری کردوە.**
**ساڵی ٢٠١٢ بەشداری کۆنگرەی نەتەوەیی ڕەوانناسی لە شاری ئیسفەهان کرد، لەو کۆنگرەیەدا وتارەکەی وەکوو وتاری هەڵبژێردراوی کۆنگرە دیاری کرا.**
**لە کۆنگرەی حەوتەمی ئەنجومەنی ڕەوانناسانی ئێران بە وتارێک بەشدار بووە.**
**لە ساڵەکانی ٢٠١٤ و ٢٠١٦ لە کۆنگرەی خەسارناسیی ئەدەبیاتی منداڵان لە ڕۆژاوای ئێران بە پێشکێش کردنی وتار بەشدار بووە.**
**ئێساش بەرپرس و خاوەن مۆڵەتی بڵاوگەی کتێبی «ژیر»ە لە مەهاباد.**



## یاقووب خزری:

# نووسین بۆ منداڵان دژوارترین ژانری ئەدەبیاتە

بۆ زیاتر گرنگیدان بەبواری ئەدەبیاتی منداڵان و ئاوڕدانەوە لە قەڵەمەکانی ئەو بوارە، ئەم دیدارەمان لەگەڵ نووسەر و ڕەخنەگری ڕەوانناسی (دەروونناسی) ئەدەبی ساز کرد.

یاقووب خزری یەکێکە لە نووسەرانی کوردستانی خۆرهەڵات، گرنگی بە نووسین دەدات لە بواری ئەدەبی منداڵان، ئێمەش بۆ زیاتر گرنگیدان بە ئەدەبیاتی منداڵان، بە پێویستمان زانی ئەو دیدارەی لەگەڵدا بکەین، بەتایبەتی وەک ڕەخنەگرێکی ڕەوانناسی (دەروونناسی) گرنگی زۆر بە ئەدەبی منداڵان دەدات و پێی وایە بایەخدان بەو ئەدەبە لە کوردستان لە ئاستی پێویستدا نییە.

**دیداری : ڕۆستەم خامۆش**

*** لەکەیەوە پێنووسەکەت تەرخان کردووە بۆ نووسین لەسەر ئەدەبیاتی منداڵان؟**

– لەساڵی ١٩٩٩ دەستم بە نووسین کردووە. نووسینەکانیشم لە چوارچێوەی ڕەخنەی ڕەوانناسانەی دەقی ئەدەبیی کوردی و ئەدەبیاتی منداڵان بووە. هەموو کارەکانم کە لە ئەدەبیاتی منداڵان ئەنجامم داوە و نووسیومن، کاری ڕەخنەیی و تیۆری بووە بۆ منداڵی کورد و دەقی کوردی.

*** بە هزر و تێڕوانینی تۆ ئەدەبیاتی منداڵان چییە، یان چۆن پێناسەی ئەدەبیاتی منداڵان کراوە؟**

– ئەگەر بمانەوێ پێناسەیەک بۆ ئەدەبیاتی منداڵان دیاری بکەین، دەکرێ لەچەند گۆشەنیگایەکەوە سەیری ئەو پڕۆسەیە بکرێ.

یەکەم پێناسە: (فەرمی و ئەکادیمی) یەکانن.

دووهەم پێناسە: کە نووسەر خۆی بە درکی شهوودی و زەینی خۆی دیاری دەکا و کاری لەسەر دەکا. بۆیە بەڕای من ئاکامی هەر کام لەو دوو تێڕوانینە دوو ناسنامەی جیاواز لە ئەدەبیاتی منداڵان دەخەنەڕوو.

یەکەم: ئەدەبیاتێکە خاوەنی میتۆدۆلۆژی و پێکهاتەیەکی دیاریکراو و زانستییە و لەسەر بنەمای تیۆری و بیری ئەندێشەیی دەڕوانێتە پرسەکانی پێوەندار بە ئەدەبیاتی منداڵان.

بۆنموونە: سەبارەت بە داستانی منداڵان، پێیم وایە دەبێ فاکتەرە ڕەوانناسی (دەروونناسی) و کەسایەتییەکان لەڕووی زانستی ڕەوانناسی لە بەرچاو بگیرێن تەنانەت شێوازی دارشتنەکەشی هەماهەنگ بێت لەگەڵ ڕەوتە نوێیەکانی باوی ئەدەبی و فیکری لەبابەت چەمکی منداڵ و چییەتی ئەو چەمکە.

دووهەم: ڕام وایە ئاکامی ئەو شێوازە لەبیرکردنەوە بە نیسبەت مەسەلەیەکی گرینگی وەک ئەدەبی منداڵان و دەقی منداڵانە. دەق گەلێکن کە لەڕووی تێگەیشتن و لێکدانەوەی نووسەر بۆ چەمکی منداڵ چێدەکرێن. ئەو تێگەیشتنە لە ڕوانگەی منەوە تێگەیشتنێکی هەڵەیە و دەبێتە هۆی ئەوەی کە تەنیا ئەو دەقانە بەهی منداڵ بزانرێن، کە نووسەر پێیوایە بۆ منداڵ دەبێ. لەڕاستیدا نووسەر خەریکە نیاز و کەمایەسی و نەدارییەکانی خۆی وەک پێویستییەکی منداڵ پێناسە دەکا، کەواتە ڕوانینی شهوودی و شەخسی بۆ ئەدەبی منداڵ، پێناسەیەک لەشوناسی منداڵ دەستەبەر دەکات، کە خاوەنی هیچ میتۆد و پێکهاتەیەکی ئەوڕۆی

زانستی نییە و ئەو دەقانەی لەئاکامی ئەو شێوە ڕوانینە بۆ منداڵ دەخوڵقێن، دەق گەلێکن، بەڕای من واباشە نەیان لێبنێین (دەقی وێرانکەر) بەداخەوە ئەو سەبکە لەبیر کردنەوە لە نووسەرانی کورد زۆر بەرچاوە.

*** شاعیران و چیرۆکنووسانی بواری ئەدەبیاتی منداڵان، بۆ ئەوەی لە نووسینەکانیاندا سەرکەوتووبن، چی بەمەرج و پێویست دەزانی کە لێی شارەزابن؟**

– شارەزایی ئەو نووسەرانە پێویستە فرەرەهەند بێ، نووسین بۆ منداڵان دژوارترین میتۆد و ژانری ئەدەبیاتە، نووسەرانی ئەو ژانرەش پێویستە دژوارترین نووسەرانی ئەدەبی بن. مەبەستم ئەوەیە نووسەری ئەدەبی منداڵان دەبێ شارەزا بێ لەتیۆری ئەدەبی بە گشتی و ئەدەبی منداڵان بە تایبەتی.

هەروەها ڕەوانناسیی منداڵ بە شێوەیەکی زانستی بزانێ. شتێکی دیکەش کە پێویستە نووسەری منداڵان لێیبزانێ ئەوەیە، ئاگاداری دۆخی کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و مێژوویی منداڵی کورد بێ، چونکە ئەدەبیاتی منداڵان گەرچی دیاردەیەکی جیهانییە، بەڵام پێویستە لێکدانەوە و شرۆڤەی لۆکاڵیش لەبەرچاو بگیرێ.

ئەو جوگرافیایەی منداڵی کورد تێیدا دەژی، نووسەر دەبێ بەهەموو تایبەتمەندییەکانی بیناسێ و شارەزای بێ. ئاشنایەتی لەگەڵ ڕەوتی نوێی جیهانیی هەبێ.

ڕوانین بۆ منداڵ و تیۆری منداڵ یەکێکی دی لەو شتانەیە کە نووسەری کورد پێویستە شارەزایی لێهەبێ.

*** لایەنی دەروونناسیی، چۆن دەڕوانێتە ئەدەبیاتی منداڵان؟**

– چەمکی منداڵ و لێکدانەوەی لایەنەکانی چەمکی منداڵ یەکێک بووە لەپرسە هەرە گرینگەکانی مێژووی ڕەوانناسی (دەروونناسی). تەنانەت لقی ڕەوانناسیی منداڵ لە سەرەتای بە ئەکادیمی بوونی لە ساڵی ١٨٧٩ لە زانکۆی لایپزیکی وڵاتی ئەڵمانیا (Germany) هەوێنی ئەو زانستە بووە. ئەوەی کە ڕەوانناسی چۆن دەڕوانێتە ئەدەبی منداڵان، پرسیارێکی زۆر گرینگ و هەستیارە. ڕەوانناسی بەهۆی ئەوەی کە منداڵ بە خاوەنی پێکهاتەیەکی تایبەت و دیاریکراو دەزانێ، منداڵ لە ڕوانگەی ڕەوانناسییەوە خاوەنی پێکهاتە، خشت و چوارچێوەیەکی فیکرییە بە لەبەرچاو گرتنی تەمەن و ئەو قۆناغەی کە تێیدا دەژی. قوتابخانە فیکری و تیۆرییە جۆراوجۆرەکانی ڕەوانناسیش هەرکام بە میتۆد و شێوازی خۆیان چەمکی منداڵیان لێکداوەتەوە و ئانالیزیان کردووە. ڕەوتە کلاسیکییەکان سەرەڕای ئەوەی کە ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبووە لەمێژووی ڕەوانناسیی منداڵدا، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە ئەو قوتابخانە فیکرییانە وەڵامدەرەوەی زەینی ئەکتیڤ و پرسیارخوڵقێنی منداڵ نەبوونە. منداڵ لە ڕوانگەی ئەوانەوە وەکوو ئێگزیستێکی گۆشەگیر و بێدەسەڵات چاوی لێدەکرا، بۆیە دەقێکیش کە بۆ منداڵ بەنێوی ئەدەبی منداڵ لەو سەردەمانەدا دەخوڵقا، دەقێک بوو لەسەر بنەمای ئەو شێوازەی ڕوانین.

بۆ نموونە: قوتابخانەی دەروون شیکاری پێیوابوو بیر و کەسایەتی منداڵ لەتەمەنی پێنج ساڵیدا بە تەواوییەتی خۆی دەگا و کامڵ دەبێ و شێوە دەگرێ. لەڕوانگەی قوتابخانەی کردەوە خوازیشدا (Behaviorism) منداڵ وەرگرێکی بێدەسەڵاتی زانیارییەکانی دەڤەری خۆیەتی.

منداڵ زانیارییەکان لەدەڤەر و ژینگەکەی وەردەگرێ، بەبێ ئەوەی بتوانێ شرۆڤەیان بکات و لێکیان بداتەوە. لەنیوەی دووهەمی سەدەی بیستەمدا ئەندێشە و قوتابخانە فیکرییەکانی ڕەوانناسیی منداڵ کەوتنە قۆناغێکی نوێ، شۆڕشێکی تیۆری و عەقڵانیان تێدا ساز کرد. شۆڕشێک کە کاگنیتیڤیسم (cognitivism) خوڵقاندی. ئەو قوتابخانە فیکرییە منداڵی وەک شرۆڤەکار و ئانالیزۆر پێناسە کرد. لەو ئاستەدا منداڵ ئەو ئێگزیستە بێدەسەڵات و گۆشەگیرە نەبوو، بەڵکوو سووژەیەکی پرسیارگەر و شرۆڤەکارە، هەموو پرسەکان و خاوەن بیرۆکە و سیستەمە فیکرییەکان، داهێنانی خۆیەتی. یەکێک لە بیرمەندانی ئەو پانتاییە (ژان پیاژ)ی ڕەوانناسیی سویسرا بوو. ئەو پێیوابوو منداڵ لە بەرامبەر پرسەکانی دەڤەردا ئەکتیڤە و خاوەنی زەینێکی شرۆڤەکارە. زەینی شرۆڤەکاریش بەردەوام ڕووداو و پرسەکان لێکدەداتەوە و ڕێچکە و ڕێگایان بۆ دیاری دەکات. لەسەر ئەو بنەما فیکرییە و هاوکات وەدی هاتنی ڕەوتی نوێ لەئەدەبی منداڵاندا، ڕەوانناسی پێیوابوو دەقی منداڵان دەبێ هەوێنی خەسڵەت گەلێک بێ کە ئەو زەینە ئەکتیڤ و پرسیارخوڵقێنە تێرئاو بکات. بۆ ئەو مەبەستەش پێویستە گۆڕانکاریی بنەڕەتی لەفۆرم و ناوەڕۆکی دەقی منداڵاندا ڕووبدات. ئەو گۆڕانکارییانە، هەم لە شیعر و هەم لە چیرۆکی منداڵاندا پێویستییەکی زۆر جددییە.

**“ واباشە شیعری منداڵان هەوێنی پرسیاری تازە بێت. پرسیارگەلێک کە شاعیری منداڵان بە ئاگاهی و زانستەوە بۆ منداڵانی بخوڵقێنێ. منداڵ دەبێ بێتە ناو دونیای شیعرەوە و خۆی لەناو شیعرەکەدا ئامادەیی هەبێ ”**

*** تایبەتمەندیی شیعری منداڵان چییە؟**

– بە پێی ئەو بابەتانەی پێشتر باسم کرد دەکرێ بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە ئاوا بدوێین: تایبەتمەندیی شیعری منداڵان پەیوەستە بە جۆری ڕوانین بۆ چەمکی منداڵ. بەومانایەی، ئەگەر ڕوانینمان ڕوانینێک بێ لەسەر بنەمای ئەو درکە شهوودی و شەخسییەی لەپێناسەی ئەدەبی منداڵاندا باسم کرد، ئەوە تایبەتمەندیی شیعری منداڵان خاوەنی ئەو خەسڵەتانەن، نووسەری



شهوودی بۆی دیاری دەکا و پێیوایە: شیعر دەبێ ڕەنگدانەوەی هەموو ئازار و نیاز و خواستە دەروونی و دەرەکییەکانی بێ، نەک منداڵ، بەڵام ئەگەر ڕوانینمان ڕوانینی زانستی و لەسەر بنەمای تیۆرییەکی عەقڵانی و ئەورۆیی بێ، ئەوکات دەکرێ بڵێین تایبەتمەندییەکانی شیعری منداڵان پێویستە خاوەنی چەمکگەلێکی ناو شیعرەکان بن، کە پاڵنەری ئەو زەینە پرسیارخوڵقێن و پرسیارگەرەی منداڵ بن.

لەئێستادا پێویست ناکا شیعری منداڵان هەمان شێوەی ڕابردوو بێت و تەنیا وەسفی شتە جوانەکان بکا. باسی جوانی باران و چەتر و پەپوولە بکات. بەڕای من واباشە شیعری منداڵان هەوێنی پرسیاری تازە بێت. پرسیارگەلێک کە شاعیری منداڵان بەئاگاهی و زانستەوە بۆ منداڵی بخوڵقێنێ. منداڵ دەبێ بێتە ناو دونیای شیعرەوە و خۆی لەناو شیعرەکەدا ئامادەیی هەبێت، نەک ئەوەی کە بیسەرێکی داماوی شیعر بێ و تەنیا پێی بڵێین باران ئاوایە و چەتر ئاوایە و پەپوولە ڕەنگینە. چونکە ئەوە ئێمەین باسی باران و چەتر و پەپوولە دەکەین نەک منداڵ، بەڵام لەو ڕەوتە شیعرییەی کە مەبەستی منە. منداڵ بۆخۆی دیاری دەکا، چ شتێک جوانە و چ شتێکیش ناشیرینە. منداڵ بۆخۆی دیاری دەکا دیاردەکان لە شیعردا چۆن پێناسە بکا، بەو شێوازە منداڵ دەبێتە بەشێکی گرینگ لە شیعر، بەشێوەیەک خۆی خودی شیعرەکەیە.

لە ناوەڕۆک و فۆرمی شیعریشدا منداڵ ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە و خاوەنی شیعرەکە خودی خۆیەتی. منداڵ هەم فۆرم، هەم ناوەڕۆک دیاری دەکات. بۆ ئەو شێوازە نوێیەش پێویستە نموونەی جیا لە کارکردی سەرەکی و کارکردی دی و جیاواز بۆ ئۆبژە شیعرییەکان دیاری بکەین. مەسەلەن چەتر تەنیا بۆ بەرگری لەتەڕبوون بەکار نەهێنین، بەڵکوو سووژەیەکی زیندووی لێ ساز بکەین و لەگەڵ منداڵدا بیانخەینە دیالۆگ و بیکەینە کاراکتێرێکی فانتاستیک بۆ منداڵ.

*** تایبەتمەندیی چیرۆکی منداڵان چییە؟**

– چیرۆک بە هۆی ئەوەی کە خاوەنی چەندین فاکتەر و خەسڵەتی تایبەتییە، بە بەشێکی زۆر گرینگ لەئەدەبیاتی منداڵان دادەنرێت.

یەکەم: بە هۆی ئەو (گێڕانەوە) یەی لە چیرۆکدا هەیە، دووهەم: کاراکتێرەکانی ناو چیرۆک. شێوەکانی ئاخافتن و هەڵسوکەوتیان و شێوازی داڕشتنیان.

سێهەم: مەسەلەی فۆرم و ناوەڕۆکی چیرۆک.

سێ پرسی باس کراو لە چیرۆکی منداڵاندا پێویستە هەماهەنگ بن لەگەڵ پرۆسەی گەشەی ستروکچێری (پێکهاتە) ی فیکریی و زەینی (mind)ی منداڵ. بە پێی تیۆرییە نوێیەکانی زانستی ڕەوانناسی، منداڵ توانستی درکی گێڕانەوەی هەیە بە شێوازی جۆراوجۆر.

مەبەست ئەوەیە سەرەتا نووسەر ئامانجی خۆی لەنووسینی چیرۆک سەبارەت بە تەمەنی بەردەنگەکانی دیاری بکا و پاشان بە پشتبەستن بە شێوازەکانی گێڕانەوەی تایبەت بەو تەمەنە، فۆرم، ناوەڕۆک و شێوازی گێڕانەوەی چیرۆک دابڕێژێ.

نووسەر ناتوانێ بە درکی شهوودی و شەخسی خۆی، لەڕووی فامی تاکەکەسی چیرۆک بۆ منداڵ بنووسێ. زانستی ئەورۆی ڕەوانناسی لەسەر ئەو باوەڕەیە کە منداڵ ئیدی بە پێچەوانەی ڕوانگە کلاسیکییەکان، وەرگری بێدەسەڵاتی دەکات، پرس و ڕووداوەکانی جیهانی خۆی نییە، بەڵکوو خەریکە بە شێوەیەکی بیرمەند ئاسا ئەو پرس و ڕووداوانە لێکدەداتەوە.

کەواتە چیرۆکی منداڵان

پێویستە، چ لەڕووی فۆرم، چ لەڕووی ناوەڕۆک و هەروەها چ لەڕووی میتۆدەکانی گێڕانەوە وەلامدەرەوەی ئەو خەسڵەتە گرینگانەی منداڵ بێ. لە چیرۆکی ئەوڕۆدا منداڵ دەبێ خاوەنی ڕۆڵی خۆی بێت. بەومانایەی منداڵ لەگەڵ کاراکتێرەکانی ناو چیرۆک بەردەوام لە حاڵی دیالۆگ و دانووستاندا بێ.

ئەوەی کە ئەو کارە چۆن بکرێ، ئیدی نووسەری چیرۆک بۆ منداڵان بە لەبەرچاو گرتنی ئەو توانستە گرینگەی منداڵان، فۆرمە نوێیەکانی باو و سەردەمیانەی ئەدەبی منداڵان بخاتە نێو نووسینەکانی، بۆ ئەوەی منداڵی کوردیش وەکوو منداڵی وڵاتانی دی بتوانێ لە چیرۆکی نوێ و فۆرمی نوێ کەڵک وەرگرێ و ژیانی خۆی سەرلەنوێ بنووسێتەوە.

یەکێک لە فۆرمە نوێیەکان، کە چیرۆکنووسی کورد دەتوانێ بۆ گەیشتن بەو ئامانجە کەڵکی لێ وەربگرێ فۆرمی (ئەوپەڕ چیرۆک)ە ئەو فۆرمە منداڵ دەکاتە بەشێک لە کەسایەتییەکانی ناو چیرۆک و تەنیا وەک ئۆبژەیەکی بێدەنگ و بێدەسەڵات سەیری ناکا. پرسیار لە منداڵ دەکات بۆ ئەوەی درێژەی چیرۆک بەچ شێوەیەک بێ. لە منداڵ دەپرسێ لاسایی کاراکتێرەکانی ناو چیرۆک بکاتەوە، هەروەها لە چیرۆکێک بۆ چیرۆکێکی دی لەگەڵ منداڵدا سەفەر دەکا. هەموو ئەو خەسڵەتانەم بۆیە باس کرد کە نووسەری کورد پێویستە بە کەڵک وەرگرتن لە ئەزموونەکانی ڕابردوو ئەو ئەزموونە نوێیانەش تاقی بکاتەوە.

*** وەکو دەزانین بۆ منداڵان زیاتر شیعر نووسراوە، چیرۆک کەمتر، بەڕای تۆ وەک ڕەخنەگر و لێکۆڵەر بۆچی چیرۆکنووسمان لە بواری منداڵاندا کەمترە؟**

- هەر وەک لە وەلامی پرسیاری پێشوودا باسم کرد چیرۆکی منداڵان گۆڕانکاری زیاتری بە خۆیەوە بینیوە. ئەو گۆڕانکارییانەی لە فۆرم و ناوەڕۆک و شێوازەکانی گێڕانەوەدا ڕوویان داوە. نووسەری ئێمە کەمتر لەگەڵ ئەو تەکنیکە نوێیانە ئاشنایەتی هەیە، کەمتر خۆی لەقەرەی چیرۆک داوە. هۆیەکی دیکەش، دەگەڕێتەوە بۆ ناخودئاگایی گشتی تاکی کورد، ئەگەر سەیری ئەو ناوخود ئاگاییە مێژووییە بکەین دەردەکەوێ کە شیعر وەکوو دیاردەیەک لەهەموو وردەکارییەکانی ژیانی کورددا ڕۆڵی بینیوە، تەنانەت لەو دەقە فۆلکلۆریانەشدا کە بۆ منداڵان ماوەتەوە زیاتر باوی شیعر بووە. ئەوکات ئەگەر شتێک وەکوو حەقایەتیش بۆ منداڵان گوترابێ لەڕووی ژمارەوە کەمتر بووە. دەرکەوتەی ئەو شێوە مێژووییە و هاوتەریب بوونی زەین و ئەزموونی کوردی لەگەڵ شیعر لێکەوتووەتەوە، ئەو تایبەتمەندییە منداڵانیشی گرتووەتەوە.

هەروەها چیرۆکی سەردەم بەهۆی ئەوەی زیاتر بەرهەمی ڕۆژاوا و نووسەرانی ڕۆژاواییە کەمتر توانیومانە بۆ دەقی کوردی بگوازینەوە، ئەمەش بە بەراورد کردنی لەگەڵ شیعردا.

*** بە دید و تێڕوانی تۆی ڕەخنەگر و لێکۆڵەر، یان وەک ڕەوانناس، بۆچی تا ئێستا وەک پێویست لێکۆڵینەوە لەبارەی ئەدەبیاتی منداڵان نەکراوە، یان ڕەخنەگرمان لەو بوارەدا کەمە، بەڵگەشما بۆ ئەوە کەمیی بەرهەم و کتێبە لە بواری منداڵاندا؟**

- دەتوانم بڵێم ئەو بابەتە یەکێکە لە بابەتە هەرە گرینگەکانی ئەو بەستێنە. منیش هاورام لەگەڵ بەڕێزت. پێم وایە خەسارناسییەکی زۆر، میتۆد و زانستی پێویستە بۆ ئەوەی بتوانین هەموو هۆیەکانی ئەو پرسە ئاشکرا بکەین. بەلام ئەگەر ئیزنتان لەسەربێ وەکوو ڕەخنەگرێکی ئەو بوارە ئاماژە بەچەند مەسەلەیەکی گرینگ دەکەم: لێکۆڵینەوە خۆی پرۆسەیەکی ئامانجدار و میتۆدۆلۆژیکە، ئەنجامدانی پرۆژەگەلی زانستی و زانینی میتۆد زۆر گرینگە، بە هۆی ئەوەی نووسەر و ڕەخنەگری ئێمە لەگەڵ ئەو شێوازە لەنووسین و ڕەخنە نامۆیە، کەمتر خۆی لەقەرەی لێکۆڵینەوە دەدات. لێکۆڵینەوە لەئەدەبی منداڵاندا سەرەڕای ئاشنایەتی لەگەڵ میتۆدۆلۆژی، پێویستە چەمکی منداڵ و منداڵ بوونیش پێناسە بکرێ و تایبەتمەندییەکانی ئەو چەمکە بزانرێن، بەهۆی نەزانینی ئەو پرسانەیە کە نووسەری کورد نەیتوانیوە بەڕادەی پێویست لەسەر ئەدەبی منداڵان کاری زانستی و ڕەخنەگرانەی جددی بکا. مەسەلەیەکی دیکەش کە بە پێویستی دەزانم ئاماژەی بۆبکەم نامۆبوونی زەینی گشتی و ناخودئاگایی بەکۆمەڵی تاکی کورد و نووسەر و ڕەخنەگری کوردە، ئەمە جگە لەو دیاردەیەی پێیدەڵێن ڕەخنەی نوێ.

پێکهاتەی مەعریفی (cognitive structure) نووسەر و ڕەخنەگری کورد تا ئێستا نەیتوانیوە هەوێنی سووژەی تازە و ئەوڕۆیی بێ، کە ئەو سووژە تازانە هۆکارێکن بۆ ئەوەی جیهانی مەعریفی (cognitive world)ی خوێنەر (منداڵ) تووشی گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی بێ، ئەکت (act)ەکانی منداڵ لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی

**"ئەدەبی منداڵان دەبێ هەنگاوی جددی بۆ هەڵێنرێ. ڕێک وەکوو ئەو کارانەی (هانس کریستین ئەندێرسێن) لە ئەوروپا و (سەمەدی بێهرەنگی) لە ئازەربایجان کردیان"**

**"پێویستە بنکە و شوێنی تایبەت بۆ ئەدەبیاتی منداڵان لەهەموو شوێنەکانی کوردستان بکرێنەوە. هەمووان بۆ ئەو کارە هەماهەنگیان هەبێ و پڕۆژەی درێژخایەن بۆ منداڵان بکەنە هەوێنی پلان و بەرنامەکانیان"**

جیهانی ئەمڕۆ هاوتەریب دەبێ. نامۆبوون لەگەڵ پڕۆسەیەکی وەها گرینگدا، یەکێک لە سەرەکیترین هۆیەکانی ترسی نووسەری کوردە بۆ لێکۆڵینەوە و نووسین لەو بوارەدا. ئەوەی کە ڕوون و ئاشکرایە مادام دەقگەلی پێویست نەخولقێ، ڕەخنەش ئامانجەکانی خۆی ناپێکێ. هەنگاوی یەکەم خولقانی دەقی زۆرە بۆ ئەدەبی منداڵان، پاشان بە پشتبەستن بەو دەقانە، ڕەخنەگر کاری خۆی دەکات.

خەسارناسیی وەک دیاردەیەکی لەو چەشنە پێویستە، لە لێکۆڵینەوەدا خاوەنی مێژوو مەندییەکی وەسفی بێ و دەقی منداڵانە لەڕووی مێژووییەوە ڕەوتی بۆ دیاری بکرێ. نووسەرانی کورد ئێستاش بە پێوانەکانی سوونەتی دێرین و (ئارکائیک) خەریکن دەقی منداڵانە لێکدەدەنەوە و هەر بەو پێودانگەش دەق بۆ منداڵان دەنووسن. من ناڵێم (ئارکائیک) بەگشتی نێگەتیڤە، بەڵکوو مەبەستم ئەوەیە کە خوێندنەوەیەکی ئەوڕۆیی بکرێ و لەسەر بنەماکانی کلتووریی ئەوڕۆییمان شەنوکەو بکرێتەوە. پاشان پێوەرەکانی دیاری بکرێن و ببێت بە ستایل و ستانداردی نووسین بۆ منداڵان. ئەو پرسانە تا ئێستاش لەجیهانی وێنای نووسەری کورد ئامادەییان نییە، بۆیە ئەو خەسارەی لە پرسیارەکەدا هاتووە هەمیشە لە یەکێک لە بەرچاوترین خەسارەکانی ئەدەبی منداڵان بەرجەستە بووە.

*** چی بکرێ باشە، بۆ ئەوەی شاعیران و چیرۆکنووسان و نووسەرانی بواری ئەدەبیاتی منداڵان لێک نزیک بن و ئاگاداری بەرهەم و چالاکیی یەکتر بن؟**

– پێویستە بنکە و شوێنی تایبەت بۆ ئەدەبیاتی منداڵان لەهەموو شوێنەکانی کوردستان بکرێنەوە. هەموویان بۆ ئەو کارە هەماهەنگیان هەبێ و پڕۆژەی درێژخایەن بۆ منداڵان بکەنە هەوێنی پلان و بەرنامەکانیان. بەردەوامیش لە دیالۆگ و گفتوگۆدا بن. ئەگەر بکرێ لەو بنکە و شوێنانەدا هەموو بەشەکانی ئەدەبی منداڵان چالاک بکرێن و کاری جددی و زانستی بۆ بکرێ. بەرنامە و گەڵاڵەکان بەکەسانی پسپۆڕ و شارەزا بسپێردرێ. ئەو بنکە و شوێنە تایبەتانە حەتمەن دەبێ لەگەڵ بنکە و شوێنە جیهانییەکان لە پێوەندیدا بن، بۆ ئەوەی ئەدەبی منداڵان لەئاستی جیهانیشدا دەرگەی دیالۆگ و بابەتی نوێمان بەڕوودا بکاتەوە.

ساڵانە فێستیڤاڵ و کۆنگرەی زانستی بۆ ئەدەبی منداڵان تەرخان بکرێ. خەڵاتی تایبەتی بۆ نووسەران و لێکۆڵەرانی ئەو بوارە دیاری بکرێ. ساڵانە بەرنامە و پلانی تایبەت هەبێ بۆ ئەوەی نووسەرانی ئێمە لەگەڵ نووسەرانی جیهانی دانیشتنیان هەبێ و لەئەزموونەکانی یەکتر کەڵک وەرگرن.

*** تۆ وەک یەکەم کورد بەشداری لە ٣٧مین کۆنگرەی جیهانیی ئەدەبیاتی منداڵان، بە نێوی کۆنگرەی (IBBY) کە لە شاری مۆسکۆی پایتەختی ڕووسیا بەڕێوەدەچێ. دەکرێ باسێکی گرنگیی ئەو کۆنگرەیە و بانگهێشت کردن و چوونی خۆت بکەی؟**

– بە خۆشییەوە وەک یەکەم کورد توانیم بە وتارێکی زانستی لەسەر دەقی ئەدەبی منداڵانی کورد بگەمە ئەو کۆنگرەیە، کە بڕیاربوو لە سێپتامبری ٢٠٢١ بەڕێوە بچێ، بەڵام بەهۆی کۆڕۆناوە کاتی بەڕێوەچوونەکەی دوا خرا.

کۆنگرەی (ibby) دوو ساڵ جارێک لەسەر بابەتەکانی پێوەندیدار بە ئەدەبی منداڵان بەڕێوە دەچێ. بۆ نموونە هەموو ژانرەکانی ئەدەبی منداڵان، وێنەگەری بۆ منداڵان، کارکردن بۆ خوێندنەوە و پەرەپێدانی کلتووریی خوێندنەوەی کتێب، بەگشتی هەموو ئەو بابەتانەی بەشێوەیەک پێوەندیان بەئەدەبیاتی منداڵانەوە هەیە.

لەو کۆنگرەیەدا خەڵاتی (هانس کریستین ئەندێرسێن) دەدرێ بە یەکێک لە پاڵێوراوانی نووسەری داستان و شیعری منداڵان، بە مەرجێک توانیبێتی شوێندانەر و کاریگەر بێ لەسەر ڕەوتی ئەدەبی منداڵان، شایانی باسە ئەو خەڵاتە بە نۆبلی ئەدەبیاتی منداڵان دەناسرێ، هەروەها باشترین وێنەگەری جیهان بۆ منداڵان خەڵات دەکرێ. ئەو کۆنگرەیە بەشێکی هەیە کە بۆ زانست و لێکۆڵینەوە لەسەر ئەدەبی منداڵان تەرخان کراوە، منیش توانیومە بە وتارێک لەسەر ئەدەبی منداڵان لەڕووی خوێندنەوەیەکی ڕەوانناسیانە، شانازی بەشداربوونم لەو کۆنگرەیەدا وەک یەکەم کورد هەبێ.

*** دەزانین منداڵ زۆر حەز بە وێنە دەکات، بۆ نموونە کاتێ شیعر و چیرۆک دەخوێنێتەوە، پێی خۆشە وێنەی لەگەڵدا بێ، هۆکاری ئەمە چییە و بۆچی؟**

– وێنە و زمانی وێنە، بە هۆی ئەوەی کە زیاتر هێزی بەرقەرارکردنی دیالۆگی هەیە لەگەڵ منداڵ و زمانحاڵی ئۆبژەکانی ناو ژیانی منداڵە، کە مەعریفە و درکی منداڵ لە دەق زیاتر دەکا، ناکۆکییەکانی دەق لەناو دەبا، دژوارییەکانیشی ئاسان دەکاتەوە. ناوەڕۆک و تێمی داستان بەرهەستتر دەکا. زانیاری و ئاگایی منداڵ بە نیسبەت پرسگەلێکی وەکوو هەستی هونەری و جوانناسی زیاد دەکا. لەڕووی وێنەوە منداڵ فێری مانای ڕەنگەکان دەبێ،

لەگەڵ کردەکانی ئاوێتەکردن، پێرسپێکتیڤ (perspective) و چوارچێوە ئاشنایەتی پەیدا دەکا. فامی منداڵ لەپێوەندیی نێوان ئۆبژەکان لەڕووی وێنە ئاسانتر دەبێ. هەروەها منداڵ بەکەڵک وەرگرتن لەوێنە ڕەها دەبێ و لەگەڵ دەق و خەیاڵەکانی وەگەڕ دەخرێن و لەچوارچێوەی بەرتەسک و تەنگی دەق دێتە دەرەوە.

وێنە یەکەم کەرەستەیە بۆ ئەوەی منداڵ بتوانێ جیهانی خۆی پێ مانادار بکات، جیهانێک کە ئێستا بە تەواوەتی نەیناسیوە و ئەزموونی کەمی هەیە بۆ ناسینەکەی. وێنە زمانی گێڕانەوەی چیرۆک، یان ناوەڕۆکێکە. پێوەندی نێوان وێنە و دەق پێوەندییەکی داینامیکییە (لە حاڵی جووڵە دایە و وەستاو نییە) بەردوام زانیاری تازە بە منداڵ دەبەخشێ و ناسین و مەعریفەکانی منداڵ تووشی گۆڕانکاری دەکا. ئەو پێوەندییە داینامیکییە دەبێتە هۆی چەلێنجێک (challenge) لەنێوان وێنە و دەقدا، وێنەکانی پێشێ و دوایی شێوە بگرێ، ئەو چەلێنجە هۆکارێکە بۆ درووست بوونی دیالۆگێک لەنێوان دەق و وێنە و منداڵدا. دەرکەوتەی ئەم پرۆسەیە نەزم و دیسیپلینێکە، کە منداڵ لە نێوان دەق و وێنەدا بەرقەراری دەکا و لە کۆتاییدا دەگا بە فام کردنی دەق لە ڕێگای وێنەکان.

*** چۆن دەڕوانیتە ڕەوشی ئێستای ئەدەبیاتی منداڵانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان؟**

– هەرچەندە لەوچەند ساڵەی دواییدا کۆمەڵێک بەرهەمی باش لەو پێوەندییەدا خوڵقاوە. بەڵام ئەگەر بمەوێ بەگشتی ئەو ڕەوشە لێک بدەمەوە، دەبێ بڵێم بەر لەهەموو شتێک خەسارناسییەکی جددی پێویستە. لێکۆڵینەوەی زانستی لەو بوارەدا زەروورەتی هەیە.

وەکوو کەسێک کە ساڵانێکە لەبواری ڕەخنەگری و تیۆری ئەدەبیاتی منداڵان کار دەکەم و لەگەڵ دەق و ڕەوشی ئەدەبی منداڵاندا تێکەڵاویم هەیە، ئاماژە بە پرسێکی گرینگ بە پێویست دەزانم:

زۆربەی نووسەرانی داستان و شیعر و بەشەکانی دیکەی ئەدەبی منداڵان نەیانتوانیوە خۆیان لە کلاسیک و سوننەتییەکانی نیسبەت بە منداڵ دەرباز بکەن، مەعریفەی ئەو نووسەرانە ئێستاش لەسەر مەعریفە و ناسینی کۆن فرچکی گرتووە. ئەو ناسینە سوننەتییەش نەتەنیا ئاکامی خوێندنەوەیەکی جددی نییە، بەڵکوو ئاکامی ڕاوبۆچوونی شهوودی و شەخسی خۆیانە. نووسەرێک کە بەو ئاگاییەوە دەق بۆ منداڵ دەنووسێت، ناکرێ وەکوو دەقێکی بیرخوڵقێن سەیری بکەین. من ناڵێم ئەو مەعریفەیە هەموو نێگەتیڤە، بەڵام پێویستە لەگەڵ ڕۆژ بێتەوە و لەگەڵ پرسەکانی جیهانی ئەورۆ هاودەنگ و هاوبیر بێ.

دووهەم: نەبونی میتۆد لەئەدەبی منداڵاندا. میتۆدۆلۆژی (Methodology) کە لەدوو لایەنی ئەدەبی منداڵاندا گرینگە. لە دەقگەلی منداڵان و هەروەها لە ژانری ڕەخنەی ئەدەبی منداڵاندا. ئەوەی کە دەڵێم دەقگەلی ئەدەبی منداڵان خاوەنی میتۆد نییە، مەبەستم ئەوەیە کە نووسەرانی بواری منداڵان، تا ئەوکاتەی نەبوونە خاوەنی نەزم و چوارچێوەیەکی دیاریکراو لە نووسیندا. کاتێک دەقێک بۆ منداڵ دەنووسرێ، پێویستە ئەو نووسینە خاوەنی باکگراوندێکی (beckground) مەعریفی و زانستی بێ، ئەگەر نووسەر ئەو باکگراوندەی هەبێ و لەسەر بنەمای وەها مەعریفەیەک دەق بخوڵقێنێ، بێشک دەتوانێ ئامادەیی هەبێ و لەگەڵ سیستمی مەعریفەی منداڵ، پێکهاتەکانی زەینی منداڵ و دیالۆگ بەرقەرار بکا. وەها دەقێک دەتوانێ داهێنان و بیری نوێ لە منداڵدا بخوڵقێنێ و منداڵ لە ئۆبژەیەکی بێدەسەڵاتەوە بکاتە سووژەیەکی کارتێکەر و پرسیار خوڵقێن.

بەشێکی دی لەنەبوونی میتۆدۆلۆژی دەگەڕێتەوە بۆ بەشی ڕەخنەیی لەو بەستێنەدا. ڕەنگبێ هەموومان شک لەوەی نەکەین، ڕەخنە لە ئەدەبیاتی منداڵاندا، نەک هەر لە ڕۆژهەڵات لەهەموو بەشەکانی دیکەی کوردستانیش لاوازە و خاوەنی شوناس نییە.

نەبوونی میتۆد یەکێکە لە گرینگترین هۆکارەکانی ئەو ناشوناسییە. بەداخەوە لەو بەشەدا ژمارەیەکی زۆر کەم لە ڕەخنەگرمان هەیە، ڕەخنە لەو بەشەدا پێویستی بە شارەزاییەکی پسپۆڕانە و ئەکادیمیاییانە هەیە، چونکە خودی ڕەخنەی ئەدەبی منداڵان وەکوو دیاردە، خاوەنی میتۆد و مەعریفەیەکی پێکهاتەمەندە.

لەبەشی ڕەخنەشدا پێویستە ڕەخنەگر خۆی لەگەڵ ئەو پرۆسەیە هەماهەنگ بکا و ڕەوتە نوێیەکانی فیکری و قوتابخانە ئەندێشەییەکان بکاتە بنەمای کارەکەی، بۆ ئاوێتە کردنی لەگەڵ خوێندنەوەیەک کە لەگەڵ بنەما کەلتووری و ژیانگەی منداڵانی کورد

> “
> **زۆربەی نووسەرانی داستان و شیعر و بەشەکانی دیکەی ئەدەبی منداڵان، نەیانتوانیوە خۆیان لە ڕوانگە کلاسیک و سوننەتییەکانی نیسبەت بە منداڵ دەرباز بکەن. مەعریفەی ئەو نووسەرانە ئێستاش لەسەر مەعریفە و ناسینی کۆن فرچکی گرتووە**
> ”

یەکتر بگرێتەوە و خوێندنەوەی لۆکاڵیشی هەبێ لەئاست ناسینی ئەو میتۆد و شیوازانەدا.

*** نزیکیی و پەیوەندی نێوان هەردوو بواری (ئەدەب و پەروەردە) چۆنە؟**

– دیارە ئەو دوو بوارە پێوەندییەکی ئەکتیڤیان بەیەکەوە هەیە، لەجیهانی ئەورۆ و وڵاتە پێشکەوتووەکاندا ئەدەبیات بەگشتی و ئەدەبی منداڵان بە تایبەتی، هاوکات لەگەڵ سیستمی پەروەردە پلانیان بۆ دادەڕێژرێ، بەومانایەی کە سیستمی پەروەردە و ئەدەبی منداڵان لەڕووی مانا کردنەوەی چییەتی و شوناسی منداڵ هاوتەریبن و لەڕووی پێناسەیەکی زانستی و ئەورۆیی بۆ منداڵ و چەمکی منداڵ بوون دەقگەلی تایبەت بە منداڵان دەنووسنەوە. بەپێی ئەو سیستمە، ئەدەبی منداڵان پێویستە خۆی بەشێک بێ لەسیستمی پەروەردە، پەروەردەش ئەدەبی منداڵان بکاتە یەکێک لە بنەماکانی گەشە و فامی منداڵ لە بوارە جیاجیاکاندا.

پێم وایە ئەگەر پەروەردە لە پلانەکانی خۆیدا، ئەدەبی منداڵان وەک ئامانج چاو لێبکات بێشک خودی پەروەردە دەبێتە بەستێنی سەرهەڵدانی ڕەوتێکی نوێ لە تێکستی منداڵاندا. منداڵی هەزارەی سێهەم لەڕووی پێکهاتە فیکری و زەینییەکان و لێکدانەوەی پرسەکانی ژیانگەی خۆی جیاوازییەکی ئەوتۆی هەیە لەگەڵ منداڵی هەزارەی دووهەم.

پەروەردە پێویستە خوێندنەوەی خۆی لەسەر بنەمای پێناسەگەلێک ڕێکبخا کە بۆ منداڵی هەزارەی سێهەم هاتوونەتە دی، نەک بە پێوەر و ستانداردەکانی پێشوو. بۆ منداڵی ئەو هەزارەیە پەروەردە پێویستە خاوەنی میتۆد و پێکهاتەکانی پەروەردەی هەزارەی سێهەم بێ. کاتێک وەها بەستێن و زەمینەیەک بخوڵقێ بێگومان پەروەردە و ئەدەبی منداڵان لە کاناڵێکی واقیعی و بەپێی بنەماکانی ڕاستەقینەی کۆمەڵگە و پێکهاتەکانی کەلتووری و کۆمەڵایەتی خۆی پەڕوباڵ دەگرێ.

> **ڕەخنە لە ئەدەبیاتی منداڵاندا، نەک هەر لە ڕۆژهەڵات لەهەموو بەشەکانی دیکەی کوردستانیش لاوازە و خاوەنی شوناس نییە**

*** بۆ زیاتر گەشەسەندن و بەرەو پێشبردنی ئەدەبیاتی منداڵانی کورد، چی بکرێ باشە؟**

– پێشکەوتنی ئەدەبی منداڵان خۆی خاوەنی چوارچێوە و پلانێکی تایبەتە کە دەبێ بۆی داڕێژرێ. دەقی منداڵان بەشێوەیەکی بەربڵاو بخرێتە چوارچێوەی پرۆژەی لێکۆڵینەوەکانی زانستی و ئەکادیمیایی. ئامادەیی دەقی منداڵان لەو بەستێنەدا هۆکارە بۆ ئەوەی ئەم دەقگەلە ببن بە خاوەنی ناسنامەی تایبەت. هەروەها ئاکامی ئەم پرۆسەیە سازبوونی ڕیفرێنسی نوێیە بۆ نووسەرانی ئێمە، بۆ ئەوەی نیزامێکی کارای مەعریفی و بەپرەنسیپ لەو مەوزووعەدا وەدی بێنن.

یەکێکی دی لە بەرنامەکان، کە دەکرێ بۆ پێشکەوتنی ئەدەبی منداڵان لەبەرچاو بگیرێ ئەوەیە، سیستمێک کار بۆ ئەدەبی منداڵان بکا، لەهەموو سامانەکانی ڕەخنە سوود وەربگرێ، لەڕەخنەی ڕەوانناسییەوە بگرە، تا دەگاتە ڕەخنەی گێڕانەوەناسی و کۆمەڵناسایی.

ڕەخنەیەک کە بەپێی پرەنسیپەکانی تیۆری و لەڕووی میتۆدۆلۆژییەکی کارا ڕێکبخرێ و توانایی ئەوەی هەبێ بە خوێندنەوەیەکی سەرلەنوێ، مەوداکانی ئەدەبی منداڵان بەردەوام خۆی تازە بکاتەوە. ئەم میتۆدە لە ڕەخنەگری، کە دەرئەنجامی نوێی لێدەکەوێتەوە و دەبێتە هۆی خوڵقانی ڕەوتی نوێ لەدەقی منداڵاندا.

خاڵێکی دیکە کە دەکرێ ئاماژەی پێبکەم ئەوەیە کە لە زۆرینەی دەقەکانی منداڵانی ئێمەدا، بەزمانی کوردی منداڵ غەیبەتی هەیە، بەومانایەی کە منداڵ ڕۆڵێکی کارای لە دەقی منداڵاندا نییە.

منداڵ لەو دەقانەی بۆیان نووسراون و دەنووسرێنەوە، لەفەزا و تێمی داستان و شیعردا، هەروەها لە هەڵسوکەوتی کاراکتێرەکاندا، هیچ دەورێکیان نییە. لەو ڕوانگەیەوە منداڵ بیسەرێکی بێدەسەڵاتە و لە بەرامبەر ئەم دەقانەدا بێدەنگە.

بۆیە بۆ ئەوەی منداڵ وەکوو سووژیەکی ئەکتیڤ ببێتە خاوەن شوناس لەدەقی منداڵاندا، پێویستە لەناو دەقەکاندا ببن بە کاراکتێرێکی سەرەکی، هاوکات لەگەڵ کاراکتێرەکانی دیکەی نێو دەقەکە ڕۆڵ و دەوری خۆیان بگێڕن، دیالۆگیان لەگەڵدا بکەن و پێوەندی لەگەڵ هەموو هەڵسوکەوتەکانیان بگرن.

کارێکی دیکە کە دەکرێ وەکوو پرۆژەیەکی فیکری ببێتە پلان بۆ پێشکەوتنی ئەدەبی منداڵان ئەوەیە، خوێندنەوەیەکی سەرلەنوێ و ئەورۆیی بۆ دەقە فۆلکلۆرییەکان بکرێتەوە و بەپێی پێوەر و پێوانەکانی جیهانی ئەورۆ دابڕێژرێنەوە، وەکوو بەشێک لەپرۆسەی ئەدەبی منداڵان هەنگاوی جددی بۆ هەڵێنرێ. ڕێک وەکوو ئەو کارانەی کە (هانس کریستین ئەندێرسێن) لە ئەورووپا و (سەمەدی بێهرەنگی) لە ئازەربایجان کردیان. کە دواجار بەجیهانی بوون دەرکەوتەی ئەو پرۆسەیە بوو.

# هونەری

- **لەنێوان ڕیالیزم و ئیَکسپریسیۆنیزم**

ئا: ڕەوەند محەمەد جەمیل

- **ئەزموون و تێڕوانین .. لە ژیانی شێوەکاری کورد ئەحمەد کاکە سوور**

ئاشتی گەرمیانی/ هۆڵەندا

- **گۆرانیی (سۆفی) ی خالید ڕەشید لە ڕوانگەی سۆفیزمەوە**

نێچیروان شوانی



# لەنێوان ڕیالیزم و ئێکسپریسیۆنیزم

**ئا: ڕەوەند محەمەد جەمیل**

دەربڕین لەهەست و سۆز و ئایدیاکان کار و ئامانجی هونەرمەندە، بۆیە ئەگەر ڕیالیزم وێنای شتەکان وەک خۆی بەرجەستە بکات و خۆی بەدوور بگرێت لەهزر و سۆزی قووڵی هونەرمەند و زیاتر پابەندی تەکنیکی کارکردن بێت. ئەوا لە بەرامبەریدا ڕێبازی ئێکسپریسیۆنیزم هەیە، کە بە کوردییەکەی دەربڕین دەگەیەنێت، ڕێبازی ئێکسپریسیۆنیزم دەربڕین لە هەست و سۆز و دۆخە هزرییەکان دەکات و شتەکان و ژیانی ئاسایی وەک خۆی بەرجەستە ناکات، واتە وەکو کۆپییەک نایانخاتە ڕوو، بەڵکو لەڕێگای گۆڕینی ڕەنگ و تێکدانی فۆرمەکان و دروستکردنی هێڵی بەهێز و لاواز و جۆراوجۆر دەربڕین لە شتەکان و لە ژیان دەکات.



(جیراڵد ویڵز)ی ڕەخنەگر لەبارەی ئێکسپریسیۆنیزمەوە دەڵێت:

ڕێبازی ئێکسپریسیۆنیزم لە هەموو ڕێبازە هونەرییەکانی دیکە کاریگەری زیاتری بە ناخی لەڕادەبەدەرەوە هەیە.

ئیتر لەگەڵ ئەو کارلێکە جوودا و هاوبەشەی تیۆری و پراکتیکی هەردوو ڕێبازی هونەری ڕیالیزم و ئێکسپریسیۆنیزم، پەیوەندییەک دروست دەبێت کە بەشێک لە هونەرمەندان بەهۆی تەکنیکەوە پێیان وایە ڕیالیزم بنەمای بونیادنانی بابەتی نێو هەموو ڕێبازە جیاوازەکانی هونەری شێوەکارییە.

سەبارەت بە پەیوەندی و جیاوازی لە نێوان ڕێبازی ڕیالیزم و ڕێبازی ئێکسپریسیۆنیزم، کە ئایا بۆ ئەم دوو ڕێبازە هونەریە، مەرجە هونەرمەندی شێوەکار، بەر لە کارکردن لەنێو ڕێبازی ئێکسپریسیۆنیزم، ئەزموونی کارکردنی لەنێو ڕێبازی ڕیالیزمدا هەبێت؟

هونەرمەندی شێوەکار شێروان ئیسماعیل: پێموایە ڕیالیزم هەموو هێڵ و فۆرم و ڕەنگەکانی جیایە لە ئێکسپریسیۆنیزم، هەربۆیە ئەو کەسەی کە کاری هونەری لەنێو ڕێبازی ئێکسپریسیۆنیزم دەکات پێویستە باش لە ڕێبازی ڕیالیزم گەیشتبێت. لەبەرئەوەی ڕیالیزم هونەری هەموو سەردەمەکانە، بۆیە من پێموایە پێویستە و دەبێت هونەر، یان ڕێبازی ئێکسپریسیۆنیزم و گشت بزاڤ و ڕێبازە هونەرییەکانی دیکەش خۆیان لەگەڵ ڕیالیزم بگونجێنن و سەرەدەری لەگەڵدا بکەن.

لە بارەی ئەوەشەوە کە ئایا لەم قۆناغەی ئێستایدا پێویست بوو ئەزموونی لەنێو ڕێبازی ئێکسپریسیۆنیزمدا هەبێت؟

شێروان ئیسماعیل دەڵێ: هەر هونەرمەندێک پێی وابێت بەکاری ڕیالیزم هەستەکانی تێر نابێت، ئەوا بەدوای ڕێبازێکی دیکەدا دەگەڕێت، بۆ ئەوەی جێگای ڕیالیزمی پێ بگرێتەوە. هەربۆیەشە باشترین میراتگر بۆ زۆربەی هونەرمەندان ڕیالیزمی ئێکسپریسیۆنیزمە.

چونکە ئەم هونەرمەندە پێیوایە: (ئێکسپریسیۆنیزم دەربڕی ناخ و هەست و سۆزی خوودی هونەرمەندە، هەندێکجاریش دەربڕی هەستی کەسێکە، کە داوای لە هونەرمەند کردووە بەم چەشنە و بەو شێوازە دەبڕین لەناخی بکات). پێشی وایە ڕیالیزم لەنێو هونەری هاوچەرخدا (قوتابخانەی هەموو سەردەمەکانە، لەبەرئەوەی بۆ هەر قوتابخانەیەکی هونەری هەنگاو بنێیت پێویستیت بە



ڕیالیزمە، چونکە هونەرمەند پێویستی بە ڕەنگ و هێڵ و فیگەرە، هونەرمەندیش ئەمە لە ڕیالیزمەوە فێر بووە و بەهۆیەوە دەتوانێت بابەتێکی هونەری هاوچەرخ دروست بکات).

لەبارەی جێگا بوونەوەی (ئێکسپریسیۆنیزم)یش لەنێو هونەری هاوچەرخدا شێروان ئیسماعیل دەڵێ:

ئێکسپریسیۆنیزم دەربڕینی ناخ و هەستی هونەرمەند و نووسەری ڕۆمان و شاعیرە.

پێشیوایە هونەرمەند نەخشە و وێنەی لە خەون و تێڕامانەوەیە و دەیەوێت بیخاتە سەر تابلۆ، بۆیە دەڵێ: (ڕیالیزم شوێنێکی کارای لەنێو هونەری هاوچەرخدا هەیە).

لەوبارەشەوە کە ئایا ڕیالیزم پەیوەندی زۆری بە سروشتەوە هەیە؟

ئەم هونەرمەندە دەڵێ: قۆرخکردنی ڕێبازی ڕیالیزم بەسروشت غەدرێکی گەورەیە لە ڕیالیزم دەکرێت! لەبەرئەوەی هەموو گۆشە و نیگایەک کە چاو دەیبینێت ڕیالیزمە بۆیە ناتوانرێت ڕیالیزم کورت بکرێتەوە و تەنیا بخرێتە نێو بازنەی سروشتەوە، من تەنانەت پێموایە مرۆڤ لەکاتی نووستن و خەون بینینیشدا کە دەچێتە نێو کۆمەڵێک ڕووداوی خەیاڵی، سەرەڕای ئەوەی کە لە سەدا سەدیش بە ئاگا نییە و لەهۆش خۆی نییە، بەڵام من ئەمەشم لەلا ڕیالیزمە.

هەر بۆیەشە لەبارەی ئەوەوە کە (ئێکسپریسیۆنیزم) دەربڕین لەچی دەکات؟

هونەرمەند شێروان ئیسماعیل دەڵێ:

مرۆڤ لەهەر ڕێباز و شێوازێکی هونەری کاربکات، ئەوا پێویستی بە ڕیالیزمە. بێگومان هونەرمەند کە لە ڕیالیزم دەردەچێت بۆ قوتابخانە و ڕێبازەکانی دیکەی هونەری شێوەکاری، ئەوە یەکەم ڕێبازی هونەری ئێکسپریسیۆنیزمە، ئەمەش بۆ ئەوەی خەون و یادەوەرییە گیرخواردووەکانی ڕابردوو بێتە بابەتێکی ناوازەی نێو تابلۆیەکی هونەری.

سەبارەت بەوەش کە هونەرمەندێک لەنێو ڕێبازی (ئێکسپریسیۆنیزم)ەوە بیەوێ کارە هونەرییەکانی ئەنجام بدات، چیبکات بۆ ئەوەی بگات بەو ئاستە؟

شێروان ئیسماعیل دەڵێ:

من لەو باوەڕەدام هونەرمەند پێویستە هەمیشە بخوێنێتەوە و زۆریش سەردانی مۆزەخانە و شوێنە هونەری و کلتوورییەکان بکات، لە هەمان کاتیشدا لە ڕاهێنان و وێنەکێشان بەردەوام بێت. بەم شێوەیە دەتوانێت بگات بەو ئاستەی کە لەنێو هونەری ئێکسپریسیۆنیزم و ڕێبازەکانی دیکەی هونەریش کاری سەرکەوتوو ئەنجام بدات.

هەر لەبارەی ئەوەشەوە کە ئایا ئێکسپریسیۆنیزم تاچەند لەگەڵ ئێکسپریسیۆنیزمی هونەرەکانی دیکە کاریگەریان بەسەریەکەوە هەیە؟ هونەرمەند شێروان ئیسماعیل دەڵێ:

بێگومان بزاڤ، یان ڕێبازی ئێکسپریسیۆنیزم، لە هونەری شێوەکاری بێت، یان لە هونەرەکانی دیکە، ئەمانە هەموویان کاریگەریان بەسەریەکەوە هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕەنگە ئێکسپریسیۆنیزم لە هونەری نووسینەوەی شیعر، یان ڕۆمان زووتر سەری هەڵدابێت لە ئێکسپریسیۆنیزمی هونەری شێوەکاری، یان لەوانەشە پێچەوانەبێت. ئەمە کاریگەرییەکەیە، کە پێموایە کاریگەرییەکی زۆر جوانە!

سەبارەت بەهەستەکانی خوودی خۆی لەنێوان ڕیالیزم و ئێکسپریسیۆنیزم دەڵێ:

بێگومان من ئێکسپریسیۆنیزم بە باشتر دەبینم لە ڕیالیزم، لەبەرئەوەی زۆرجار خەونەکانم دەکات بە بابەتی تابلۆ، واتە ئێکسپریسیۆنیزم لەئاست دەربڕینی خوود و هەستەکانمە! جگە لەمەش زۆرجار یادەوەرییەکانی ڕابردووم بەهۆی ئەم ڕێبازەی ئێکسپریسیۆنیزمەوەیە دەبێت بە بابەتی کارە هونەرییەکانم. بۆیە ئێکسپریسیۆنیزم لەم قۆناغەی ئێستای هونەریم بەباشتر دەبینم!

**“ هەموو گۆشە و نیگایەک کە چاو دەیبینێت ڕیالیزمە بۆیە ناتوانرێت ڕیالیزم کورت بکرێتەوە و تەنیا بخرێتە نێو بازنەی سروشتەوە ”**


**“ ڕێبازی ئێکسپریسیۆنیزم دەربڕین لە هەست و سۆز و دۆخە هزرییەکان دەکات و شتەکان و ژیانی ئاسایی وەک خۆی بەرجەستە ناکات ”**

## ئەزموون و تێڕوانین

# لە ژیانی شێوەکاری کورە ئەحمەد کاکە سوور

**ئاشتی گەرمیانی/ هۆڵەندا**

لە ساڵی ١٩٨٥ پێش ٣٦ ساڵ لە شاری کەرکووک شەقامی کۆماری لەگەڵ هونەرمەندانی هاوڕێم سەدرەدین و نورەدین کاکەیی مامۆستای هونەرمەند (ئەحمەد کاکە سوور)م ناسی و کەوتینە گفتوگۆی هونەری شێوەکاری جیهانی و کوردی، هەر ئەوکاتیش زانیم کە مامۆستا نزیکی ماڵی ئێمەیە، من لە ئازادی و ئەو لە ئیسکان بوو، لەڕووی دەرەوەی ماڵەکەیان دوو پایەی کۆنکریتی کە وێنە و نەخشی هونەری لەسەر بوو ڕوەو شەقامی سەرەکی، هەر کات لەوێوە سەر بکەوتنایە بەرەو ماڵ ئیدی ئەو پایە و کارە هونەریەمان دەبینی کە جێگەی سەرسوڕمان بوو، ساڵی ١٩٨٦ کاتێک پڕۆژەی پێشانگای دووەمی هونەرمەندانی شاری کەرکووکمان ئامادە دەکرد لەگەڵ هونەرمەندان محەمەد ساڵەیی و سەلاح حەمە ئەمین و فەلاح شوان و چەند هونەرمەندێکی دی، مامۆستا ئەحمەد کاکەسوور یەکێک بوو لەو هونەرمەندانەی کە بەشداری کردوە، دوو سێ کاری نایابی نمایش کرد، بێگومان مامۆستا و بەرپرسی یەکەی کارە دەستییەکان بوو لەکەرکووک، لەدوای پێشانگاکەوە پەیوەندییەکی دۆستایەتی و هونەریمان دورست کرد کە مامۆستا شارەزایەکی تەواوی هەبوو لەکاری دەستی و هەڵکۆڵێن لەسەر زینک و گراف و مس و کەرەستەکانی دی، بەتایبەتی پۆرترێت و سروشتی کەلەپووری بە شێوازێک خەڵکانێکی زۆر سەرسامی ئەو ڕێبازو تەکنیکە بوون، لەساڵی ١٩٧١ پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدای تەواو کرد و بەشداری هەموو پێشانگاکانی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی کردووە، بەو کارە هونەریانەی کەلەسەر بنەمای ئەکادیمی و ڕێبازی ڕیالیستی ڕیالیزمی وورد بوونەوەی بۆ کردووە و کاری تێدا کردووە، دەستی بۆ هەموو لایەکی ئەو هونەرە بردوە، ساڵانی ١٩٧١ کە بە سەدەیەکی زێڕینی هونەر و کلتوور دادەنرێت چەندین مامۆستا و هونەرمەندی ناسراو لەبەغدا ڕۆڵی گرنگیان هەبووە لە دروستکردنی ئەو بناغەیە و کردنەوەی پێشانگاکان و فیلتەری بەرهەمی باش هۆیەکی سەرەکی بوو بۆ ئەوەی هونەرمەندی باش و سەرکەوتوو دروست ببن، ڕۆڵی گەورەیان هەبوو بۆ بەرەو پێش خستنی هونەری هاوچەرخی عێراقی، مامۆستا ئەحمەد کاکەسوور لەو نێوەندە هونەریەدا بووە و لەنێو ئەو وەرچەرخانە هونەریەدا بووە کە ئاستی خۆی و هونەرەکەی بگاتە ئەو ئاستەی کە لەئاستێکی بەرزدا دیدەی لێ دەکرێت و پەیوەندیەکی گرنگی هەبووە لەگەڵ هونەرمەندانی کورد و عێراقی، هەر لەساڵی ١٩٧١ یەکەم پێشانگای تایبەتی خۆی لە کەرکووک کردۆتەوە، لەکەش و دەووروبەرێکی کلتووری، کەلتووری بەمانای ئەوەی کە شاری کەرکووک ناسراوە بە پاشماوە و مێژوویەکی دێرینی ژیان، لەو شارەوە دەست و پەنجەی وەستاکانی ئەو سەردەمە دەرکەوتوە لە دروستکردنی خانوو و دیوار و پەنجەرە و قەیسەرییەکان و زۆر شێوەی هونەری ئارابسکی لە دیوار و دەرگادا و مزگەوتەکان و حەوشەو باڵەخانە تایبەتییەکان و بوونی پیاوە ئاینییەکان لەسەر قەڵا، یان لە کۆڵان و بازاڕەکاندا، پردی پەڕینەوەی شاری کەرکووک، یان قشڵەی کەرکووک، لەگەڵ ئەوەی کاری دەستی کەلەپووری جێگای سەرەنجێکی دیارە، ئەمانە دەووروبەرێکی زیندوو بوون بۆ مامۆستا ئەحمە کاکە سوور کە فۆرمەلەی کارە هونەرییەکانی ڕێک بخاتەوە و زیندوویان بکاتەوە . کارە هونەرییەکانی هونەرمەند هەر لە سەرەتاوە ووردبینی یەکی جوانی تێدا بەدیدەکرێت بە هەڵبژاردەی بابەتەکە و سروشتەکە، ئەو فۆرمەلەیەی هونەرمەند هەڵی دەبژێرێت بێجگە لەخوێندنەوە مێژوویەکەی و گرنگی جێگاکە، کەدەستی بۆ دەبات و وێنەی دەکێشێت، دواتر هەر ئەوە دەمێنێتەوە بۆ مێژووی کلتووری ئەو پاشماوە دێرینە کە مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە، دەست بردن بۆ کارە خۆماڵییەکان و کەسایەتییەکان لەو سەردەمەدا، کە جووت قاوە، یان خان خورما، یان ئەحمەد ئاغا، یان حەسیرەکە و جنگڵاوە و ڕەشید ئاوا، یان ڕەحیم ئاوا و جێگاکانی دی ئەمان پڕوچڕن لە کەلەپووری کوردەواری، یان کەرکووکی . ئەم هەڵبژاردانەش گرنگی تایبەتی خۆی هەیە و مانەوەیان وەکو مێژوویەک بەدیکومێنتی هونەرییەوە، لەپاڵ ئەمانەدا مامۆستا ئەحمەد کاکەسوور لەزۆر کاری هونەریدا کاری دەربڕین خوازی خستۆتەڕوو وەکوو تەواوکەری کارەکانی دی لەبەشە مرۆڤایەتی و کەسایەتی و کۆمەڵایەتییەکاندا ئەو ئازار و مەینەتی و ژیانداری مرۆڤەکانی لەنێو کەڤاڵەکانیدا خستۆتەڕوو بەشێوەیەکی ئەکادیمی ئەگەر هێڵکاری بێت، یان بە کەرەستەکانی دیکەی ڕۆنی و ئاوی. داڕماندنی ماڵە کوردییەکان و ئاوارە بوون و بزر بوونی مرۆڤەکان، ئەو تابلۆیانەن کە مامۆستا دەربڕینی تێدا کردوە، بە



قەڵەمی ڕەش و چینی و ڕەنگەکان . ئەگەر دیدێک لە کارە ئاوییەکانی بگرین ئەوا مامۆستا ئەحمەد کاکەسوور زۆر بە ئەزموونێکی چڕوپڕدا گوزەری کردوە کە کێشانی ئەو سروشت و ئاسمان و زەوی و درەخت و تاکەکان، بەو چینە باگراونە ڕەنگە کاڵانە و دەرپەڕینی فۆرمەلەی کارە هونەریەکە، یان چاو کزکردن و دۆزینەوەی ڕەنگە بناغەییەکان بە شێوەیەکی ئەکادیمی و ڕیالیستی ڕیالیزمی کە ناسراوە لە مێژووی هونەری شێوەکاریدا، ئەگەر لەسەرەتادا کارەکانی هونەرمەند دەبینیت لە تۆنی ڕەنگدا تۆخ و بەرچاو بووە، بەڵام دواتر کاڵ بۆتەوە بە شێوەیەک کاریگەری زۆر دروست کردوە، ئایا جێگاو ژیانداری مرۆڤ کاریگەری لەسەر ڕەنگەکان دەبێت؟ ئایا سروشت کاریگەری لەسەر مرۆڤ دەبێت و گێڕاوەی بۆ سەر کەڤاڵەکانی؟ بێگومان ژیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، یان لە سروشتی کوردستان جۆرە ڕەنگ دانەوەیەکی تایبەتی خۆی هەیە، چ لەکەشوهەوا و چ لە جل و بەرگ و کەرەستەکان، لە جیهانی دەوڵەتی ئەسکەندەناڤی کە مامۆستا ئەحمە کاکەسوور ساڵانێکی درێژە لەوێ نیشتەجێیە و ساردی کەشوهەواو سروشتەکە ئەو کاریگەرییە سروشتی و هونەرییەی هەیە کە ڕەنگ دانەوەی دیدەیی دەبینرێت، گۆڕینی ڕەنگەکان و هەڵبژاردەش کاریگەری خۆی هەیە !

ڕەش و سپی لە سروشتدا، یان نەگەتیفی وێنەکان و ڕەنگ دانەوەی لە تۆڕی چاوی مرۆڤدا، ئەمادە دیدەیەکن کە مرۆڤ هەڵوێستەی تێدا دەکات و دەیەوێت لە ڕوانگەیەکەوە نیگای لێ بکات، ئەو کارە مێژوویانەی کە کۆنن و بەسەرچوون و وێران وخاپوور کراون، یان ئەو یادەوەریانەی کە مرۆڤ ڕۆژانێک پێیدا تێپەڕیوە و ئێستا لە هزرو بیروەریدا وێنەیان دەکێشێت ئەوەش ئەو وێنە ڕەش وسپییەیە کە دەتەوێت بیانکێشیت و بە گرنگییەوە لێیان وورد بیتەوە، بەڵام هەنگاو بەرەو سروشتی ڕەنگاو ڕەنگ وێنەیەکی دیکەی ژیانە کە مرۆڤ تێیدا دەژیت و دەیبینێت و بە ڕیالیستی لە تۆڕی چاوەوە بەرجەستەیی تێدا دەکرێت، ئەو تابلۆیانەی مامۆستا کاتێک بە سروشتی خۆی لە دەووروبەردا دیدەیان دەکات و دەیگوازێتەوە بۆ نێو کەڤاڵەکان ئەو هەستەیە کە هەموو تاکێک چاوی لێدەکات، بەڵام ئاکار و داهێنانی و ئەفراندن لەوەدایە کە ناسکتر و جوانتر و فێنکی ڕەنگەکان وامان لێدەکات مرۆڤ هەڵوەستەی زیاتر بێت بەرانبەر بەو سروشتە، بەتایبەتی لە سروشتێکی نهێنی و چاوەڕوان نەکراودا .

بێجگە لەوەی مامۆستا ئەحمەد کاکەسوور بەبەردەوامی مێژووی هونەری شێوەکاری خۆی هەنگاو و کاری هونەری ئەنجام داوە، لەپاڵ ئەوەشدا مامۆستایەکی ئەکادیمی و پەروەردەیی بووە، هەروەک چۆن لە شاری کەرکووک وانەی هونەری و وورک شۆپ و کاری دەستەیی ئەنجام داوە لە وولاتی سوێد-یش لە شاری ( هاودیکس ڤاڵ ) هەمان هەنگاوی بۆ منداڵەکانی ئەو وولاتە فەراهەم کردوە و دەیەوێت لەچاوانی منداڵانەوە هونەر درێژەی هەبێت.

هونەرمەندێکی شێوەکاری پێشەوای شاری کەرکووک بەهەموو قۆناغەکانییەوە تۆماری ئەو خەون و بیرەوەری و قوتابخانە هونەرییە دەکات کە ئەزموونێکی چڕوپڕی تۆمار کردوە لەماوەی ئەو ٥٤ ساڵە و زیاتریش، بەردەوام بوونی واتای درێژە دانە بەهونەر و مرۆڤایەتی لەم سەردەمەی ئێستادا.

**ئەحمەد کاکە سوور :**

١٩٤٧ لە شاری کەرکووک لەدایک بووە .

١٩٧١ پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدای تەواو کردووە.

١٩٧١ یەکەم پێشانگای شێوەکاری لە هۆڵی یەکێتی لاوانی کوردستان لە کەرکووک کردۆتەوە.

١٩٧٢ دووەم پێشانگای لە هەڵەبجەی شەهید کردۆتەوە.

١٩٧٣ سێیەم پێشانگای لە هۆڵیماڵی ڕۆشنبیری و جەماوەری لە شاری کەرکووک کردۆتەوە .

١٩٨٨ چوارەم پێشانگای شێوەکاری لە ماڵی ڕۆشنبیری و جەماوەری کردۆتەوە.

٢٠٠٣ پێنجەم پێشانگای تایبەتی لە هۆڵی کتێبخانەی گشتی سوێد کردۆتەوە.

٢٠٠٥ شەشەم پێشانگای تایبەتی لە هۆڵی ئاکین لە سوێد کردۆتەوە.

١٩٨٦ بەشداری دووەم پێشانگای هونەرمەندانی کەرکووکی کردوە لە هۆڵی هونەری نوێ . کەرکووک .

بەشداری لە پێشانگای هونەرمەندانی کەرکووک کردوە لە هۆڵی یەکێتی هونەرمەندانی کەرکووک .

هاوبەشی لە چەندین پێشانگای گشتی کردووە لە کوردستان و ئەورووپا .

# گۆرانیی (سۆفی) ی خالید ڕەشید لە ڕوانگەی سۆفیزمەوە



نێچیروان شوانی

> جیهانیی ڕۆح پێوەندیی بە لۆژیکی عەقڵ و زانستەوە نییە و بە یاسا و دەستوورەکانی ئادەمیزاد پەیوەست نییە و بە تەرازووی عەقڵ ناکێشیرێت

سۆفیزم بابەتێکی فراوانە و مێژووەکەی زۆر کۆنە و پەیوەندی بە چەندان بواری ترەوە هەیە، هەروەها لە کۆمەڵێک بوار و لایەندا بەرجەستە دەبێت، لەوانە هونەر، لە هونەریشدا بەتایبەتی لە مۆسیقا و گۆرانی، سەما، لە ئەدەبیش بەتایبەتی لە شیعر و شانۆنامە و ڕۆماندا ڕەنگ دەداتەوە.

سۆفیزم لای کورد و لەناو کۆمەڵگە و کلتووری کوردیدا دیرۆکێکی کۆنی هەیە، بەزۆری لە شیعردا دەرکەوتووە و بەشێکی بەرچاوی شاعیرانی کلاسیکیی کوردی لەپاڵ ئەوەی لە شیعردا شاعیری لێزان بوون، لەهەمان کاتیشدا لە سۆفیزمیشدا شارەزا بوون، لە شیعرەکانیاندا چەندان زاراوەی سۆفیزمیان بەکارهێناوە و ناوی کۆمەڵێک گەورە سۆفییان هێناوە.

نموونەی ئەو شاعیرانەی سۆفیزم لە شیعرەکانیاندا دیارە و ڕەهەندی سۆفییانەیان هەیە وەک: جزیری، مەولەوی، شێخ نووڕەددین بریفکانی، مەحوی، صافی، فەنایی و......

گۆرانیی کوردی یەکێکە لەو هونەرانەی، سۆفیزم تێیدا ڕەنگی داوەتەوە، مەبەستمان لە گۆرانیی کوردیش، گۆرانیی سەردەمییە. یەکێک لەو گۆرانییانەی بەئاشکرا هەست بە کاریگەریی سۆفیزم لە شیعر و ئاوازەکەیدا دەکرێت و بە ڕوونی ئەو کاریگەرییەی پێوە دیارە. گۆرانیی (سۆفی)ی (خالید ڕەشید)ە شیعری ئەم گۆرانییە هیی (ڕەزا حەمە)یە.

لە سەرەتادا شیعرەکە دەنووسینەوە و لە چەند لایەنێکەوە شییدەکەینەوە و ڕەگەزەکانی سۆفیزم لەو گۆرانییە دیاری دەکەین.

**ئەی بە سۆفیی مەزهەبی دوو چاوت بم**
**ئەی بە شێخی تەریقەی دوو لێوت بم**
**سووتانی ڕۆحەکەم لە سینەم وەدەر دێ**
**گڕی عەشقە لە باڵای دنیا بەر ئەبێ**
**خۆشەویستیت پەیمانی ئاسمانییە**
**بۆ تۆ سووتان شەهادە و قوربانییە**
**نە مەمم نە فەرهادم نە دێوانەم**
**پێغەمبەری خۆشەویستیی ئەم زەمانەم**
**لە دڵداریی سەردەم ناچێ ئەم عەشقەی من**
**ئەفسانەیە، داستانێکە، گەورە و مەزن**

ئەم شیعرە وەک ئاماژەمان پێکرد ناوی (سۆفی)ە و بووەتە ناوی گۆرانییەکەش، ئەمە ئەوەمان پێ دەڵێت: ناوەڕۆکی گۆرانییەکە باس لە سۆفیزم دەکات، ئەم ناونانی شیعرە بە ناوی (سۆفی) گرنگیی خۆی هەیە و ناوونیشانێکی پڕ بایەخە، چونکە ناوونیشان کلیلێکە بۆ کردنەوەی دەرگەی تەلاری دەق و گۆرانییەکە، بۆیە لەو ناوونیشانەوە ئەوەمان لا ڕوون دەبێتەوە گۆرانییەکە لەڕووی ناوەڕۆک و ئاواز و داڵبەشکردنەوە سیمای سۆفیزمی پێوە دیارە.

سەرەتای گۆرانییەکە لەڕووی ئاوازەوە بە ژەنینی دەف دەست پێدەکات. دەف وەک ئامێرێکی مۆسیقیی خۆرهەڵاتی پەیوەندیی پتەوی بە ڕێوڕەسمە ئایینییەکانی ئیسلامەوە هەیە و پەیوەستی بە سۆفیزمیشەوە هەیە، لەبەر ئەوەی بەشێک لەو زیکرانەی لەلای پەیڕەوکارانی سۆفیزمەوە ئەنجام دەدرێن، دەف ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەبینێت، بۆیە لەم گۆرانییەدا گرنگی پێدراوە.

ئەگەر تەماشای وشەکانی شیعرەکە بکەین، دەبینین وشە و زاراوەی سۆفییانەی زۆری تێدا بەکارهاتووە، ئەم وشانەش لە فەرهەنگیی سۆفییانە و لەجیهانی سۆفیزمدا مانای تایبەتیی خۆیان هەیە وەک وشەی: سۆفی، چاو، شێخ، ڕۆح، گڕ، دنیا، خۆشەویستی، قوربانی، عەشق......

شاعیر_ گۆرانیبێژ_ باس لەحاڵی سۆفییانەی خۆی دەکات، بەوەی خەریکە سووتانی گیانی لە سینگییەوە گڕ و کڵپەی بێتە دەرەوە خەڵکی بە عەشقەکەی بزانن و هەر ئەو گڕ و کڵپەیە زۆری نەماوە ئاگر بەربداتە دونیا، ئەو خۆشەویستییەی شاعیر_ گۆرانیبێژ_ خۆشەویستییەکی ئاسمانییە، واتە عەشقی حەقیقییە، بۆیە بە خۆشەویستیی مەم و فەرهاد و وەڵی دێوانە ناچێ بۆ کەسە خۆشویستراوەکانیان، بەڵکوو خۆشەویستیی ئەو بە چەشنێکە وەک دڵدارییەکی سادەی سەردەم نییە، بەڵکوو لەوە باڵاترە و وەک ئەفسانە و داستان گەورە و مەزنە. ئەمەش واتای ئەوەیە عەشقەکەی بۆ جیهانی گیان_ ڕۆحە، هەروەک نووسەر (عەبدولکەریم خەتیب) لەکتێبی (نشاه التصوف)دا دەڵێت: جیهانیی ڕۆح پێوەندیی بە لۆژیکی عەقڵ و زانستەوە نییە و بە یاسا و دەستوورەکانی ئادەمیزاد پەیوەست نییە و بە تەرازووی عەقڵ ناکێشیرێت.

# خوێندنەوەی کتێب

- **ژیانی من، یان ژیانێک لە پێناو نەتەوەدا؟**

سەدیق سەعید ڕواندزی

- **کتێبی کردنەوەی دەقەکان**

دیوان

# ژیانی من، یان ژیانێک لە پێناو نەتەوەدا؟

سەدیق سەعید پراندزی

جوولەکەکان، وێرای ئەوەی لە مێژوودا ڕووبەڕووی گەورەترین جینۆساید بوونەتەوە و بە ئێستاشەوە لە جوگرافییایەک دەژین کە چوار دەوریان بە دوژمنەکانیان تەنراوە، کەچی توانیویانە وەکو وڵاتێکی سەربەخۆ و وەکو گەلێکی خۆڕاگریش، بەر بەو هەموو هەڕەشە و مەترسییانە بگرن و بمێننەوە. بە بڕوای من، هۆکاری سەرەکی ئەم مانەوەیە، بۆ پەیوەستبوونی ئەوان بە خاک و نیشتمانی خۆیان دەگەڕێتەوە، بە ڕادەیەک کە دەتوانین بڵێین ئەوان لەهەر سووچێکی ئەو دنیایەدا بن، ئەوا خاکەکەیان و وڵاتەکەیان، بە نیشتمانی ڕاستەقینەی خۆیان دەزانن و ئامادەن لەپێناو ئەو خاکەدا قوربانی گەورە بدەن و بەرهەمی ئەو قوربانییەش ئەمڕۆ ئەو دەوڵەتەیە کەهەیانە.


دەشێ پەیوەستبوونی جوولەکەکان و ئەزموونی خۆشویستنی وڵاتەکەیان بکرێتە ڕێنوێنی بۆ هەمووان، بە تایبەتیش بۆ نەتەوەیەکی وەکو ئێمە، کە هێشتا قەوارەیەکی سەربەخۆمان نییە و لەژێر هەڕەشە و مەترسی بەردەوامی نەیارەکانمان داین. لەو ڕوانگەیەوە، کتێبی (ژیانی من) کە بیرەوەرییەکانی گۆڵدا مایەرە، نموونەیەکی بەرجەستە و دیاری ئەو پەیوەستبوونەی نێوان خاک و تاکەکانە. بەوەی مرۆڤێک لەپێناوی ئەوەی خاوەنی بستێک زەوی بێت و ئازادانە تیایدا بژیت، قوربانی گەورەی داوە و هەر لە منداڵییەوە، خەباتی لەو پێناوەدا کردووە. ئەم کتێبە، سەرگوزشتەی ژیانی ژنێکی جوولەکە (کە دواتر بووە سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل) دەگێڕێتەوە، کە چەند نەهامەتی و سەختی بینیوە، بەڵام کۆڵی نەداوە و نائومێد نەبووە. گۆڵدا، لەباوەشی خێزانێکی جوو، لەسەردەمی ڕووسیای قەیسەری لەو وڵاتە لە دایک دەبێت. ئیدی هەر لە منداڵییەوە، درک بەوە دەکات کە جوولەکەبوون، چ باجێکی گەورەی هەیە و لەو تەمەنەوە هەست بە ستەم و چەوسانەوەی نەتەوەیی و ئایینی دەکات، بۆیە ڕووسیا جێدێڵن و ڕوو لە ئەمەریکا دەکەن. لەوێش کە گۆڵدا هێشتا تەمەنی تەنها پانزە ساڵە، دەست بە خەباتی سیاسی و نەتەوەیی دەکات و لەپێناو ناسنامەکەیدا، بەردەوام دەبێت لە تێکۆشان و پاشانیش لەنێو بزووتنەوەی کرێکارانی زایۆنیزم خەبات دەکات و دەست بە هوشیارکردنەوەی جوولەکانی ئەو وڵاتە دەکات، تا سەرەنجام دەبێتە کارەکتەرێکی سیاسی دیار و بەرچاو، بە جۆرێک کە سواڵ لەپێناو کۆکردنەوەی پیتاک و هاوکاری هاوشوناسەکانی دەکات. گۆڵدا لەو وڵاتەدا دەست بە خوێندن دەکات، بەڵام کاتێ ئەوە دەبیستێت کە جوولەکەکان بۆ فەڵەستین کۆچ دەکەن و لەوێ نیشتمانێک بۆ جوولەکەکان دروست دەکرێت، ئیدی پشت لەو ژیانە ئارامە و خۆشگوزەرانییەی ئەمەریکا دەکات و دێت لەنێو گرد و تەپۆلکە و بەردەڵان و لماوییەکان، لەنێو کەش و هەوایەکی گەرم و پڕ لە مێشوولە، بێ هەبوونی هیچ پێداویستییەکی سەرەتایی ژیان، دەژیت.

ئەو هاوشانی هەزاران جوولەکەی دیکە، کە لە سەرتاسەری دونیادا ڕوو لە ئۆرشەلیم و تەلئەبیب دەکەن، بەرگەی ئەو هەموو سەختییانەی ژیان دەگرێت و قوربانی بەهەموو خۆشییەکانی ژیانی خۆی دەدات، تەنها لەپێناو خاکێک کە ناسنامە بێت بۆ گەلەکەی. بەم شێوەیە گۆڵدا لەنێو ترس و نەبوونی و ژیانێکی یەکجار سەخت و دوواکەوتوودا، لەپێناو پرسی نەتەوەکەیدا، دەست بە خەباتی سیاسی و دیبلۆماسی دەکات و هەموو هەوڵێک لەپێناو سەرخستنی دەوڵەتی تازە ڕاگەیانراوی ئیسرائیل دەگرێتە بەر.

سەرەتا لە بزووتنەوەی زایۆنیزمی کرێکاران و پاشان کونسوڵ و پۆستی وەزیری کار و دەرەوە و دواتریش دەبێتە سەرۆک وەزیران. ئەم ژنە لەپێناو نەتەوەکەیدا، سەرکێشی و بزۆزی گەورەی بە ژیانی تا ڕادەی مەترسی مردن و تیرۆرکردن و ڕفاندنیش کردووە. گۆڵدا باس لەوە دەکات کە جارێکییان بە پۆشاکی ژنە عەرەبە کۆچەرییەکان، بەنێو مەترسی گەورەی سنووری وڵاتان و لەپێناو دیداری شا عەبدوڵڵای یەکەم دەچێتە ئوردن و بە هەمان ڕێگا و بەنێو هەمان مەترسیش بە نائومێدی دەگەڕێتەوە، تەنها لە پێناو ئەوەی بەر بە جەنگێکی ڕانەگەیەنراو لە دژیان بگرێت کە دواتریش هەر ڕوویدا. سەردەمی بەرپرسیاریەتی گۆڵدا، هاوکاتە لەگەڵ سەردەمێک، کە سەردەمی مەترسییە گەورەکان و شەڕی بەردەوامی عەرەبەکان بووە لە دژیان، بە جۆرێک کە لەو ماوەیەدا چوار شەڕی نێوانی عەرەبەکان و ئیسرائیل ڕوویداوە. گۆڵدا باس لەوە دەکات کە ئەوان هەمیشە مەبەستییان بوو، دەوڵەتێک بونیاد بنێن کە عەرەبەکان و جوولەکەکان وەک برا تیایدا بە ئارامی و تەبایی بژین، بەڵام ئەو ڕقە شۆڤێنییەی عەرەبەکان بەرامبەر بەوان و دنەدانی بەردەوامییان بۆ شەڕ،

> **لە تاکە یەک دێڕیش هەستم بە پشوو تەنگی نەکرد، بەڵکو وەک ئەوە وابوو ڕۆمانێک بخوێنمەوە، نەک کتێبێکی وەرگێڕدراو**

بە تایبەتیش لەسەر دەستی ناسیۆنالستێکی شۆڤێنی وەکو ناسر، هەموو ئەو هەوڵانەی لەبار بردن. بۆیە تاکە بژاردە کە لە بەردەمی ئەواندا مابێتەوە، خۆ ئامادەکردنیان بووە بە گیانێکی نەتەوەیانەی بەرز، لە بەرامبەر شەڕ و هێرشی عەرەبەکان لە چوار لاوە.
گۆلدا باسی ئەو سەردەمەی شەڕ دەکات و دەڵێت:
(لە ماوەی شەڕدا، تاکە یەک جوولەکەشم نەدیت وڵات جێبێڵێت، هەرگیز ترس و پەشیمانی و نیگەرانیم لەو دایکانە نەدیت، کە ڕۆڵەکانیان هەر چەند ساڵێک پێشووتر، لە کارگەکان بەدەستی نازییەکان، لە کوورەکاندا توانرابوونەوە. بەڵکوو هەموو جوولەکەکان بە جۆرێک خۆیان بۆ شەڕ ئامادە دەکرد، وەک ئەوەی هەموو ڕۆژێک بۆ ئەوان، شەڕی عەرەبەکان بێت. جوولەکەکان وەها بیریان دەکردەوە ئەگەر ئەو خاکە لەدەست بدەن ژیانیان چۆن دەبێت؟ مەگەر ئەزموونی جوولەکەکانی سۆڤییەت و پۆلۆنیا و ئەڵمانیایان لە بەرچاو نییە؟ بۆیە بە گیانێک ڕووبەڕووی دوژمنەکانیان دەبوونەوە، کە قوربانی گەورە لەپێناو دەوڵەتە ساواکەیان بدەن. بێگومان هەر ئەو گیانە خۆڕاگریەش بوو، کە وایکرد ئیسرائیلییەکان لەهەر چوار شەڕەکە سەرکەوتووبن و بە ئێستاشەوە بتوانن لە شوێنێک بژین، وەک ئەوەی ژیانیان لەنێو دەمی ئەژدیهایەکی گەورە دابێت. تەنها لەماوەی ساڵانی نێوان (١٩٤٨ ١٩٤٩)دا شەش هەزار گەنجی جوولەکە لە ڕێگەی تیرۆر و تەقاندنەوە و کردەی شەڕ و بە ئامانج گرتن کوژران، کەچی هیچ لەم مەترسییانە، ئەوانی لە داکۆکیرکردن لە جوولەکەیی بوونی خۆیان و بەرگریکردن لە خاک و دەوڵەتە ساواکەیان سارد نەکردەوە. بەو جۆرە بناغەی دەوڵەتێکیان بۆ خۆیان دانا، بە ئێستاشەوە نەیارە عەرەبەکانییان، وێڕای چوار شەڕی گەورە لە دژیان، نەیانتوانیوە ئیسرائیل لەسەر نەخشە بسڕنەوە وەک ئەوەی خۆیان خەونی پێوە دەبینن. بیرمان نەچێت شەڕ تەنها بە چەک و پێداویستی لۆجستی ناکرێت، بەڵکوو بە ئیرادە و خۆڕاگریی و داکۆکیکردن لە بوون و ناسنامە دەکرێت. بێگومان ئەو ئیرادە و خۆڕاگریە نەبێت، ئەوان ناتوانن ڕووبەڕووی بیست و دوو وڵاتی دوژمن بە خۆیان ببنەوە.
ئەگەرچی بەردەوام هەوڵی ئاشتەوایی و بەیەکەوە ژیانییان داوە، بەڵام ئەوە نەبووتە هۆکاری ئەوەی عەرەبەکان، جوولەکەکان و زایۆنیزم وەکوو نەیاری خۆیان نەبینن. جوولەکەکان بڕوایان وایە لەسەر خاک و نیشتمانی خۆیان بژین، شکۆمەندانەترە لەوەی وەک کەمینەیەک لەژێر سایەی حوکمی وڵاتێکی دیکەدا بژین، ئەگەر هەموو مافەکانیشیان وەک هاووڵاتی بۆ دەستەبەر بکرێت. چونکە لە ڕوانگەی ئەوان، ژیان لە چوارچێوەی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان، شانازییەکی گەورەیە، ئەو شانازیەش وایان لێدەکات لەبری ئەوەی لەو وڵاتە ڕابکەن وەک گەنجە کوردەکانی ئێمە، بە پێچەوانەوە بەرگریی لە مانەوە و بە هێزبوونی خۆیان دەکەن. ئەم کتێبە، ئەوەندەی ژیانی جوولەکەیەک، کە لەپێناو نەتەوەکەیدا ژیاوە دەگێڕێتەوە، ئەوەندە باسی ژیانی تایبەتی گۆلدا ناکات. بە دەگمەن ئەوەمان بەرچاو دەکەوێت، ئەو ژنە باسی خۆشییەکانی ژیانی تایبەتی و بیۆگرافیای کەسی خۆی بکات، بەڵکو ژیانێک ژیاوە، تەنها لەپێناو نەتەوەکەی، وەک ئەوەی لەو کتێبەدا دەیبینین و دەیخوێنینەوە. دواجار دەستخۆشانە لە وەرگێڕی لێهاتوو کارامە (شەفیقی حاجی خدر) دەکەم، کە بە زمانێکی




کوردییانەی جوان، کتێبەکەی کورداندووە، بە جۆرێک چەندەها وشەی جوان و پەتیی کوردیم لە کتێبەکەدا، وەک: (ڕاسان، تریتە، کارانگاز، کەچ وکرۆم، مارنج، زرە هیوا) کەوتنە بەرچاو. بایەخدان بەم وشانە، بێگومان هێشتنەوەی زمانەکەمانە لە مەترسی سڕینەوە و کاڵ بوونەوەی فەرهەنگی. بە درێژایی شەش سەد لاپەڕەی کتێبەکە، لە تاکە یەک دێڕیش هەستم بە پشوو تەنگی نەکرد، بەڵکو وەک ئەوە وابوو ڕۆمانێک بخوێنمەوە، نەک کتێبێکی وەرگێڕدراو. بێگومان ئەمە بەهۆی وەرگێڕانی کتێبەکەوە بوو.

* پەراوێز: ناوی کتێب: ژیانی من، بیرەوەرییەکانی گۆلدا مایەر، وەرگێڕانی: شەفیقی حاجی خدر. سەرنج:_ لەلاپەڕە(٤٦٦)ی کتێبەکەدا دا نووسراوە: ( ئاداریان بە سەر پادارەوە نەما) بەڵام لە ڕاستیدا وشەکە (ئاتارە) نەک (ئادار). ئەم دەربڕینە میللییە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا زۆر بەکاردێت، کاتێ دەڵێین (ئاتاریان لەسەر پاتاریان نەما) بە مانای ئەوەی هیچ ئاسەوار و شوێنەواریکییان نەما.

“ لە ماوەی شەڕدا، تاکە یەک جوولەکەشم نەدیت وڵات جێبێڵێت ”


# کردنەوەی دەقەکان

ئەم کتێبە یەکێکە لە بەرهەمە بە پێز و بە نرخەکانی نووسەری ناسراو مامۆستا (حەمە کەریم هەورامی) نووسەر یەکێکە لەو نووسەرانەی کە هەموو تەمەنیان بۆ گەشەپێدانی هزری کوردایەتی و دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردی تەرخانکردووە و لەو بوارەدا بەرهەمی زۆریان هەیە.

نووسەر لە گەڵێ بواری ئەدەبی و هونەری و پەروەردەیی و سایکۆلۆژیدا کتێبی بەنرخی هەن. هەروەها لە بواری ڕۆماننووسی و ئەدەبی منداڵان و ڕەخنە و لێکۆڵینەوە و فەلسەفە و لۆجیک و وەرگێڕان و کوردۆلۆژیاتدا بەرهەمی هەیە بێجگەلە دەیان وتار و لێکۆڵینەوە بۆ گۆڤار و ڕۆژنامەکان (٣٠) کتێبی هەن هەرچەندە بە تەمەندا چووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تەمەن نەیبەزاندووە، هەر ئەمساڵ (٢) بەرهەمی بە پێزی پێشکەش بە کتێبخانەی کوردی کردووە. یەکێک لەو دووانە کتێبی (کردنەوەی دەقەکان)ە کە ڕەخنە لەو بەهایەنە دەگرێ کەبە هەڵە لە مێشکی خەڵکیدا چەسپیون و کاریان لە هەڵسوکەوتی خەڵکدا کردووە. هەروەها لە هەندێ بابەتیدا باس لە جوانکاری ناو دەقە هونەری و ئەدەبیەکان دەکا داوا لە خوێنەرانی دەکات لە قاڵبە کۆنەکانی خۆیان بێنە دەرەوە داهێنان بکەن، داهێنانێک کە گیانی نوێکاری و دەرچوون لە تونێلە ڕەشەکە بەرجەستە بکات و چاوی خەڵک بکەنەوە نووسەر خۆی لەسەر بەرگی کتێبەکەی نووسیویەتی و دەڵێ:

کردنەوەی دەقەکان:

- لادانەوەی ئەولاپەڕانەیە کە ڕۆژگار لە زووەوە هەڵی وەراندوون.
- خۆ لادانە لەو کوێرە ڕێگایە کە ڕێبوارەکانی هەرەتە دەکرد.
- پوچەڵکردنەوەی هەمانە فوو دراوەکانە.
- وازهێنانە لەو ڕەوتەنیە کە بەرەو هەڵدێر دەڕوا.
- گەڕانەوەیە بەرەو خۆشەویستی.




# لەبری پیرەوەری

- (سەعدوڵلا پەرۆش)م چۆن ناسی؟

نازم دڵبەند

# (سەعدوڵڵا پەرۆش)م چۆن ناسی؟



نازم دڵبەند

ساڵی ١٩٦٩ ئێمە چەند قوتابییەک بووین لە قوتابخانەی ناوەندی (ئازادی) سەودای خوێندنەوە و شیعر لەهەستماندا ببووە بەهرەیەکی خودایی، بۆیە زوو زوو سەردانی کتێبخانەی (سۆلاف)مان دەکرد، کە هونەرمەندی خوالێخۆشبوو (هوشیار سەید ئەحمەد) خاوەنەکەی بوو، لەهەمان کاتدا ئەم کتێبخانەیە شوێنێکیش بوو بۆ ئێکدی دیتنی نوسەر و ڕووناکبیران.

ئەوساکە ڕۆژنامەی (هاوکاری) کە پێموایە سەرنووسەرەکەی (منذر عريم) بوو و سەرپەرشتیارەکەشی (سەربەست بامەڕنی) هەموو ڕۆژانی پێنج شەمموان دەردەچوو، لەپاڵ ئەویش ڕۆژنامەی (النور) کە ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە بوو بەزمانی عەرەبی دەردەچوو، بەڵام ئێمە زیاتر مەبەستمان ڕۆژنامەی (هاوکاری)بوو، چونکە ئەوساکە عەرەبییەکەمان ئەوە نەبوو بتوانین پێی بخوێنینەوە، بیرمە هەموو پێنج شەممەیەک ئێواران لە مەکتەب لەگەڵ دەرچوونمان سواری پاسە سۆرەکان دەبووین لەجەناحی (١٠)فلسیەکە و بەخێرایی خۆمان دەگەیاندە بەردەم کتێبخانەی (سۆلاف) کە ئێواران خەڵکێکی زۆری لێکۆدەبوەوە و چاوەڕوانی گەیشتنی ڕۆژنامەیان دەکرد، کە لە بەغداوە بە ئۆتۆمبێلی (نێرین) دەهاتە گەراجی (جەلال خەلیل)ی، هەر لەگەڵ گەیشتنی (من و ڕەشاد کاوانی و تەحسین خورشید) بەهەرسێکمان ڕۆژنامەیەکمان دەکڕی، لەبەرئەوەی ئەو توانا مادد‌ییەمان نەبوو.

ئەو ڕۆژانەی مەکتەبیشمان بەیانیان بایە پاش نیوەڕۆکەی دەهاتینە بازاڕ و ئەو کتێبخانەیەمان بەسەردەکردەوە و هەرجارەی ئەگەر کتێبێکی نوێ بهاتایە کاک هوشیار بەخەتێکی گەورە لەسەر پارچە مقەبایەک دەینووسی ئەو کتێبە نوێیە هاتووە، وەکو هەمووجاران بەهەرسێکمان دەمانکڕی، بەڵام دوایی هاوڕێمان (سامان ئەحمەد حەمەدەمین دزەیی) تێکەڵمان بوو، ئیدی ئەو نەیدەهێشت ئێمە پارە بدەین، چونکە ئەوان ئاغای گوندی (دوگردکان)بوون و خانەوادەیەکی کوردپەروەری ناو ئاغایان بوون، خوێندەوار بوون و لە کوردایەتیدا ڕۆڵیان هەبوو، هەموو جارێش دوو دانەی لە ڕۆژنامەی هاوکاری دەکڕی، یەکێک بۆ خۆی و یەکێکی دیکەش بۆ ئێمە، هەرچەندجارێکیش لەگەڵمان بووایە هەریەکەو گەسێکی (مام ئەلیاس)یشی بۆ دەکڕین، ئەگەر لەگەڵیشمان نەهاتبایە دەیزانی (هاوکاری) کەنگێ دەردەچی ڕۆژی شەمموان پارەکەی دەداینەوە. ڕۆژێکیان هاتینە کتێبخانەکە، مقەبایەک لێی نوسرابوو دیوانی شیعری (کۆشی ئارام)ی (سەعدوڵڵا پەرۆش)ی شاعیر گەیشت، وابزانم بە (٦٠) فلسی بوو، کڕیمان.

دوای چەند ڕۆژێک کە لە خوێندنەوەی دیوانەکە بووینەوە، تاموچێژێکی شیعریی عاشقانەی زۆرمان لێوەرگرت، گەڕاینەوە کتێبخانەی (سۆلاف) و بەشەرمەوە لە مامۆستا (هوشیار سەید ئەحمەد)مان پرسی:

(چۆن دەتوانین ئەو شاعیرە ببینین؟)

پەنجەی بۆ چایخانەیەکی بەرامبەری ئەودیوی جادەی ڕاکێشا گوتی:

(ئەوە چایخانەی عوسمان دەرگەڵەیی)یە بێجگە لە سەعدوڵڵا پەرۆش، شاعیر و نوسەری دیکەی وەک:

(عەبدوڵڵا پەشێو و جەمیل ڕەنجبەر و یوسف دەرگەڵەیی و سامی شۆڕش و جەوهەر کرمانج و هیوا سەرهەنگ و محمد مەنگوڕی و زۆری دیکەشی لێدادەنیشن) بەهێمنیەوەش پێی گوتین:

(ئاگاداری خۆشتان بن قسەی زیاد نەکەن ئەوانە هەموویان (جەلال)ین.

گوتمان: (خەمت نەبێ ئێمە قوتابین ناچینە ناو ئەو قسەوباسانە، تەنها دەمانەوێ کاک سەعدوڵڵا پەرۆش ببینین)

پەڕینەوە ئەوبەر و سەیرێکی شوێنەکەمان کرد لایەکی چاپخانەکەی مامۆستا گیوی موکریانی بوو لایەکەی دیکەشی نووسرابوو (مکوی الشرق الاوسط) خاوەنەکەی عبدالقادر ناسراو بە (قەدۆ) دوو، سێ گەنجی شەرمنی ئەوسا (من و تحسین و ڕەشاد) کە ئێستا لەسوێد نیشتەجێیە، چووینە بەردەم چایخانەکە و پیاوێکی مەیلەو بەژن کورتی چاوبچووکی کورتەک و شەرواڵ لەبەر لەسەرکورسییەکی بچووک دانیشتبوو، مێزێکی بچووکیشی لەپێشبوو، دوو سێنی مسی لەسەریەکی لێدانرابوو، دیاربوو ئەوەی دەهات ١٠ فلسی چای دەخستە نێوانی هەردوو سێنییەکە.

لێپرسی:
(ئەرێ، ئێمە هاتووین دەمانەوێ کاک (سەعدوڵڵا پەرۆش)ی شاعیر ببینین دیوانەکەشمان لەدەستبوو)

بەدەست ئاماژەی بۆ گەنجێکی قۆز و قژ ڕەش کرد و گوتی: ئەوە خۆیەتی بانگیشی کردو و گوتی:

-ئەو قوتابیانە هاتوونەتە لای تۆ.

کاک سەعدوڵڵا پەرۆش بەڕوویێکی خۆشەوە بەرەو ڕوومان هات و بەخێرهاتنی کردین و ئێمەی بردە لایەکی دیکەی چایخانەکە، ئێمەش زۆر بەحەزەوە سەرسامی خۆمان بۆ شیعرەکانی دەربڕی .

گوتی: من زۆر خۆشحاڵم کەئێوە لەگەڕەکە فەقیرەکانەوە هاتوون و ویستوتانە من ببینن، چونکە شیعرەکانم سەری پێهەڵگرتوون، دیارە ئەمە بۆمن دەبێتە نووسینی شیعرێکی گەورە.

گوتیشی: دیوانی(کۆشی ئارام) بەزەحمەتیەکی گرانەوە هاتۆتە بەرهەم، بۆنموونە ئەو بەرگە سادەیە کەچەند جوانە لەماڵی هاوڕێی ئازیزم (هیوا سەرهەنگ) بەدەست و پەنجەی کاک (عەبدوڵڵا سالار) نەخشێنراوە کە ئەفسەرێکی هاوڕێی مامۆستای گەورە (ئیسماعیل سەرهەنگ) بوو، بەڵام من داوایەکم لەئێوەیە بخوێنن و بخوێننەوە، تا ڕزگارتان بێ لە جەهالەت.

هەرخۆی دەستپێشخەری کرد و لەگەڵمان هەڵسا بۆ سەرمێزێکی دیکەی چایخانەکە و ئێمەی بە (هەردوو شاعیر عەبدوڵڵا پەشێو و جەمیل ڕەنجبەر و یوسف دەرگەڵەیی و لەمێزێکی دیکەش بە هیوا سەرهەنگ و جەوهەر کرمانج و مجید هێرش و محەمەد مەنگوڕی ناساند.

ئێمەش هەرزۆر خۆشحاڵبووین، هەر ئەو کاتەش بوو شاعیری گەورە (عەبدوڵڵا پەشێو) تازە دیوانی (بتی شکاو)ی لە بەرگێکی ڕەنگ مەیلەو پەمبەیی چاپکردبوو و دانەیەکی پێشکەشکردین و مامۆستا (محمد مەنگوڕی)یش کتێبێکی خۆی بەناوی (گوڵاڵەکانی ڕۆژگار ) بۆ کردینە دیاری، زۆرمان پێخۆشبوو لەبەر ئەوەی بەڕاستی نەماندەتوانی بیکڕین، چونکە ئەو پارەیەمان نەبوو. هەروەها هەر زۆر کەیفمان بەخۆهات ئەو شاعیر و نووسەرە گەورانە کتێبەکانی خۆیانمان پێشکەش دەکەن. دوای تاوێک ووردبوونەوە و باوەڕنەکردن کە ئێمە فیعلەن لەگەڵ ئەم نووسەر و شاعیرانە دانیشتوین!؟ بەدڵخۆشییەوە خوداحافیزیمان کرد و ئەوانیش بە ڕۆحیەتێکی گەنجانەوە بەڕێیانکردین. لە ڕێگا، لەنێوانی خۆماندا پێکهاتین، دەبێ تا ڕۆژی پێنچشەممە کە ڕۆژنامەی هاوکاری دەردەچێ لەخوێندنەوەی ئەو دوو کتێبە ببینەوە و خوێندنی مەکتەبیش بەلانەدەین.

هەرچەندە تەمەنیشمان گچکە بوو، بەڵام هەستماندەکرد عەقڵمان گەورەترە، بۆیە (بەندە و سامان ئەحمەد حەمەدەمین دزەیی و شوانی برای و ڕەشاد کاوانی و تەحسین خورشید) بەپێی ئەو خوێندنەوە بەردەوامەمان هەستی نەتەوایەتیمان دەوروژێ، ئەوەبوو ئەو گروپە بڕیارماندا بچینە ناو ڕیزەکانی (یەکێتیی قوتابیانی کوردستان-باڵی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان-جەلالییەت) بەڵام هاوڕێکانی دیکەمان وەک:

(سامان مارف بەرزنجی و فەرهاد بەرزنجی برای و محەمەد سەلیم ئەسعەد پەرێ) لەگەڵ ئێمە نەهاتن دوایی زانیمان کە ئەوانە بەپێی بیروباوەڕی خانەوادەکانیان هەستی (شیوعیەتیان) هەیە، لەناو مامۆستاکانیشمان مامۆستا (حەیدەر هەمزە) بەو پێیەی ئەویش سەربەباڵی (جەلالییەت)بوو، زۆر هانی دەداین بۆ خوێندن وپشتگیری ئەو هەستە نەتەوایەتیەی دەکردین. بەڕاستی ئێمەش ئەو کات هەرزەکار بووین، ئەو شتانەمان نەدەزانی و لێی تێنەگەیشتبووین، تەنها هەستی نەتەوایەتیمان هەبوو، دەمانزانی نەوروز هەیە وکتێب و ڕۆژنامە بەکوردی هەیە.

لە هەمووشی دیارتر ئەوساکە ئێمە ئەو سەقافەتە عەرەبیەمان نەبوو، بەڵام هەموو ڕۆژێ (سامان ئەحمەد حەمەدەمین دزەیی) ڕۆژنامەی (النور)ی بۆمان دەهێنا، چونکە (ئەحمەد حەمەدەمین)ی بابی ڕۆژانە بۆی دەهات، بەو پێیەی ئەو (ئەندامی لیژنەی مەرکەزی پارتی دیموکراتی کوردستان-باڵی مەکتەبی سیاسی بوو).

لەبیرمە بارەگای لقی هەولێری



(پارتی) لەخانووەکەی شوێنی (دکتۆرە سوهام نەجار) بوو بەرامبەر چواریانی پەیکەری ئێستای شێخ مەحمودی نەمر.

مامۆستا (مەلا عەبدوڵڵا ئیسماعیل- مەلا ماتۆڕ) لێپرسراوی لق بوو (شێخ لەتیف) جێگری بوو، ڕۆژێکیان خەڵکیان بەرامبەر بارەگاکە کۆکردەوە ئێمەش لەگەڵیانا وەکو یەکێتیی قوتابیانی کوردستان

بەشداربووین، پێموایە ئەوکات (شەهید جەمیل ڕەنجبەر) لێپرسراوی ناوچەی هەولێری یەکێتیی قوتابیانی کوردستان بوو، هەریەک لە (هیوا





سەرهەنگ و سەعدوڵلا پەرۆش و جەوهەرکرمانج و شەریف بادینی ئەندامی ناوچە بوون، دیاربوو بۆنەیەک هەبوو، بەداخەوە لەبیرم نەماوە چیبوو، لەسەر تارمەکە بێجگە لە مامۆستا مەلا عەولا و کاک شێخ لەتیف کە وتاریان خوێندەوە پێشمەرگەی تێکۆشەر خارە (سەید مەجیدی گردعازەبان) یش لەتەک ئەوان وەستابوو، ئینجا (عەبدوڵلا پەشێو)یش شیعرێکی پێموایە (بتی شکاو) بوو خوێندەوە، ئێمەی زیاتر خۆشحاڵکرد کە گوێمان لەو دەنگە بەحەماس و زوڵاڵەی بوو، هەموو ئەو شاعیر و نووسەرانەی ئێمە بینیمانن لە چایخانە هاشم جەباری ئەوانیش هەموویان لە باڵکۆنەکە لەتەنیشت لێپرسراوەکان وەستابوون.

پێش جەژنی نەورۆزی ساڵی ١٩٦٩ بەماوەیەکی کەم ڕۆژێکیان لە بارەگای (یەکێتیی قوتابیانی کوردستان) کۆبوونەوەیەکیان پێکردین شەهید (جەمیل ڕەنجبەر) وەکو سەرۆکی ناوچەی هەولێری یەکێتیی قوتابیان دوای باسکردنی بایەخی مێژوویی جەژنی نەورۆز لای گەلی کورد ڕایگەیاند کە ئەمساڵ بۆ ئەم یادە ئاهەنگێکی ڕەنگاوڕەنگ لە گۆرانی و مۆسیقا و هەڵپەڕکێ و شیعر خوێندنەوە سازدەکەین، جا هەریەک لەئێوە ئامادەباشیتان بۆ کام لەو چالاکیانە تێدایە با ناوی خۆی بنووسێ و لەکات و شوێنی خۆی بۆ پڕۆڤەکردن ئامادەبێ، ئەوەبوو هەریەک لە (سەعدوڵلا پەرۆش، ئیسماعیل مەحەمەد ئەمین، کەیفی کۆیی، جەوهەر کرمانج، دلاوەر کۆیی، هوشیار عەزیز هەرکی، شەریف ئامێدی، حەسەن قادر، شەهید جەمیل ڕەنجبەر، مەجید عەبدوڵلا، هیوا سەرهەنگ، لەگەڵ کەمانجەژەن خالید کۆیی) چالاکی هەڵپەڕکێیان هەڵبژارد، بەڵام ئێمە بەشداری کۆرس بووین وەک قوتابخانەی ئازادی:

(بەندە، تەحسین خورشید، ڕەشاد کاوانی دوو قوتابی دیکەش تازە لە شەقڵاوە هاتبوونە قوتابخانەکەی ئێمە ئازاد خۆشناو و شێرزاد خۆشناو برای هونەرمەند کاک نەزار سیرامیکی خۆمان) شوێنی پڕۆڤەکردنیشمان قوتابخانەی (ڕزگاری) ئێستا بوو، مامۆستای ڕاهێنەریشمان هونەرمەندی گەورە مامۆستا (عەبدلواحید مەرجان) بوو ڕۆژانە بەکەمانچەکەیەوە دەهات، هەموومان وەکو کەسێکی موقەدەس سەیرمان دەکرد، بەتایبەت ئێمە کە لەگەڵ خوێندنەوە ئاشنا بووین، بێجگە لە سروودەکانی نەورۆز کە هەرهەمووی بەدەنگی کۆرس بوو هونەرمەندان (فوئاد ئەحمەد، تایەرتۆفیق، تەحسین تەها، ڕەسوڵ گەردی، باکوری) لەدوا ڕۆژەکاندا ئامادەدەبوون بۆ پڕۆڤەکردن بەمەبەستی ئامادەبوونیان بۆ ئاهەنگی ڕۆژی نەورۆز.

بابگەڕێینەوە چایخانەکەی کاک(عوسمان دەرگەڵەیی) ئێمەش وامان لێهات ببینە مریدی ئەو چایخانەیەو لەکاتی نەبوونی قوتابخانە بەتایبەت لەهاویندا ئەوێ ببێتە شوێنی دانیشتنمان و گوێگرتن لەو نووسەر و شاعیرانە، زۆرجار دەنگی ڕەخنەو نارەزاییمان دەبیست لەسەر ناوەڕۆکی فلان نووسین، یان شیعر بەتایبەت لای (سابیر گۆران) ی برای شەهید جەمیل ڕەنجبەر کە نووسەرێکی گەنج بوو، چونکە ئەوسا ئەو خۆی بەشاعیرێکی موتەمەرید دەزانی و جۆرێک لە نوێخوازی پێوەدیاربوو.

لەساوە من سەعدوڵلا پەرۆش-ی شاعیر دەناسم و برادەرم بووە تا مەرگی ناوادەی کورسیەکەی ئێوارانی لەسەر مێزەکەی ئێمە بەبەتاڵی هێشتەوە، بەدرێژایی تەمەنی هەمیشە مەجلیس خۆشبوو دڵێکی پاکیشی هەبوو کەلەیەکێک تووڕە دەبوو هەرزوو هەستی بەپەشیمانی دەکرد و داوای لێبووردنی دەکرد تا وایلێهات ئەگەر شەوێ دیارنەبووایە هەموومان غەریبی قیژە قیژی ئەومان دەکرد بە ئێستاشەوە، درووود بۆ ڕۆحی...

# وێستگەی دیوان

- ***قەندیل بەغدای هەژاند .. یەکەم یادداشت بەقەڵەمی فەرماندەیەکی پارتیزان***

عەبدولواحید ئیدریس شەریف

- ***مام عەولا .. بۆیاغچییەکەی بۆخارست کێیە .. ؟!***

د. ئەحمەد حەمەدئەمین

- ***چیرۆکفرۆش***

رەسوڵ بەختیار

- ***چینی خۆیی***

موحسین چینی

# قەندیل بەغدای هەژاند

## یەکەم یاداشت بەقەڵەمی فەرماندەیەکی پارتیزان



عەبدولواحید ئیدریس شەریف

لەسەرەتای سەرهەڵدانی ژیان، ئەزموونی کەسایەتییە دیار و کاربەدەست و کارەکتەرە سەرەکییەکانی ناو ڕووداوەکانی ژیان نووسراوەتەوە، پاشا و میر و دەسەڵاتدارەکان قەڵەمداری خۆیان هەبووە، بەڵام بۆ نووسینەوەی ڕووداوەکان وەک خۆی نا، بەڵکو بۆ نیشاندانی مەملەکەت بەبەهەشتێک و پاشاکانیان بەخوای عەدالەت و یەکسانی، نووسینەوەی ژیانی ڕۆژانە و بەیاداشت کردنیان حەز و ئارەزووی زۆر کەسە، کەم و زۆر سوود بەکۆمەڵ دەگەیەنێ، بەڵام ئەزموونی کەسە پسپۆر و خاوەن تەمەنێک کارکردن لەبوارە جیاجیاکانی ژیان، زیاتر لێی سوودمەندین وەک یاداشتی تاکێکی ئاسایی.

لەدوای ڕاپەڕینی ١٩٩١، زۆر لەسەرکردە و تێکۆشەرەکان دەستیان داوەتە قەڵەم و ئەزموونی خەباتی خۆیان نووسیوەتەوە، بەڵام چ نووسینەوەیەک، بەجۆرێک نووسراوەتەوە کە قسەی زۆر هەڵدەگرێت، بەشێکیان لەیاداشتەکانیاندا چی چاکە بۆ خۆیان نووسیوەتەوە و چی خراپە بۆ هاوڕێکانی و حزبی لەگەڵ حزبەکەی ناکۆک، خۆیان پاڵەوان و هاوڕێکانی ترسنۆک، خۆی فریشتە و هاوڕێکانی شەیتان وێنا کردووە، ئەو بەڕێزانە گەر ئامانجیان لە نووسینەوەی یاداشتەکانیان دەوڵەمەندکردنی مێژووی شۆڕش و خەباتی نەپساوەی خەڵکی کوردستان بووە، دەبا چاوێک بەیەکەم کتێبی یاداشت بخشێنین کە شەهید ڕێباز نووسیبووی بەناوی (قەندیل بەغدای هەژاند) کەوەک کامیرایەک وێنەی ڕووداوەکانی گرتووە، زومی کامێرای هەر لەسەر خۆی نەبووە، چونکە یاداشت نووسینەوەی واقیعە، نووسینەوەی ڕوداوە تاڵ و





شیرینەکانە، نووسینەوەی چاک و خراپە، نەک خۆ پڕباکردن و بچووککردنەوەی ئەوانی دی.

(قەندیل بەغدای هەژاند) وەک نووسینەوەی یەکەم یاداشت، سەرچاوەیەکی بەسوود و پڕ ڕاستییە، بەڵگەش نووسینەوەی بەشێک لە ڕووداوەکان لەقازانجی حزبی نووسەردا نەبووە، شەهید ڕێباز کەپێش ئەم کتێبە خاوەنی دوو کتێبی دیکەیە:

یەکەم: کتێبی پارتیزانی کە لەساڵی ١٩٩٠ نووسیویەتی باس لەئەزموونی پارتیزانی خۆی و هاوڕێکانی دەکات کەدوای ئەنفالی ١٩٨٨، ١٤ مانگ لەسنووری پارێزگای هەولێر بەپارتیزانی درێژەیان بەپێشمەرگایەتی و خەباتێکی سەخت دا، کتێبی دووەم: (نرکەی کوردستان) بەدوو بەش، لەو کتێبەش باس لەڕووداوەکانی کوردستان و ڕاپەڕین دەکات و سەرنجی خۆی خستۆتەڕوو.

لەساڵی ١٩٩٣ بەرگی یەکەمی (قەندیل بەغدای هەژاند) چاپ کرد، کەباس لەقۆناغی هەرزەکاری و چوونە ناو کاری ڕێکخراوەیی خوێندکاران و دواتر حزبی و بەشداری لەشۆڕشی ئەیلول دەکات، بەڵام خۆی لەو بەرگە ڕازی نەبووە، بەرگی دووەم داوای لەمن کرد کە پێداچوونەوە و پاکنووسی کتێبەکە بخەمە سەر شانی خۆم، منیش بەشانازیەوە چوومە ژێر باری ئەو ئەرکە، سێ مانگ بەشی زۆری کاتی خۆم بۆ پاکنووسکردنی ئەو یاداشتە تەرخان کرد بەڵام خۆشم زۆر سوودم لەخوێندنەوەی بینی، ئەو کاتە لەیەک شوێن دەوامامان دەکرد، ڕۆژانە گفتوگۆمان لەسەر ئەو بابەتانە دەکرد، چ ئەو بابەتانەی من پاکنووسم کردبوو، تێبینی و سەرنجی خۆم پێدەوت، چ ئەو بابەتانەی

ئەو ماوە ماوە پێی دەدام بۆ پاکنووس کردن، ڕوونکردنەوە و زانیاری پێدەدام، بەڵێ من لەو زیاتر تێگەیشتم گرنگی نووسینەوەی یاداشت لەخۆ لانەدان لەوتنی ڕاستییەکان دایە، خستنەڕووی ڕوداوەکانی ڕابردوو وەک خۆی، نەک ترش و خوێ کردنیان بەقازانجی نووسەر و لایەنگرانی، بەم شێوازە دەبێتە جێی متمانەی خوێنەر و سەرچاوەی بڕواپێکراو بۆ نووسینەوەی مێژوو، نەک جلەوی خەیاڵ بەڕەڵا بکەی چی بۆخۆت باشە ئەو بنووسی و چی خراپە بیدەیە پاڵ کەسانی دی، قەندیل بەغدای هەژاند لەکات و ساتی ڕووداوەکان لەدەفتەری بەر باخەڵ و ڕۆژمێری گیرفان یاداشت کراوە ئەگەر بەسەرە قەڵەمیش بێت و بۆ پاراستنیان لە دەیان شوێن حەشار دراوە، تا ئەو کاتەی نووسەر بۆی ڕەخساوە ڕووداوەکان بەدرێژی بنووسێتەوە و چاپی بکات.

قەندیل بەغدای هەژاند سەرچاوەی دەیان فیلم و ڕۆمانە، نووسەرەکەی هێندە گرنگی بەڕووداوەکان و هاوڕێکانی داوە، هێندە باسی خۆی ناکات، لەکاتێکدا خۆی کارەکتەرێکی بەرچاو بووە لەناو ڕووداوەکاندا، خۆزگە یاداشت نووسەکانی دیکەش ڕاستییەکانیان فەرامۆش نەکردبا و هێندە بەباڵای خۆیان هەڵنەوتبا و ڕووداوەکانیان بەچەواشەیی نەخستبا بەرچاوی خوێنەر، بەداخەوە هەندێ لەوە دەرچووە و یاداشتی کارەکتەرێکی ناو مێژووبێت بەڵکو بۆتە درۆنامە، کە مایەی شەرمە بۆ کتێبخانەی کوردی، ئەو جۆرە کتێبانە بچنە ناو لیستی کتێبەکانی، شەهید ڕێباز لەو کتێبە ئەوە دەسەلمێنێ ئەو هەر فەرماندەیەک نییە و بەس، بەڵکو قەڵەمێکی بەرپرس و خەمخۆرێکی مێژووی شۆڕش و کوردایەتییە، چەندە لەخەباتی خوێناوی گەلەکەی گیانی خۆی خستۆتە سەر لەپی دەست و لەناخۆشترین ڕۆژەکانی شۆڕش ئەو سەنگەری خەباتی بەرنەداوە و لەگەڵ هاوڕێکانی خەمی نیشتمانیان کردۆتە کۆڵ و کۆڵیان نەداوە، هەر بۆیەش لەهەموو قەڵەمێک دڵسۆزتر ڕوانیویەتیە ڕووداوەکان کە وەکو هەن بیانخاتە نێو لاپەڕەکانی مێژوو، نەک مێژوو بەئارەزووی خۆی شەن و کەو بکاو ڕاستییەکان حەشار بدا، خۆم گەواهی دوو سێ نموونەی ئەو بابەتانەم کە لە (قەندیل بەغدای هەژاند) هەن و وەکوو خۆی باسکراون و کارەکتەرەکانی ڕۆڵی خراپیان هەبووە لەناو حزبەکەی خۆی، دوای چاپی ئەم کتێبە هەڵوێستی نابەرپرسانەیان هەبوو بەرامبەر نووسەرەکەی، بەڵام شەهید ڕێباز بەشانازییەوە دەیوت دیارە کتێبەکەم جێی خۆی گرتووە، مادام ڕەخنەم لێدەگرن لەسەر نووسینی ڕاستییەکان، لەڕۆژانی نووسینەوەی یاداشتەکان سەرنجەکانی خۆم پێ ڕادەگەیاند، بەڵام ئەو بۆی شیدەکردمەوە ((نرخی ئەو کتێبە لەنووسینی ڕاستییەکان دایە و گەروانەبێ سەنگی خۆی نابێت، کەواتە هیچم نەکردووە و ناشمەوێ خوێنەر چەواشە بکەم، ئەو کاتەش وەک تاوانبارێک خۆم دێتە بەرچاو و خۆ لەبەر ئازاری وێژدان ڕاناگرم، من نیازم لەنووسینەوەی ئەم یاداشتانە ئەوەیە ڕووداوە تاڵەکان ببنە پەند و دووبارە نەبنەوە و ئەزموونی لێ وەردەگرت، نەک خۆ ناساندن و خۆگەورە نیشاندان)).

لەکۆتایی ئەم نووسینەدا دەمەوێ لەجیاتی نووسەری شەهید دووبارە سوپاسی (کوردستانی نوێ) بکەم کە جگە لەئەرکی خۆیان، بەتایپە سادەکانی ئەوکات ڕۆژانە بابەتەکانی (قەندیل بەغدای هەژاند)یان تایپ دەکرد، گلەیەکیش لەو بەڕێزانە بکەم کە دوای چاپی یەکەم، سێ جاری دی ئەم کتێبە چاپکراوەتەوە، بێ ئەوەی ئاماژە بە ئێمە بکرێ کە سێ مانگ کاتی خۆم بەخشیە پاکنووس کردنی (قەندیل بەغدای هەژاند) بەرگی دووەم.

**"**

**شەهید ڕێباز بەشانازییەوە دەیوت دیارە کتێبەکەم جێی خۆی گرتووە، مادام ڕەخنەم لێدەگرن لەسەر نووسینی ڕاستییەکان**

**"**



# مام عەولا .. بۆیاغچییەکەی بۆخارست کێیە .. ؟!



د. ئەحمەد حەمەدئەمین

کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا لە ٢٢ تا ٢٦ی ئابی ١٩٦٠ پێنجەمین کۆنگرەی خۆی لە بەرلین گرێدا. حیلمی عەلی شەریف، کە ئەو کاتە ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و ئەندامی دەستەی کارگێڕی ڕۆژنامەی خەبات بوو، بە نوێنەرایەتی ڕۆژنامەکە بەشداری لە کۆنگرەکەدا دەکات.
حیلمی عەلی شەریف لە دوای گەڕانەوەیدا، لەچەند وتارێکدا وردەکاری کۆنگرەکەی نووسیوە و پێشکەش بە خوێنەرانی ڕۆژنامەی خەباتی کردووە. بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە نووسینی وتارێکییەتی بە ناونیشانی (صباغ كردي في بخارست) ناوبراو لە وتارەکەیدا نووسیویەتی لەدەمی کردنەوەی کۆنگرەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد ژمارەیەکی بەرچاو بروسکە و نامەی پیرۆزبایی خوێندرانەوە، بەڵام ئەوەی لە هەموویان زیاتر جێگای سەرنجی ئامادەبووان بوو، بروسکە و سڵاوی بۆیاغچییەکی کورد و هاوڕێکانی بوو، کە لە بۆخارستی پایتەختی ڕۆمانیا بۆ کۆنگرەکەیان ناردبوو، تێدا هیوای سەرکەوتنیان بۆ کۆنگرەکە خواستبوو. حیلمی نووسیویەتی ناوەڕۆکی نامەی بۆیاغچییە کوردەکە بە زمانێکی زۆر سادە نووسرا بوو، گوزارشتی لە سروشتی سادەیی بۆیاغچییەکی کوردی ئاوارە دەکرد.
تائێرە وتارەکەی حیلمی عەلی شەریف باسی ڕووداوەکانی ناو کۆنگرەی پێنجەمی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردە لە ئەوروپا. وەلێ دواتر هاتۆتە سەر چۆنییەتی ئەنجامدانی دیدار لەگەڵ ئەو بۆیاغچییە کوردەدا. حیلمی عەلی شەریف دەگێڕێتەوە، لەو دەمەدا ڕوشدی عەلی شەریفی برای لەگەڵ ژمارەیەکی دیکەی خوێندکاری کورد لە بۆخارستی پایتەختی ڕۆمانیا خەریکی خوێندن بوون و لە ڕێگای گەڕانەوەیدا سەردانی کردوون. لەبەر ئەوەش کە بابەتی بروسکەی بۆیاغچییە کوردەکەی بۆخارست سەرنجی ڕاکێشا بوو، لە دەمی گەیشتنی بۆ لای ڕوشدی برای و هاوڕێکانی ئەو باس و خواسەی لەگەڵ کردوونەتەوە و پەرۆشی ئەوە بوو، ئەو کوردە بدۆزنەوە.
حیلمی عەلی شەریف نووسیویەتی: لەگەڵ ڕوشدی و ئەحمەد شێخ ڕەئوف کەوتینە سوراغکردنی، بەر لەوەی بە دیداری بگەم، لەخۆم دەپرسی ئەو کوردە چۆن گەیشتووتە بۆخارست؟ بۆچی دەبێت لە ڕۆمانیاش بۆیاغچیی بێت؟، ئایا ئەو کوردستان و گەلی کوردی بیرماوە؟، ئایا زمانی کوردی بیر نەچووە؟ ئەو پرسیارانە و پرسیاری دیکەش هزری سەرقاڵ کردبووم، بیرم لە کێشەی نەتەوەکەم دەکردەوە، کە چۆن داگیرکەران و حکومەتە دواکەتووەکان مافی پێشێل دەکەن.
بە گوێرەی گێڕانەوەکەی حیلمی عەلی شەریف بێت لە پاڵ دیوارێکی ناوەڕاستی شاری بۆخارست لە مەیدانی بۆیاغچییەکاندا بەدیداری ئەو کوردە گەیشتوون. حیلمی نووسیویەتی: کە سڵاومان لێکرد لەبەرمان هەڵسایەوە و لە ڕووخساریدا هەستمان بە گەشانەوەیەک کرد، بە تایبەتی دوای ئەوەی خۆمان ناساند، زانی لە باشووری کوردستان هاتووم و بەو نزیکانە دەگەڕێمەوە.
شایەنی گوتنە، دوای خۆناساندنی هەردوولا، حیلمی عەلی شەریف وەک ڕۆژنامەنووسێک دەکەوێتە پرسیارکردن لە بارەی ناو و چۆنییەتی گەیشتنی بە ڕۆمانیا. حیلمی نووسیویەتی: بە پەرۆشەوە قسەی بۆ دەکردین و لە قسەکانیدا بە کوردی و تێکەڵەیەک بە وشەی ڕۆمانی قسەی دەکرد.
لە وتارەکەی حیلمی عەلی شەریفدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە، ئەو کوردە ناوی مام عەولا بووە، بە بنەچە خەڵکی شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە، لە ڕۆژگاری شۆڕشی شێخ مەحموودا هاتۆتە باشووری کوردستان، پاشان ڕووی کردۆتە باکووری کوردستان و لە نزیکەوە شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی ئەوێی بینوە.
مام عەولا لە ئەنجامی جێبەجێکردنی سیاسەتی سەرکوتکاری و کۆچ پێکردنی زۆرەملی مستەفا کەمال، بۆ ڕۆژئاوای تورکیا گواستراوەتەوە، وەلێ لەبەر زوڵم و ستەمی تورکەکان ڕایکردووە و لە شاری بۆخارست لەگەڵ سێ کورد دیکەدا گیرساونەتەوە.
حیلمی عەلی شەریف لە کۆتایی وتارەکەیدا بە تاسەوە باسی هەڵوێست و پەرۆشی مام عەولا بۆ کوردستان و بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەکەی دەکات و بەرزی دەنرخێت، هەر ئەوەش وایکردووە سڵاو و ڕێز بۆ مام عەولا و تێکڕایی ئەوانەی وەک ئەو بیردەکەنەوە بنێرێت.

سەرچاوە: حلمي علي شريف، صباغ كردي في بوخارست، جريدة خبات، العدد (٣٣٠) ٥/١٠/١٩٦٠، ص٨.

# چیرۆکفرۆش

لەنێو ڕێڕەوەکە لاوزەدی گەنج، ئیلهامی چیرۆکفرۆشی ڕاگرت، زۆر بەلەخۆباییەوە پێیگوت: دەکرێ ئەو چیرۆکە بەناوی من بڵاوبکەیتەوە، تۆ لەهەموو ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا ناوت دیارە وەک بابەت و چیرۆکەکانی دیکە، ئەم چیرۆکەم پێبفرۆشە، دەزانم نرخی ئەم چیرۆکەت گرانە، منیش بەقەد گرانی چیرۆکەکەت پارەت پێدەدەم تا لەڤیستڤاڵێک بەو چیرۆکە بەشداری بکەم تۆ نووکتەت گێڕاوەتەوە و بەپارە فرۆشتوتە یەکێک، کڕیاریش کردویەتییە هەوێنی چیرۆکێک، کابرای کڕێکار بەو چیرۆکە بەناوبانگ بووە.

ئیلهامی چیرۆکفرۆش کاتێک گوێی لەقسەکانی لاوزەدی گەنج بوو، زۆر بەسادەیی گوتی: دەزانی چ تەکنیکێک لەنێوەندی ئەو چیرۆکەدایە، دیمەن و یاری کردن بەوشە لەم چیرۆکەدا جیهانێکی تایبەت بەخۆمە، بۆ تۆ ئاستەنگە لێی تێبگەی، دونیای من زۆر جیایە لەتۆ، لاوزەد: تێدەگەم، بەڵام منیش پارەیەکی زۆرت پێدەدەم، لەجیاتی پاداشتی دەزگاکان، من دە ئەوەندە دەینرخێنم.

ئیلهامی چیرۆکفرۆش کەمێک بێدەنگ بوو، بەئەسپایی گوتی: نرخەکەم داناوە... تۆش بەم چیرۆکە دەتوانیت بەناوبانگ بیت، کچەکان بەم چیرۆکە، کاتێک بەناوی تۆ بڵاودەبێتەوە، کچەکان زۆر سەرسامت دەبن هەردەم لەدەورتدا دەسووڕێنەوە....

ئیتر هەردوو لا لەسەر نرخەکە ڕێککەوتن، دواتر تەوقەیان لەگەڵ یەکتردا کرد و هەر یەک بەلایەکدا ڕۆیشتن. دوای چەند ڕۆژێک هەردووکیان لەڤیستڤاڵێکی ئەدەبیدا یەکتریان بینییەوە، لاوزەد لەنێو خەڵکدا زۆر بەشان و باڵی ئیلهامی چیرۆکفرۆشی هەڵدا بەمامۆستای هەمووانی لەقەڵەمدا، ئیلهامی چیرۆکفرۆشیش تەنیا بەبزەیەک و سوپاسێک هەمووانی جێهێشت و چوو لەسەر کورسی دەستنیشانکراو دانیشت.

دوای چەند خولەکێک دەستکرا بەوتارەکان و هەریەک لەشاعیر و چیرۆکنووسەکان نۆبەیان هات و شیعر و چیرۆکی خۆیان خوێندەوە، لاوزەدی گەنج کاتێک هەڵسا چیرۆکەکەی بخوێنێتەوە سەیرێکی ئیلهامی چیرۆکفرۆشی کرد، دواتر دەستی بەچیرۆک خوێندنەوە کرد، دیار بوو ئامادەبووانی هۆڵەکە زۆر سەرسامی ئەو چیرۆکە بوون، زوو زوو چەپڵەیان لێدەدا، ئیلهامی چیرۆکفرۆشیش هەر چەند جارێک سەیری لاوزەدی گەنجی دەکرد بزەیەکی دەکرد، لەو کاتەدا پەشیمانیش بەڕووخسارییەوە دیار بوو، حەزی بەوە دەکرد هەر خۆی بوایە چیرۆکەکە بخوێنێتەوە....

هەرچۆنێک بێ چیرۆک و شیعر خوێندنەوە کۆتایی هات، ئەمجارەیان دەستکرا بەگفتوگۆی ڕەخنەگرانە و چەند پسپۆڕ و ئەدیبێکی هەر دوو بوار چوونە سەر شانۆ... ئیلهامی چیرۆکفرۆشیش یەکێک پسپۆڕەکان بوو، بەهۆی تەمەن و ئەزموونەوە ئیلهامی چیرۆکفرۆش سەرەتا قسەی کرد و هەر لەسەرەتاوە چیرۆکەکەی لاوزەدی گەنجی بەوەرچەرخانێک زانی لەداهێنانی ئەدەبییدا، ئامادەبووانیش کردیان بەچەپڵە ڕێزان.

لاوزەدی گەنجیش لەلای خۆیەوە، بەڕاست لەخۆی گەیشتبوو، کە داهێنەرە. دواتر لەکاتی دابەشکردنی خەڵاتەکان چیرۆکەکەی لاوزەدی گەنج بەیەکەمی ڤیستڤاڵەکە دەرچوو، هەرچی بەرپرسی ئەو وڵاتە هەیە دەستخۆشیان لەلاوزەدی گەنج کرد.

چەند ڕۆژێک دوای ئەو ڤیستڤاڵە، ڕاگەیاندنەکان باسیان لەڕووداوێکی جەرگبڕکرد تیایدا باسیان لەوە کرد، لەڕووداوێکدا ئیلهامی چیرۆکفرۆش کۆچی دوایی کرد....

ئێستا ساڵێک بەسەر ئەو ڕووداوەدا تێپەڕیوە، لاوزەدی گەنج هیچ بەرهەمێکی نییە و وازی لە خوێندنەوەش هێناوە، زۆرێک گەنج و نووسەر و ئەدیبەکان زۆر جار هانی دەدەن تا چیرۆک بنووسی، کەچی لاوزەدی گەنج لەوەڵامدا دەڵێت: دوای مامۆستا ئیلهام ڕقم لەهەموو شتێکە.



**ڕەسوڵ بەختیار**

# چینی خۆیی

من لە سەرەتایی نووسینەکانمدا هەر بە ناوی ئاسایی خۆم (محسن أحمد محمد) بابەتەکانم لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی پێش ڕاپەڕین بڵاو دەکردنەوە.


هەروەها لە دوای ڕاپەڕینیش نووسینەکانم هەر بەم ناوە ئاساییەی خۆم بووە. بەڵام کاتێ لە گۆڤاری گوڵان دامەزرام لە یەکەمین بابەتم کاک موکەڕڕەم ڕەشید کە ئێستا لە (k.tv)یە گوتی: کاک موحسین نازناوی (چینی)ت بۆ دادەنێین، لەبەر ئەوەی بەخۆشت زۆر حەز لە (چین) دەکەی، هەڵبەتە کاک موکەڕڕەم ئەم نازناوەی لە خۆڕا بۆ نەدۆزیمەوە، نزیکەی چل ساڵە یەکدی دەناسین و شەوانە پێکەوە چوینەتە گازینۆ و یانەکان، باسی سیاسیمان کردووە و لە میانەی باسەکانیشدا کاریگەری دارمانی بلۆکی یەکێتی سۆڤیەت لەسەر جەنگی کەنداو باسی سەرەکی دانیشتنەکانی ئەو سەردەمەمان بوو زۆر جاریش بۆ دوپاتکردنەوەی هەندێ بیروڕای سیاسی وتەکانی ماوتسی تۆنگم بە نمونە بۆ دەهێنایەوە

**موحسین ئەحمەد موحەمەد**

**(موحسین چینی)**



**موحسین چینی**



چینی خۆی

من لە سەرەتای نووسینەکانمدا ، هەر بەناوی ئاسایی خۆم (محسن أحمد محمد) بابەتەکانم لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی پێش ڕاپەڕین بڵاو دەکردنەوە . هەروەها لە دوای ڕاپەڕینیش نووسینەکانم هەر بەم ناوە ئاساییەی خۆم بووە . بەڵام کاتێ لە گۆڤاری گوڵان دامەزرام ، لە یەکەمین بابەتم کاک موکەڕڕەم ڕەشید کە ئێستا لە - KTV - یە گوتی کاک موحسین نازناوی (چینی)ت بۆ دادەنێین ، لەبەر ئەوەی بەخۆشت زۆر حەز لە چین دەکەیت ، هەڵبەتە کاک موکەڕڕەم ئەم نازناوەی لە خۆڕا بۆ نەدۆزیمەوە ، نزیکەی چل ساڵە یەکدی دەناسین و شەوانە پێکەوە چووینەتە گازینۆو یانەکان ، باسی سیاسیمان کردووەو ، لە میانەی باسەکانیشدا کاریگەی دارمانی بلۆکی یەکێتی سۆڤیەت لەسەر جەنگی کەنداو باسی سەرەکیی دانیشتنەکانی ئەو سەردەمیمان بوو .. زور جاریش بۆ دووپاتکردنەوەی هەندی بیروڕای سیاسی وتەکانی ماوتسی تۆنگم بۆ بە نموونە دەهێنایەوە ...

موحسین ئەحمەد موحەمەد

(موحسین چینی)

# باخچەی دیوان

- پیرۆزبایی بەبۆنەی (٣٠) ساڵەی دامەزراندنی تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان - هەولێر

- چلەی نووسەرو پێشمەرگەی دێرین (فەقێ شێخ وەسانی)

# پەیامی پیرۆزبایی بەبۆنەی (٣٠)ـەمین ساڵیادی دامەزراندنی تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان - کەناڵی هەولێر

**(١)**

پەیامی پیرۆزبایی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، بەبۆنەی (٣٠)سیهەمین ساڵیادی دامەزراندنی کەناڵی تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان - هەولێر

بەبۆنەی ٣٠ سیهەمین ساڵیادی دامەزراندنی کەناڵی هەولێری تەلەفیزیۆنی گەلی کوردستان، جوانترین پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی بەڕێوەبەر، تەکنیکاران و تێکڕای ستافە جوانەکانی تەلەفیزیۆنە پێشەنگەکەتان دەکەین،

دامەزراندنی کەناڵی تەلەفزیۆنیی گەلی کوردستان - هەولێر وەک یەکەم نۆبەرەی میدیای بینراوی کوردی دوای راپەڕین، وەرچەرخانێکی گەورە و پڕ لە شانازی بوو لەتۆماری پڕ دەسکەوتی گەلەکەمان،

هیواخوازم وەک هەمیشە، کار لەسەر بنەماکانی میدیایەکی هاوسەنگ و ئامانجدار بکەن، لەسەر بنچینەی ڕێزگرتن و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ، و پابەند بوون بە ئیتیکی ڕۆژنامەگەری کار بکەن، هاوکات ئەم ڕێچکە و بنەما جوانانە ون نەکەن کە تەلەفیزیۆنەکەتان لەسەری دامەزراوە و بەردەوامبن لە گواستنەوەی ڕاستیەکان و هاوسەنگی و بێلایەنی یەکەمین میدیای بینراوی کوردی دوای ڕاپەڕین بەئەمانەتەوە بپارێزن.

دووبارە پیرۆزبێت ساڵیادی دامەزراندنی کەناڵی گەلی کوردستان - هەولێر ، هەمیشە سەرکەوتوو و سەرفرازبن.

**(٢)**

هەڤاڵ هاوریێ ڕواندزی بەڕێوەبەری تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان- هەولێر

بەڕێزان ڕۆژنامەنووس وکارمەندانی کەناڵی گەلی کوردستان-هەولێر

بەبۆنەی( ٣٠ ) ساڵەی دامەزراندنی یەکەمین کەناڵی بینراوی کوردی دوای راپەڕینە مەزنەکەی بەهاری( ١٩٩١) گەرمترین پیرۆزبایتان لێدەکەم، کە بەووتەجوانەکانی هەڤاڵ مام جلال دەستی پێ کرد .

کەناڵی گەلی کوردستان هەر لەسەرەتای دامەزراندنیەوە ڕۆڵی گرنگی هەبووە لەخزمەتکردن و پەرەپێدانی میدیای کوردی دا سەکۆیەکی راستەقینە بووە بۆ خەڵکی کوردستان هەر ئەوەش وای کرد بە کەناڵی (دایک) پێناسە بکرێت و دەنگ ورەنگی هەموان بێت دووبارە پیرۆزە هەر سەرکەوتوو بن .

**د، ڕێبوارئیسماعیل**
**ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و لێپرسراوی مەڵبەندی هەولێر**

**(٣)**

بەبۆنەی سی ساڵەی دامەزراندنی کەناڵی تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان- هەولێر، گەرمترین پیرۆزبایی ئاراستەی بەڕێوەبەر و سەرجەم راگەیاندنکاران و کارمەندانی کەناڵە ئازیزەکەتان دەکەم.

٣٠ ساڵ لەمەوبەر تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان وەک یەکەمین کەناڵی کوردی دوای راپەڕین لەنێو جۆش و خرۆشی خەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستان بەو ئامێرە سادە و ساکارانەی کە لەبەردەستدابوون، شاشە ڕەنگینەکەی بووە میوانێکی خۆشەویست و بڵندگۆ و دەنگ و ڕەنگی کورد، بەمەش وێڕای دڵی هەموو تاکێکی خۆشکرد هاوکات مێژوویەکی گەورەی تۆمارکرد.

تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان خاوەن مێژوویەکی پڕ لە سەروەرییە چونکە لە ماوەی رابردوودا و لە قۆناغە جیاوازەکاندا چ لە سەردەمی لۆکاڵی و چ لە ئێستادا وەک کەناڵێکی ئاسمانی بەبێ جیاوازی دەنگ و ڕەنگی هەموو کورد بووە لە هەرکوێیەکی جیهان بێت، بەمەش هەم یەکێتی نیشتیمانی کوردستان هەمیش راگەیاندنکاران و کارمەندەکانی بەوانەشی ڕۆژێک لەڕۆژان بۆ چەند سەعاتێکیش کاریان تێداکردووە مایەی شانازی کردنە.

جارێکیتر پیرۆزباییتان لێدەکەم و دەستی ماندووبوونتان دەگووشم، هیوادارم وەک چۆن سەرمەشقی تازەگەری بوون لە دنیای رۆژنامەگەری و راگەیاندنی سەردەمیانەدا، ئاواش هاوشان لەگەڵ پێشکەوتنەکاندا بەرەو ئاسۆیەکی روون و فراوانتری بواری راگەیاندنی دەنگ و ڕەنگ هەنگاو بنێن.

**سەعدی ئەحمەد پیرە**

**(٤)**

دەربـاز کـۆسـرەت رەسـول پیرۆزبایی لە کەناڵی گەلی کوردستان- هەولێر دەکات

برای بەڕێزم: کاک هاوریێ رواندزی بەڕێوەبەری کەناڵی

گەلی کوردستان-هەولێر

بەڕێزان:ڕۆژنامەنووس و کارمەندانی کەناڵی گەلی کوردستان-هەولێر

سیهەمین ساڵیادی دامەزراندنی کەناڵی گەلی کوردستان-هەولێرتان لێ پیرۆز دەکەم و لەڕێگای ئێوەوە پیرۆزبایی خۆم ئاراستەی گشت کارمەندان و میدیاکارانی کەناڵە خۆشەویستەکەتان دەکەم و دەخوازم هەمیشە لە پێشکەوتنی بەردەوامدا بن.

سی ساڵ لەمەوبەر وەک یەکێک لە دەستکەوتەکانی راپەرین و لەمیانی زنجیرە داهێنانەکانی یەکێتی لەبواری بنیاتنانی راگەیاندنی بینراوی کوردی، کەناڵی گەلی کوردستان-هەولێر دامەزراو توانی ببێتە مینبەری راستەقینەی هەولێرییەکان.

ئەمڕۆ کە سێ دەیە بەسەر دامەزراندنی ئەم کەناڵە تێپەڕ دەبێت و لە سەردەمی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاو سەرهەڵدانی میدیای نوێ، کەناڵی گەلی کوردستان-هەولێر وەک کەناڵێکی سەنگینی خاوەن رابردوویەکی پڕشنگدار توانیویەتی جێگای خۆی بکاتەوەو پیشەییانە کاربکات و مامەڵە لەگەڵ رووداوەکان بکات، ئومێد دەکەم لە داهاتووشدا بەهەمان رۆحیەتەوە کاربکەن.

لەم یادەدا وێڕای دووبارە پیرۆزبایم، وەک هەمیشە پاڵپشتی و پشتیوانی خۆمتان بۆ دووپات دەکەمەوەو ئومێد دەکەم ساڵی تازەی کارکردن بکەینە ساڵی فراوانترکردنی کارەکانی کەناڵەکە.

**دەرباز کۆسرەت رەسول**
**کارگێڕی مەکتەبی سیاسی**
**یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان**

**(٥)**

مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ساڵیادی دامەزراندنی تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان - هەولێر پیرۆز دەکات

هەڤاڵ و برا کاک هاورێ رواندزی

هەڤاڵان کادیر و کارمەندانی تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان -هەولێر

لە یادی سێ دەیەی دامەزراندنی تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان - هەولێر بەناوی هەڤاڵانتان لە راگەیاندنی یەکێتیی پیرۆزبایەکی گەرمتان لێدەکەم ، دەستی ماندوبونتان دەکوشم کە هەمیشە سەرڕاستانە و ڕاستگۆیانە کارتان کردوە لە خزمەتی جەماوەری هەولێری پایتەختی کوردستاندا.

سێ دەیەیە ئەم مینبەرە ئاوەدانە وەک میدیایەکی یەکێتیانەی سەنگین و سەرکەوتوو لە خزمەتی چۆنایەتی خۆی بەردەوامە ، جێگای خۆیەتی لەم بۆنەدا سوپاس و وەفا بنوێنین بەرامبەر هەموو ئەو هەڤاڵانەی دەوریان هەبوو لە کاروانی تیڤی دێرینی هەولێری دێریندا.

ئەمرۆ کە یادی ئەم قەڵا سەنگینەی راگەیاندنی یەکێتیی لە هەولێر دەکەینەوە، لەم مانگەدا کە مانگی بلێسە و شەڕارەی میدیای یەکێتیی بوو، ئەرکمانە بە بەرنامەیەکی تازەوە گەشەیەکی چۆنایەتی بە میدیاکەمان بدەین، خیتابەکەی روون و رەوان بکەینەوە و کۆششی زۆر و زەوەندی لەیەک دامەزراوەی تۆکمەدا یەک بخەین کە پایتەختی کوردستان و تەلەفزیۆنەکەشمان لە هەولێر جێیەکی شایانی تێدا بگرن.

جارێکی تر پیرۆزە و هەمیشە سەرکەوتووبن

**ستران عەبدوڵا**
**سەرپەرشتیاری مەکتەبی راگەیاندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان**

**(٦)**

ناوەندی هەولێری مەکتەبی راگەیاندن و گۆڤاری دیوان سێ دەیەی کەناڵی گەلی کوردستان-هەولێر پیرۆز دەکات

تێپەڕبوونی سێ دەیە کارکردن لە کەناڵی گەلی کوردستان- هەولێر، کە کەناڵی دایکەو یەکێک لە بەخشش و دیارییەکانی یەکێتیی نیشتمانی کوردستانە بۆ هەولێری پایتەخت، لەوساوە بۆ ئەمڕۆ ماوەی سێ دەیەیە بەردەوامە.

GK HAWLER
تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان - هەولێر

لەم یادەدا پیرۆزبایی لە بەڕێوەبەرو تەواوی ستاف و کارمەندانی تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان-هەولێر دەکەین و پاڵپشتی و پشتیوانی خۆمان دووپات دەکەینەوەو هەنگاو دەنێین بەرەو فراوانترکردنی کارەکانی ئەم کەناڵەو سەرجەم راگەیاندنی یەکێتیی لە هەولێری قەڵاو منارە، هەولێری پایتەخت.

**ناوەندی هەولێری**
**مەکتەبی راگەیاندن**

## بە بەشداری دەرباز کۆسرەت ڕەسول

# چلەی نووسەرو پێشمەرگەی دێرین فەقێ شێخ وەسانی بەڕێوەچوو



ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەممە ٢٠٢١/١١/١٨ لە هۆڵی شەهید مەلا نەجم لە بالیسان، بە ئامادەبوونی دەرباز کۆسرەت ڕەسول کارگێڕی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و ژمارەیەک لە ئەندامانی سەرکردایەتی و جەماوەرێکی زۆر، ناوەندی هەولێری مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان مەراسیمی چلەی شۆڕشگێڕو نووسەر و پێشمەرگەی دێرین فەقێ شێخ وەسانی سازکرد.

دەستپێکی مەراسیمەکە بە کردنەوەی پێشانگایەکی فۆتۆگرافی ژیان و خەباتی فەقێ شێخ وەسانی دەستی پێکرد، دواتر مەراسیمی چلەکە بە دەقیقەیەک وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدان و چەند ئایەتێک لە قورئانی پیرۆز دەستی پێکردو دواتر لەلایەن کەسوکاری کۆچکردووەوە ٤٠ مۆم داگیرسێندرا.

وتاری بەخێرهاتنی مەراسیم لەلایەن لیوا حەیدەر





بەڕێوەبەری ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی هەولێر پێشکەش کراو دواتر فیلمێکی دیکۆمێنتی نمایشکرا، کە بەرهەمی بەشی دیکۆمێنتاری کەناڵی هەولێری تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان و لە ئامادەکردن و دەرهێنانی ستار محەمەد ئەمین بوو.

وتاری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەلایەن دەرباز کۆسرەت ڕەسول کارگێڕی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان خوێندرایەوەو تێیدا باسی لە ڕۆڵی قارەمانانەی هەڤاڵ فەقێ شێخ وەسانی کرد کە لەماوەی تەمەنی خەبات و قوربانیدانی خۆی ڕۆڵێکی دیارو بەرچاوی هەبووە.

دەرباز کۆسرەت ڕەسول گوتیشی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان حزبی تێکۆشەران و قارەمانان و کەسوکاری سەربەرزی شەهیدانەو بەڵێن دەدەین لە ئاست ئەو خەباتە گەورەو مێژووە گرنگە بین و کاربکەین بۆ سەرخستنی یەکێتیی و خزمەتکردنی خەڵکی کوردستان.

هەر لەو مەراسیمەکەدا ژمارەیەک وتارو پارچە شیعرو پەخشان پێشکەشکران کە سەرجەمیان باسیان لە خەبات و تێکۆشان و قوربانیدانی فەقێ شێخ وەسانی دەکرد.

وتاری بنەماڵەی کۆچکردوو لەلایەن جێگر فەقێ شێخ وەسانی خوێندرایەوە و سوپاسی ئامادەبووانی کردو تیشکی خستەسەر خەبات و قوربانیدانی باوکی و ئەو وانانەی خستەڕوو کە لێیەوە فێربوون.

لەکۆتایی مەراسیمەکەدا کتێبی (فەقێ شێخ وەسانی) مێژووی شکۆ و شانازی لە ئامادەکردنی فەرهاد شێخ وەسانی بەسەر ئامادەبووان دابەش کرا.



# پێشانگەی کتێب

## لاپەڕە ١٤٤



**بێکەس حەمە قادر**

پێشانگای نێودەوڵەتی کتێب لە سلێمانی کرایەوە، کە ئەوە سێیەمین پێشانگایە لە سلێمانی بکرێتەوە، کە چەندین ناوەند و خانەی چاپ و بڵاوکردنەوە بەشداری تێدا دەکەن و خەڵکێکی زۆر لەنووسەر و ڕوناکبیران ڕۆژانە سەردانیان دەکرد و کۆڕوسیمنار و دیبەتی تێدا ئەنجام دەدرا، بۆتە نەریتێکی جوان کەبتوانرێت خوێنەر و کتێب ئاشت بکرێتەوە، گەرچی ئەمساڵ لەچاو ساڵانی دی کەمتر ناوەند و خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی دەرەکی زۆر کەمتربوو. بەڵام بەهەرشێوەیەک بێت گرینگی ئەم جۆرە پێشانگایانە زۆر زەرور و پێویستن. خوێندنەوەی کتێب بەدەر لەوەی چێژ و ئاسودەیی سایکۆلۆژی هەیە. لەهەمانکاتدا خۆراکێکی عەقڵ و هزرە، مەعریفە و زانیاری زێتر دەکات. لێ بینیمان جگە لەمەش چەندین کتێب لەچەندین شوێن قەدەغەن کەچی لەکوردستان بەتایبەت لەپێشانگا پڕفرۆش و ڕەواجیشیان لەسەربوو کەهۆکارێکن بۆ هاندانی فیکری توندڕەوی! ئەوەی مایەی هەڵوەستە کردن بوو تەنها یەک کتێب بوو دەستی بەسەر داگیرا و لە پێشانگا کێشرایەوە. پێموایە دەکرا بەر لەهەرشتێک لەم جۆرە پێشانگایانە دەستەیەکی یاسایی و خوێندەوار ئەرکی سەرپەرشتی کردنیان بکردایە، نەکا تەنها یەک کتێب ببێتە هۆکاری ناشیرین کردنی پێشانگا کە لەسۆسیال میدیا بینیمان لەجیاتی باسی زەرورەتی گرینگی پێشانگای کتێب بکرێت وا وێنابکرێت تاوانبارانی ئەنفال دەتوانن، نووسین و کتێبی خۆیان بەئازادانە لەکوردستان بلاوبکەنەوە، من بۆخۆم تێبینەکی ئەوتۆم لەسەر هیچ کتێبێک نییە، چونکە بڕوام وایە دەبێت قسە بە قسە و نووسین بە نووسین وەڵام بدرێتەوە.

خاڵێکی گرینگی پێشانگاکە ڕکابەری ناوەند و خانەی چاپ و بڵاکردنەوە بوو لەسەر داشکانی نرخی کتێب، کە مایەی دلخۆشی و دەستخۆشی بوو، کە هەر کەسێکی ئاسایی دەیتوانی چەند کتێبێکی سەنگین بە نرخێکی گونجاو بکڕێت، بۆیە ئەمجۆرە پێشانگایانە نابێت لە ئەهمیەتی کەم بکرێتەوە بەڵکو دەبێت ببێتە نەریتێک، نەک لەشارە گەورەکان بەڵکو لەشار و شارۆچکەکانیش پێشانگای بەردەوام، یان گەڕۆک بکرێنەوە، تاکو هەم خوێنەر و کتێبش ئاشتبکرێنەوە، هەمیش وەک خۆراکێکی عەقلی و هزری مرۆڤ زانیاری زێتربێت و وەک ئاو و خواردن مرۆڤ پێویستی بە خوێندەوە و زانیاری هەیە و دەبێت. کە کتێب دەتوانێ دونیا بینینمان فراوانتر بکات.